# پاشکۆی پەیامی خواکان بەشی دووەم

# مژدەی گەڕانەوە

## نووسینی: سەربەست خەسرەو عارف

## 2012 -2011

خوێنەری ئازیز، بەڕێزەکانم،بەکاوەخۆ ئەم کتێبە بخوێنەرەوە. ئەمە کتێبی مرۆڤێکە، کە نیوەی تەمەنی لە هەندەران ژیاوە، 49 ساڵ تەمەنمە، لەوەتەی هەم شەو نییە لە خەوما ڕاو نەنرێم و دەسگیر نەکرێم و هەتک نەکرێم. شەو نییە لە کابووسی سەربڕین و زمان و دەست بڕینم ئارەقەی ترس دەرنەدەم. ڕۆژ نییە سەدجار نەشکێم.. هیچ خۆشی و ئازادییەک شک نابەم وەک کوردێک و خەونی 40 ملیۆن کورد دەبینم. جا کاتێ کە کتێبەکانم بۆ خۆت و منداڵ و هاوڕێکانت دەخوێنیتەوە؛ تێدەگەیت ودەزانیت من کێم و چیم ئامانجە لە ناوەڕۆکی باسەکانمدا. من دەمەوێ بڵێم، من هەرکەسێک و هەر چییەک بم، مافی ئەوەم هەیە وڵاتێکی ئازادو میللەتێکی ئازادم هەبێت. چونکە مرۆڤ لە پێناوی ئازادیدا دێتە ناو ئەم ژیانەوە و ئامانجی تەنها گەیشتنە بە ئازادی. ئەوەی لە ژیانا ناگات بە ئازادی، هیچ دەربارەی باوەڕ و ئایین و عیشق و خواش نافامێت. بۆیە دەشێت، ڕاستییەکانی من وڕێنەی مرۆڤێکی بێ وڵات بن و هیچی تر. زۆر بەداخەوە کە میللەتی من ئازادیی بە چاوی خۆی نەبینیوە هێشتا.. هێشتا هەموو جیهان کوێرن بەرامبەر بە کورد و تەنانەت خودی سەرکردە کوردەکانیش ناوێرن دان بنێن بە مافی ڕەوای کوردا.. ناوێرن قۆڵی میللەتی لێهەڵکەن و پێکەوە بە یەک دەنگ، لەسەر چیای جودییەوە هاوار بکەن و بە بوونەوەر و جیهان و خوا بڵێن: ئێمە ئازادیمان دەوێت.

من ئەو خەونە دەبینم، ئەو کارە دەکەم.. شەوو ڕۆژ، بە درێژایی ژیانی هەندەرانم، واتە لە ساڵی 1986 ەوە؛ خۆم لە سەفەرێکی شەکەت هێنەرانەی دەرونیدا دەبینم و شاخ و دۆڵ و هەرد بە برسێتی و تینوێتی تەی دەکەم و دەکەومە بەر هەرەسی بەفرو سەرما و چڕنوکی سەگ و گورگ و دڕندەکانی بەعس ،و تورک سەرم دەبڕێ و فارس هەڵم دەواسێ و عەرەب زمان و دەستم دەبڕێ و هەتکم دەکەن. دەشێت بڵێن بەعس نەماوە! بەڵام لە خەونەکانی منا، زۆر زیاترن لە جاران و شوێنەواری هەتکی ئەوان شفای نییە لە دەروونی کوردا. جا من لەهەر بەهەشتێکی ئەم سەرزەمینەدا بم، لە کۆچێکی زۆر شەکەت هێنەردا دەژیم و شەوو ڕۆژەکانی تەمەنم تەرخان کردووە بۆ گەیشتن بە لوتکەی چیای جود و مەئوای باپیرە گەورەی کورد( نوح).

وام لێهاتووە کە هەست دەکەم من بووم بەو، گیانی ئەو هانم دەدات بگەڕێمەوە و بچمە سەر گڵکۆی نەبەردان و شەهیدانی گەلە کۆڵنەدەر و چەوساوەکەم. ئیتر لەم شێتییەدا دەژیم و ڕۆژی سەد جار سەفەر دەکەم و دێم و ناگەم.. دەڕۆم و چەقیوم.. تەنانەت لە نوستنیشدا مەزنترین کێشەم دێتە ڕێ و خەو دەبینم چۆن سێ قۆڵی تورک و فارس و عەرەب کەوڵم دەکەن و گۆشت و ئێسکم دەدەن بە سەگ و جەلادەکانیان.. ئەوان هەر دەمخۆن و تێریش نابن. منیش هەروا مەژی و مەمرە ماوم و دەمەوێ بکەومە ڕێ! تۆ بڵێی هێندە بوێرو ئازا بم؟! تۆ بڵێی بتوانم؟! تۆ بڵێی بگەمەوە ناو نزرگەی باوانم؟! نازانم! بەڵام خواستی ئێوە نەک بەتەنها من، دەتوانێ هەموو پارچەکانی کوردوستانیش بداتەوە لەیەک و بە کەفلەکونێکیش من بهێنێتەوە ناوتان. ئەم کتێبە پەیامە بۆ جیهان، دەزانم ناخی کورد ناهەژێنێت.. بەڵام جیهان ئاگادار دەکات لە دۆزی کەسێک، کە دەبێت بەوەی کە دەیڵێت، کە دەبێتە خۆرەی باو باران و بەفر و خۆی دەداتە دەست دڕندەو دوژمن، تا پەیامی میللەتێک بگەیەنێت. ئەمە منم. داستانەکانم ڕاستییەکی پەتین.

## پێشەکی

خوێنەری بەڕێز؛ تێگەیشتن لەم کتێبە ئەرکی زۆرت ناخاتە بەر گەر ئاشنای هەردوو کتێبی پەیامی خواکان بیت، پاشان پاشکۆی پەیام، بە ناوی: ئازادی لە عیشق پیرۆزترە. دەزانن بۆ؟ چونکە من خۆشخوانی دەکەم بە نوقوڵ بۆت و دەیخەمە ناودەمی گیانت ، تا پیت و وشەو ڕستەکانی من خۆش لە دەمی گیانتا بجویت. وا خۆش دێمە ناو گیانتەوە، کە تێکەڵ دەبم بە گیانی میللەت لە گیانتانا، لە کاتی خوێندنەوەدا.

چونکە من کەسێکم کە وادارییی ئەوە دەکەم گیانی حەزرەتی نوح لە مندا دەژێتەوە ، واتە دوناودوون بووە. ئەم پێشەکییە یاریدەیەکە بۆ تێگەیشتن لە خودی ئەم پەیامی مژدەیە. کە هەر دەڵێی نوقڵە وشەو ڕستەکانی.. باسی عیشقیشی تیایە، کاکە ڕەنج وداده چۆپی و ساراعومەر و جوانەو فریشتەو نیشتمان و کوردوستان لەگەڵ فەرهاد و بڵند و فەقێ و مەلاو هەرێز و جوتیار دەستیان گرتووە و ڕەشبەڵەک هە ڵدەپەڕن لە گیانی منا، لە ئەنفال.

ئەوەی شایانی باسە، لە ساڵی 2003 دا، شەوێکیان دەمەوبەیان، بە دیار وێنەکێشانی تابلۆی ئادەم و حەوا-وە.. سێوێکم خوارد زۆر بەتام بوو، بێ ئێوە ناخۆش.. هەستم بە هاتنی سرۆش کرد؛ ئەو کاتە بۆ دووساڵی ڕەبەق دەچوو، بە دەستوری هەر ئایینێک کە بەر هزرو هۆشم کەوتبێ، ئیاعەت و نوێژم دەکرد بەتەنها بۆ بوونەوەر و خواو خواکان و بت و فریشتەکان و لە شەیتانیش

دەپاڕامەوە تا شەرم لێ لادات! شەوێکی مانگی نەورۆز بوو، لە بەستەڵەک، چونکە من لەوێ دەژیم هێشتا! شەوێکی مانگ پڕ بەخۆی، خۆی نیشاندام حەزرەتی پیر.. سڵاوی خواوەندی مەزنی پێگەیاندم پیری مەزن.. سەری سوڕماندم بە کەرامەت و سلووک و پەیبردن بە داهێنانی هونەری.

دوای دوو دانەساڵ.. سرۆش گەیشتە هانام.. سرۆش پەیامبەرێکی نەمرە و لە هەموو ئایینەکاندا سرۆش هێنە بۆ پەیامبەران و بەم ناوانە ناسراوە: خدری زیندە، پیرشالیار، حەزرەتی ئیلیاس و زۆر ناوی تریش.. ئەو ڕابەرە لە هەموو ئایینێکدا.. ئیتر ناوی زۆرە ئەو و نەمرە.

بە کورتی، لەو ساڵەوە، لەو بەیانییەوە ژیانی من سەرەوژێر بوو.. هەستی دەروون و بیرو گیانم بوون بەیەک.. هەستمکرد ئاسمان لە گیانمدا دەبێ بە دوو بەشەوە، بە دوو کەرتەوە.. هەستمکرد هەردوو بەشەکەی ئاسمان دەبن بە دوو دەست و چەپڵە دەکووتن! بۆ کێ و بۆچی؟ نەمزانی.. بەڵام هەستم بە چەپڵە ڕێزانی هەردوو دەستی دابەشبووی ئاسمان کرد و لەهەمان کاتیشدا هەستمکرد خۆشم دەبم بە دوو بەشەوە، بە دوو کەرتەوە.. لایەکم کەوتە ڕۆژ هەڵات، لاکەی ترم کەوتە ڕۆژئاوا.. لایەکم تاریک و لاکەی ترم ڕۆشن.. ئەزمونێکی سەیر بوو.. لەوەش سەیر تر هاتنی پیر بوو.. هەستمدەکرد پیرێک لە باخچەی ئۆسگۆرد کە گۆڕستانی نەوەی دێرین و خواکانی وڵاتی نەرویجە؛ بانگم دەکات.. هەڵبەتە هێشتا ئەو دەنگە لە گوێمدا دەزرنگێتەوە و هێشتا بانگم دەکات. هێشتا بوونی ئەو لە ڕوانگەی بیرما دیارە و دەیبینم.. بێدار بووم، کەچی هاتە خەونم! هەمیشە وەک تابلۆیەک دەیبینم و هەردەم لەبەر چاومە. ئیتر دەستم توانای فلچە گرتنی نەماو؛ ناچارانە لە خۆوە، دەستم دایەوە قەڵەم.

ئەو پیرە، هەمیشە لە گیانمدا زاڵە بەسەر نوسین و بیرکردنەوە و ڕەفتارو وتارمدا و ناچارانە بووە هۆی داڕشتنی پرۆژەی سێ کتێبی پیرۆز و ئەم پاشکۆیەش.. لە کتێبی یەکەمدا بە خۆمم دەناسێنێت کە من بە ڕەچەڵەک دەگەڕێمەوە سەر نەوەی نوح و لە گیانی ئەوەوە ژیانم سەرچاوەی گرتووە و وەک کورد پشتاوپشتم دەچێتەوە سەر چیاکانی زاگرۆس و جود، کە لە ئینجیل و تەوراتا ناوی هاتووە.. واتە ئاراراتی پیرۆز.

بۆیە پیر بە هەست و نەستمی فەرموو: ئەگەر تۆ لە نوح نەبیت، نوح لە تۆیە و خوێنی ئەو لە گیانی هەر کوردێکا دەگەڕێ. بۆیە من دەتوانم ببمە ڕابەری پەیامەکانی ئەو و لەوێوە تا ئێرە ئەم کتێبانەم نووسیوە و پیر بانگم دەکات.

لەگەڵ هەموو بانگ کردن و هاوارێکیدا تابلۆیەک، پەیامێک بە نەستی من دەگات. هەندێجار ڕۆژ تا ئێوارە ڕستەیەک لە بیرو هۆشمدا زکر دەکات، تا دەگات بە هەست و نەستم.. چونکە وایان دەکرۆژم ئەو پیت و ڕستانە، وەک نوقڵەکەی نامە دەمت، تامی بەهەشت دەدەن و بۆنی فریشتەشیان لێ دێت نوقڵی وتەکانم، لە دەمتانا باقی بێت!

ئەو فێرم دەکات بوێر بم و ڕاستی بڵێم. بۆیە لێرەشدا پیر بۆ جاری سێیەم، واتە هەزاری سێیەم.. یان بۆ سێیەم ملیۆنجار بانگم دەکات.. هانم دەدات، ناچارم دەکات تا هەستم و ژیوان ببمەوە بەرەو بارەگاو قسنەکەی نوح و بگەڕێمەوە بۆ ئاراراتی پیرۆز.. چونکە ئەرکی ڕزگار کردنی نەوەی نوح و دامەزراندنی دەوڵەتی کوردوستانی یەکگرتووی خستۆتە ئەستۆی من! ئەمەش داوایەکە کە شەوو ڕۆژی من هەڵدەگلۆفێت و پەرێشانی کردووم. چونکە ئەو داوا مەزنە بە کەسێکی وەک من هەست ناسک و هونەردۆست و تا ڕادەیەک گۆشەگیر ناچێتە سەر!

بۆیە من کتێبەکانم، لە ڕووی دەربڕین و نوسین و داڕشتەدا، کەمێک ئاڵۆزن. گەرچی هەستیش دەکەم کە سادەو ڕەوان و بەزمانی دایک دەردەبڕم و دەڵێم و دەنووسم. بەهەرحاڵ خۆم لە خۆم دەگەم.

بە تایبەتی ئەم کتێبە.. لێرەدا سرۆش گیانم هۆگری گیانی فریشتەیەک دەکات.. کە ڕۆژێکیان لەوپەڕی هەستکردن بە سرۆش، هەستمکرد ئافرەتێک مێملێم دەکات و خوازیارە بێتە نێو گیانمەوە.. ئەم پەیوەستە گیانییە، بە هۆی پەیجی فەیسبووکەوە ڕویدا.. کە من دانیشتبووم و تەماشای هاوڕێکانم دەکرد.. هەستمکرد پیر ناچارم دەکات پەیوەست بم بە ئافرەتێکەوە، کە لەسەر خواستی خۆی ناوم ناوە فریشتە.

لەگەڵ فریشتەدا بوومە هاوڕێ و بۆ ئەو 21 هەزار ڕستەمان دەربارەی عیشق و ئایین و جوانی و دڵداری و پەژارەکانی مرۆڤی کورد نوسیوە.. دوایی ئەم کتێبە لە خۆوە لە دایک بوو، دوای ئەوەی کە من لە کتێبی پەیامی خواکان بەشی سێیەم تەواو بووم.. دوای ئەوەی کە ویستم بەشی سێیەم تۆمار بکەم و لە دەستنووسەوە بیکەم بە وۆرد.. بەڵام ئەم پرۆژەیە کەوتە پێش، نازانم بۆ! هەست دەکەم گەیاندنی دەنگی فریشتە و ئافرەتی کورد، لە گەیاندنی ئایین پیرۆزترە. بۆیە کتێبی سێیەمم خستە لاوە و تابلۆکانی ژیان و یادو هاوسەریی نوح باس دەکات کە دەشێت لە داهاتوودا فریای تەواوکردنیان بکەوم وبیخەمە بەر دەستتان!

بۆیە ئەم کتێبە کە لە کتێبی پەیامی خواکان ناچێت. بەڵام بێبەری نییە لە تکاو داوای سرۆشی مەزن. لێرەدا هەم باسی سرۆش دەکەم کە دێتە خەونم و بانگم دەکاو دەیەوێ بێدارم بکاتەوە ؛ هەم ئامادەم بکات بۆ سەفەری گەڕانەوە بە پێ بۆ کوردوستان. ئەو پیرە مەزنە من بەوە هان دەدات، بە عیشق و ئاوێتە بوون لە گیانی ئافرەتێکی کوردا.. ئافرەتێک کە نمایندەی زۆرینەی ئافرەتی کوردە و داگیر کراوە لە ژیاندا و ژیانێک دەژێنێت کە پڕە لە دەردو کەسەر و پەشیمانی و ترس و مەرگ.. ئافرەتێک کە سێجار لە تەقەلای خودکوژی دەرباز کراوە و بە هۆگر بوونی لەگەڵ من؛ باوەڕ بە ژیان و عیشق و ئومێد دەهێنێتەوەو.. پێکەوە دەبین بە گیانی یەک و یەک ئامانج و خۆزگە.. من لەم کتێبەدا هەرچییەک دەڵێم ڕاستە.. فریشتە ئافرەتێکی کوردە و هاوڕێی فەیسبووکمە.. خۆشم ناوێت، کەچی ناچارانە دەیپەرستم.. پێویستم بەو نییە، کەچی گیان و بیرو دەروونم وەکوو پشکۆ داگیرساوە بۆ ئیتاعەتی ئەو و ئەو بووە بە پرۆژەیەکی مەزن.. تا دێ زیاتریش ئافرەت و مافی ئەوان و باوەڕی ئەوانم لە بیردا مەتین دەکات.

ئەو بوو بە چوکلێت و هاتە ناو دەمی گیانمەوانێ.. هاتە خەونم و بوو بە ئیلهام بەخشی ڕۆژەکانم. حەزم لەو کردو خۆشم ویست! بەر لەوەی بزانم کێیەو چییەو چۆنە!

سرۆش متمانەی من و ئەوی بەیەک گەیاندو ئەم کتێبەی پەیامم بۆ ئەو نوسیوە و پێشکەشە بەو.

ئێستا بزانە، کە سرۆش سرۆشبەخشی منە لە داهێناندا و فریشتەش هاوگیان و هاوباوەڕ و گۆشکەری ئایینی منە لە مندا. چونکە لای من کەنیسە و مزگەوت و پەرستگاو تەمپل وئاتەشگا، ناگەن بە ڕەحمی دایک لە پیرۆزیدا و لێرەدا من ئەوان دەکەم بە ئایینی ڕاستین و ئایینی کورد.. بەوەش خوای خۆم دەناسم، کە خواوەند ئەگەر سیفەتیش بێت.. گیانێکی مێینەی هەیە و بوونەوەریش لەدایک بووە و لە ڕەحمی ئەو داکەوتووە.

تکایە ئاگاداری ئەوە بن، کە من گەیشتووم بە ترۆپکی خود ناسی لە جیهانی هونەر و داهێنانداو مرۆڤ یاخود هونەرمەند لەم قۆناغەدا دەگەڕێتەوە سەر چاوگ و ڕەچەڵەک و پشتی خۆی. بەڵگەی نوێترین زانست داکۆکی لە وتار و فەرموودەکانم دەکات و ئەم کتێبە زیادەیەکی تیۆلۆژییە و دەچێتە سەر باوەڕی کارل جۆستاڤ یۆنگ-ی زانا و بلیمەت و دەروونناس و گیانناس.

زیندوو بوونەوەی نوح لە نەستی گەلەکۆی مندا، واتە ئارکیتایپەکان.. شتێکە زانست دانی پیادا ناوە و من دەیسەلمێنم.. باوەڕی من گەشەی باوەڕی یۆنگیزمە.. چونکە دەروونی مرۆڤ و قوڵایی خود پڕن لە هەیکەلی لەمێژینەی باوو باپیران و ئەو ئەفسانانەی کە پشتاو پشت پێمان گەیشتوون.

هەر مرۆڤێک لە خۆیدا و بۆ خۆی پڕە لە فریشتەو پاڵەوان و داستانی پیرۆز و خواو شەیتان و بت و هەزارەها بوونەوەر. مرۆڤ سیحرێکی مەزنە و ئەفسانە باوان و ڕەچەڵەکی مرۆڤە گەر نازانن! مرۆڤ ئەفسانەیە.

بە کورتی مرۆڤ پڕە لە چاوگە سەرەتاییەکان و پێ دەچێت سەرچاوەی بوونمان تەنها لە ئەفسانەکاندا بدۆزینەوە. بۆیە من وەک مرۆڤ تایبەت نیم و دوناودونبوونی پەیامبەرێکیش زیادە ڕۆیی و خۆ هەڵکێشانێک نییە. چونکە هەر مرۆڤێک پڕە لەوی تر لە چاوگداو خوێنی مرۆڤ واتە ئادەم و حەوا لە گیانی هەموومان‌دا دەگەڕێ، گەر لە چاوگێکی ئایینییەوە بڕوانینە هەیکەلی دروستبوونمان.

هەر ئەوەیشە بۆتە هۆکاری لێکچونی هاوبەشی کارو کردەوەو ڕادەی زانستیمان و بە زۆر تەوەر لەگەڵ کەسانی تردا یەک دەگرینەوە و هاوشێوەین. بەڵام گشتمان یەک سەرچاوەی گیانیین.

ئەم کتێبە تکاو داوا و خۆزگەی من و فریشتەیە.. نامەیەکە بۆ مافی مرۆڤ و جیهانی یەکەم و دووەم و خوازیاریی 40 ملیۆن کوردە بۆ ئازاد بوون و بوون بە دەوڵەت.

باسی من و فریشتەو ئەندێشەی نێوانمان دەکات.. باسی هاتنەوەی پیرو بانگهێشتی من دەکات. هیوادارم ناوەڕۆکی ڕوون بێت بۆتان. چونکە وەک فەرمووم، دوو کتێب و پاشکۆیەک بەر لەم کتێبە نوسراوە و دەشێت هەندێک لە ئێوە بزانن.. یان کەس نەزانێت. بەڵام ئێستا تێگەیینی ئەم کتێبە ئەرک نابێت. گەر بزانیت کە من کەسێکم لە داهێنانەوە گەیشتووم بە چاوگ و ڕەچەڵەکی گیانیم و وەک هونەرمەند هەست دەکەم، باوەڕم وایە کە نەتەوەکەم پشتاو پشتی دەگەڕێتەوە سەر نەوەی نوح.. بۆیە ئەو لە من و لە ئێوەدا دەژی و باوکی هەموو پەیامبەرەکانی دوای ئادەمە تا خاتەم.

ئەو لە گیانی منا بێدارە و سێ کتێبیش نیشانەی بێداریی ئەو دەسەلمێنێت. لێرەدا سرۆش هانم دەدا جیهان بێدار بکەمەوە و ئافرەت بکەمە پەرستگای خۆم. جا ئەوەی باوەڕ بەوە بهێنێت کە دایک، کە ئافرەت چاوگی بوونە و هەیکەلی پیاویش نیوەی لەش و پێکهاتی فیزیۆلۆژی و دەروونیی دەچێتەوە سەر ئەو.. دەبێ باوەڕ بێنێت کە ئافرەت سێ لەسەر چواری ژیان و بوونە و ئەوانیش لە ڕووی ئازادی و مافەوە لە کورد دەچن و هێشتا ژێر دەستەو داگیر کراون. هێشتا مافێکی ئەوتۆیان نییە لە جیهاندا.

ئەم کتێبە بۆ هەموانە. بۆ کورد پاشان جیهان.. بۆ عەرەب و فارس و تورک نییە تا ئەو کاتەی دەست لە خوێنمان هەڵدەگرن.. چونکە بەڕاستی ئەوان دوژمنی سەرسەختی دووەم و سێیەم و چوارەمی کوردن، ئەوان پڕن لە ڕق و بە ڕقی ئەوان ئێمە داڕزاوین.. ئەمە دوژمنایەتی نیشاندان نییە.. چونکە ئەوان ئێمەیان داگیر کردووە و سامان و ماڵ و ژن و لاوانمان لەناو دەبەن هێشتا و

تینوون بە خوێنی سەری کورد و نەوەی نوح. بۆیە هەموو جیهان دەبێ یەک بن بۆ ئازادیی کوردوستان و جیهان.

## بێدار بوونەوە

فریشتە نوری گیانمە.. گیانێکە لە ڕاستی و هەستی سرۆش- نەک لە غەیبەوە، بەڵکو لە ژیانەوە ناساندی بەمن و توانی بێتە ناو خەون و خەیاڵ و ئەندێشەو گیانی منەوە. فریشتە دیارییەکە پیرشالیاری هەمیشە زیندوو دەیگەیەنێت بە من.. باسی خەون و خۆزگەو ئومێدو عیشق.. باسی جوانیی هەست و باوەڕی مرۆڤێک دوان سیان دەکات، تادەگات بەنەتەوەیەک.

دەشێت تۆش وەک من و فریشتە هەست بە بوون و ئامادەیی پیر یان خوا بکەیت لە گیانی خۆتا.. خوای کورد.. خوای ئێمە، مەزدا..کە بێبەرییە لەو شەڕەی لە جیهاندا فەرمانڕەوایە.. خوای ئێمە بێبەرییە لەشەڕ، چونکە ئەو خوایەی لە دەرونی عاشقاندا بوونی هەیە هەمان خوا نییە کە لە دڵی دێوو جەلادا هەیە.. بەڵام لێخۆشبوون دەکات بە هاوڕێی نێوانی ئەو دووە. مرۆڤ فێری لێخۆشبوون لە خوود دەکات. گەورەترین ئەرکی سەرشانی مرۆڤیش لە ژیاندا ئەوەیە،کە ببێت بە مرۆڤێکی خود ناس. بتوانێت چاوگەکانی خێر لە گیان و بەرنامەی ژیانیدا بخاتە گەڕ. کورد بەم خاسیەتانە تایبەتە وەک نەتەوە لە جیهاندا، هەمیشە وەک تاک و کۆ هەوڵی ئاشتی و هاوژیانی و برایەتیی داوە، بۆیەشە وا هەڵە ناسێنراوە بە جیهان، کە گوایە بێگانە پەرست و دوژمی خودە! ئاخر کەسێ یان گەلێ کە دۆزی دوژمنایەتیی ڕێباز کرد، ناتوانێ ببێتە بێگانە پەرست، ئێستا پیر بە هەستم دەفەرموێ: مرۆڤ بێگانە نیین بە یەک. مرۆڤ بێبەرین لە زانستی خودناسی.

مرۆڤ هەمیشە پێویستی بە زانیاریی بەسەرخۆدا چونەوە هەیە.. پێویستی بە فێر بوونی هۆگرییە لەگەڵ گیانی خۆیدا.. چونکە مرۆڤ تەنها نییە و هەرگیز بەتەنهاش نەهاتۆتە ژیانەوە، مرۆڤ ئەفسانەیە.

هەر یەکەمان، هەر مرۆڤێک لە ژیاندا بە تەنافێکی نابین، سەری بەستراوە بە تاڵەکانی تیشکی خۆرەوە.. و لە نێوان دەزوولە تیشکییەکاندا، گەلێک سیگناڵ و ئاماژەو ترس و ڕەگەزی جوان و دزێو، ئەو دەزولە تیشکییانە دەبڕن و مرۆڤ دوچاری گێچەڵ و نەخۆشی و تاوان و سزا دەکەن.. هەمان شێوە مرۆڤ لەوپەڕی نەهات و شکست دەرباز دەکەن.

ئەو ڕەگەزە ئەلەکترۆنییانەی وا ئەمڕۆ، بە هۆی زانستی ئەلەکترۆن و تەقنییەوە بوونەتەهۆکاری پیس بوونی ژینگە ،و پەخشن لە تەناف و دەزولەی سەر سەری مرۆڤ و بەندن بە تیشکی خۆرەوە.. مرۆڤیان دوچاری پیسبوونی ژینگەی دەروونی و هەستی و بیری کردووە .. ڕق.. ڕق بووە بە پادشاو سەرۆک و ڕابەرو ئیمام و قەشەو پاپا.. بە کورتی مرۆڤی سەردەم، دووچاری دەروونپیسی و زمان پیسی بووە .. دوچاری تۆڵەو سزاو بوختان بووەو.. گەر وا بڕوات، بەم زووانە ترس دەبێتە مەزنترین پاڵەوانی زاڵ بەسەرمانداو، مرۆڤ وای لێدێت کە هیچ توانایەکی نەمێنێت بۆ ڕوبەڕووبوونەوەی ڕاستی.

گەر ژیان بەم شێوەیە بڕوات کە ئێستا بەڕێوە دەچێت، مرۆڤ هێندە سست و تەمبەڵ دەبێت، کە نەتوانێت ئاو بکات بە دەمی خۆیەوە و دێوی تەمبەڵی و سزاو بێزاری هەراسانیان دەکەن. چونکە ڕاستییەکانیش پیس دەبن و ژینگەی دەروون دوچاری هەڵمەتی دێوەکانی ترس و تەعداو نەخۆشی دەبن.

بۆیە مرۆڤ ئەمڕۆ زۆر زیاترلە سەردەمەکانی پێشوتری ، پێویستی بە هونەر و شیعر و مۆسیقا و ئایین و باوەڕ هەیە. چونکە شفا تەنها لە دەستی جوانیدا، لە عیشقدا پایەدارە.. لێخۆشبوون باوەڕە.لێخۆشبوون پیرۆزترین چەکە و هەڵییگرن. لێخۆخۆشبوون باوەڕی یەکەمی گۆڕانگارییە بەرەو باشتر.

بە ڕاستی مرۆڤ هێندەی خواردن پێویستی بە زانیارییە دەربارەی عیشق و ئومێد و جوانی. بۆیە کتێبەکانی من، باس لە هەوڵی و تەقەلاکانی من دەکات، کە بە هاوسەری و هاوژیانیی هونەرو ئەدەب، بە هاوگیانیی فریشتەیەکی پیرۆز.. توانیم تەناف و درەختی زەمانی سەر سەری خۆم ڕۆشنتر ببینم و خواکانی شەڕو خێر کە تێکەڵ و پێکەڵ بوبوون بەیەک، لە یەکتری جیا بکەمەوە و بوێرانە ڕوو بکەمە هەر ئایینێک و بڵێم: دوو دانە خوا بەڕێوەبەری

بوونەو، دەبێت باوەڕ بەوە بهێنین کە شەڕ خێر نییە. هەموشمان دەزانین کە شەڕ چییە و کێیە. خۆ ئەمە زانستێ نییە نوێ بێت! خۆ گشتمان دەزانین خراپە و چاکە سەر بە چی و سەر بەکوێن!

ئەم پرۆسەی گەیشتنە باوەڕ و خوودناسییە، زانستێکی کۆنە و مرۆڤ لە پرۆسەی خودناسیدا، دەگەڕێتەوە سەر چاوگ و سەرچاوەی ئایینی باوانی خۆی.. چونکە مرۆڤ خۆی ئایینێکە بۆ خۆی. پاشان مرۆڤ داهێنەری چاوگەکانی غەیبە، چونکە داهێنەرە.

مەرج نییە ئێمە هەر خێرێکی پەتی بین و، ببین بە چەک بۆ دژایەتی کردنی شەڕ، هەر لەشەڕدا بین و شەڕ زۆر بکەین. چونکە ئێمەی مرۆڤ هێشتا وا دەکەین و وا دەزانین بەشەڕ خێر پایەدار دەکەین!.. بەڵام لێرە بەدواوە وا ناکەین.. مەرجە ئیترزۆر سەر نەکەینە سەر شەڕ و نەبین بە هاوڕێی گیانیی شەڕ.. دەبێ لە شەڕیش نەترسین و زوو ئاو بکەین بە ئاگری شەڕا و هەوڵ بدەین جیهان بەرەو ئاشتی بەرین، لەهەر گۆشەیەکی ئەم جیهانەدا کە هەین و دەژیین.. هاوڕێ و هاوخەم و هاوهەستی یەک بین و هەوڵ بدەین زیان نەگەیەنین بە کەس.

وەک کورد ڕێگە بدەین ئەو کەسانەی کە خۆشەویستی کوڕان و کچانمانن بێن و لە دەرگامان بدەن.. بهێڵین مناڵەکانمان فێری ڕێزو پەرستاری و ڕاستی و جوانی بن و هۆگری خۆشەویستیان بکەین.. با بهێڵین هاوڕێیەتی و هاوسۆزی و هاوگیانی لە ناو ماڵ و کۆمەڵگەدا ئاسایی بێت و ترس ڕابەری بەرنامەو ئامانج و ئومێد نەکەین. با واز لەو ترسە بهێنین کە دەستی ناوەتە بینی میللەت و دوژمنایەتیمان گۆش دەکاو ڕق دەکاتە ڕابەرمان و خۆشەویستی و هاوگیانیمان تێکەڵ دەکات بە دوژمنایەتی.

خۆ ئەمە کارێکی هێندە سەخت نییە، کە مرۆڤ بتوانێ ئاسان ڕێسی کەسێتیی خۆی بچنێت و یەک دووجار لە ڕۆژێکدا لە خۆی ببوورێت و بە شتێک خزمەتێکی بچکۆلە بکات.. خۆ گشتمان دەتوانین پێ نەنێین بە مێرولەیەکدا!.. خۆ گشتمان دەتوانین باسی شکۆی مێشولەیەک، قالۆنچەیەک، هاوڕێیەک، یان باسی گوڵێک بۆ هاوڕێ و دراوسێکانمان بکەین. مەرج نییە مرۆڤ هێندە

ناچار بکەین کە بچن پەنا بەرنە بەر چەک بۆ ڕزگارکردن و پاراستنی خاک و سامان و وڵات!

چەن شەرمە، لەم سەردەمەی زانیاریدا، ئاوا هێشتا بە چەک هەڵدەکوتینە سەر ماڵ و سامان و گیانی میللەتان! باشە ئێوە ئەو ڕاستییانە نابینن؟ یانی نازانن کێن ئەوانەی کە شەڕ بەرپا دەکەن و داگیرتان دەکەن و تاڵانمان دەکەن و خوێنی مرۆڤی خۆشیان بە هەرزان دەڕێژن و زەمین و ئاسمان و گەردونیش پیس دەکەن!؟ نازانن؟

ئەی ئەوانە کێن کە دەچن بە فیشەک گیانی خۆیان پڕ دەکەن لە باروت و خۆیان دەخەنە دۆزەخی کردەوەکانیانەوە؟!.. کێن ئەوانەی خۆیان بە هەرزان دەفرۆشن بە شەڕ؟ کێن ئەوانەی کارگەکانی چەکی کۆ کوژ زۆر دەکەن و تانک و تۆپتان دەدەنێ و سامانتان تاڵان دەکەن و قڕتان تێدەخەن؟ کێن میز دەکەن بەسەر لاشەی گەندەڵیدا و ڕێگەش دەدەن سزای ئافرەت بەو جۆرە بدەن کە بەردبارانیان بکەن؟!

ئەم کتێبە هەوڵ دەدات، یەک پاروی خێر بکات بە دەمی ئەوانەوە.. ئاخر ئازادی بریتی نییە لەوەی کە جیهان کوێر بێت بەرامبەر بە شەڕ.. جا گەر وایە.. وەرن سەر بکەنە سەر خواکانی ناو ئەم کتێبە. چونکە لێرەدا خواکان دەستیان نەداوەتە ئێخەی یەکتری.. بەڵام وازیان لە شەڕ هێناوە و من ناوبژیکەری خواو خواکانی ناو دەروونی خۆمم. چونکە ئەوان لە گیانی ئێمەوە سەرچاوە دەگرن، لەگەڵ ئێمەدا دەژین و دەمرن، پاشان زیندو دەبنەوە و پاشانیش دەمرن و دێنەوە ناومان!

وەک هونەرمەند، وەک نووسەرگەڕاومەتەوە ناو دۆزی خۆم، باوانی خۆم، و چاوگ و تاڤگەی خەونەکانی خۆمم دۆزیوەتەوە گەڕاومەتەوە ناو قوڵایی ئایینی کورد، ئایینی خۆم. دەمەوێ بە جیهان بڵێم: کوردوستان قیبلەو دڵی ڕۆژئاوایە و وەکو یۆنانی لێ نەکەن!

ئاگادار بن، ئەی جیهانی یەکەم.. شەڕ لە کوردوستان قڕ بکەن و مەهێڵن گەندەڵی زاڵتر بێت بەسەرتانا و چەکەکانتان دانێن و تەسلیم بن. تەسلیم بن بە خێر.. چونکە لێرە بە دواوە،، کۆی هێزەکانی ناتۆ و جیهانی یەکەم و دووەم،

دەبێ پرۆسەی پاکژکردنەوەی ژینگە دەست پێبکەن..چونکە ژیان و سروشت توانایان نەماوە و شەکەتن لە دەست کردەوەکانی مرۆڤ. دەبێ دۆزی کورد ئیسرائیل یۆنان بژێتەوە و ببن بە یەک ماڵ و دەوڵەت و کەلتوور و هێز و دەسەڵات.

من کێم؟! من چیم؟ لەم کتێبەدا، وەک لە کتێبەکانی پێشوودا، من باسی خۆم و خەونەکان و عیشق و ئازادیی خۆمتان بۆ دەکەم..من مامۆستای لوژیک و گیۆمیتراو فیزیای ئەلەکترۆنی نیم.. بەڵام دڵنیام کە لە هزری ئەنیشتایندا خێر زاڵ بوو.

مەرج نییە مرۆڤ ببێت بە زانا، تا دان بنێت بە خێرو شەڕدا.. بەڵام مەرجە مرۆڤ لە ژیاندا سودێکی هەبێت و ئاگاداری پەرستگاکانی خۆی بێت و درۆ لەگەڵ باوەڕ و ئایینی خۆیدا نەکات و ئایین مەکەن بە چەکی ڕق و چەپۆک مەدەن بەسەر ئایینێکی تردا. ئایینەکان زمانی خوا بن یان زمانی مرۆڤ، هەبوونیان چاترە لە نەبوونیان. بەڵام مەهێڵن ئایینێک بتانکات بە دوژمنی ئایینێکی تر. چونکە هەر مرۆڤەو لە ناخی خۆیدا، دەتوانێ مزگەوتێک، کەنیسەیەک، پەرستگاو ئاتەشگا و بتێک بنیات بنێ و فێری پەرستاریی خۆی بێت.. ڕێز لە ئایینی خۆی بگرێ و بە زمانی دایک نوێژەکانی بکات.

ئەو گەلەی بە زمانی دایک نوێژ نەکات، گەندەڵ دەبێت.. چونکە هەموو مرۆڤێک لە ناوماندا.. مرۆڤ نین و لە سوڕی ڕێسان و کەشفی جەوهەری خوددا، زۆر هەن دژی ئایین و باوەڕی خۆیانن و نوێژ بە زمانی بێگانە دەکەن. ئەم کارە مەکەن.. بێگانەش بە دوژمن تەماشا مەکەن.. دوور بن لەوەی بە باوەڕ بەرەو کینە و ڕق و تۆڵەتان دەبات.. چونکە بەوە تەفرەقە دەکەوێتە نێوان خواکانی شەڕو خێرتانەوە. نوێژ بە کوردی بکەن گەر کوردن، بە عەرەبی گەر عەرەبن، بە فەرەنسی گەر فەرەنسین، چونکە تازە کەلتوورەکانتان داڕشتووە و فرەیی کەلتوورو باوەڕ مرۆڤایەتیی گەیاندووە بە تەوەرێکی زانستیی ڕاست و بەرنامەدار.

بەڵام گەر خێرمەندیتان گۆش دەکەن و خێر پایەدار دەکەن؛ بچن لە کاتی نوێژا، یاریدەی کەسێک بدەن. بچن بە میوانیی کەسێک.. بڕۆ بۆ خەستەخانەو

بپرسە کێ تەنهایە؟!.. من هاتووم بە میوانیی کەسێک. بچۆ بۆ سەیری مۆزەخانەیەک، بۆ کۆڕێک، بۆ قاوەخانەیەک. یان بڕۆ تەماشای شکۆی دایکت بکە و بە دیار دایکتەوە دانیشەو خزمەتێکی بکە.

یان دانیشە و چەکیش دانێ، چونکە ئێستا کەس دوژمنی کەس نییە و پێویستیشی بە شەڕ نییە.. وەرن بە قسەی من بکەن.. چەکەکانتان بدەنەوە بە ناتۆ و ڕووس و ئەمەریکا و چین.. بە تورک و عەرەب و فارسیش دەڵێین، سنوورەکانمان چۆڵ بکەن و خاکی چێنراومان بە لوغم پاکژ پاکژ بکەنەوە.. چونکە کاتێک کە من دەگەڕێمەوە.. نابێت تەنها فیشەکێک لە کوردوستانا مابێت. چونکە من ناگەمە ئەو وڵاتەی شەڕی تیا بێت.

جا من لە ڕێگای کەشفی زات، وەک هونەرمەند گەیشتووم بە ترۆپکی ڕەچەڵەکی خۆم، ئاییني خۆم وکەعبەی خۆم. من کوردم و قیبلەی کوردیش زاگرۆسە.. جا موسوڵمانیت یان زەردەشتی یان مەسیحی و جولەکە و گاور.. ئارارات=جود قیبلەتە گەر نازانیت. هەروەها ئارارات مەککەی خۆر ئاوایە.

ئەم زانستەی ئینسپیراسیۆن.. نوح ی پەیامبەری لە دەروونمی مندا ژیاندۆتەوە. بۆیە منیش وەک هەر تاکێکی کورد، باوەڕم بە باپیران و ڕەچەڵەکی خۆم هەیە و زادەگای من ئەوێیە.. ئاییني منیش هەر لەوێوە چاوگی گرتووە. وڵات و ئایین و باوەڕی مرۆڤ ئەو بستە خاکەیە کە تیایدا دێتە بوونەوە.

ئاییني کورد پاراوترین باوەڕی منە.. من هاودەم و هاوهەستی هەموو ئایینێکی ڕاستم.. ئەم کتێبانەی من زمانی هەقی مرۆڤ و پەیامبەران و ئایینەکانن.. کەس بۆی نییە بەهەڵە بەکاریان بەرێت، ئەوەی گومان لە ڕاستییەکانی ناو کتێبەکانی من بکات؛ دەمی خوار دەبێت و وەک ئەوە وایە پەنجە بکات بە چاوی خواو خواکانی خۆیدا.. من وەک مرۆڤ، وەک سرۆش، وەک نوح و زەردەشت و بووداو مەسیح دەدوێم و عەرەبیش ئاییني خۆیان هەیە.

ئاییني من بۆئەوانیشە، بەو مەرجەی بەسەر خۆیان و ئاییني خۆیاندا بچنەوە و فەرزی بکەن واز لە کەمکردنەوەی شکۆی ئافرەت و جوانی بێنن، هەروەها

دێوی شەڕ لە دەرونیانا تەمێ بکەن و واز لەو ڕقە بێنن کە ڕابەریی گیانیان دەکات. بەو مەرجەی شمشێرەکانیان لە کوردوستان- بەدیاری بەرنەوە بۆ خۆیان و چیی دی سەری کوردی بێگوناح نەبڕن.

بۆیە ئەگەر ئایینەکان بریتی بن لە خوانێکی ڕازاوە بە خۆراکی گیان، من خۆمم داوەت کردۆتە سەر خوان و ئەوەی جوان و بەسودو پیرۆزە- تامم کردووە و گیانم چەشتونی.. لێرەدا حەز دەکەم باس لەتامی ئەو خۆراکە گیانییانە بکەم. گەر بتوانم باسی فریشتەتان بۆ دەکەم...

ئەم کتێبانە دەروونی هەموو ئایینەکانە و بەوەش نوێیە کە شەڕ تیایدا ملکەچی خێرە، بە زمانی دایک، لەنەستی سرۆش م وەرگرتووە، و وەک ئیلهام پێم گەییوە. زمانێکی سادەو ڕەوانە، منداڵیش تێی دەگات.. زمانی من و فریشتەیە. فریشتەی نەجات. خەونی میللەتێکە کە ئاڵای نییە، وڵات و ئازادیی نییە و خێر پایەکانی کەلتور و باوەڕ و ئایینێتی و هێشتا ماون! هێشتا دەژین و فریشتە لەناویاندا هەناسە دەدات.

پەیامی هونەرێکی پیرۆز خۆی لە دەروونی مندا پەنهان داوە. پەیامی مژدە، پەیامی ئازادی و عیشق و هونەر. ئەم کتێبە پەیامە بۆ میللەتی کورد.. و ئایینی کوردە بە تایبەت. بە ئومێدم ڕێکخراوی مافی مرۆڤ هەستێت بە چاپ و نەشری ئەم کتێبە. بە پێویستی دەزانم پرۆسەی ڕزگاریخوازیی کورد دەست پێبکرێت و ئینگلیز، کە خوێن خۆری هەرە نارەسەنی کورد و گەندەڵترین دێوەی داگیرکەرو تاڵانکەرە، دەبێ قەرزەکانیان بدەنەوە و پاکسازی لە و سامانەدا بکەن کە بەتاڵان لە کوردیان دزی.. چونکە هیچ دوژمنێک هێندەی ئەوان تاڵان و کوشتاری نەکردو خوێنی نەڕشت. ئێستا کاتی لێپرسینەوەیە و ژینگە پاکسازی دەخوازێت.. لێخۆشبوون لەسەر بنەمای پاداشت و قەرەبووبەدی دێت! چونکە ئەوەی ماڵی کەسێکی خوارد، ماڵی دەخورێتەوە گەر پاداشتی هەڵەکانی خۆی نەداتەوە. من ڕۆژانە خواردن دەدەم بە باڵندەکان، ئەوان، واتە باڵندە گەورەکان بەشی باڵندە بچکۆلەکان ناخۆن.. ئەوان هەردەم مشوری بچوکترو لاوازتر لە خۆیان دەخۆن.. ڕاستە لە کاتی ناچاریشا خودی

ئەوان دەخۆن، بەڵام مرۆڤ نابێت نمایندە و لاساییکەرەوەی سروشتی ئاژەڵ و پەلەوەر بێت. ئێمە وا دەکەین.. دەبێ وا نەبین.

ئەم کتێبە زمانی من و ئێوەو خواو خواکان و فریشتەو بت ومرۆڤە.. بەیاریدەی سرۆش پێم گەییوە، ئەو بەشێکە لە هەست و سۆزی من.. من هەستی پێدەکەم، لە داهێناندا. لە سەفەری خوودناسیدا.. ئەو کاتەی سرۆش بۆ سێیەمین جار، لە یەکەم تا سێیەم کتێبدا منی لەخەو هەستان و ڕایچەناندم.. زۆر ماندوو بوو تا گەیاندنی بە من.. من زۆر شەکەت و ماندوو بووم لە زیندانەکانی بەستەڵەکی نەروێژ.. هەمیشە دووچاری خەوی بێخەویی و بێزاری و غەمی دووره وڵاتی بووم.. هەمیشە بەسەر خۆمدا دەچوومەوە و خەریکی ژماردنی ئەو ڕۆژانە بووم کە قورس لەسەرم دەڕۆیین.. هێندە ماندوو بووم نەبێتەوە. چونکە ئەوان زۆر بێقیمەت تەماشای شکۆی ئارارات و کوردیان دەکرد.

زۆر قینیان دەبووەوە لە ئیسلام، گەرچی ناهەقیشیان نەبوو، بەڵام نەیاندەوێرا گوێ لە من بگرن وەک نوح، وەک هونەرمەند، وەک نووسەرو مرۆڤ. منیان کردبوو بە گوی سەگ و وایان دەزانی من کەمترم لەوان- بەوەی کە ئازاد نیم. ڕاستیشیان دەکرد، چونکە میللەتی ئازاد بە شتێک لە میللەتی نائازاد کەمترە. جیهان بەوە زامدارە کە هێشتا هەن ئازاد نین و داگیر کراون.

ئەو کاتەی کە سرۆش بۆ جاری سێیەم بانگی کردم؛ ڕاچەنیم، ڕابووم و بە شەق کەوتمە وێزەی زیندان و دارو بەردی زیندانەکانم بەشەق داڕمان بەسەر خۆمدا و سرۆش پاراستمی.. چونکە من لە زیندانی ئاوارەیی و تەنهایی وژێردەستەییدا دیلبووم، سرۆش کە هات، هێندە ماندوو بوو نەبێتەوە.

ئەو لەمێژە دەروون و بیری منی ڕووناک کردۆتەوە، سەدەها ساڵە من بەلەش و دڵ و گیان و دەروون، دێتەوە ناومان و لەهەموو دابەزین و لەدایکبوون و ژینێکدا، بە زمانی پاڵەوان و ڕاهیب و ئیمام و ئەسقەف و ناوال و ڕام ئوباتالا.. بەزمانی مەسیح و بودا. بە زمانی عیشق و یین و یان –ی چین و یابان ..بە زمانی مەزدا دەدوێ و دەدوێم و دەمەوێت جیهان گوێملێبگرێت.

وا نەزانن کە من ماکی نەخۆشییەکانی مرۆڤ ناناسم! با، من خودناسم بە زانستێک کە سرۆش دایهێناوە لە گیانمدا. چونکە ئەو منی بۆ هێنانی مژدە

هێناوە و ناردۆتە ناوتان. ئەو گیانی هەموو بێگوناهانی جیهانی لە مندا پاراستووەو نان دەکات بە دەم و دەنووک وبیری دەرونما و لەقلەق و جاڵجاڵۆکەی پیرۆز پڕیان کردووم لە باس و لە چنینی زەخرەفەی زانستی نوێ.

چونکە سرۆش لە کتێبی یەکەمدا، جاڵجاڵۆکە و حاجیلەقلەق و مێرولەکانی پێناساندم.. ئەوان هەزاران بێگوناهی وەک مەسیح و ماریاکان لە دەروونی مندا دەچنن و هەر مرۆڤێک کە بەناهەق دەکوژرێت و سەر دەبڕدرێت گیانی لە گیانی مندا دەڕێسرێت و دێنە گۆ لە گیانی مندا. گشتیان باس لەم زانستە دەکەن کە ها لەبەر دەمتان.

من بە زمانی مرۆڤ و باڵندەو ئاژەڵ و مێروو بۆتان دەدوێم. بۆیە پەیامی خواکان، پەیامی مژدەیە، مژدەی حەزرەتی نوح و براییم و زەردەشت وبوداو مەسیح، دەبێت پەیامەکانم بگات بە جیهان. وا نەزانن کە من پەنام بردۆتە بەر زمانێکی قورس، نا.. ئەمە زمانی زکماکە و هی دایکە. کە من نەتەوەی خۆمم پێگۆشکرد، دوای دابەزین لە جود. زمانی کوردیی پەتی و بێخەوش. زمانێکە هەیە، کورد دەیزانێت و شانازیی پێوە دەکات. ئەوەش بزانن کە پیر لە دەروونی هەمووتانا هەیە.. نییە پەیامبەرو خواو ڕێنیشاندەری نەبێت لە دەرون و بیری خۆیدا.. بەڵام پەروەردە ڕێگەمان نادات بەگوێی پیر و خوا بکەین، چونکە ئێمە گیرۆدەی دەسەڵاتێک و یاساو ڕێسایەکی ترین. جا من زیاڕۆیی ناکەم بەوەی کە گیانی کەسێک دێتە گۆ لە گیانمدا.. تۆش ئەو مشتومڕە لەگەڵ خۆتا دەکەیت، کاتێک کە دەکەویتە زیندان و لە تەنهاییدا گیرۆدە دەبیت.

ئەو کاتەی ئەم کتێبە دەگات بە دەستی تۆ وەک خوێنەر.. دەبێ پەیامی من بگات بە جیهان و خۆزگە و خەونی چل ملیۆن کورد ببێت بە پرۆژەی ئازادیی جیهان.. من تەنهام.. من ساحیر نیم و سەرۆک نیم تا میللەتەکەم هان بدەم.. بەڵام هەستی پەیامێکم و دەیگەیەنم و دەبێ بگات. ئەگەر داواکانم نەگات، وا هەست دەکەم کۆڵەکەکانی ئاسمان دەڕوخێت بەسەر جیهانداو جیهان تووشی دەردو بەڵا و شکست و گرفت و داتەپین دێت.

ئیترنەکەن بێن و باسی ئەوەم لەگەڵدابکەن کە چیم کردووە و چەن تاوانبارم، نەکەن.. چوکە من بەتەنها لە ئێوە نیم و من موڵکی جیهانیشم. من کەلتورێکی جیهانی باردەکەم و بەو ڕێگایەنەدا ڕۆیشتووم کە ڕووناکی دەبەخشن بە دەروون. دەزانم چی دەڵێم و دەکەم. خۆ ئەگەر شێتیش بم، هەن گوێ لە شێتیشەوە وانە فێر دەبن. من شێتێک ناناسم کە بەچوار کتێب باس لە شێتیی خۆی بکات، گەر هەیە، کەسێ دەبێ نیشانم بدات.

لە خۆتان خۆش بن، چونکە من لە خۆم خۆش بووم. من بابایەکم کە دەتوانم بێمە سەر بەرماڵی نوێژتان، بەڵام نوێژی خۆم بە کوردی دەکەم، هەمان شێوە لە کەنیسەو ئاتەشگاو پەرستگاکاندا کڕنووش دەبەم و بەهەمان زمانی زگماک نوێژی خۆم دەکەم و خوای خۆتان بۆ خۆتان و من خوای خۆم هەیە. خواکەی من پێویستی بە ڕێز و بە خۆشەویستییە و چەک هەڵناگرێت.. هەڵناکوتمە سەر خوای کەستان.

وا نەزانن کە من خواو خواکانتان ناناسم! با.. من خواوەندی خۆمم هەیە و وەک چۆن تۆ بەو دەڵێی خوا، منیش بە خوای خۆم دەڵێم ئاهورا مەزدا= واتە یەکبوونی گیانی ودەروونی و بیری و لەشیی دوو جەمسەری ساردوگەرم؛ کە لە بنچینەدا دوو قوتبن، دوو گەردی ئەلەکترۆنی و چاوکی موگناتیسی وجەهەری هاڕمۆنین. دوو ( با) ن.. دوو هێز. دەشێت خوای من لەوینەوەی ژێی ئامێرێک بێت! دەشێ پەرستاری من ئافرەت یان منداڵ بێت! دەشێت خوا هەبێت یان نەبێت! دەشێت؟

ئەم کتێبە تکاو داواکاری و خۆزگەی کوردە، بەر لەهەر داخوازییەک هەوڵی ئازاد بوونی گەلی نوح و میللەتی کورد دەدات، چونکە ئەو میللەتە بەرەو گەندەڵی و داکەوتن و شکست دەڕوات و داگیرکەرانی تورک و فارس و عەرەب بە سەرۆکایەتی و پشتیوانیی ئینگلیز و ناتۆ مرۆڤی کوردیان زۆر ئەزێت داوە. کەسێتیی کورد تێکشکاوە.

بۆیە ئەوان پێویستە لەسەریان سنور بۆ خۆیان دانێن و سنوورەکانی وڵاتەکانمان چۆڵ بکەن و بگەڕێنەوە ناو دیارەکانی خۆیان. چونکە دەبێ من لە

ژیانا مابم کاتێک دەوڵەتی کوردی بناغەی بۆ دادەنرێت. ئەمە تکای من نییە بەتەنها، بەڵکو مژدەیە، خوا باوەڕی بە ئازدیمان هێناوە.

ئەم کتێبە مژدەی سەردەمی نوێیە، جیهان دەبێت ڕزگار بکرێت. جا هەر پەیامەو موڵکی کەسێکە، کتێبە بۆ کەسێک کە وەک پۆشاکێکی گیانی لەبەری دەکات و دەیکات بە نوێژێکی نوێ بۆ خۆی. من تەنها کورد نیم، بەڵکو بابایەکی جیهانژێوو گەڕۆک و هونەرمەندو جوانناس و خواناسیشم. خوام نەبینیوە، بەڵام هەستی پێ دەکەم.. من ئەو کەسەم کە هاتووم تا بەندەکانی ئەنجومەنی باڵای نەتەوە یەکگرتووەکان بگۆڕم، بەوەی کە شەڕو خێر فەرزە لە یەک جیا ببنەوە.

من هاتووم تا هۆشدارو بێهۆش و مەست و ئاگا بە زمانی خواو پەیامبەران لە ڕاستی ئاگادار بکەم.. وەک مرۆڤ تکاتان لێدەکەم تا ئەم کتێبانە وەرگێڕن بە زمانی ئەڵمان و ئینگلیز و ڕووس و فەڕەنسی. چونکە ئێوەش لە نەتەوەی نوح ن. من باوکی هەموو پەیامبەرەکانتانم گەر نازانن.

ئیتر ئەگەر بێباوەڕن.. کاتێک کە دەبینن دەکەومە ڕێ بەبێ گۆچان و کڵاو و بەرگی شایشتەی بەرم، مانای وایە جیهان هەقیانە بەردبارانم بکەن و نەهێڵن بگەم بە چیای جود.. دەست بدەنە بەرد و ڕۆژی بەرێ بە بەردەکانتان کە دەیگرنە من دیاری بکەن.. بەزەییتان بەکەسێکدا نەیەتەوە کە خاوەنی ئاڵاو خاک و ئایین و زمانی خۆی نییە، بەزەییتان بەو کەلتوورەدا نەیەتەوە کە من ڕابەرایەتی دەکەم.. چونکە ئەوەی وڵاتێکی ئازادی نییە، زۆر لە مێژە مردووە و هێشتا لە دایک نەبووە.

بۆیە بوونی من تا ئەم تەمەنە هیچ ناوەڕۆک و مانایەکی نییە، کاتێ کە نەزانم ئازادی چییە و میللەتەکەم داگیرکراو دەبینم. ئازادیش خەون و خۆزگە و ئاواتی چل ملیۆن مرۆڤی کوردە و جیهان کوێرن دەربارەیان.

من پەیامی مژدەی نوێم هێناوە بۆ جیهان و لەسەرتانە سەر بۆ شکۆی چیای جود دانەوێنن. ئەوێ تەکیەو خانەقا و کەشتی و پەرستگاو ئاتەشگاو کەنیسەو ماڵی منە. تەرم و تابووتی من بناغەی کەشتییەکەی نوحە لە ئارارات.

ئایینی کورد ڕزگارکەری جیهانە.. چونکە ئێمەی کورد نیین کە ئەتۆم و چەکی کۆکوژو کیمیایی بە جیهان دەفرۆشین و جیهان و ژیان بەرەو گەندەڵی دەبەین.. سەرکردەکانی کورد هیچیان کارگەی چەکی سوک و قورسیان نییە و کورد نییە کە چەک و موشەک و تانگ بەرهەم دێنێت.. کەچی خودی کورد زۆربەی هەرە زۆریان چاویان کوێرە و داب و کەلتوور و ئایین و باوەڕی ئاشتیخوازییانەی خۆیان نابینن و هەر کەسەو لە جێگەی خۆیەوە بە شێوازێکی ناڕاست بە سوودی خۆی بەر دەبێتە دۆزی کوردو هەڵدەکوتێتە سەر سەرکردەکان و باوەڕ و ئایینی کورد و چاوپۆشی لە هەموو ئەو بەڵا و نەکبەتانە دەکەن کە جیهانی یەکەم و زلهێزەکان و جیهانی دووەم بەرامبەرمان ئەنجامی دەدەن.

کورد ئێستا لە دەستی خۆی دەناڵێنێت، بەعس گۆڕبەگۆڕ بوو، کەچی هەر باوکە و هەر مێردە و هەم براو مامە و لە جێگەی خۆیەوە زیندانی بۆ ئافرەتێک دوان، سیان یان چوار داناوە و بە ئارەزوی خۆیان سەرشۆڕ و زیندان و بێ مافیان دەکەن و بە زۆر مەسخیان دەکەن لە مافی ئافرەت و مرۆڤیان دەکەن و تەنانەت مافی ئاژەڵیشیان پێ ڕەوا نابینن.

جا توخوا پیاو وا دەبێت؟ ژیان ئاوا بەسەر دەبەن؟ خۆشتان بە مرۆڤ و ئاشتیخواز و مەلاو ئیمام و موقتەداو مورید و ڕاهیب و فەقیر و قەشە دەزانن؟ وا دەزانن ئافرەت لە کەلەکەی چەپی ئادەم لە دایک بووە بۆ زۆر لێکردن وداگیرکردن و سزادانی ئەو؟ زۆر هەڵەن ئەو ئایینانەی کە وا بە سوکی تەماشای ئافرەت دەکەن.. ئەوانە ئایین نیین. جا بڕۆن ئاو بێنن و دەستتان بشۆن. چونکە خوا خۆی دەزانێت کە ئەمە ڕاست نییە. چونکە زانست سەلماندوێتی کە ئافرەت ڕەگەزی نێرینەی تیا نییە و تەنها بە ویستی ئەو ئادەم سەرباری ژین دەبێت دوای پیتان و دوانزە هەفتە پاش بوون بە کۆرپەلە، ویستی دایکی دووگیان ئاماژە دەدات تا کۆرپەلە بکات بە کوڕ؛ یان هەر وەک کچ بیهێڵێتەوە! دەزانن؟ ویستی ئافرەتە کە ڕەگەزی نێرو مێی کۆرپەلە لە سکدا دیاری دەکات. پێچەوانەشی تا ڕاددەیەک ڕاستە، پیاوی بە ئەمەکیش هەمان کاری بۆ دەکرێت! جاری واش هەیە کۆرپەلە سەرپشکە، زۆرجاریش سروشت و کەش هەقی ڕسکاندن و دەستتێوەردانی گیانلەبەریان هەیە!

دەشتوانین باوەڕ بەو ئەفسانەیەش بکەین کە وادارە مرۆڤ بە ڕەچەڵەک نێرەمووک لە ڕەحمی بوونەوەر دەرپەڕیوە.. مرۆڤ دابەزیوەتە سەر ئەم گۆیە.. دەتوانین بڵێین مرۆڤ نامۆترین بژێوە لەم سەر زەمینە.

جا ئەو دکتۆرانەی پلەی گەرماو چالاکیی لەش هان دەدەن، تا ئافرەت بە هۆیەوە بارەکەی نێر بێت، من ناوی دەنێم جادوی دکتۆر.. چونکە کەش و بارو دۆخ بۆ خۆزگەو ویستی ئافرەت ئامادە دەکات، تا بڕیار بگۆڕێ و لە ناخەوە خواستی کۆرپەلە بگۆڕێ بەو ڕەگەزەی داخوازیی دەکات.

مرۆڤ ئازادە لە هاتنی نوتفەی ژیانی بۆ ناو ڕەحمی دایک. پاشان هەندێک لەوان پەشیمان دەبنەوە، لە سەفەری کۆچیان، دەگەڕێنەوە و ناگەن بە منداڵدان، چونکە گەراکان سروشتێکی تر هەڵدەبژێرن! کە زاناکان واداریی ئەوە دەکەن، گوایە گەرا=سپێرم دەمرێ.. بەڵام ئەوان هەن لەناویاندا نەمرن! ئیتر بە من مەڵێن گەرای سەرزل، نێرە و سەر تەسک مێیە! لە کاتێکدا هەر ڕەگەزەو گەرای خۆی پێیە.. هەهە.. چونکە تۆوی گیاندارپیرۆزە.. هەوڵ بدەن بەرز تەماشای کەشی جووتبوون بکەن لەگەڵ هاوسەرو خۆشەویستەکانتاندا. دەشێت ئەو چۆلەکەیەی کە لەسەربانیماڵەکەتان دەخوێنێت، گیانی باپیرە گەورەتی هەڵگرتبێت.. یان ئەو باڵندەیەی کە بانگت دەکات، پەیامێکی پێ بێت و خزمێکی نزیکت بێت، یان گیانی هاوڕێیەک! دەشێت؟

بۆیە ئادەم لە حەوایە گەر لە ڕاستی دەپرسن، نەک بە پێچەوانەوە. جا ئەمە نموونەی دەمڕاستکردنەوەی ئایینە، فێر بن. گوناهیش نییە، گەر ئەوان بە دوو تەوەر و توانا پێشبینی بکەیت.. هەوڵ بدەن ئایین و زانست وەک خوشک و برا تەماشا بکەن، نەک وەک دەسەڵاتی خوا.. واتە ئەو خوایەی کە فێرتان دەکات، جیاوازی بکەن لە نێوان خوای خۆتان و ئافرەتدا!ئافرەت لەخۆتان کەمتر تەماشا مەکەن. چونکە خواش یەکسانیی پێخۆشە. منیش.. بەخوا.

## تابلۆی دابەزین

سرۆش، زۆر ماندوو بوو کاتێک کە من لە خەون ڕاچەنیم و بە دیداری پڕ لە نووری ئاشنا بوومەوە، پێدەچوو هەزارساڵی تەواو بەژوور سەرمەوە ڕاوەستابێت و بانگم بکات و منیش نوستبم، چی نوستنێک؟ نازانم! بەڵام کاتێک مرۆڤ خۆی لەکاروئەرک و فرمان دوادەخات، وەک نوستوو یان وەک مردو وایە، مردنیش برا گەورەیە بە دەردی نیکۆس دەڵێ! بۆیە بێداری کەڵکی نییە بۆ کەسێک کە خۆی لە ڕاستییەکان گێل دەکات و خۆیداوەتە دەستی ترس و دەسەڵات و فرمانی دژ بە بیرو گیان. من تەسلیمی گومانەکانی میللەتانی خۆرئاوا بوبووم و هەستم بە کەمی دەکرد-کە ئەو هات یان دەهات.

هەستم دەکرد تاوانە لەگەڵ ئەو میللەتانەدا بژیم کە تەماشای شکۆم ناکەن و باوەڕیان بە دۆزی کورد نییە.. کاتێک چاوم ئاسمان و زەمینی بینی، گیان و دەروون بوونەوە بەیەک- بۆ تەماشای ڕۆشنایی، خەندەی ئومێد وەکو کۆپلە شیعری مانادار هەست و بیرو دەرونمیان ڕۆشنکردەوە، واتە گیان کە لە دەروونندا مت و نوستوو بوو، بێدار بووەوە؛ بەڵام ئایا گیانی کێ ؟ گیانی سرۆش یان گیانی حەزرەی نوح؟ گیانی پەیامبەران، یاخوود گیانی حەزرەتی مەسیح و ماریاکان؟ گیانەکانی ئەنفال و شەهیدانی هەموو جیهان؛ یان گیانی ڕۆشنی مێرولەکان کە بوبوون بە چراخانی هەست و بیرو گیانم ؟ گیانی ئەوان گشتیان؛ یان گیانی تەنها خوودی خۆم؟ یاخود گیانەکانی خواو خواکان و فریشتەکان و بتەکان؟ یان گیانی حەزرەتی ئیلیاس و پیرشالیار و خدری زیندە؟ وەڵامی ئەم هەموو پرسیارانە لای خوێنەر هەن، دەتوانن بە ویژدانی خۆیان بڕیار بدەن.

ئیتر کاتێک کە بێدار بوومەوە، بۆ جاری سێیەم، هەستمکرد پیر جەرگ و دڵ و دەروون و گیانم هەڵدەکۆڵێ و شتێک لە ناخمدا موتربە دەکات. لای چەپ و ڕاستی لەشم یەکیان گرتبووەوە.. هەروەها لە زیندان دەرباز بوبووم.. کاتیش ڕەویبووەوە! بەتەمای هیچ نەبووم، هەر هیچ هیچ، چونکە ڕۆژەکانم پڕ بوون لە دووپاتی نامەفهوم و بێمانا لە ناو کەلتوری سەقەت و نەخۆش و دراوسێی نەزان و دێوپەرستا! گیرم خواردبوو لە ناو ئەو هەواڵانەدا کە لە

کوردوستانەوە دەگەیین بە من.. باوەڕم نەدەکرد میللەتی کورد هێندە سپڵەو نەخۆش و بێهەست  بێت دەرهەق بە مافی ژن و کچ و منداڵی کورد.. بەزەییم بە جیهاندا دەهاتەوە، کاتێک تەماشای خۆم و کەلتورو کەلتووری جیهانم دەکرد. کە دەمبینی تەرمی دۆعاکان دەگەن بە بینگەی جیهان و کەس پەرچەکرداری نەبوو.. تەنانەت کچانی کوردم دەبینی لە ترسا، لە ترسی شەیتان حیجابیان دەکردە سەریان و دژی خۆشەویستی و هاوگیانی و هاوڕێیەتی دەوەستان!

هەستم دەکرد، دەمزانی کە ژیانی کورد چەن شەکەت و زەلیل و ڕەزیلە، کەچی مرۆڤێک نەبوو هەست بە گرنگیدانم بکات و دەمڕاستی ئەو پەیامانە بێت کە دەمناردن بۆ گەلان و جیهان.

بەزەییم بە ڕۆژ و بە ئەستێرەکان و کۆمەڵەی خۆردا دێتەوە. دەزانن بۆ؟ چونکە ئاسمانیش پیس بووە و، بووە بە سەرەنوێڵکی ترس و چاودێری و جاسوسی!

هەستمکرد سرۆش گیانی فریشتەیەکی تایبەت تۆو دەکات! گیانی فریشتەیەک؟ بەڵێ. گیانی ئەو (فریشتە) موتربە دەکات یان دەیچێنێت! هەستمکرد هەستێکی پیرۆز گیانم دەلاوێنێت.. هەستمکرد گوێم لەدەنگی فریشتەیەکی لاڵە و لەخۆشیی ژیانەوەیدا لە دەروونی مندا، گۆرانی دەڵێت! هەستم کرد ئەو مرۆڤەی کە من لە ژیانمدا وێڵم بە دوایدا پێمدەگات و تێم دەگات و دەمبینێت!.. هەستمکرد ئیتر بوێرم ڕابووم وتەواو بێداربوومەتەوە . ئیتر بێدار خۆمم بینی و کەسم نەبینی لەتەکما!

نە سرۆش لە دەورم مابوو، نە فریشتە.. بگرە فریای چاندنی یەکجارەکیی فریشتە نەکەوت لە گیانی مندا. چونکە سرۆشیش دەترسا.. چونکە ئارارات هێشتا تۆپ باران دەکرا! کورد هێشتا ژێر دەستە و ڕەزیل و دیلی دەستی تورک و عەرەب و فارس بوو.

فریانەکەوت تۆوی فریشتە لە بێخەوە لە گیانما موتربە کات، پارچەیەک لە گیانی  ئەوی بەدەستەوە بوو، لێی بەجێما کاتێک کە من بێدار بوومەوە و شکۆی هەموو پەیامبەرەکان بوبوو بە نوور .

سارای ژنم نەیدەبینی! فریشتە زریکەی لێهەستا و نەیتوانی خۆی بخاتە دەروونی منەوە لە ترسی بێباوەڕیی ئەو.

زۆر  هەوڵم دا فریشتە ڕازی بکەم، چونکە گیانی لای من بوو، بەڵام سرۆش لەشی ئەوی پێڕەوانەبینیم و فریا نەکەوت.. گەڕایەوە بۆ کوردوستان، بەرەو ترۆپکی چیای جود.. چونکە سرۆش لەوێوە، لە کاکێشانەوە ئیلهامی بۆ من دەهێنا. زۆریش گەڕام، بەڵام بێهوودە بوو.. هەستم کرد هێشتا لە خەودا بووم کاتێک سرۆش فریشتەی لە گیانمدا چاند وەک تۆوێکی گیانی.

ئیتر لە پارساڵەوە ، لەو ڕۆژەوە، خۆم بێدار دەبینم و لەکاتی نوستنیشدا بێدارتر لە بێداری جیهان بین و خوودبینم.. هەستام، ڕوومکردە خۆم و تەماشایەکی خۆمم کرد، بینیم ساڵانێک تەمەن بەسەر چووە و لەشی دووپارچەو دابەشبووم یەکیگرتۆتەوە لەگەڵ گیانمدا و یەکبوون هەست پێدەکەم و چیی تر دابەش نیم.

لە ئاوێنەکەدا هێشتا خۆمم دەبینی و خۆمم دەناسییەوە و دەمزانی کە دوو کوڕم هەیە داڤیدو یوسف و بەوەش پارێزراوم لە ناوتاندا.

هەستمکرد سرۆش ـ ی مەلائیکەتی ڕزگارکەر= واتە پیرشالیار=خدری زیندە=ئیلیاس هتد- ماندوو بووە بەدەستمەوە هێندە بانگی بەسەردا داوم... هەستمکرد گەیشتوومەتە سەر ڕێ و خۆم و دەوروبەرو زەمین و ئاسمان یەککگرتوو دەبینم و کامەرانیش وەک مێرولەکانی تیشک، بە ڕەگ و دەمارو شاخوێنبەرەکانی لەشما دەگەڕێ.

هەستم بە دەوڵەمەندی کرد، هەستمکرد سەرمایەدارم و گەنجی هەموو جیهان لە دەروونی مندایە، و سەرمایەدارترین بژێوم.. چومە بەر ئاوێنەیەک و تەماشای خۆمم کرد، تەماشای ژیان، جوانیی هونەر... تەماشای گوڵ و باخچەو پاساری و دراوسێکان، پاشان ئاسمانەکان و ئەستێرەکان... هەستمکرد

هەموو شتێک لە جێگەی خۆیدایە و ژیان ئاسایی بەڕێوە دەچێت بۆ کەسێکی وەک من دانیشتووی زیندان.

چی زیندانێک؟ زیندانی هەستکردن بە کەمیی ئەو کەسانەی گومڕان، چونکە هەن لەناوماندا حەز دەکەن خەڵکی تاوانبار بکەن و سزایان بدەن، حەز دەکەن دەستبگرن بەسەر ئەوانی ترداو ترسۆ وملکەچیان بکەن، و ناچاریان بکەن تا بەهەشتی دەروونی خۆیان وازلێبهێنن و زیندان دەکەن بە مەئوایان.

بۆیە ڕاپەڕیم و دەستم دایە دەستی فریشتە.. تا بچمە سەرچۆک و سوجدە بۆ ئەو و پەیامبەرەکان و خواوەندی یەکتای هەموو بوونەوەرەکان بەرم. نوێژەکانم بۆ ئەوان کرد و تێر تێر تەماشای ئەو ئافرەتە دڵنەوازو بیر ڕووناکەم کرد کە هاتبوو بە میوانیی گیانم؛ واتە فریشتە. چونکە هەستم بە شکۆی گیانی فریشتە دەکرد کە تەماشای خۆمم دەکرد.. بۆیە نوێژم بۆ جوانیی ئەویش دابەست و پاشان ڕومکردە ئەو خوایانەی کە لە دەرونمدا بە بچووکی وەک بت و پەیکەر، ڕۆژەکان و پرۆژەکانم بەرنامەڕێژ دەکەن... چونکە وەک پێشتر فەرمووم، من حەز دەکەم خواکان زۆر بن، تا زیاتر یاریدەمان بدەن و توانامان بارتەقا بکەن.

خواوەندو بت و فریشتەو پەرییەکانی ئاسمانەکانی خەیاڵ و دەروون و بیروگیانی من، خۆزگەن، ئومێدن، ئافرەتن، منداڵن، دایکن، پیرەژن و پیرە مێردو لاوانی خاوەن هەڵوێست و خاوەن باوەڕن... خواکانی هونەر و جوانی، ژیری و بوێری... خواکانی تۆی خوێنەریش دەپەرستم و نوێژ بۆ ئەوانیش دەکەم، بەو مەرجەی دەست بۆ خواکانی من نەبەن و هەڵنەکوتنە سەر باوەڕو خواو فریشتەکانم... بەو مەرجەی خواکانتان ببێتە هاوڕی و هاو هەست و هاوبیرم.

جا من زۆرم پێچوو تا هاتمەوە سەرچۆک، لێتانی ناشارمەوە دوو تا سێ دانە ساڵی ڕەبەق سەرگەرمی پەرستاری و تەماشاو نوێژ و ڕاپرسیی خواکانی خۆم و ئێوە بووم. شەوو ڕۆژ سەگەرمی ناردنی نامە و داوای یاریدە بووم، سەرگەرمی کارو فرمان و ئەرکی ڕۆژانەی سەرشان، تا بە هیمەتی سرۆش و هاوڕێ و هاوبیرو فریشتەی دەروون، دیوارە شەختەییەکانی زیندانی

بەستەڵەک هەڵتەکێنم و ڕزگار بم، چونکە ڕزگاری ئامانج و باوەڕە و ئازادیش پەیامی خواو خواکان و بوونەوەرە.

جا کاتێ لە نوێژەکانم بوومەوە، هەستمکرد سرۆش بەجێی هێشتووم، یان ئاوێتەی هەست و بیرو دەروونم بووە و ئێوەش لێرەوە وەک خوێنەر گەواهی ئەوەن کە ئەو ڕابەری پەیامی هونەرمە و درووودو فەرمووده و وتەکانم بێبەری نیین لە ڕێسی زمانی پاراوی ئەوو فریشتەی تایبەتی دەروونم.

ماوەیەکی زۆرم پێویست بوو تا باوەڕ بکەم، کە خاوەن هاوسەری گیانیم و سەرمایەی هەستیم سەرشارە لە بیرو باوەڕ. فریشتە و هەستکردن بەو، وەک هەستکردن بە سرۆش نەبوو! نا، وەک ئەوە وابوو بۆ من کە ئاوێتەی گیانی ئافرەتانی جیهان بووبم! وەک ئەوە وابوو بوبێتم بە کەسێکی تریش و دابەش و لەهەمان کاتدا یەکبوو بووم بە گیانی مێینە.

بۆیە هەستم بە خرۆشی شیعر دەکرد، حەزم لە تەماشا دەکرد، مەیلم بوو فێر بم و گوێ لە هەست و نەستی هەر بژێوێک، هەر کەسێک بگرم... حەزم دەکرد تەماشای پاساری و کۆتر و مەل و مێرولەو جاڵجاڵۆکەکان بکەم، تەماشای هەرشتێک کە فێربوونی دەکرد بە وانەی گیان ودەروون و هەست و بیر.

ئیتر هەستمکرد تەماشاکان قوتابخانەیەکی بەنرخن. هەستمکرد زانست بانگم دەکات، سرۆش فێرم دەکات، باڵندەو گوڵ و باو باران زۆر نیان باسی ئێستاو ڕابردووی خۆیانم بۆ دەکەن. بە بێداری خەونم دەدی.. دەمبینی پیر چۆن هانم دەدات تا وەدەر بکەوم و بچمە هانای ئافرەتانی تەنها و بێکەس و دەردەدارو نەخۆش و توشبوو بە سەرەتان و ڕق و مەرگ! ئیتر بە دەم ڕێوە نوێژم بۆ شکۆی ئەوان کردبوو بە سروود و بە خەیاڵ هەر ئافرەتێکی ناتەندروستم دەبینی، بانگم دەکرد، بەوم دەگووت، گەر ڕێگەم بدەی بتشێلم و بێیتە باوەشم، شفات دەدەم بە شێلان.. بەوەی کە ڕێگەم بدەی شفات بدەم.

هەستم بە شەرم دەکرد، گلەییم لە خۆم دەکرد، گلەیی ئەوەی درەنگ گەیشتووم بە کارمای هەردوکمان.. کە درەنگ پەیم بە زانسی خوا بردووە.. چونکە بەر لە بێداربوونەوەیە، بەر لەو یەکبوونە، خوا لە هزرو هەستیاریی منا ڕەش یان

تەنها سپی بوو-تاریک یان ڕووناک بوو.. بەڵام لەوێ بەدواوە چوومە سەر باوەڕی مناڵ و خوام بە ڕەگاوڕەنگی بینی.. هەستم کرد خوا ملەوەنە. هەهە.. هەستم دەکرد خوا زۆرە، بچوکە و گەورەشە! ڕەش و سپیش بەشێکە لەو.. هەستمکرد خوای من لە خواوەندی کەسێکی تریش دەچێت! دەتوانێ ببێت، هەبێت، نەبێت، ببینێت و هەست بە بوونی بکەم.. دەمتوانی ئازادانە بیر لە بوون و نەبوونی ئەو بکەمەوە و دەموێرا هەستی پێ بکەم و نەکەم. دەموێرا پشتی تێبکەم و ڕووشی تێبمەم، هەندێجار چاتر ئەوم دەبینی کاتێ کە پشتم تێ دەکرد یان لێی توڕە دەبووم. ئەو وا دروستی کردووم، چی بکەم!؟

دەمبینی و دەمبیستی باڵندەو باو باران و خاک و گوڵ و گوڵزار، وەک منداڵەکانم پڕن لە پەیامی بژێو و جوان، پڕن لە پەیام وتۆنی خواکان، چونکە ئەوانیش وەک ئێمە هەست و گیان و دەروونن.

ڕۆژێکیان( با ) فەرمووی:" خوا نەناس، گەر من نەبم، کێ دەتوانێ هەناسە بدات؟! هیچ زانستێک ناتوانێ خۆی لەقەرەی دەسەڵاتی من بدات، من خوام لەسەر گۆی زەوی و بەئاگام لە هەست و نەستی هەر یەکەتان. خۆر کچی منە!

با فەرمووی منم ژیان ئەدەم بە بیرو دەروون و لەشتان.. چونکە من گیانی ڕووناکیش بار دەکەم، من گیانی هەموو بوونەوەرێک دەپارێزم و مەرگیش، بەڵێ خودی مەرگیش لە مندا دەژی... جا وا نەزانن باکان بێدەسەڵاتن، نا ئێمە هاودەم و هاوڕێی گەردەلوول و شەپۆل و بۆرکان و خاکین... ئێمە ژیان و بوونمان ڕەخساند و، تیشکی خۆریش پەخشان دەکەین، تا بوونەوەرەکان بتوانن فێری ناسینی خواکان بن، چونکە خواکان تەوەرێکی تری عیرفانن و ئەوان وەک مرۆڤ نین، وەک پەلەوەر و درندەو گیاندارانی سەر زەمین نین، و ئەوان ئەفسانەیەکی تری دەسەڵاتی هونەر و جوانین.. ئەوانیش وەک ئێمە هەن، وەک چۆن هەین.. بەڵام ئەوان بەوە بوون بەخوا، کە وازیان لە پاداشت و سزاو شەڕانگێزی و ئازار و دەردو نەخۆشی هێناوە.. دەنا نەدەبوون بە خوا."

ڕاستی فەرموو بای شەماڵ، کەچی کەسمان تا ئێستا مۆمێکمان بۆ گیانی شەماڵ و باکان پێنەکردووە و مرۆڤ چاوگەکانی سروشت بە ویست و نیازی

خۆی بەکار دەبات و دەربەستی دەسەڵاتی تەبیعەت نین و خۆیان بە ڕابەر و سەرداری ئەوان دەزانن! کەس باسی خۆشەویستیی خۆی و باکانی بۆ نەکردوین بە ڕۆمان!

مرۆڤ وا دەزانێت کە توانای هەیە بە شەڕ ئاسمانەکانی تریش داگیر کات! هەهە، وا دەزانێ دەتوانێت بگات بە سروشتی خوا، بەم پاشەڵ و ئەتوارو ڕەفتارانەوە!.. وا دەزانێ یەکەم شێری مەیدانەو ژیان تەنها لە دەسەتی زەبرو زەنگا لغاودەکرێت! باکانیش زەق زەق تەماشامان دەکەن!

جا ئەم زانستەی کە دەگات بە دەروونی من، هەستی منداڵێکی ساوایە، خۆزگەی ئافرەتێکی سکپڕە بە ئومێدی جوان جوان... چونکە من هەڵگری پەیامی باو باران و خاک وئاگرم؛ ئەوان سروشتی منیان گۆشکردووە و سرۆش فەرمووی: ئەوان ڕابەری گەردوونی ئێوەن. چونکە خواکان ئێوە لە دەسەڵاتی ئەواندا دەبینن و ئێوەش ناگەن بە خواوەند و خواکانی خۆتان گەر لە ژیانا نەتوانن لە هەست و نەستی ئەوان تێبگەن و ئەو پەیامانە پشتگوێ خەن کە ئەوان ڕابەریی دەکەن.

بۆیە خوا پێویستی بە پەرستاری ترسۆ نییە، خوا زیللەت و سەقەت و درۆزن داناهێنێت.. هەن وا باوەڕ دەکەن کە هەرچی نەنگی و پەستی و خوارییە بەشێکە لە سروشت و دەسەڵاتی خوا! دێن و دەڵێن، بۆیە خوا ئاوا ناشرین دروستی کردوین تا لە جوانی بگەین. یان بە کورتی خواش نالەبارەو بەدکاری بەشێکە لە سروشت و ئەتواری ئەو! هەن وا دەزانن، وا فام دەکەن کە خوا خوارو جێچە! یان سێگۆشەو لاتریبە.. هەن لەخوا دەترسن، وا دەزانن خوا تیرۆریستە، هەهە. بەڵام دڵنیاتان دەکەم کە خواو چاوگی پەرستاری ـ ترس نییە، بەڵکو خۆشەویستی و هاوهەستی و عیشقە. ئایا تا ئێستا هیچ مرۆڤێک، یان پەیامبەرێک، هاتووە باسی ئەوەتان بۆ بکات کە چۆن زمان و سەری کەسێک دەبڕێت لەسەر ئەوەی کەسەکە باوەڕی بەو نییە؟! نا نەخێر.. کەواتە ئەوانەی کە وایان بەسەرهێنان، خوا نەناسن. فڕیان بە پەرستنەوە نییە و لای من دێون و دەشزانن کێن.

خواوەند و خواكان بەرنامەكانیان هەستی و بیری و دەرونی و گیانییە، ئەوان زانستێكی تر ڕێباز دەكەن كە سەر بە زانستی ئێمە نییە، چونكە ئێمە دەزانین كە ئازادی دواهەمین بەرنامەیە ،و كەچی هەڵدەكوتینە سەر ئازادیی گەلان و ئازادیی باوەڕی میللەتان. نازانین كە مەخلوقاتی زۆر مەزنتر لە فیل و نەهەنگ وحەژیا هەن لە باكاندا دەژین و چاودێری كردەوەكانمانن و ئێمە نایانبینین و بە گرنگیان نازانین! وا دەزانین ئێمەش ئاژەڵێكی كۆمەڵاتی و مەیمونیین لە سەرچاوەدا؟! هەی هەش بەسەرتان! ئەی نازانن مرۆڤ دەبێت بەوەی كە دەیكات؟ مرۆڤ ئەفسانەیەكی پیرۆزە گەر جوان ڕەفتار بكات. تەنها بە جوانی دەگات بە نهێنییە مەزنەكانی باڵندە و گیاندارەكانی تریش.. تا دەگات بە خوا، چونكە هێشتا هیچمان نەگەیشتووین بەخوا وەك تاك، نە گەیشتوین بە خواكان وەك كۆ؛ ئەگەر هەبن یاخود نەبن!

بۆیە دەبێت فێری پەرستاری بین، چونكە بەڕاستی خوا ترسنۆك نییەو ترسنۆكیش پەرستاری نییە. پەرستاری لە هونەر و جوانی بكەن، پەرستاری لە ڕەگەزەكانی سروشت بكەن، پەرستاری لە كرداری جوان و وتاری جوان وبیری جوان بكەن، گەر دەتانەوێ پەی بە بەرنامەی خواوەند و فریشتە و پەری و مەلائیكەتەكانی ئاسمانەكانی بەرزەخ بەرن. درۆ مەكەن، چونكە خواكان درۆزن نین، مەكوژن، چونكە خواكان جەلاد نین، ئاگر لە ماڵی كەس بەر مەدەن، چونكە ئەوان تۆڵەسێن نین... وەها بن كە حەز دەكەن جهیان وەها بێت بەرامبەرتان... جا ئەگەر بیری هاوڕێ و كەس و ناسیاوێكت كرد، دیارییەكی بۆ بەرە، چەپكێ گوڵی بۆ بەرە، یان داوەتێكی بكە و هەوڵ بدە زیاتر ئاشنای گیانی ئەوانی تر بیت... چونكە خواكان هاوڕێ و هاو خەم و هاوسۆز و هاوباوەڕی یەكترین.

با زۆر بوونی باوەڕ و جیاوازیی بیرو ڕا هەبێت، پێداگرتن لەسەر باوەڕ مەكەن بە بناغەی ڕق و تۆڵە و سەرزەنشت و هەڵكوتانە سەر گیان و ماڵ و لەشی ئەوانی تر. چونكە خواوەند هەڵناكوتێتە سەر باوەڕی كەستان، جا خاوەن باوەڕ بن یان بێباوەڕ... بەڵام كاتێک كە پێغەمبەرەكانتان ڕسوا دەكەن، كە ئەوان ناچار دەكەن و خۆتان بە ئاقاری ناجۆردا دەبەن، بەڵێ، بتەكان دێنە وەڵام، بەر لە خواكان، بتەكان دەتوانن ببارێن و هەلاهەلامان بكەن، دەتوانن

سزا بدەن، جا بڕوانن ئاسمانەکان پڕن لە بت، پڕن لە گابەردی مەزن، بەلاتانەوە سەیر نییە، کاتێ دەبینن ئاسمانەکان و گەردوون پڕن لە ملیاردەها بەرد و سەری کەستان ناشکێنن؟!

هەر وەکوو باڵندەکان، کە دەتوانن بە جیقنە هەراسان و غەرقتان بکەن! خۆ ئەوان بێهەست و هەڵوێست ئاسمانەکان تەی ناکەن؛ بەڵکو ئەوانیش وەک من و تۆ پەرستاری دەکەن و بەرنامەیان گەشتە، و ئەوان گەشتیار و گەرۆکن. باـ کانیش بەهێزترین گیانلەبەر و تێکشکێنەرترین لەشکری زەوی و ئاسمانەکانن.

خواو خواکانیش بێکارو بێبەرنامە نین، ئەی نەمرود بە هەڵمەتی مێشولەکان لەناو نەچوو خۆی و قەوم و ماڵ و منداڵیشی خوران و دیاریش نەمان؟! وەک هەندێک لە ئێوە دەزانن؛ خواکان دەشێت بتوانن ببن بە وردترین جانەوەر.. ئەمەش زانستێکی نوێیە و بیزانن.. ئەوان کاریان بەرنامەڕێژییەو لە کردەوەکانی ئێمە زانستێکی تر بۆ ئێمە دەچنن، چونکە خواکان بەرنامەی زانستین و بەرنامە بۆ مرۆڤی پیرۆز دادەنێن و چاوەڕوانن ئێمە بگەین بە ئازادی و عیشق، تا بمانگەیەنن بە کەماڵی یەکبوون لەگەڵ خودی جەوهەری خوادا، دەنا هەر لە دواوە دەبین. تۆ بڵێی خوا دەربەستی ئێمە بێت؟ تۆ بڵێی خوا هەبێت؟ یان نەبێت؟ ئاخۆ خواوەند چی سودێک لەوە دەبینێت کە ئێمە دەربەستی هونەرو جوانی دێین؟! تۆ بڵێی ئەوان هونەرێکی شکۆمەند نەبن!؟

ئاسمانەکان لە خەیاڵ بەرینتر نین، ئایینەکان لە هونەر باڵاتر نین، ئەو ئایینەی کە مرۆڤ بەرەو ترس و هەتککردن وهەڵکوتانە سەر ئابڕوی میللەتان و کەسانی بێتاوان دەبات، ئایینی باوەڕێکی ترە، ئایینی دێوەکانە و هی مرۆڤ نین، ئایین دەست و زمان نابڕێ و مرۆڤ پڕناکات لە باروتی کینە و تۆڵە ناکات بە کەلتوری ژیان... جا بزانن ئەوەی کە دەیکەن، لێی دەرباز نابن... ئەوەی کە دەیکەن ودەیڵێن؛ دەیکەن و دەیڵێنەوە... مرۆڤ بە کردەوەکانی خواکانی خۆی دەوڵەمەند و هەژار دەکات. بۆیەشی دەکات.

جا تا زووە، مۆمێک بۆ خواوەندێکی ساوای تازە خوڵقاوی ناو بیرو گیانتان داگیرسێنن، تا خەندیەک برینێکی دەرونتان ساڕێژ بکات. چونکە گیانی

کەستان هێندە زەلیل نییە کە نەتوانن مۆمێک پێبکەن، پاشان لە خۆتان خۆش بن، چونکە لێخۆشبوون شکۆیە.

لەم کتێبەدا هەم بێدارم هەم ئازاد، چونکە بەدرێژایی تەمەنی زیندان، من بیرم لە ئاشتی و ئازدی کردۆتەوە و ئازادی باوەڕ و ئایینی منە، بگرە ئازادی خودی مەعشوقی منە.. من ئازادی زۆر سەیرو جوان و دڵفڕێن دەبینم، خۆشم دەوێ و حەزم لێیکردووە و بە ڕووتی دیومە.. وا ئەزانم ئەو ژنە! چونکە لە ڕاستیدا من ئازادیم نەبینیوە و نەچەشتووە و هەستم بەو نەکردووە.. خۆ ئەویش وەک خوا نییە و ونە.. کەچی هەشەو دیارەو شایانی پەرستنە.. لای منیش پەرستاری هەر شتێک بێت، بە شتێک بە توخمی مێ دەگات و لەخۆوە هەست دەکەم ژنە! خۆ دەشێت ژنیش پێچەوانەی من وا هەست بکات کە ئازادی و عیشق و خوا پیاوە!

کات ساڵێک دوان دوای ڕابوون و بێداربوونەوەمە، شوێن و وڵاتی بەفرە. سەرمامە، چومەتەوە ناو جیهانی خۆم و بێداری و نوستنم یەکیان گرتووە و خۆم دابەش نابینم چیی تر، بەڵام گیانم ئاوێتەی گیانی فریشتەیەکی نوێیە. چونکە من چیدی زیندان نیم و دیوارە شەختەییەکانیشم هەڵتەکاندووە و خۆم بە ئازادترین بوونەوەر دەزانم، دەزانن چۆن؟

بەکورتی پێتان دەڵێم؛ ئەو کاتەی کە تەواو تا ئەوپەڕی لاوازی چوومە ناو دەرونی خۆم و خەڵکی و جیهانەوە.. عەرشی باوەڕم فێی لێهات و هەستەی باوەڕم هاتە لەرزە.. خەریک بوو داتەپێم و بەلادا بێم.. خەریک بوو تەواو خۆم لە دەست بەم.. بینیم دێوەکان شایی خۆشییان دەگێڕاو یەک بەوی تریانی دەگووت: بردمانەوە، ئاخرێکەی پشتیمان دا لە زەوی و دۆڕاندی.. حەق بە ئێمەیەو ئێمە خواین.. چونکە نایەڵین گەوجەیەکی بێگانە خۆی بە شت بزانێت لەناوماندا و مافی هەبوونیمان بەسەردا لێبات!

ئیتر بەوە زۆر پەست بووم.. توڕە بووم.. توڕەبوونێکی ئەوتۆ، کە سرۆشت و باکان هاتنە هانام و سرۆشیان هێنایەوە هانام.. ئیتر سرۆش پەی بە لاوازیم بردبوو.. دەیزانی تەنهاو تەنها بە کۆمەکی گیانی فریشتەیەکی هاوزمان و خانومان، دەتوانێ من پتەو بکات. چونکە تەنها بە هەستی یەکبوونی پەیامی

نێرو مێ.. بە هەستی جووت بوونی باوەڕی نێرو مێ مرۆڤ لە یەکبوندا دەگات بە کارما.

بۆیە کە جاری سێیەم ئەو هات و منی وەها تورەو بێزارو خەمۆکێ بینی.. فریشتەی نیشاندام. فریشتەی کرد بە ڕزگار کەر و هێزو توانام. چونکە تووڕەیی بەتەنها دێوێک بوو مەزن، دەیتوانی ئاسان پشتم بدات لە زەوی. ئەو دەیزانی کە تووڕەیی لە سروشتی من نییە و لێم ناوەشێتەوە.

بۆیە کە پشتیوانیم پێگەیی بە دێوەکانم فەرموو: من چییدی کۆیلەی فەرمایشت و باوەڕ و بیری ئێوە نیم، و ملکەچی شەڕ نیم. چونکە من هەرگیز فەرمایشتی بیرو ئاکارو وتاری بەد نەبووم و نابم. من ئازادیی خۆم گەر مەرگیش بێت، زامن کردووە. جا خوێنەری ئازیز، من لەم کتێبەدا ئازادم و ئازادییەکی پەتیم چنگخستووە. مرۆڤ بە ئازادی لە دایک دەبێت و بۆ ئازادیش دەژی.. مرۆڤ کە ئازاد نەبوو، بوونی نییە. تۆ بڵێی ئازادی ئێمەی دروست نەکردبێت!؟ من بەش بەخۆم ئازادیم لە خواوەند زیاتر خۆش دەوێت.

دەمەوێت بەم گیانە ئازادەی خۆم، میللەت و جیهانیش ئازادتر بکەم. بە پشتیوانی سرۆش و فریشتەی هاودەردو هاوسەری گیانم، بە ئامانج گەیشتووم و دەگەم بە حەق، بەوەی کە دەمەوێت بیگەیەنم بە جیهان.

## تابلۆی بینینی فریشتە

ئیتر نەمتوانی هەست بە بێداری نەکەم، نەمتوانی هەڵنەستمە سەرپێ.. چونکە فریشتەم بینی و ئەویش منی بینی.. بەڵام چۆن بینینێک!؟ پەردەیەک، پەنجەرەیەک حیجابێک نێوانی هەردوکمانی گرتبوو گیانی ئەو لای من هی من لای ئەو بوو؛ بەڵام لەشی من لە قوتب و لەشی ئەویش پەڕیبووە کوردوستان.. بە جۆرێک کە توانامان نەبوو ڕاستەوخۆ یەکتری ببینین. هیچیشمان ساحیر نەبووین تا بتوانین ئاسان بفڕین و بگەین بەیەک!

سەیر بوو، نەمدەزانی بۆ فریشتە ڕووپۆشی نابووە سەری و نەیدەهێشت بیبینم! یان نەمدەزانی بۆ گیانی لای منە و لەشی لە وڵاتێکی دی! وا

دەردەکەوت کە من توانای لەمسیم نەبێت! یان ئەوە جادوی خودی پیر بێت، تا من دوچاری شێتی و ونبوون و داکەوتن و هەرەس نەیەم لە عیشقی ئەودا! پێدەچوو پیر مەبەستی هەر ئەوە بووبێت کە من دووچاری زەبری گیانی و تەوژمی عیشقێکی کوشندە نەکات، نەبا گیانم لە لەشم دەرپەڕێت و بمرم. دیار بوو پیر بۆیە ئەوی بە حیجابەوە نیشاندام.. ئیتر منیش دەبوو خاوەن هونەر بم، تا حیجاب و پەردەی نێوانمان لابەرم و کارێکی وا بکەم کە ئەو خۆیم نیشان دات و بە دیداری پیرۆزی شادبم.

ئیتر یەک دانە ساڵی ڕەبەق کەوتمە وێزەی ئایین و خوێندنەوەی کتێب لەسەر هونەرو جوانی.. سودی نەبوو.. چوم کەوتمە پەرستاریی ئایین و ئاسمان و خواو خواکان.. فایی نەبوو، ئەو ڕووبەندو نیقابی لانەداو لانەداو خۆی نیشان نەدام.. ئیتر پاڕانەوە و لاڵانەوەش لەولاوە بووەستێ، زۆر هەوڵمداو گشتی بەفیڕۆ چوون و نەگەییم بە دیداری پیرۆز و نەمبینی ڕوخساری فریشتە و هەر خەونم دەدی.. تا شەوێکیان، کە مانگ پڕ بوو، ئەستێرەی داودم بینی و نیازم خستە دڵ و بە خەیاڵ چوومە دیدەنی و پاڕامەوە لەو، بەوم فەرموو: داود، کوڕی شیرینم، من باوکتم نامناسیتەوە؟ داود شەرابی دەنۆشی، کۆمەڵێک منداڵی جوان و باڵدارو بێباڵ، خۆیان بە سەرپۆشی ناسک داپۆشیبوو و خەریکی یاری بوون لە بەهەشتا، بەهەشتی ئەستێرەی داڤید. داڤید هەستایە سەر پێ و بە دەم لەدەستدانی پێکی شەرابەوە، سوجدەی بۆ بردم و گریا، پاشان فەرمووی: " ئای... ئەوە تۆی بابە؟... بمبوورە نەمناسییتەوە، ئەوە بۆ وا پیر و کەنەفت و ماندوو وەڕسی؟".

بەشەرمێکی خۆی ئاساییەوە فەرمووم: چیبکەم کوڕم، جیهان بەرەو داتەپین دەچێ و مرۆڤایەتی هەر خەریکی شەڕن و تاوان زۆر بووە لە جیهاندا.. بە داخەوە باوکیشت تووشی عیشق بووە و پیری مەزن فریشتەیەکی کردوومەتە دیاری، و فریشتەی عیشق حەز ناکات پەردە لەسەر ڕووی خۆی لابات و ڕوخساری درەخشانیم نیشان نادات.. بۆیە وا ماتم، بەڵام توخوا تۆ لە بری من بچۆرە خەونی، خۆتی نیشان بدە و پێی بڵێ تۆ کوڕی منی. بەشکو خوا دڵی فریشتە نەرم بکاو ڕوپۆش لەسەر ڕوخساری لابات!

حەزرەتی داڤید فەرمووی:{ هەر ئێستا ئەو کارە دەکەم. گەورەم.}.. ئیتر ساڵ تێپەڕی و من داڤیدم لەیاد نەما، نەمزانی چیی کردووە!.. بۆیە ئەو شەوە مانگ پڕبوو... دانیشتبووم نوێژم دەکرد.. بیرم لە هەموو شتێک دەکردەوە عیشق نەبێت.. چووم سەیرێکی ئاسمانم کرد، تەماشای مانگی پڕو یاریی پەڵەهەورەکانم کرد.. ساڵ تێپەڕیبوو و حەزرەتی داڤید جوابی لێنەگێڕامەوە، زۆرم بەزەیی بەخۆمدا دەهاتەوە.. چومە دەرێ تا هەوایەکی پاک هەڵمژم.. دوایی هاتمەوە ژورێ و دانیشتم و کۆمپیوتەرەکەم نایە کۆش و تەماشای هاوڕیکانی فەیسبووکم دەکرد و هەست و سۆزو زانست و دەروونیانم دەپشکنی، تا بزانم کێ باشەو خەریکی چین و چۆنن!..

لەپڕتاو هەستمکرد کەسێک خۆی لە پشتمەوە مات داوە! هەستمکرد ئەو پارچە گیانەی کە لە گیانمابوو، واتە گیانی فریشتە؛ لە گیانی خۆمەوە دەرپەڕیوە و چۆتەوە ناو لەشی خۆی لە وڵاتێکی تر، واتە لە کوردوستان و لەوێوە سێبەرێکی خۆی ڕاپێچ کردووە و بەشێک لە هەستی لەمسی لەگەڵ خۆیدا وەک تەلیسم هێنابوو بۆ من.. سەیرم لێهات و سڵەمیمەوە لەوەی کە بانگی کردم، گوێم لێبوو فریشتە بۆ یەکەمجار فەرمووی : بابە؟.. سەیرم لێهات، عاجباتیم لێهات چۆن فریشتە لە گیانی خۆم دەرپەڕیوە و خۆی گەیاندۆتە وڵاتێکی تر و لە دەستم ڕایکردووە! سەیرم لێهات کچێکی چاوسەوزی خورمایی پرچ و سپیکەلانەی ناوەندی باڵاو کەمەر شل، فەرمووی: پس پس، بابە نوح، زەردەشت، مەسیح، سەربەست.

فەرمووی: لە دوورییەکانەوە هاتووم و خۆم خستۆتە بەختی تۆوەو من لەباوەڕپێکراوانی تۆم، من هی تۆم، هاوسەر و هاوگیانی تۆم.

ترسام، هەستمکرد موچرکەیەک بە گیانمدا هات و ئاسمان تروسکەی خۆشیی نیشان داو... ئیتر لە ئاوڕدانەوەیەدا، فریشتەم بینی. کاتێ ئەوم بینی، مانگ پڕبوو، هەمان ڕێکەوتی ئەو کاتەی پارساڵ چوومە میوانی داڤید. تومەس لەو ماوەیەدا کە داڤید چوبووە خەونی فریشتە لە کوردوستان.. فریشتە دانیشتبوو هەموو کتێبەکان و فەرموودەکانی منی خوێندبووەوە.. دوایی باوەڕی بە من هێنابوو.. ڕوپۆش و نیقاب و جل و بەرگی ژێرەوەشی داکەندبوو، لە پشت

سەرمەوە، نا بەسەر سەرمەوە بە دوو باڵی مەزنەوە وەک پەروانە لەسەر سەرم لەنگەری گرتبوو، و بە پەنجەی ئیشارەت لەسەر سەری کەچەڵم، بە تەنافیکی وەک دەزوولەی جاڵجاڵۆکەی پیرۆز نەخشی درەختی زەمانی دەچنی، و تەوژمی تیشکی پەنجەی، ختیلکەی سەرمی دەداو تەماشای ڕوخسارو کەرامەت و شکۆی فریشتەخانم کرد.. فریشتەی چی و حۆریی چی و پەریی چی!؟ نازانم!

بەڵام خواوەندی جوانی ئەوی بە پەنجەی خۆی وێنەکێشابوو، ئەوی لە گیانی خۆی نەخشاندبوو، بۆیە تەماشاو عیشقم جووت بوون و ئاسمان و بەهەشت و خواو خواکان و بت و فریشتەکان گشتیان لەو بینینەدا دابەزین و هاتنە باخچەی گیانمەوە بە میوانی. وەک لە دایبوونی زەردەشت خەندەی یەکەم کەوتە سەر لێوم و دەستمکرد بە پێکەنینی زەردەشتییانە و پێڕۆکە بووم لەو زانستەدا.

بەرماڵێکی پرتەقاڵیم بەشانەوە بوو، کە حەزرەتی سارا کڕیبوی بۆ بەکۆشدادان. تەماشای ئاسمانم دەکرد و بە دەم ئەو پەپوولانەوە دەخەندام کە دەوروکانە ڕوومەتم و ختیلکەی لا ملمیان دەدا! زۆر خۆش بوو هاتنی فریشتە بۆ لام.

چونکە فریشتەم تەنها لەوێدا دەدیت.. کاتێ تێر هەوام هەڵمژی و ڕاکشام.. لەناو باخچەی ماڵەکەمدا بێدار بووم و خەونیشم دەدی، هەستم دەکرد فریشتەو خواکان دێن بە میوانیم و بەرماڵم لەسەر پشت بوو.. لە خەونمدا پێشوازیم لە خواکانی گریک دەکرد و نیکۆس کاتزانساکی بەر لەهەموویان لەگەڵ زۆرباو ژاندارک و ماریا و نیچە و هەمەنگوای دەست لە قۆڵی یەکتر گەیینە لام.. هەموویان دابەزین و مژدەیان کردبوو بە چەپکە گوڵی دەستیان و ڕوخۆشی و چاوڕوونییان لە من دەکرد، پیرۆزبایی بینینی فریشتەیان لێدەکردم و ماڵ پڕ بوو لەبەرەکەتی خوایی و گوڵی سەیر سەیر ڕەنگین و ناسک ودیاریی دەستی ئەوان.. ماڵەکەمان گوڵپۆش بوو بە گوڵی گیانیی دەست و دیاریی خواکانی ئیغریق... زۆریش لە پەیامبەرانی یەهوودم بینی لەگەڵیان.. ئەوان پێشتر هاتبوون بۆ لام!

منیش ڕومکردە ڕوخساری نورانیی گشتیان و فەرمووم: میوانە بەڕێزەکانم، ئێوە شکۆی من و باوەڕ و ویست و هەست و نەستی منن، بەخێر بێنەوە بە میوانیم. منیش لە پاداشتی ئەوەدا بەم گوڵانەی ئێوە، دیسایینی جوانترین جلی بوکێنی پراوە دەکەم بە لەشی ئەو.. تا هەمووتان شاهیدی تەماشای پەیکەری خواوەندی جوانی بن، چونکە فریشتە زادەی خەون و خۆزگەی خواوەندی جوانی خۆیەتی. بۆیە من حەزمکرد لەشی ڕووتی تیشکپڕی، کە لەبەر دەمی مندا ڕۆشن دیار بوو، تەماشا بکەم.. ڕووت و قووت خۆی کردبوو بە مۆدێل بەر لەوەی ئاوڕ بدەمەوە.. یان بەر لەوەی تەماشای ئاسمانی ژوورەکەم بکەم. ئیتر کە ئەوم بینی، کەوتمە سەما، و لە خەونەکەمدا هەر خەریکی ڕازندنەوەی لەش و لاری ئەو بووم.. خواکان گشتیان سەرسام و مات و مەست و خومار، بێچپەو فەرمووده بوبوون بە تەماشایەکی زەق و سەیری سەمای من و گوڵدانان و سوڕی ئەویان دەکرد کە بە دەوری خۆیدا سوڕی دەخوارد و دەیگووت: جوانم؟

منیش بەگوڵ یاریم لەگەڵ دەکرد و گوڵم دەکردبە بەریداو هەستم بە سیحری تەماشاکانی دەکرد. هەستمکرد گەیشتووم بە جەوهەری جوانی لە گیانی سەمادا. دوایی دەمەوبەیان کاتێکیکیش کە بێدار بوومەوە، باڵندەکانی قژقەرە و زاغ و چۆلەکەو قومری باسی وەسفی خواکانیان دەکرد بۆم و گشتیان باسی جوانیی ئەویان دەکرد بە خوێندنیان، واتە باسی جوانیی حەزرەتی فریشتە.

هەشت دانە کاژێر ئەو شەوە، لەو خەونەدا من بێماندوو بوون، گوڵم بەباڵای دەگرت و پراوەم لەسەر لەشی ئەو دەکرد، بێ ئەوەی هەست بکەم کە ئەوە سەمایە من دەیکەم لەگەڵ ئەودا!

بمبوورن ئەمەتان بۆ دەنووسم، کاتێ بێدار بوومەوە، زۆری نەبرد زەنگ لێیدا، زەنگی تەلەفوون، فریشتە بوو، لێتانی ناشارمەوە، زیاتر لە چەند سەعاتێک پێکەوە قسەمانکرد و باسی خۆمان و عیشق و باوەڕو گیانمان بۆ یەکتری دەکرد، تا بگەین بە ئامانجێک.. کاتێک کە بۆ یەکەمنیجار دەنگی لەرزۆک و تاساوو سست و لاڵەپەتەی ئەوم بیست لەتەلەفۆنەکەدا، تاسام و حەپەسام، باوەڕم نەکرد کە ئەوە فریشتە بێت قسەم لەگەڵ دەکات! دەنگی پڕ بوو لە کۆکە

و قرخەو کەنەفت و دەردو نەخۆشی، و بە هەناسەی سواریدا دەبیسترا و لێوی خۆی دەکرۆشت و لێوی زامار دەبوو و هێندە هەناسەسوارو ترساوو تۆقیو بوو. یەکەمجار کە گوێبیستی ئەو بووم؛ نەمتوانی بڕەو بە قسە بدەم و دڵم پڕ دەبوو لە گریان. ناچار،گیانی ئەوم کردە باوەش و کەمێک گیانیم شێلا...

ئیتر وازم لە کاری بێگاری هێناو دۆشداماو ناردم بە دوای سرۆشدا، تا بێت و پرسێکی پێ بکەم. تا فێری هونەری شێلانی گیان و شفام بکات، تا بتوانم شفای فریشتە بدەم بەم باوەڕەی خۆم.

ئیتر چوار پێنج مانگ سرۆش میوانم بوو و باسی فریشتە و چیرۆکی بەسەرهاتی ژیانی فریشتەی بۆ گێڕامەوە، بست بە بستی ژیانی منداڵی و گەشەی پڕ لە ئەندێشەو زەجری باوک و خەمی دایکی فریشتەی بۆ باسکردم و پڕی کردم لە بەسەرهاتی ژیانی ڕابردووی فریشتە. دوایی چیرۆکی بەسەرهاتی ژیانی خۆی و دایکیتان بۆ باس دەکەم.. تا بزانن فریشتە کێیە، تا مژدەی ئەوتان پێ بگات، چونکە ئەم کتێبە کتێبی هەستکردنە بە جوانیی ئەو، هەست کردنە بە باوەڕ و عیشق و وەفا و لێبووردن و خۆشویستن و ڕاستگۆیی.. پیر زۆری فێر کردم. پڕی کردم لەو.

سرۆش کە منی دەبینی و جار ناجار دەهات بە میوانیم؛ چاوی پڕ دەبوو لە تۆفان و دەیویست بگری.. منیش نەمدەهێشت، و بە پاڕانەوە لەو دەپاڕامەوە تا تۆفان ڕاگرێت و بەزەیی بە مندا بێتەوە. چونکە سرۆش گلەیی زۆر لە مرۆڤ و دێوپەرست و دێوەکان هەبوو، کردەوەی مرۆڤیشی لەبەرچاو کەوتبوو، زۆر تووڕە بوو سرۆش کە هاتەوە، دەیویست بگری و من نەمدەهێشت. چونکە هێشتا کەس؛ هەر هیچ کەسێک لە ژیاندا ئەم نهێنییە نازانێت کە سرۆش مێردی گییۆی دایکە زەمینە و زەمین ژنی ئەوە گەر نازانن.

چیرۆک و سەرگوزەشتەی فریشتەی بەجۆرێک بۆباسکردم، کە ناچار بووم تەمەنم گەیی بە پیری و دووچاری شکست هاتم و خۆمم کەنەفت بینی.. دەزانن بۆ؟

چونکە فریشتە خاوەنی کەسێ نەبوو لە ژیاندا کە جێگەی باوەڕی بێت و لەژیاندا هەمیشە ژێردەستی باوک و براو خاڵ و مام و ئامۆزاو پورزابوو و

هەر یەکەیان دێوێکی پڕ شەهوە و ترسناک و ئیمامێکی نەخۆش و مەلایەکی هەتیوباز و فەقێیەکی نێرەموکیان بەسەر ئەودا سەپاندبوو، تا بیکەن بە کۆیلەی خۆیان.. پڕیانکردبوو لە ترس و ڕاڕایی و نەخۆشی و دەردو وەناق..
خەریکبوو گیانی دەر دەچوو لە ناو گلەیی و گازندەی شوبراو باوک و براو مێردا و بەشوویان دابوو، دابوویان بەکەسێک کە ناچارانە، بۆ ئەوەی لە سزای باوکی دەرباز بێت، ڕازی بوبوو شوبکات بەو کەسەی هاتبووە داوای، گوایە خۆشەویستی بناغەی ئەو شووکردنە بوو.. بەڵام مرۆڤی هەشبەسەر و سزاخۆر و زۆرلێکراو، هەرگیز هەڵبژاردەکانی لە قوڵایی گیانەوە نییە.. بۆیە فریشتە ڕازی بوبوو، وەک زۆرینەی ئافرەتانی کورد بە خۆتەفرەدان.. تا بەوە خۆی لە سزاکانی باوکی دەرباز بکات.

بۆیە شووی کردبوو بە کوڕێکی خۆمانە و مەرد.. بەڵام کەم ژیر و کەمزان، کە فریشتە لە باوەشی خۆیدا گۆشی دەکرد و دەیلاوان.. بەڵام ئەو نەک سوپاسگوزار نەبوو، بەڵکو هاوتای باب و براکان و خوشکەکانی خۆی و فریشتە و خزم و کەس، فریشتەیان تەوق دابوو، ئەویان کردبوو بە گیاندارێکی دڕندە و تاوانباریان دەکرد بەوەی جنۆکە چۆتە لەشی و دەیانویست بیبەن بۆ لای مەلاو جنۆکە لەلەشی دەرکەن... مەلاش پێی ووتبوو، وەڵاهی بە دەستم بوایە ڕۆژی سەد ژنم سەردەبڕی وگۆشتەکەیانم دەدا بەسەگ، چونکە سەرپۆش ناکەنە سەریان!

بۆیە فریشتە زمانی گیرابوو، هەناسەی سوار بوبوو سوڕی مانگانەشی لەدەست دابوو و لە ژنێتی و کچێتیان خستبوو بەهەموویان، گەلەکۆمەکەیان لەو دەکرد و چاوشکێن و تاوانباریان دەکرد و بەکەم تەماشای شکۆی ئەویان دەکرد.

بۆیە کاتێک کە نیوە ناچڵ سرۆش چیرۆک دوای چیرۆک، باسی ژیانی ڕابردووی فریشتەی بۆ کردم، زۆر بێزار بووم، زۆر پیر بووم، زۆر شکستمخواردو زویر بووم. لە حەشمەتا، هەستام.. هەستام ڕۆژێکیان کڵاوی حەزرەتی نوح-م کردە سەرو گۆپاڵم گرتە دەست و لەبەر دەمی ئافرەتێکی دێوپەرستا ڕەق ڕاوەستام و فەرمووم: من ئەمەم، حەزرەتی نوح، باوکی

هەموو پەیامبەرەکان.. دەتوانیت کاڵای بەرم بۆ بدوریت و گەورەم بکەیت بە توانای بەرگ دورینت؟

ئافرەتەکە ناوی ئیگەر بوو، پێشتر دەمناسی و خوێنی تێکەڵ بە خوێنی هیندەکان بوبوو و خۆی نەدەناسییەوە. وایدەزانی فێری ئایینی بودایی بووە و بودا ناسە. فێری درۆکردن بوبوو.. وایدەزانی بێڕێزیکردن بەرامبەر بە لەش و نەفس متمانە دانە بە داهاتووی گیان!

وایدەزانی زانستی درۆ مرۆڤ شایستە و بەڕێز دەکات! هەهە.. ئاگای لە مەسیح و عیشقی ئەو نەمابوو، لەشی سڕو تەزیو، باوەڕی سست و تەنگ و بینگەی پڕ بوو لە گومان.. گیانی مەسیح و ماریاکانی ناو دەروونی منی نەدەدی.. هەستمکرد ئامۆژگاریم دەکات، تا بەسەر خۆمدا بچمەوە... باوەڕم نەکرد ئەو بتوانێت بەرگی بەرم ئامادە بکات.. چونکە ئەو بوبوو بە دێوپەرستێکی بێباوەڕ.

بۆیە لە میوانداریێتی دووەمدا بۆ هەمان داوا، هەستمکرد کە پاشەکشێ دەکەم و حەز ناکەم ئەو بەو کارە هەستێ و بەرگ بۆ من دروست بکات. ناچارانە دەستبەتاڵ لە دوکانەکەی هاتمەدەر.. چونکە نەیدەویست بەو کارە هەستێت.

بەوم فەرموو: گەرچی هیچت بۆ نەکردم، سوپاس، حەقدەستیشت بۆ دەنێرم. ئیتر لەو کاتەوە من بوومەتە هاوسەرو هاوگیان و هاوبیرو هاوڕێی فریشتە، پەیتا پەیتا سرۆش دێ و پڕم دەکات لەهەست و باوەڕی نوێ و عیشق گیان و دەروون و بیرم دەکات بە بەرنامە بۆئایینی کورد و ناچارم دەکات، چاو لە ئاسمان و چاوەڕێ، چاوەڕوانی هاتنەوەی گیانی فریشتە بم بۆ ناو گیانم. دەشێت بەلاتانەوە سەیر بێت، کە فریشتەی دیاریی سرۆش، بەجێیهێشتم و گەڕایەوە ناولەشی خۆی لە کوردوستان.

بۆیە ئەم کتێبە کتێبی بێدار بوونەوەی گیانی من و یەکگرتنەوەی لەشی من و ئازادبوونی گیانی منە،، چونکە سرۆش کە میوانم بوو، کۆی ئەو ساتانەی سرۆش لەگەڵ مندا بوو، گیان و لەش و بیر و دەروونی فریشتەی نیشاندەدام و دەمبینی و پەیتا پەیتا عاشقی دەبووم. خۆزگە بمتوانیایە بەم کتێبە باسی جوانیی ئەوو شکۆی ئەو و باوەڕو گیانی ئەو بکەم، تا بتوانم فێری عیشق و

خۆشەویستی و هاوگیانیی مرۆڤ بم.. لێرەدا عیشقی مرۆڤی کورد دەبم و کەمێکیش باسی ئایینی کورد و باوەڕی کوردتان بۆ دەکەم.

## تابلۆی منداڵیی فریشتە

بێگومان کاتێک دێینە سەر باسی منداڵیی فریشتە، دەبێ ئاوڕێکی خێرا لە دایکی فریشتە بدەینەوە، دایکی فریشتەش فریشتەی زەمین بوو، لە ناوجەرگەی لادێیەکی ئێراندا، لەدایک بوبوو و شویکردبوو بە جوتیارێکی بەشەرەف و ئەمەک بەرز ؛و هەڵوێست پیرۆز و خاوەن باوەڕ بە زەردەشت! باوکی فریشتە لەبەر ئەوەی باوەڕی خۆی گۆڕیبوو، لەبەر ئەوەی پشتی کردبووە زەردەشت و چوبووە سەر ئایینی عەرەبی داگیرکەر.. پڕ بوبوو لە ڕق و تۆڵە و ترس و مەراقی بێهودە و نەیدەزانی چی بکات و بە درێژایی تەمەن، شەش منداڵی لە دایکی فریشتە بوبوو، کەچی هێشتا بەوی نەگوتبوو: خۆشمەوێی! خۆی لێ بوبوو بە دێوێکی زبرو ساردو ڕەق.

هێندە کەلە شەق و بەدخوو سەرکێش بوبوو، دەیتوانی هەر بەهەوەس کچێک سەرببڕێت لەسەر ئەوەی لەچک ناکاتە سەر... هێندە لە خۆی وەڕز بوبوو خەریک بوو گیانی دەسپارد بە مەرگ... سەری خێڕو شەڕی لێتێکچوبوو ونەیدەزانی چی دەکا و دەڵێ و دەخوا! ڕاستە سیفاتی جوانی تیا بوو، بەڵام زۆربەی جار دەبوو بە دێوبەرازێکی چەمووش و شەقی لە قنی خۆی هەڵدەداو جوێنی دەداو تفی دەکرد و تووڕە دەبوو لەسەر شوژنەشکاوێ خۆی وەک عەرەبی ڕووڕەش نیشان دەداو گەر لەو کاتەدا شمشێرتان بدایەتە دەست، سەری دنیای دەبڕی لە داخا.. کەچی کە دەهاتەوە هۆش، مێرولەیەکی بۆ نەدەشێلرا، نەیدەتوانی قالۆنچەیەکیش ئازار بدات.. پڕ دەبوو لە تەماشاو عیشق و جوانی کاتێک کە تەماشای دایکی فریشتەی دەکرد، دایکی فریشتە ناوی نەهروەر بوو.

ئەو ڕۆژەی کە ئەوی خواستبوو، بڕیاری دابوو تا ماوە لە ژیانیدا بە ئافرەت نەڵێ خۆشم دەوێی، چونکە دایکی خۆی نەبینیبوو، بۆیە نەیدەوێرا بەکەس بڵێت خۆشم دەوێی، چونکە بۆی نەدەهات، زمانی دەگیرا و لاڵ دەبوو لە بێسرەوتی و نەگەیین بە سۆزی دایکی،، بۆیە هەندێکجار منداڵئاسا مانی دەگرت و

بۆخۆی لەپەنا بەردێکا، یان لە بن دارگوێزێکا هەڵدەتوتا و بەسەر ڕابردوویەکی خوێناویی ئیسلام و لەشکر و کەتنی ئەوان و داگیرکەرانی کوردا دەچووەوە و.. دوایی کە دەچووەوە ئامێزی نەهروەر، پڕ دەبۆوە لە شەرمەزاری و پەشیمانی و خەفەت و حەسرەت، نەیدەزانی چۆن تەماشای نەهروەر بکات و پێی بڵێ چی؟ دایک یان خوشک؟ هاوسەر یان هاوگیان؟ خواوەند یان مرۆڤ؟ فریشتە یان ئافرەت؟ نەیدەزانی بەچی یەکێک لەوانە پەرستاریی خۆی نیشانی ئەو بدات.

بۆیە نەهروەر زۆر دڵگیرانە و منداڵانە وەک گلەیی ، ئەو ڕازە پەنهانییانەی ئەوی لە دەروون و گیانی خۆیدا هەڵگرتبوو، شانی کەمێ کەچ و دڵداتەپیو هەستی دەکرد نەخۆش کەوتووە بۆ عیشقێکی تر، چونکە فریشتە یەک دوو پەیامی لە پەیامی خواکان بۆ دایکی خوێندبووەوە، بە تایبەتی تابلۆی حەزرەتی نەزیر.. دەیزانی کە دایکی زۆر باوەڕی بە حەزرەتی نوحە.. چونکە لە فریشتەی پرسیبوو، چەن جارێک جەختی لەسەر ئەوە کردبوو کە کەی ئەو دێتەوە!

هەستی بۆ ژیان بزوابۆوە و عیشقی مێردەکەی دەبووەوە و هەموو ڕۆژێ هەر خەریکی نازو گلەیی و لۆمە بوو لە مێردەکەی، خوا خوای بوو منداڵێکی تریشی لێی ببێت و بە فریشتەی دەگووت: کچم تۆ بەخۆت دکتۆریت، دەڵێن هەناوم داکەوتووە، بمنێرە بۆ لای دکتۆرێک تا دەرمان و عیلاجم بکەن، تا نەبا خەجاڵەتی باوکتان بم، نەبا ئەو حەزکات منداڵێکی ترمان بکات بە نسیب. فریشتەش لەتاو بێباوەڕیی ئەوان، بە ناچاری دایکی دەنارده لای دکتۆری درۆزن و دز و بە هەڵە ورگیان هەڵدەدڕی. ئینجا هیچیان نەدەکرد، پاشان سکیان پینە دەکردەوەو پارەیەکی زۆریشیان لەو دەماشییەوەو دەیانگوت، هیچت نییە، بەڵام تووشی سەرەتانی ڕەحم بوویت!

ئیتر دکتۆر دوای دکتۆر دایکی فریشتە دێنن و دەبەن و پارەی لێدەماشنەوە وئەزێتی دەدەن تا لەناوی دەبەن.. ئەوسا مەینەت بۆ باوک و شەش منداڵ دەکەن بە پرسە.

بۆیە فریشتە زۆر لە دایکی پاڕایەوە کە باوەڕ بە خۆی بکات، چونکە ئەو هیچی نییە و هەناوی دانەکەوتووە.. بگرە ئێستاش کچێنیی پێوەدیارە و دەڵێی شۆڕەژنە. جا ئەم بەیتەم بۆیە هێنایە نێوان تا بزانن کە دایکی فریشتەش فریشتەیە و ناوی نەهروەرە و تابڵێی جوانە، هێندە جوانە نەبێتەوە.

دەڵێن کە شەوان دەنوێ، هەندێکجار پەنجە گەورەی دەنێتە دەم و وەک بەبەیەکی بچکۆلەی مشە خۆش و نووستوو پەنجەی خۆی دەمژێ تا خەوی لێدەکەوێت. کە نوستیش فریشتەکان دادەبەزن و بە ئەسپایی دەچنە لایەوەو بە کامێرا یەک لە دوای یەک وێنە لە پاڵ پەیکەری نوستووی ئەوا دەگرن و دەیبەن بۆ ئاسمان و نیشانی فریشتەکانی تری دەدەن!

وەیش، کە جوان و خان و مان خەوی لێدەکەوێت، بەو جلانەوە هەندێجار ئەڵێی بەچکە پشیلەی یەکمانگە و حەپۆل حەپۆل یاری بە کلکی خۆی دەکات. ئا ئەم نەهروەرە پیرۆزە خاوەن شکۆیە دایکی حەزرەتی فریشتەیە کە من زۆر بەختەوەر و تەندروست و بێگەرد دەیبینم. چەند هێندە تامەزرۆم خودی فریشتە ببینم، هێندەش تامەزرۆی بینینی دایکیم و بەئاواتەوەم دەستەکانی ماچ بکەم. چونکە دایکی فریشتە ،فریشتەیە.

ئینجا با بێینە سەر منداڵیی فریشتە، کاتێ کە فریشتە لە دایک بوو، باپیرە گەورەی باوکی چوبووە خەونی باوکی فریشتەو پێی فەرمووبوو: کچەکەت ناو بنێ فریشتە و سنور بۆ ڕەوشت وهەڵوێست و خووی دانەنێی ها، چونکە ئەو خاوەن هەڵوێستە و دەتوانێت خۆگرو مەتین و زاڵ بێت، نەکەن ها دەستدرێژی بکەنە سەرو ئازاری بدەن، چونکە گەر بێت و ئەو ناچار بکەن، ئەوا گەندەڵی تووشی بەڵاو سزاتان دەکاو خاکتان بە توورەکەی شەیتان دەبێژرێت و کەتنی وا نەکەن زۆر لەو بکەن ها.. دەنا پشتاو پشتی کورد دوچاری گەڕیی دەروونی و گەندەڵیی دەروونی دەبێت. نەکەن ها، فریشتە ئەزێت نەدەن.

باوکی فریشتە لەو کاتەوە تا ئێستا، هەوڵ دەدات ئەو خەونەی وەبیر بێتەوە. بۆی نایەت و بۆی نایەت و دووچاری گێچەڵی و بێزاری هاتووە و دەربازی نابێت لە ڕق و کینە و تووڕەیی وبێزاری و پەستی. ئاوڕ لە ئایینی کوردیش ناداتەوە، چونکە دەبێ خۆی بسمیل بکاو بە قووڕە سورە خۆی بشواو بەر

لەوش بە میزی مانگا ناوچەوان و لووتی خۆی تەڕکات، تا خوا بیناسێتەوە لەو دنیا و لەنێو دەستەپاچەکەوتووانی بەهەشتا، بە بۆنا بیناسنەوە و بیکەن بە پاسەوانی بەهەشت. چونکە کاتێک کە فریشتە منداڵ بوو، دەچووە سەر دارمازووەکان و مازوویەکی زۆری بۆ باوکی دەچنی، بە خۆشی و بە گیانێکی هێندە پڕسۆزو عیشقەوە ئەو کارەی دەکرد، کە باوکی پڕ دەبوو لە کامەرانی.. فریشتە هەمیشە هۆکاربووە بۆ پاک ڕاگرتنی شکۆی باوک و دایک و خوشک و براکانی و لەناویاندا تەنهایە بە هاوسۆزی و هاوگیانی.

ئیتر لەبەر ئەوەی ئەو خەونەی لەیاد نەمابوو، لە ژیاندا گەلێکجار هەڵیدەکوتییە سەر فریشتەو بە منداڵی و هەرزەیی و گەورەییش هەر ئەوی دەکوتا و سەرزەنشتی دەکرد و کینەدۆزیی بەرامبەر بەو دەکرد.. تا وای لێهات فریشتە خەریکبوو لە زمان دەکەوت. منداڵیی فریشتە و هەرزەیی ئەو پڕە لە چەپۆک و بەسەردا کێشان و ڕووشکاندن و چاوشکاندن و بەدرۆخستنەوە. داماوە وا ناچار کرابوو، کە جارێکیان خۆی نابووە ناو دەوەنی ئەڵغام و خۆش خۆش و بەهەوەس تیایدا گێرەی کردبوو و هیچیشی لێنەهاتبوو، ویستبووی خۆی بتەقێنێتەوە و هەموو ئەڵغامەکانی کوردوستان بەو جۆرە بتەقێنێتەوە، بەڵام فریشتە سەدان فریشتە پاسیان دەکرد تا کچ بوو، چونکە پاکیزەو بێخەوش ژیا و ئەوەش کەرامەتی هێندە پاکژ ڕاگرتبوو کە هەمیشە فریشتەکانی تر چاودێرییان لەو دەکرد و دەیانپاراست.

بێئەوەی خۆی پێبزانێت هەرچی چۆلەکەو باڵندەو خشۆک و جانەوەر هەیە لەخۆشیی ئەو- ئەو گوندەیان کردبوو بە ژینگە و سیسرکەکان شەوان بە ئاوازی ئەو دەکەوتنە سرکە و مێگەل لەخۆشیی هاتنی ئەو زاووزێیان دەکرد و جۆگەکان دەبوون بە ئاوی کەوسەر کاتێک ئەو پێی دەنایە ناویان و پیرۆزی دەکردن.

ئەو هێندە جوان بوو؛ نەبێتەوە، بەو منداڵییە تەنها بەیەک تەماشای ملکەچانەی خۆی دەیتوانی دەمی خواری مەلاو فەقێ ڕاست بکاتەوە.. هەرچی ئەوی دیبێت و ئەوی گرتبێتەکۆش بە منداڵی، بەهەشتییەو خراپەی لێناوەشێتەوە. بۆیە کاتێ کە من ئەوم بینی بۆ یەکەمجار، کە تەلەفونم بۆی کرد، منداڵ نەبوو

چییدی و تەمەنی هەڵکشابوو و قوتانی بوو لە کۆلێژ و ژیرترین و نهێنگرترین و توامەندترین کیژۆڵەی جوان بوو.. بەڵام زمانی شل و پڵ و ڕووشکاو و پڕ دەردو نەخۆشی بوو.. تێگەییم کە زمانی شکاوە و بەرەو لاڵبوون دەچێت، بەر لەوە تێیگەیاندبووم کە هێندە کارامە نییە لە گفتووگۆی ڕووبەڕودا، بەڵام بە نامە نوسین دەتوانێ و نموونەی نییە.

ئیتر منیش لەمەودوا، باسی ئەوتان بۆ دەکەم بە چیرۆکی بەر ئاگردان و سەرمێزی شەوان. دەبێت گشتتان بەسەرهاتی ژیانی ئەو و بەختی ئەو و هەست و نەستی ئەو بزانن، تا فێر بن ، فێری کچ بەخێوکردن و بەرز ڕاگرتنی حورمەت، چونکە لەگەڵ کۆی ئەمانەدا، فریشتە خاوەن باوەڕ بوو، فریشتە گیانی خۆی دابوو بە سرۆش تا لەگیانی منی موتربە بکاو دوچاری عیشقم بکات!

وایدەزانی حەزرەتی نوح عاشق نابێت و دەترسێت.. بۆیە کە سرۆش گیانی ئەوی لە مندا چاند.. ئەو زۆر نەمایەوە لای من، چونکە دەروونی من زیندانی هیچ گیانێک نییە.. و دەرپەڕی و گەییەوە ناو ئەو ژیانەی کە خووی پێوەگرتبوو لە کوردوستان.

بۆیە جێگەی داخە کە زۆر لەگەڵ مندا نەمایەوە.. چونکە عەوداڵی ئەو ژیانە بوو کە هەیبوو، ئەو زۆر لە گیانی منا نەمایەوە و گەڕایەوە نێو باوەشی مێردەکەی، چونکە وەک فەرمووم، فریشتە شویکردبوو، بە کوڕێکی شەرمن و کوردو بە ئەمەک.. کوڕێکی مەردو پیاو چاک و بیرەوەر، کە توانیبووی فریشتە لە دەستی زبری باوکی دەربهێنێت و بیبات بۆ شار، تا خوێندنی پێتەواو بکات و منداڵی لەگەڵدا دروست بکات! هەش بەسەر هەردووکیان، تۆودانی هەردوکیان پوکابووەوە و فریشتەساڵانێکی درێژ سوڕی مانگانەی بەسترابوو و ئازار خەریک بوو گیان و دەروون و لەشی ئەویان دەخوارد.. کاتێ کە ئەم بینییەوە لە کوردوستان، هەستم بە عارو شەرم و حەیا کرد، و ترسام.. ترسام لەو کەلتوورەی کە مەلاکان لە کوردوستان پیادەیان دەکرد و مرۆڤ و ئافرەتی کوردیان پێ لەناو دەبرد.

هەستمکرد کوردوستان بووە بە دایکی فریشتەو ڕەحم و دڵ و گورچیلەی داکەوتووەو دەبێ کارێک بکەم، دەبێ هۆیەک بدۆزمەوە تا ئەم ئەندامانەی کۆمەڵگە بگەڕێنمەوە جێگەی خۆیان، چونکە کورد نەک هەر کراوە بە چوار پارچەوە، بەڵکو هەر پارچەی یان هەر ئەندامی مرۆڤێکی کوردیان پڕکردووە لە بەڵاو نەکبەت و نەهامەتی و نەخۆشی و وەناق.. مرۆڤیان هەراسانکردووە و داویانەتە دەست ئەبووجەهل، و ئەویش بە ئارەزووی خۆی دەخواو دەکا و ورگ زل دەکاو دەوەڕێ و دەخوڕێتە ژنی داماوی ژێر دەستی.. منداڵ لەو بەبێ پرس دروست دەکاو بە ئارەزووی خۆی سواری دەبێ و کەلتوری دێو و حوشتر وسەگ وبەراز و مەیموونی فێر دەکات.

ئافرەتیان پڕ کردووە لە دەردی ڕقە پیاوو نایەڵن یەک منداڵ بە ساغی لەدایک بێت و هەرچی جەهل و دەردو حەماقەتی عەرەب و شیعە و سوننە و ناکەلتووری ترە، بووە بە کەلتووری کوردو کوردیان کردووە بە دەعباو جانەوەر و دێوو جندۆکە.

بەوەشەوە ناوەستن، دێن و هەڵدەکوتنە سەر سامان و وڵات و ژیانیشمان.. بە ئارەزوی خۆیان لە دوای دابەزینی کەشتییەکەی نوح لە ئاسمان، واتە لە دوای تۆفان، عەرەب و هیندۆسەکان هەندێکیان لێمابوون و لەو کاتەوە هەتک دەکەن و سەر دەبڕن و دەکوژن و تەعدا لە بێتاوان دەکەن.. چونکە لەگەڵ پاشای دێوەکانی غەیبا هاوپەیمان بوون و توانییان بە جادووەکانیان، شەڕ لە ژیاندا گل بدەنەوەو نەهێڵن ئاهورامازدا بەو کارەیان بزانێت. ونکە جادو بەرچاوی خوا و خواکان دەگرێت! خوا لە جادوی بەدکار و شەڕخواز دەترسێت.

بەڵام ئاهورامازدا لەوەش زیاتری دەزانی.. بەڵام باوەڕی بە جادوو نەبوو. ئیتر سەرتان نەیەشێنم، فریشتە و هەزارانی وەک ئەو و سەدان هەزار ئافرەتی کورد، لەو مێژووەوە خۆیان دەسوتێنن، خۆیان دەخنکێنن و خۆیان زامار دەکەن و بەرۆکی خۆیان دادەدڕن و قژی خۆیان دەبڕن لە داخی پیاو، لە داخی پیاوەکانیان بوون بە پیاو! وا دەزانن پیاوەتی بە قژبڕین و تووڕەبوون و بون بە دێوو چونە ناو ئۆردوگای جەهلە. وا دەزانن بە لەچک و قومات و نوێژ و ڕۆژو پیاوەکانیان داخ دەکەن و خۆشیان ڕازی!

بەوەش خوا هێندەی دی غەزەبی لە هەردوکیان گرتووە و دەگرێت.. ئیتر شەڕ شەڕی نێرومێیە لە جیهانداو مرۆڤایەتی داتەپیوە و ساڵ وڕۆژی بەرێ نزیکە. چونکە تاوانەکان بەرامبەر بە ئافرەت و منداڵ لە جیهاندا بەردەوامە و نابێت ئەمە بێچارە بێت.

من زۆر لەگەڵ فریشتەدا دادەنیشم و باسی ماف و یەکسانی و دەسەڵات و ئازادی و عیشق دەکەین.. بەڵام ئەو هێندە ترسێنراوە، گومانی هەیە لە واتا و لە فەرموودەکانم، وا دەزانێت من پەیامبەر نیم و سرۆش ناناسم و خوای کورد ناناسمەوە.. وا دەزانێت منیش یەکێکم لە مەلا دەمخوارەکانی داهاتوو.

نا، دەزانێت کە من سرۆش ناس و هونەرمەندێکی جوانناسم.. گەرچی باوەڕیشی بە زۆر شت نەماوە و هێندەیان ئازار داوە، کە حەز دەکات گیان و لەشی دەربازبکاو واز لەهەموو مافێکی خۆی بهێنێت و لەش و گیانی بگەیەنێت بە من.

منیش لە هیچ هەڵوێستێکی تێناگەم و نازانم ئەنجامی کار بە چی کۆتایی دێت. بەڵام بەینی خۆمان بێت، ئەو منی زۆر خۆش دەوێت، هەرچەن پێکەوە دەدوێین شەڕمانە لەسەر ئەوەی کاممان ئەویترمان لەوی ترمان زیاتر خۆش دەوێت! بەهەرحاڵ من ئەوە دەزانم، دەزانم کە ئەو منی هێندەی گیانی خۆی خۆش دەوێت و باوەڕی بە منە و دەزانێت کە من بەخەندەکانی ئەو پڕ هێزم و خەندەکانی ئەو چەکی شان و بەرماڵ و قەڵەم و بیرمە.

ئەو لای من هێندە شکۆمەندە مەگەر هەر خۆی بیزانێت.. بۆیە من گەر بێت و تەمەنی نوح و زەردەشت و مەسیح و بوداش بنێمە سەریەک، ناتوانم لە باسی عیشقی نێوانمان بدوێم چونکە ئێمە لە جەنگی عیشقێکی نوێداین و دەمانەوێت بە چەکی خەندەو جوانی و هونەر کوردوستان لە دەستی دێوەکانی مەلاو ئیمام و سوڵتان وجەردە دەربهێنین.. ئێمە کار دەکەین بۆ پاککردنەوەی کوردوستان لە چەک، لە بێناموسی و سزاو تاوان و سەربڕین – کە هیچیان کەلتوری کورد نین و خوای مەزن شاهیدە کە کورد تاوانبار نییە لەشەڕی ئیسلام و تورک و فارس و ئینگلیزو ڕووس.بۆیە دەبێت جیهان بەسەر خۆیدا بچێتەوە.

فریشته هێنده به شکۆ مەزنه لای منی نوح، نەنێتەوە.. من زۆر زۆرم خۆشدەوێت تا ڕادەی پەرستن.. جا من ئەوم هەبێت، مانای وایه هێندەی ئاسمان و ئەستێرەکان و گەردونێک هەستی جوانیی ئەو دەبینم و دەتوانم چێژی غەیبیش بکەم و گوێچکەی سرۆش بگرم و بیهێنمه بەر پێی فریشتەو بەو بڵێم: کێ ئا ئەم فریشتەیەی دروست کرد؟ فریشته دەستکردی چی فریشتەیەکە؟ ئاخر بۆ ئاواتان لەو کرد؟ هەی میللەتی خوانەناس! بۆ وا له فریشتەی خۆشەویستیی من دەکەن و به ترس و سزا و گومان داگیرتان کردووه لێم! بۆ؟

## تابلۆی سرۆش – باسی له دایکبونی فریشته بۆ نوح دەکات.

سرۆش یەکەمجار، ئەوکاتەی هەرخەریکی هێنانی پەیام بوو و لەقلەق و جاڵجاڵۆکەی پەیتا پەیتا به ئاسمانی غەیبا دەنارد وەک تەزوو مێشک و ملیان دەبڕیم و دەگەیین به جگەرم و دەگەڕانەوە ناو گیان و مێشک و سکم.. چونکه غەیب پڕە له فرمانی ڕاستەوخۆ و باوەڕی بەشکۆ و مەزن مەزن له باوەڕی خواو خواکان.. وا نەزانن خواکان بونیان نییە، من هەست به دەسەڵاتی بتیش دەکەم.. دەزانم که ئاسمانەکان لێمان تووڕەن و کاتی ئەوەش هاتووە من ئاگادارتان بکەمەوە. دەبێت فێربین، نەکەن هەڵکوتنه سەر شکۆی ئافرەت، بەسه ئیتر چونکه ئادەم له حەوا نییە و حەواش له ئادەم نییە.. بەڵکو دوو تەوەری زانستی شەڕو خێرن و کاتی ئەوە هاتووە بگەن بەیەک.

سرۆش فەرمووی: فریشته هەستی خوایە، من باسی زانستی هەست بۆ تۆ دەکەم، هەستی فریشته.. چونکه ئەو مرۆڤێکی هەستیارە و من ئەو شەوە چاودێری حەرەمی باوانی بووم که ئاهەنگی جوتبوونیان دەگێڕا بۆ پرواندنی ئەو ..خۆش خۆش وەک ماری عاشقه ماشقه لەیەک ئاڵابوون و خۆش خۆش ئارەقیان دەردەداو به بۆنیش بەیەکتری تێکەڵ بوون و زەرڕاتی ڕۆحی خێر فریشتەیان لکان به منداڵدانی دایکیداو ئاسمان چەپڵەی شادیی بیست و دوای نۆ

مانگ و هەشت شەو، فریشتە لە دایک دەبێت و پەیامێک دەگات بە نەوەی زەردەشت و نوح.

وا نەزانن کە تۆوی پیاو لە خۆوە دەچەسپێ بە منداڵدانی ئافرەتا! نا، ئافرەتی باش پاڵەوانی خێرو چاکە وەردەگرێت و خراپیش خراپە دێننە ناومان. بەڵام ئەو گیانەی کە لە ئەزەلەوە دەگات بە ویستی دایک، سەرپشک و ئازاد لە دەرون و منداڵدانی دایکەوە دادەچۆڕێتە نێو زگ و پاشان دەگات بە گیانی پیاو و لەوێدا پیتاندن بەدی دێت کە ویست و خۆزگەی ئافرەت جووت دەبێت بە خواستی گیان.. بەڵام گەر ئافرەت گومان لە ویستەکانی خۆی بکات، کۆرپەلە زیانی پێ دەگات و دەشێت، منداڵەکە زیان پێگەیشتوو بێتە ژیانەوە و ترس بێتە ڕێی. جا بە زۆر ئافرەت داگیر مەکەن، زۆریان لێ مەکەن و خۆسەپێن مەبن بەسەریاندا. چونکە ئەوان دەتوانن سزادەریش زۆر بکەن لە ناوتاندا.

فریشتە بۆ ئەوە لە دایکبوبوو، بۆ ئەوەش گۆش بوبوو تا بێت بۆ لای تۆ و دەرمانی هەستەکانی بکات، و باسی گیرۆدەیی و ژانە سک و پشت و جگەر بۆ تۆ بکات، تا تۆ بە وتاری جوانت دەرمانی دەردی ئەو و ئەو ئافرەتانەش بکەیت کە گیانیان موبتەلایە بەبێ باوەڕی و ترس لە دێوەکانی شەڕ.. دەزانیت؟

منیش واقوڕماو تەماشای سرۆشم دەکرد و باوەڕم نەدەکرد، بە سرۆشم فەرموو: باشە من بەچی بتوانم شفای فریشتەو ئافرەتانی جیهان بدەم؟ چۆن فریایان بکەوم؟ هەهە، پێکەنینم بە خۆم دەهات!

سرۆش فەرمووی: نا، پێمەکەنە، چونکە فریشتە کەرامەتی تۆی دیوە و فێری سلوک بووە، و هاتۆتە سەر ڕێ و پاکژ بۆتەوە، بەڵام گەر دەستت بەردەستی نەکەوێ، گەر تۆ دەست بەسەریا نەهێنیت، باوەڕ ناکەم چاک بێتەوە، هەست دەکەم دادەتەپێت.

کاتێک ئەمەم لە سرۆش بیست، پێکەنین لەسەر لێوم بڕا، ناچار وازم لە کار و فرمان هێناو دانیشتم بە دیار تەلەفۆن و تێلەپاتی و چاتکردن لەگەڵ فریشتە، بە ئومێدی ئەو ڕۆژەی دەستیشم بە دەستی بگات، هاوسەر و هاوڕێ و باوک و ماشوقەی خەیاڵی بووم و بە هەموو جۆرێک هەموو چراکانی عیشقی خۆمم بۆ ئەو هەڵکردبوو و هەر خەریکی دۆعا بووم بۆ ئەو تا شفای بێت و باوەڕی

پایەدار بێت. تا بگەم بە دیداری و داوای ژەکی کچی لێ بکەم، چونکە بەوە گوڕو تاوم دێتەوانێ بەبەرداو ڕووناکی- گیانم ڕووناک دەکاتەوە. چونکە منیش پێویستم بەو وزەو هێزە هەبوو، منیش هەستم بە کەنەفتی باوەڕ دەکرد.

سرۆش برەوی بە فەرموودەکانی دا: جا کوڕم، سرۆش هەڵگری بارگەی عیشق و خۆشەویستیی نێوان دوو مرۆڤی پاکە.. ئەوان گوناهیان تەنها لەوێدایە کە پشتیان کردۆتە زەردەشت و چوونەتە سەر باوەڕی ئیسلام.. بۆیە فریشتە هەرچەن دەکاو دەکۆشێت، ناتوانێ چاو لە لەچکی ئەوان و حیجاب ونیقاب و پەچە بپۆشێت، چونکە گەر بێت و ئەو کارە بکات، ئەوا کوردوستان بە تەمێکی ڕەش دادەپۆشرێت و بارانی ڕق دەبارێت بەسەر میللەتا، ئەوسا دەردو نەخۆشی و زیللەت لەوەوە دادەکەوێت.. ئیتر باوانی ئەم کچەو باوان و براو خوشک و خزم و مەلای شارو خەڵکی شار گشتیان چاوەڕێن تا ئەو بکەن بە موحاجیبەو مشتەریی مەلا و شێخی جاهیل، و ئەبوجەهلی هوبەلپەرست.

دەیانەوێت کوردوستان نغرۆ بکەن بە جەهل و فەسادو دەعارە و خۆفرۆشی و گەندەڵی و بتپەرستی.. بۆیە فریشتە مل نادات، تەنانەت گەر سەریشی ببڕن، سەرپۆش نادات بەسەریا، دەشێت ئەو کارە بکات، ئەوسا لە قاڵبی خۆڕازاندنەوە و جوانیی ڕوویا ئەو کارە دەکات، دوای ئەوەی سوراوێکی ناسک و جوان لە لێوەکان و هەردووکوڵمی دەدات، دوای ئەوەی چاوی بە کلی پەمەیی یان سەوز دەڕێژێت و خۆی جوان دەکات.

بەڵام فریشتە باوەڕی بە پەیامبەران و خواو خواکان هێنابوو و دەیزانی کە بەردو دارو پوشکەو پەڵاش و مێرولەکانیش ئازادن و ئازادی پەیامی بوونەوەرە. دەیزانی و سەری بۆ فەرموودەکانی حەزرەتی تۆی نوح دەلەقان و بۆ بەندی ناو کتێبی پەیامی خواکان دەگریا و شەوان و ڕۆژگارانی بەسەر کتێبەکانی تۆوە بەسەر بردووە.

سرۆش زۆر جەختی لەسەر ئەوە دەکرد کە من فریشتە ببینم و گیانی خۆمی بۆ تەرخان بکەم، چونکە فریشتە زۆر ماندو و وەڕز و بە ئازارو دڵتەنگ بوو، چونکە هەرچی هەڵدەستا بە چەپۆکی ڕق بەردەبووە وێزەی ئەو، و ئەویش هەشبەسەر تەنها من شکدەبات تاداکۆکی لە ژیان و بوون و کەرامەتی

بکەم. منیش خۆمم شەرمەزار دەبینی، نەمدەزانی چیبکەم، چونکە کاتم بەدەستەوە نەبوو، ماندوبووم هێندە کاری بەزۆر بکەم لەناو دێوەکانا و سەرم بوبوو بە ماشێنێکی ماندو و هەر گیزە وهەر هاڕەی دەهات و دەتگووت دوچاری ماخۆلان دەبم.

سرۆش تا دەهات زیاتر بە باسی ئەو ئاشناو خۆشنودی دەکردم، گەرچی باسەکانی ئەو پڕ بوون لە زام و ژانی گەل و هەڵکوتانە سەر ئابڕوی ئافرەتان و چاوشکاندنی ئافرەت زۆر شکەنجەی دەروونی من و ئەوی دەدا.. بەڵام بە پشتیوانیی سرۆش و تابلۆکانی داهاتوو، دەگەین بە پەروەردەیەکی پیرۆز و ئافرەتی کورد دەبەین بەرەو ئاکارێکی دی و میللەت هان دەدەین بە کوردی نوێژەکانیان بکەن و قیبلەی کوردو خۆرئاوا ئاراراتی بەشکۆیە. حەجی کوردو مرۆڤی ئەوروپیش هەر ئەوێیە. نوێژیش دەبێ بە کەشێکی دەرونیی تایبەت.

سرۆش فەرمووی: گیانی فریشتە ئا ئێستا لەگەڵ هەست و نەستی تۆدا یەکەو لە گیانی تۆ مارە بڕ بووە. ئەو فریشتەی تۆیە و تۆش هی ئەو.

سرۆش فەرمووی: ڕێز لە مرۆڤی خاوەن پلەی ژیری و ئافرەتی خاوەن هەڵوێست بگرن؛ چونکە ئافرەتی پیرۆز خاوەن هەڵوێست و پەیمانە و پلەیەکی بەرزی هەیە کە دەبێت بە دایک، و ئەوان لە یادی بوونەوەردا زیندو دەمێننەوە.

ئافرەتی ناپاکیش هەن، وەک چۆن پیاوی ناپاکیش هەن، زۆر کات ناتوانن بژێن.. هەن پاکژن، بەڵام هەڵگری گوناهەکانی باوانیانن و بەوە سروشت سزایان دەدات کە منداڵیان نابێت..هەمان شت دەربارەی پیاوانیش ڕاستە.. ئافرەت بونەوەرێکی هەستیار و نهێنگرن و هەستیارانە ئایین و باوەڕو ئاکار دەپارێزن. هەن لە ناویاندا لەبەر ترس دوچاری نەزۆکی دەبن.

بۆیە نابێت ئایینی خۆتان بەسەر ئەواندا بسەپێنن.. چونکە ئەوان خاوەن پیرۆزییەکی تایبەت بەخۆیانن، و هەوڵیش بدەن لێیانەوە فێر بن. مەچنە ماڵی کەسێک کە نایەڵێت هاوسەرەکەی لەسەر خوان لەگەڵتان دانیشێ و هاوبەشی ئاخاوتن نەبێت. مەیدوێنە ئەوەی بە کەم تەماشای شکۆی خۆی دەکات. گەر

منداڵی یەکەمتان کچ بوو، مانای وایە تۆ مرۆڤێکی باشیت و خوا ڕێزی لێگرتویت. کوڕدان بە پیاو نیشانەی خۆش ویستنە...

دەبێ چاک لەم پەندانە وورد ببنەوە، تا لە سروشتی ئافرەت تێبگەن. چونکە ئەوان ئێمەیان لە قوڕ دروست کردووە و هەموومان شاهیدین گەر منداڵی ئاژەل وەلبکرێت، شیاوی مانەوەیان دەبێت، کەچی منداڵی مرۆڤ لە شلترین قوڕ یان گۆشت دروستبووەو ناسکترینیانە بۆ سۆزو سەرپەرشتی و گۆشبوون . مرۆڤ تا دەمرێت و تادێت زیاتر پێویستی بە هاوژیانی و عیشق و هاوهەستییە.. مرۆڤ بەوە لە چۆلەکەکان دەچێت.

ئەی ئەوە کێیە ئەو پارچە گۆشتە گۆش دەکاو نازی دەکێشێ و گەورەی دەکاو دەیکات بە قورگی ژیانا و کەسیش کسپەی جگەری ئەوان نابیستێت کاتێک کە ڕۆڵەکانیان سەردەبڕن!

ئەوان هەست و یادی بوونەوەرن، دەشێت لە پەراسوی چەپی بوونەوەر لەدایک بووبن، ڕاستە، بەڵام ئادەم هەرچییەک بێت، لە سکۆڵە و منداڵدانی دایکێکدا واتە دایکی بوونەوەر لە دایک بووەو کە خاکی وشکە. کە تەنها تەپووتۆز و گەردە.. کەواتە ڕاستە ئادەم لە قوڕ دروست بووە، بەڵام ئەو ئاوەی کە ئادەمی کرد بەپلەگۆشتێک، گیانی حەوا بوو.. جا نازانم هەڕ لە بڕ دەکەنەوە، یان هەر لەسەر کەلە شەقیی خۆتان سوورن و ناتانەوێت دان بەڕاستیدا بنێن؟! ئەی نازنن ئێمە تەنها تەم و مژ و گەردین!؟ زەرڕاتی ئێمە بە هەر شوێنێدا بڵاو دەبێتەوە کاتێک کە دێین و دەین.. ئەی نازانن وشە و خۆزگەش هەن و دەژین و دەمێنن و وەک بارگەو شەپۆل لە ڕوناکیدا دەپارێزرێن!؟

پیرشالیار=سرۆش و نوح گشتیان لە زمانی زەردەشتەوە دەفەرموون: هەموو جەمسەرێک یان سلوکێکی زیندو کە بتوانێ ژیان بدات بە خۆی و لاشە لە خۆی بگرێت؛ دەبێت بەر جەمسەرییێکی فێمێنین بکەوێت، ئەوسا بوون و ژیان و ئاگایی و گیان و دەروون بەدیدێت. ئامین

ئیتر نازانم چۆن ڕێگە بە خۆتان دەدەن تا ئافرەت لەناوتانا هەتک بکرێت و بەردباران بکرێن و زۆریان لێبکەن؟! چۆن دەتوانن داگیریان بکەن و

بیانفرۆشن؟ بەڕاستی من سەرم لە کردەوەی مرۆڤ دەسوڕمێت! من تێناگەم، بۆچی مرۆڤ حەزی لە سنور دانانە بۆ ئەوانی تر و ڕق و جەورو ستەم دەرهەق بە لە خۆیان لاوازتر پیادە دەکەن ! من ئەمەم بەدڵ نییە و بۆم هەرس ناکرێت.

بۆیە کاتی ئەوە هاتووە تا ڕێگە بە ئافرەت بدرێت ئەوان سنور بۆ ئێمە دابنێن، چونکە ئافرەت سنوری دەسەڵاتی خۆی دەزانێت. بەڕاستی من زۆر ئافرەت دەناسم کە دەتوانن سنور بۆ خۆیان و بۆ بەرامبەرەکانیشیان دابنێن. بۆیە پێویستە گوێ لەو ئافرەتانە بگرن کە ماندو دەبن و بەدوای بیرو ئامانج و باوەڕا خۆیان ماندو دەکەن. ئەوان خۆیان دەناسن و خەندەی مرۆڤی ڕاستگۆ نابزرکێنن.. من لە خۆمەوە بەبێ هۆکاری لۆژیکی کاتێک ئاشنای ژیرەکانیان دەبم؛ دڵم ترپ ترپ دەکەوێتە سەما.. هێواش هێواش گیانم، شەرابی گیانی دەنۆشێ و، وردە وردە گیانم خاو دەبێتەوە وترپەی لێدانی دڵی ئەویش دەبیستم.

ئەوجا دەکەومە حاڵ، لەگەڵ تەماشاکانیاندا، فریشتەکانی ناو دەروونیان وەک پەپوولە باڵ دەگرن و لە گیانیانەوە هەڵدەفڕن، و دەکەونە سەما بۆ من. ئیتر منیش لە تەماشادا خەون بە پەلکەزێڕینەوە دەبینم و لە هەوادا یاری بە گەردە وشکەکانی ناو باکان دەکەم. دەبم بە ڕابەری یەک ئۆرکێستەری مەزن و ئاهەنگی فریشتەکان دەکەم بە ئاواز بۆ سرۆش.. دوای ئەوەی کە هەر یەکێک لە فریشتەکانی دەروونم ئامێری مۆسیقای خۆیان دەردەهێنن و دەکەونە ژەنین بە پێی ئاماژەی دەست و داری من. مەخابن.. ئەوەی من دەیبینم و دەیبیستم، ئێوە نایبینن، نایبیستن، لای من نەبێت! چونکە من کەسێکم کە لەناخەوە ئافرەت و هونەرو جوانیم خۆش دەوێت، درۆ ناکەم گەر بڵێم: لە ناخەوە ئافرەتی جوان و ژیر و ڕووناکبیرم خۆش دەوێ و تا ڕادەی پەرستن دەیانپەرستم.

فریشتە تکاتان لێدەکات تا بەسەر خۆتان و ئایین و باوەڕ و گیانتانا بچنەوە.. چونکە سەرەتای ڕۆژی بەرێ نزیکە و وا خەریکە کۆڵەکەکانی ئاسمان دەڕوخێن و چاوەکانی سرۆش پڕن لە شەپۆلی گریان بۆ هەشبەسەریی فریشتەو دایکی و دایکانی جیهان.

## تابلۆی شفادانی فریشته

مرۆڤ بوونەوەرێکی زۆر سامناک و جوان و بەشکۆیە؛ واتە مرۆڤی ڕووناک.. نەک مرۆڤی دێوپەرست و هۆگر بە سروشت و خووی گیانلەبەری دڕندە.. چونکە لەم دۆخەیدا زیاڕۆیی بە سروشتی دڕندەشەوە دەکات..ئیتر کە مرۆڤ بوو بە دڕندەو دێو؛ پڕ دەبێ لە نەخۆشی و دەردو درۆ و چێژ لە چاوگەکانی خێرو عیشق و جوانی نابینێت. بەڵام مرۆڤی ڕووناک، پڕە لە هەستی جوانی و داهێنان و کەماڵی خواو خواکان.. مرۆڤی ڕووناک دەربەستی کەمی و زۆریی خواکان نییە، بەڵکو خوا لەودا هێندەی گەردیلە و خانەکانی نێولەش زۆرن لە دەروونا.

کەچی زوربەمان لە بێباوەڕیدا ،بە شەکەتی و زەلیلانەو تۆقیو ئاسمانەکان تەی دەکەین بەدوای دۆزینەوەی خوادا و هەستکردن بەو.. خۆ ئەگەر کافرێک یان خێرمەندێکیش لە دەمی دەرچێت و بڵێت: " من خوام دیوە و دەیناسم" ڕاستەخۆ هەڵدەکوتنە سەری و زمان و سەری دەبڕن و دەیکەن بە شەیتانی لەعین! بێباوەڕییان خۆیان و میللەت و باوەڕیان گەندەڵ دەکات.. بۆیە ئەوان لە فەرموودەکانی من دەترسن، کاتێک کە حەز دەکەم خواکان زۆر بن.. هێندە زۆر بن، نەبێتەوە.

بۆیە ئەگەر ئەتانەوێت خۆتان و خواو پەیامبەرەکانتان زیندوو نەمر ڕاگرن؛ ئەوا دەبێت شوێنەواری نەخۆشی و درۆ و ترس کەم بکەنەوە لە بیرو دەروون و گیانا.. چونکە گیان کە ڕابەری بیرو لەش و دەروونە، تەندروستترین چاوگی بژێوە و نەستی خوایە لە ئێمەدا گەر نازانن.. خۆ کەسمان لاریمان لەوە نییە کە خوا بە نەفخەی خۆی گیانی بەخشیوە بە ئادەم و ئایینەکانیش هاوڕان؛ کە ڕاستی و عیشق و جوانی پایەکانی ئاسمان و شکۆی خواو خواکانی ڕاگرتووە. جا خوا بەتەنها نێر نییە، گەر پێتان ناخۆشە مێینە بێت، دەبێ پێتان ناخۆش بێت کە نێرینەشە. یان گلەیی لە کەسێ مەکەن کە پێتان بڵێت: خواوەند مرۆڤ نییە و وەکو ئێمەش بیر ناکاتەوە.. جەهەننەمیشی بۆ کەسمان تاو نەداوە و تۆڵەسێن و داخ لە دڵ و تاقیکەرەوەو سزاخواز نییە. خوا جوانییەکی پەتییە و لەوەش زیاتر نییە. ئامین

خواوەند بەهرەیەکە کە دەروون و بیری ئێمە ڕووناک دەپارێزێت؛ بۆیە مرۆڤ لەسەرێتی ئەو ناوە لەو خوایە بنێت کە پڕاوپڕ شایانی شکۆی خاوەنەکەیەتی. بۆیە خوا هەموو ناوێکی جوانی لێدەوێشێتەوەو شایستتەی هەر بیرێکی جوانە. چونکە جوانی یەکێکە لە پایەکانی زانستی یەقین و مەحاڵ و حەق و پەیبردن بە خەیاڵی ئازاد.

تەنهاش بە پەیبردن بەم زانستانە مرۆڤ دەتوانێت لەمسی غەیب بکات و گیانی فێری گەشت بکات لە مەلەکووتی بەرزەخدا و لە قوڵایی دەرونی مرۆڤ و گیانلەبەراندا مەلەک ببینێت. هەر بە پەیبردن بەم زانستەش مرۆڤ دەتوانێت لە دڕندەیی و بەدخوویی دابڕێت و بگات بە داهێنان، داهێنان لە هەر بوارێکدا.. داهێنان لە جوانی وگوزارەدا.. لە هەستکردن بەوانی تردا، لە خودناسی و باوەڕدا، لە تێگەیشتن لە ئافرەت، لە پیاو لە منداڵ و خێزان و ژیان.. تێگەیین لە ئاژەڵ و باڵندەو خشۆک و جانەوەر.. تێگەیشتن لە داهێنانی تەماشاو هەستی نوێ و ئاوازی ئەفسوناوی و نۆتەی نەشئەبەخش. جوانی مرۆڤ فێر دەکات چۆن وەتەرەکانی ئافرەت ببزوێنین و هۆگری دڵنیایی دەروونی و گیانیان بین و، ئاشنای ژەنینی ژێکانیان بین.. تا ئەو منداڵانەی کە دوای خۆمان دەبنە نمایندەی داهاتوو، هەست بە ئازادی بکەن.. تا هەست بە خواوەند و بە فریشتەکانی ناو گیانی خۆیان بکەن.. چونکە مرۆڤی ساردو بێ هەست و زبر زادەت، منداڵی ترسنۆک و چاوشکێنراووسەرکوت کراون گەر نازانن.. دێن وژیان پڕ دەکەن لە سزاو هەڕەشەو شەڕ و تۆڵە.

چونکە ئافرەتی داشکاوو ترساو تۆوی زڕ دەخاتەوە. بۆیە مەپرسن بۆ شەڕ زۆر بووە لە ژیاندا. بەڵام لە زانستی جوانیدا؛ مەرجە مرۆڤ فێری زانستی ژەنینی وەتەرەکانی ئافرەت بێت.. تا فێر بن ژیان لە تەوەرێکی باڵاتردا، دوور لە ئیرەیی و غەدرو بەغیلی و ڕق و تۆڵە، لە قوڵایی گیان و دەروونی مرۆڤی ڕووناکا، چراکانی بەهەشت پێدەکەن.. چونکە بەهەشت دەکەوێتە ناو دڵنیایی و خۆشی و نەشئەی نێوان دوو گیانی پاکەوە.

بەهەشت ئەو خاڵەیە کە ئافرەت تەوژمێکی ڕووناک، تەزوویەکی خۆش بەر گیانی دەکەوێت و هەست بە لەمسی خوا دەکات و سرۆش گەردێک، گیانێک

لە منداڵدانی ئەودا دادەگیرسێنێت و شکۆیەک پرتەو دەدات لە هەناوی ئەودا. دەبێ فێر بن، ڕێز لە شکۆی ئافرەت بگرن.

شەوێکیان سرۆش لەلام نەبوو، تا دەمەوبەیانی بە تەلەفۆن قسەی خۆشم بۆ فریشتەی هاوسەرم دەکرد، ئەویش گوێی لێگرتبووین.. زیاتر لە سەعاتێک بەر لە نووستن، دەستم بەسەری فریشتەدا دەهێناو تەماشای چاوە سەوزەکانیم دەکرد. گەرچی کەمێک ناساغ بووم.. هەستم بە ئازاری پشت و سەرو شانم دەکرد.. کاتێک ئەو چاوی چووە خەو.. منیش سەرم گێژ بوو.. چاوم نووقان، تا بگەم بە ڕۆشنایی دەروونم. زۆری نەبرد، بە ڕێگا ڕۆشنەکانی گیانمدا کەوتمە ڕێ.. هەستم دەکرد لە خەودام و دەچم بۆ لای فریشتەی هاوسەرم، کە لە ڕاستیی خەوندا لەتەکما ڕاکشابوو.. لە خەوما هەستم بە دووری دەکرد.. هەستم بە شەکەتی دەکرد، هەستم دەکرد دەچم بۆ لای ئەو لە جێگەیەک تا شفایەک لەو وەربگرم، چونکە فریشتە چارەساز بوو.

ڕۆییم، ڕۆییم تا گەیشتم بە دارستانێک.. شوێنێک کە بە دەزووی ئاوریشمین چنرابوو، چیمەن و درەخت و دەوروبەرێکی ڕۆشنی ڕازاوەم دەبینی و دەرگا، پەردەیەک بوو لە تەنافی جاڵجاڵۆکەی مەزن ، بە ڕۆشنی و کارامەیی چنرابوو؛ هەستم دەکرد لەبەر دەرگای ماڵی فریشتەدام، یان لە بەهەشتام.. بە هەناسەکانم پەردەی جاڵجاڵۆکەم لەراندەوە و دەرگای بەهەشت بۆم واڵا بوو.. لەودیو دەرگاوە بینیم، فریشتەی هاوسەرم ڕاکشاوە و چاوەڕێمە، وەک ئەوەی لە جێژوان بێت.

لەبەرم هەستا و بێ چپە و بە ماچ پێشوازیی لێکردم، ئینجا دڵێکی خنجیلانەی خستە سەر سنگم و هەستم بە لێدانی دڵم کرد. ئینجا دەستی نایە ناو دەستم.. هەستی کرد، هەستمکرد گەرماو تەوژمی دەستی و دەستم دەگات بە ناخ وگیانی یەکتری. پاشان بە چپە لێی پرسیم:" چیتە گیانی من؟ کوێت ژان دەکاو هەست بە چی دەکەیت؟" ..

فەرمووم: فریشتە گیان.. مرۆڤ تا لە ژیاندا بێت، بێبەری نابێت لە ئازار. ئاخر درۆ مەزنترین ئازاری لە گیانی مرۆڤدا چاندووە. درۆ ئازاری داهێنا.. لەبەر ئەوە مرۆڤ هەرگیز ناگات بە تەندروستیی تەواو، تا بەوپەڕی

ڕاستگۆیی نەگات بە هاوسەر و بە هاوگیانی خۆی. مرۆڤ زۆرترین بەرنامەی دەسەڵات و تواناى خۆی دۆڕاندووە.. بێباوەڕی ئێمەی مرۆڤی داگیر کردووە. بە جۆرێکی ئەوتۆ کە هەر باسێک دەربارەی باوەڕ و ئایین و شکۆ و دەسەڵات جێگەی گومانە و هیچی تر. چونکە گومانیش زادەی درۆیە.

بۆیە من هەست بە هەست بە ئازاری تۆ دەکەم.. هەست دەکەم دوری و دابڕانمان لەیەک ئازار سەرباری تۆش دەکات. چونکە ئێمە ئەگەر بشبین بە یەک لەش و گیان، درۆیەک دەتوانێ نێوانمان تێک بات! درۆ نایەڵێ ئێمە بگەین بە کەماڵ. درۆ بەنامەیەکە کە تەمەنێکی زۆرمان دەوێ تا لێی دابڕێین و بگەینەوە بە تەندروستترین دەسەڵات.

من بەرگەی ئازارەکانی خۆم دەگرم، بەڵام هەست دەکەم شتێک هەیە کە ژیانی تۆ ئازار دەدات، هەستێک داگیری کردویت و ژانێک لە دەرونتا تەوژم دەدات. هەست بە ڕاڕایی و ترس و دوودڵیت دەکەم، چونکە سرۆش زۆر باسی تۆی بۆ کردووم.. هەست دەکەم گەر ڕێگەم بدەی شفات دەدەم، و چارەی دەردت دەکەم. تەنها بەوەی کە پشت بکەیتە درۆ.. بە درۆ هەست و نەست و سۆزی خۆت نیشانی من مەدە گەر دەتەوێ بگەی بە حەق، بە ڕاستی، بە بەهەشتی گیانی هەردوکمان.. مرۆڤ بەوە دۆزی خوا پەی پێ دەبات، کە لە جووت بوندا، درۆ نەکات. لەیەکبووندا، ڕاست بێت.

کە وەهام فەرموو، چوومە سەرچۆک بۆی و دەستم قەدکرد لەسەر سنگم و هەردوولەپم جووت لەژێر چەنەم وتەماشام ئاڕاستەی بەر پێی بۆیەکراوی ئەو کرد.

فریشتە لە بیری ئەوەدا بوو بەهانەیەکی جوانتر بدوۆزێتەوە تا شفای من بدات، بەڵام پاش کەمێک بێدەنگی فەرمووی: " بەچی دەتوانیت یاریدەی فریشتەی دکتۆرت بدەیت؟ مەگەر نازانیت دکتۆر چارەی نەخۆش دەکات، نەک بە پێچەوانەوە؟". فەرمووم: ڕاستت فەرموو.. بەڵام من بەهەناسە، بە فووی گەرم، بەشێلانی لێوو گوێچکەو مل و سەرو پشت و سک وژێرپێ.
فەرمووی:" بەڕاستە؟".. فەرمووم: بەڵێ. لە بیرت نەچی، درۆ نەکردنیش ئەوپەڕی شفای گیانی دەبەخشێت بە دڵداران.

ئینجا ئەو دڵی نەرم بوو، دەستی هێنا بۆ ژێر چەنەم و سەرمی بەرەو لای دەمی خۆی ئاڕاستەکرد، لەو کاتەدا کە چەمایەوە و لەسەر ئەژنۆ وەک من دۆخی وەرگرت.. بە تەماشا تێی گەیاندم کە گەیشتنی لێومان بەیەک.. شفایەکی دووسەر زامن دەکات، گەر لێومان بەیەک بگەن ولیکمان ببێت بە خۆشاو.

دەستمان تێکەڵ بوو بەدەستی یەک، وەک دوومار ی عاشقە و ماشقە.. لەشمان لە چەلۆ و پیانۆ و کەمانچە دەچوو، هەستمان دەبوو بە ئاواز و مۆسیقا.. ئاگامان لە هەستی لەش نەماو نەبوو.. توواینەوە لە گیانی یەکا.. زۆر پێکەوە بووین لە بەهەشتا.. تێکەڵی یەکتری بوبووین و نەماندەزانی کاممان کاممانە، و نەمزانی چەند کاژێر لەو خەون و لەو میوانداریەدا مامەوە.. دوایی پڕ بووین لە خەندەو نازو پێکەنین وتێگەیین کە ڕاستە، هەردوکمان هەستمان کرد بەیەک گەیشتوین لە بەهەشتا.. چونکە بەهەشت خاڵی بەیەک گەیشتنی دوو گیانی نێرومێ و ڕووناکە.

دوایی پێکەوە هەستاین، خاترجەمانە پێکەوە تەماشامان ئاڕاستەی چاوانی یەک کرد و چەند چرکەیەک نوێژمان دابەست و خۆشی باڵی کێشا بەسەرماندا.. هەردوکمان هەستمان کرد چاوو ڕوخسارمان دەدرەوشێتەوە و بزەکانی ئەو منیشی گەرم دەکردەوە و ئەو هێشتا موچرکەی پیادا دەهات و لەشی دەلەرزی.. بە دوایدا شفا گەیی بە گیانم، بە گیانی.. ئیتر شوێنەواری نەخۆشی لە لەش و گیانمان تەری.

ئیتر هەستی کرد، حەز دەکات بدوێت، یان چایەک تەیار بکات، چوو چایەکی عینابی چێکرد و منیش دوو سێوو دوو پرتەقاڵ و لیمۆیەکم لەو درەختە کردەوە کە لە ژێریدا ڕاکشابووم و خەوم دەدی.. ئیتر پێکەوە دەدواین و ئەو باسی دایک و خوشک و براکانی بۆ دەکردم و منیش سەرم نابووە سەر ڕانی.

لە بیرم چوو بڵێم، ئەو ژێرکراسێکی شینی ئاسمانیی لەبەردا بووکە بە پەڵە هەوری سپیی گەورەو بچوک نەخشین بوو.. کە گۆی مەمکی وای نیشان دەدا کە ئاسمان ئاوسە بە دوو گۆ، بە دوو مەمک.. هەستم دەکرد مەمک و گۆی ژێر- ژێرکراسەکەی دوو سکۆڵەی پڕن لە ژەک بۆ دوو فریشتەی تر. ئیتر هاتە ناو باوەشمەوە و هەستمکرد بووین بەیەک.. لەوێدا بوو چاوم کرایەوە و

خۆمم بینی لەتەک ئەودا گرمۆڵە بووم و وەک ساوا خۆمم نوساندووە بە سکی ئەوەوە و دەمم ناوە بە گۆی مەمکییەوە و منداڵانە مڵچەم دێت.

چەن خۆش بوو.. حەزم نەدەکرد بێدارم لەو بەختەوەرییەدا. هەڵم لە لەشمان هەڵدەستا لە بەهەشتا.. هێشتا لەناو جێگەدا بووم، گەرچی بێداریش بووم وحەزم دەکرد هەستم وێنەیەکی فریشتە بکێشم، بەڵام دڵم نەدەهات بەجێی بێڵم.. لە خۆشیی ئەو یەکبوونەدا منداڵ دەبوومەوە و شاد بووم بەو سەرخەوشکاندنە خەیاڵییە لەگەڵ ئەو.

تا ئێستا باسی خەوێکت بۆ دەکەم، کە نەمدەتوانی لێی بێمە دەرێ.. چونکە وەک فەرمووم، فریشتە زۆر دوورو دابڕاو بوو لە من لە ڕاستیدا.. بۆیە کاتێ کە بێدار دەبوومەوە.. دەنوستمەوە، بە ئومێدی بینینی خەونێکی دی، چاوەکانم دەنایەوە سەر یەک و نیازەکانم جووت دەکرد بە خۆزگە.

ئەو شەوەم جووتکرد لەگەڵ بەیانیداو ڕۆژ هەڵهات.. دانیشتبووم تاک و تەنها بیرم لە سرۆش دەکردەوە و سوپاس و ستایشی ئاسمانم دەکرد و تەماشای هەورەکانی ئاسمانم دەکرد.. گلەییم لەو پەڵە هەورانە دەکرد کە ناتوانن خۆیان لە شێوەی فریشتەدا بنەخشێنن و وەک ئەو جوان دەربکەون. ناشتانێ لەدەرگای ماڵیان دام: تەق تەق تەق...

کاتێ هەستامە سەرپێ،بەرچاوم تاریک و دەروونم ڕۆشن بوو.. لە خۆشیی ئەوەی پەیکەری فریشتە لە خەیاڵ و بیرم دەرنەچێت، تا ناشتان هەر چاوم لەسەریەک نابوون، تا ئەو کاتەش هێشتا لە یادی ئەودا مت بووم.. بۆیە تا ڕاددەیەک بە دەم چوونەوە، بۆ دەرگا کردنەوە، هەستم بە بێداری نەدەکرد و پەلم دەکوتا و خۆمم بەرەو دەرگاکە کێش دەکرد.

کاتێک کە دەرگەم واڵاکرد، بینیم ئافرەتێکی هونەرمەندی نەرویجییە هاتووە بۆلام.. ئەو ناوی مینا کریستین-ە، کە بە کرمانجێکەی خۆمان هەمان مانا دەدات.. چونکە مینا ناوێکی کوردیشە، کریستین-یش هەر ناوە!

سڵاوی کردو فەرمووی:" میوان ڕادەگری؟ کاتت هەیە؟".. عەینەکێکی ڕەشی لە چاودا بوو، دەنا سەرتاپای بەرگی بەری لە ڕەنگی شینی ئاسمانیدا،

کاڵ و تێر لەبەرا بوو؛ پێدەچوو هاتنێت هەستێکی خۆش بە من بدات، لەبەر ئەوەی پارساڵ من بە نوسراوێک زۆر ستایشی هونەری ئەوم کردبوو..
دەیزانی کە من هۆگری هەورو ئاسمان و ئەستێرەکانم و باو بارانیشم خۆش دەوێت.. بۆیە پێدەچوو لەبەر دڵی من حەز بکات میوانم بێت و گیانی خۆیم نیشان بدات.. کاتێ کە وەژوور کەوت، عەینەکەکەشی لابردو بە خەندەیەکی شەرمن چاوە ڕۆشنەکانیشی نیشان دام کە هەردوکیان شینی ئاسمانی بوون.
ئیتر منیش ناچارانە هەردوو چاوم کردەوانێ و تەماشای قەدوباڵایم کرد وهەستم بە نیانی و جوانی و لاویی کرد.

بە زمانێکی لاڵ و چاوی خەواڵووەوە بێ ئەوەی هەست بە ڕووتی بکەم..
پێکەنینی ئەو خستمییە یادی ئەوەوە کە ڕووت و قووتم! هەهە، هەردوکمان پێکەنیین.. بۆیە شەرم گرتمی و بەپەلە لە دۆلابەکەی تەنیشت دەرگەوە، پارچەیەکم بەپەلە دەرهێناو خستمە بەر عەیبم کە بە مشتم دامپۆشیبوو.. ئەو زیاتر پێکەنی، کاتێ زانیی بێ مەبەستانە و بێهۆش دەرگام کردۆتەوە و نائاگا بووم لە ڕووتیم. هەردوکمان زۆر پێکەنیین، تا ئەو کاتەی خۆمم گۆڕی و دوای ئەوەش. چونکە کار لەکار ترازابوو.. پێکەنینی هەردوکمان پژابوو.

کاتێ ئەو هاتە ناو هۆڵی ماڵەکە و من پۆشتە و ڕوخسار شۆردوو بێدار هاتمەوە خزمەتی.. ئەوم لەبەر دەمی یەکێک لە تابلۆکانی خۆمدا بینی؛ لە دۆخی ڕاماندا پەنجەی شایەتمانی نابووە ناو دەمی و دەستی چەپی خستبووە سەر کەمەری و بە لەنجەیەکی ناسک و کەمەرێکی شل و پڕەوە لاو نیوە وەستابوو، قا چی چەپی نابووە سەر پێی ڕاستی و وەک تابلۆیەکی زیندوو تەماشای تابلۆکەمی دەکرد، و پاش کەمێک بە شەرمێکی نازەوە فەرمووی:" ئەمە منم وێنەت کێشاوە؟"..

فەرمووم نەخێر ئەمە فریشتەی خەیاڵی منە، ڕاستە لە تۆ دەچێت.. گەر حەز دەکەیت ئەو بە.. یان با تۆ بێت گەر ڕازییت لە کارەکەم.. تابلۆکە وێنەی ئافرەتێک بوو کە لەسەر بەردێک هەڵکوڕمابوو لە کەنار دەریا و با یاری بە پرچی دەکا و چاکەتێک یان پەتۆیەکی لەسەر شانە.. گوڵی ڕەنگین لەسەر تەختی ڕەش لەسەر شاڵەکەی سەر پشتی دەبینرا کە لەخۆوەی پێچابوو لەو

تابلۆیەدا.. پێ دەچوو گوێ لە هەواڵەکانی ناو با بگرێت.. پێدەچوو با هەواڵێکی بۆ هێنابێت.. هەستم دەکرد با بە پرچی ئەو دەڵێت: " جیهان بە خەندەیەک ڕزگاری دەبێت".

مینا کریستین ی هونەرمەندو میوان پەنجەی لە دەمیدا دێناو دەبرد و نازانم بۆ جار ناجار نینۆکی خۆی دەگەست - کە بە ڕەنگی سپی بۆیەی کردبوون، پاشان هەردوو دەستی نایە کەمەری و تابلۆیەکی تری لە جوڵەیەکی کەمدا نیشاندام و سک و سمتی کەمێک بەرەو لای تابلۆکە نزیک کردوەوە و هەستم بە ئاوازی مۆسیقایەک کرد لە لەنجەیدا. دەستەکانم نابووە باوەش و وەک ڕێز لێنان چاوەڕوانی پرس و فەرمایشتی ئەو بووم.

ئەوجا فەرمووی:" بەڕاستی ئەم تابلۆیە یادێکی دێرین و سەیری لە مندا ژیاندەوە؛ یادی سەردەمی هەرزەکاریم!" پاشان فەرمووی:" نازانم چی بڵێم! بەڵام ئەم تابلۆیە هەستم دەبزوێنێت، چونکە دەمباتەوە بۆ هەمان جێگە کە تیایدا خۆمم تیا ناسی...".

فەرموم : چۆن؟.. فەرمووی:" بەیانییەک لە بەیانییەکانی جەژنی کریسمس، لەکەنار دەریا، لەسەر گابەردێک تاک و تەنها دانیشتبووم..دوور دوور تەماشای ئاسۆم دەکرد.. لەوێدا کە ئەرز و ئاسمان بەیەک دەگەن.. ئەو بەیانییە زۆر مامەوە و زۆردانیشتم، وەک ئەوەی چاوەڕوانی شتێک بم، کە نەمدەزانی چییە!.. بیرم لای ڕاستییەکیش بوو کە بە لەوحی خە یاڵمدا ئاوێزان بوو.. ڕستەیەک کە لە مرازی بادا، لە حاڵەتی یاری کردنیدا بە پرچم هەستم پێدەکرد.. هەستێک تەلیسمی دەنگێک بەر هەستم دەکەوت کە دەیفەرموو: لە نێوان ئاسمان و زەمین دا مرۆڤ دەتوانێ لەهەمان کاتدا هەست بە بوون و نەبوون بە ژیان و بە مەرگ بکات، هەست بە خۆشی و ناخۆشی و هەست بە دژەکان بکات گشتیان پێکەوە، لەیەک کاتدا.. دەتوانێ هەست بە بوون و نەبوونی خواش بکات، بەهەمان بەڵگە کە بوونی شتێک دەسەلمێنێت، نەبوونیشی زامن بکات.

خۆ لە وڵاتێکی تر، بەڵکو لە دوراییی دوو کیلۆمەترۆوەوە کەس هەست بە بوونی کەسێکی تر ناکات! بەڵام باکان هەست بە بوونمان دەکەن و دەشێت

بۆنمان بەرن بۆ جێگەیەکیتر!.. کەچی مرۆڤ ناتوانێت خۆی ڕەزامەند بکات کاتێک کە نکوڵی لە خواوەند یان لە بەهایەک دەکات، چونکە مرۆڤ هەمیشە بە پەرستاری و بە پەرستارەوە جوانە.. وای بۆ دەچووم کە مرۆڤ خۆی لە خۆیدا بەجۆرێک لە جۆرەکان پەرستگایە.. هەستم دەکرد مرۆڤ کەنیسەی خوایە و خواش بەهەمان خرۆش و مەیل مرۆڤ دەپەرستێ و ئیتاعەت لە داهێنان و هەست و بیرو گیان و ووتاری جوان دەکات.. هەستم دەکرد خوا دەمبینێت و تەماشام دەکاو خەندە دەکات.

لەم بیرانەدا مەست بووم، سەرسام و هەستم بە سەرمایەک دەکرد کە دەچووە ناو ناخمەوە.. لە پشتەوە هەستم بە نزیکیی باوکم دەکرد، بۆنم دەکرد.. ئەو هات و بە ئەسپایی پاڵتۆ ڕەشەکەی خۆی بە ئەسپایی نایە بان پشتم و گەرمم بۆوە.. ئینجا دەستی هێنا بەسەرما و فەرمووی: کچم، من شانازی بەو ئەندێشە پیرۆزانەتەوە دەکەم."

منیش فزوڵ گرتمی و لە مینام پرسی: باوکت ناوی چییە؟ فەرمووی: "نوح". بێدەنگییەکی ساتی کەوتە نێوانمانەوە، گوێبیستی ئاوازی دەنگی یەکتر نەبووین. پاش کەمێک فەرمووی:" حەزم کرد قاوەیەکت لەگەڵدا بخۆمەوە، چونکە دەمێکە دیار نییت و خۆت شاردۆتەوە.."..

فەرمووم: بە شانازییەوە. زۆری نەبرد قاوەو چوکلێتم هێنایە بەر دەمی و فەرمووی دانیشتنم لەو کرد.. ئەویش بە نازو لەنجەی کچانەی هاتە نێو هۆڵ و هێشتا پەنجەی لەناو دەمی دەر نەهێنابوو.. دەستی لە چەپکێ گوڵی وەنەوشەیی دەچوو و نینۆکەکانی لە گوڵی سپی. بۆنی فریشتەی هاوگیانمی لێدەهات، هەستم بە بۆنی ئەو دەکرد و هەوای ژوورەکە بۆنی ئەوی بەرەو شامەی من دەهێنا.. سەیر بوو لەلام کە تەماشام دەکرد، هەستم دەکرد گوڵەکان کە لەسەر بەرگی بەری بوون دەبزوان و دەلەرینەوە.. هەستم دەکرد گوڵی تر لەسەر بلوز وپاڵتۆ چنراوە تەنکەکەی بەری دەڕوێن.. هەستم دەکرد بۆنی گوڵ زۆر دەبێ و تێکەڵ بە بۆنێکی تر دەبوو کە خۆشتر هێمنیی دەبەخشی بە دەروونم.

هەستم دەکرد ئەو لەبەر چاومدا گوڵباران دەکرێت و پرچ و شان و باوەشی پڕ دەبێت لە گوڵ.. ئەوم لێ دەبوو بە گوڵ.. نازانم بۆ!.. بۆیە بەو بۆنەیەوە حەزم

کرد ئاوازێکی بۆ بخەمە سەر و سی دی یەکم نایە نێو تۆمارژەنەکە. ئاوازەکە بە عودێکی خۆش و غەمگین دەستی پێدەکرد و شیعرێکی خۆمم بە هێمنی لەگەڵدا دەخوێندەوە. برادەرێکم بۆی خستبوومە سەر سی دی. شیعرەکە بەم جۆرە بوو:

" ڕاکشابووم ڕووەو ئاسمان.. تەماشای هەورەکانم دەکرد لەبەهەشتا.. شوێن بەر دەرگای بەهەشت بوو.. ئەویٚ تەنها کۆمەڵێ پەردەی ناسک بوو.. زۆر ڕووناک و درەوشاوە هەموو شتیٚ دەبینراو دیار بوو.. مرۆڤ پێویستی بە خەیاڵ نەبوو تا پەردەکان لابا و تەماشای دیمەنێک بکات.. چونکە چوار دەورم بە فریشتەی وەک تۆ دەور درابوو.. فریشتەی سپی، پەمەیی و نارنجی... باڵدارو بیٚ باڵ ڕەش و سپی.. منیش پڕ بووم لە تەماشا وتەماشاکانم دەبوون بە باڵ.. سەیری باڵدار و بیٚ باڵم دەکرد.. هەندێک لەوان فریشتەی کورتە بنە بوون، زۆر زۆر جوان. تەماشاکانم لیٚ دەبوو بە پەپوولە و هەڵدەفرینە سەر نیگای ئەوان. لەوێدا تەماشام چەقی.. کاتیٚ کە تۆم بینی بۆ یەکەم جار.. هەستەکانم بەر هەستت کەوتن و تەماشامان دای لە شەقەی باڵ، وەک دوو پەپوولەی سپی.. سپی و پەڵەدار بە زەردو پرتەقاڵی و خاکی.. پێکەوە فڕیین، بۆنی ئەو خونچانەمان کرد کە لە تەماشاکانمان ڕوان. دەشێت ئێستا بیرت نەمابیٚ، ئەوسا.. کە ئێمە بووین بەهەشتمان زان."

کاتێک کە ئەو شیعرەم بە زمانی خۆیان بۆ وەسف کرد، موچرکەیەک بە لەشیدا گەڕاو نینۆکی لەژێر دانی دەرهێنا و فرمێسکەکانی پەخشان کردو ڕوومەتی تەڕ بوو. بە دەنگێکی سۆز و ناسک پرسیی: ئەمە شیعری کیٚ یە؟ فەرمووم: نوح.

هیچی نەووت و سەری نەسوڕاماو برەوی بە بیستنی دواپارچەی ژەنینی عوودەکە دا. ئەوسا لە خۆوە دەستی برد پارچەیەک شوکولاتەی هەڵگرت و گازێکی نەرمی لێگرت و فڕێکی لە قاوەکە دا. منیش هەمان شێوە. پێکەوە گوێمان لەو ئاوازە گرت.. جار جاریش تەماشای تابلۆیەکی تری دەکرد و پەنجەی بۆ ڕادەکێشان.

کاتێکی خۆشمان پێکەوە بەسەر برد.. بەر لەوەی بڕوات دەستی برد لەناو ئەو جانتا نەرمەدا کە لە ملیدا بوو، توورەکەیەکی دەرهێنا و لەسەر مێزەکە هەردوو گرێی توورەکەکەی کردەوانێ. بۆنی گۆیژ و چوالەم کرد پێکەوە.. هەستێکی خۆشتر بوو لەلام.. ئەوجا فەرمووی:" ببوورە بیرم چوو کە هاتم ئەمەت بدەمێ.. زانیم لەمێژە چوالەو گۆیژت نەخواردووە، حەزمکرد بەدەستی خۆم بۆت لێکەمەوە و بۆت بێنم. دە بخۆ دەی، دەزانم دەمت ئاوی کرد".

زۆر سوپاسی ئەوم کرد.. وتم بەبێ تۆ نایخۆم، پێکەوە کەمێ تامی هەردوکیمان کرد.. زۆر خۆش بوو.. هەستمان بە شکۆی سروشت کرد.. پاشان فەرمووی:" حەز دەکەم ئەمشەو پێکەوە بەسەر بەرین.. حەز دەکەیت؛ کاتت هەیە بێی بە میوانیی من و پێکەوە شەو بەسەر بەرین؟ دەڵێن ئەمشەو ئەستێرە بارانە و ئاسمان پڕ دەبێت لە ئەستێرە کشان و نیازەکانمان لەوێدا دەگرینە دڵ.. دێی بۆ لام؟". فەرمووم : بەڵێ.. بێگومان کاتێکی خۆش دەبێت. ئەمەو زۆری تریشم بە خەیاڵا دەهات!

خەوم لێنەدەکەوت، ڕۆژی دواییش هات و چوو، دەیانی تریش.. شەوان هەر بیری فریشتەم دەکرد و بە چاوی کراوە و بە چاوەڕوانییەوە، خەونم بەوەوە دەدی، کاتێکیش کە تەواو شەکەت دەبووم و خەو دەچووە چاوم، هەر خەونم بەوەوە دەدی.. کەچی مێشکی کاسم ماندوو بوو، کەم یادم دەهاتەوە کە چیم دیوە و چیم ئەدی.. هەردەم بەدەم ڕێوە ڕۆژانە نوێژەکانم بریتی بوو لە هاتن و دەرکەوتنی فریشتە.. هەستم دەکرد دەشێت پەرجوویەک ڕوو بدات کە فریشتە بە چاوی ڕاستی و بێداری ببینم لەتەکمدا هەناسە دەداو دەست دێنم بە پرچیداو تەماشای خەونەکانی دەکەم. تا گوێ لە مشەی هەناسەکانی بگرم، تا بە دەم خەوەوە دەنگی ببیستم و ناوم لەبەر خۆیەوە بهێنێت.. تا هەست بکەم کە خوا خۆزگە لەژیانیشدا بەدی دێنێت.

کە فریشتە دەهاتە خەونم، سرۆش دەهات بە میوانیم و شانازیی پڕ دەکردم لە بەهرە. هەستم دەکرد بوونەوەر پڕ دەبێت لە ئومێد، دیار نەمانی ئەو ترسی دەبەخشی بە بوونم، هەستم دەکرد بوونەوەر دادەتەپێت. خۆ ئەگەر گازندەیەکی هەباو گلەیی لە کەسێک بکردایە کە هەڵیان دەکوتایە سەری.. لە شوێنێک

لافاوێک هەڵدەستاو خۆشی باوەڕی نەدەکرد کە ئەوە غەزەبی سروشتە لە بستێکی ئەم سەرزەمینەدا وەک من تەنها بۆ ناسۆری فریشتەیەک دەگری و تۆڵەسێنی دەکات! چونکە دایە سروشت، هەندێکجار دەڵێی عاسە شێتە! خۆشی نازانێت چی دەکات گەر لە کەتنکردن بێت..خۆ هەمووومان دەزانین کە ئافرەتی کەتن کەریش هەن و هەندێجار لە خۆیانەوە شتێک دەکەن کەکەس ئێشبینیی ناکات و نازانێت بۆ وا دەکەن! ئەی نابینن کە هەندێجار گەردەلوول چۆن ماڵ و دارستان و دەریا بەر شەق دەدات؟! یان ئافرەتێک واز لە ماڵ و حاڵی دێنێ و دوای هەوای نەفس و حەزە لاوەکییەکانی خۆی دەکەوێت؟! دەزانن بۆ؟ نەوەڵا.. کەسمان نازانین بۆ! هەندێجار ژیان لغاوی لە دەست بەر دەبێ و ئاڕاستەکانی ژیانی دەگۆڕێت، ژیان لەو ئافرەتە دەچێت. ژیان هەڵەی لێ دەوەشێتەوە، کەس ناتوانێ سزای ژیان بدات، کەچی دەچین هەڵدەکوتینە سەر ئەو کەسەی کە هەڵەیەک دەکات دەرهەق بە ژیانی خۆی.. بێ ئەوەی هەوڵ بدەین لەو هەڵەیە وانەیەک فێر بین. هەندێ هەڵە دەکەن، تا فێر بن، هەڵەکانیش مامۆستایەکی تری ژیانن.کۆمەڵگەی بێبەری لە هەڵەو مرۆڤی بێبەری لەهەڵە بوونی نییە.. خودی ئەم کتێبە وانەیەکە دەربارەی ئەوەی هەڵە لە گیانی من و فریشتە و تەنانەت لە گیانی سرۆش و سروشتیش دا بوونی هەیە.

## تابلۆی خەوبینین بە فریشتەوە

شەوێکیان کەنەفت و تەنهاو بێکەس، لە ژێر درەختێکی سنەوبەری وەڕزو پیرا لەسەر تاوێرێکی کەساس، دانیشتبووم و بیری فریشتەم دەکردو خۆزگەکانم دەگەیین بە ڕوخساری مانگی پڕ و هاناسەم باکان دەیانبردن بۆ دوورو بۆنی بغوردی سینەی منیان بەبا دەداو بەخۆشییەوە باکان دەڕۆیین و وێنەی خەیاڵاتی منیان نیشانی ئەستێرەی داود دەدا، کە لەژێر تیشکی مانگا دەدرەوشایەوە و تەنها من دەمبینی.

زۆر هەستم بە تەنهایی دەکرد و تەناتەت توانام نەبوو دەمی حەزرەتی سارا ماچ بکەم و پێی بڵێم شەوشاد، چونکە ئەو خەریک بوو دەمی خواردەبوو لە بێباوەڕیداو باوەڕی بە من نەمابوو کە من سرۆشم پێ دەگاو ئاگام لە هەست و نەستی غەیب هەیەو داهاتوو دەبینم.. بەزەییم بە خۆم و بە تەنهاییمدا دەهاتەوە. حەزرەتی یوسفی کوڕم، خەوی زڕابوو ئەوشەوە، دانیشتبوو وێنەی من و دەریا، یان خۆی و دەریای کێشابوو، لێی نووسیبوو: ڕووبار، پێشکەشە بە باوکم – لە میرۆووە=یوسف.

تۆزێک ئامۆژگاریی یوسفم کردو بەوم فەرموو: کوڕم، من شانازیت پێوە دەکەم و دەزانم کاتێک گەورە دەبیت خۆت دەدۆزیتەوە و دەبیت بە مرۆڤێکی سەماکەر و جیهان بە سەما دەهەژێنی، چونکە تۆ لەباوەڕی مندا حەزرەتی یوسفیت. دوایی کاتێک کە تێگەیی مەبەستم چییە، هات و عەباکەی یەعقووبی کردە شانی.

کاتێ ئەوم لەو خۆنیشاندانەدا بینی؛ زۆرم بەزەیی پێدا هاتەوە.. ئیتر کاتێک کە ئەو شەوشادی لێکردم، زۆر بۆی پاڕامەوە تا وەک یوسفی بەسەر نەیەت و نەکەوێتە زیندانی گومانەکانی خۆیەوە لە ژیانی داهاتوودا!...

ئیتر لەژێر دارسنەوبەرەکەدا دەهاتم و دەچووم و خۆش خۆش خەونی وردیلە و نەشمیلەو جوانجوانم دەدی، خۆ ئەگەر باسی هەموو ئەو خەونانەتان بۆ بکەم، ئەوا دەبێت هەر هەمووتان خەیاڵاوی ڕاکشێن و ڕەجەب خواردن بکات بە دەمتانەوە.. چونکە باسی ئەو زیندە خەونانە هەرگیز تەواو نابن کە من دەمبینین بە فریشەوە.

ئەو بوبوو بە بەرنامەی کۆتایی ژیانم.. پەرستاریی ئەم کردبوو بە وێردی گیانم و ناوی دووپاتی ئەو لە سەر هەست و بیرم، بوبوو بە نوێژێکی نوێ .. وتەکانی ئەو ئایینێکی نوێیان لە مندا دادەهێنا، ئایینی دایک، ئایینی ئافرەت.. هەستکردن بە جوانی. حەزم ئەکرد خۆشم بوێت، زۆر زۆر بێخەوش، خۆشم دەویست.. وەک دایک، وەک خوشک، وەک وڵات.. وەک خۆشەویست، وەک هاوڕێ، هەرچۆنێک بیرم لەو دەکردەوە، هەر زیاتر و زیاتر خۆشم دەویست!

بەڵام ئەو شەوە، خەونێکی خۆشم پێوە دی، لە خەوما من پیر بوبووم و بە گۆچان دەڕۆییم، بەرەو لادێ دەچووم، ئەو لادێیەی گۆرانی شاعیر باسی دەکات لە گەشتی هەورامانا و تەنها ڕێگەم دەکرد.. بەدەم ڕێوە تەماشای مێرولە و کرم ، هەنگ و زەردەواڵە ،قوڕی و مشک ، دوپشک و سمۆرەم دەکرد .. پەپوولەکان لە دەورم یارییان دەکرد و خوویان دابووە ڕوخسارم و بە باڵەکانیان ڕوومەتی منیان دەخوراند و ختیلکەیان دەدام و منیش قاقا پێکەنینم دەهات بەو یارییە جوانەیان. دەڕۆیشتم و خەیاڵاوی دەمڕوانییە شکۆی گۆرانی شاعیرو پەرستاریی مرۆڤ بۆ وڵات.

هێندەی نەبرد، فریشتە لە پاڵ پەرژینێکەوە دەرپەڕی و بەر لەوەی لا بکەمەوە خۆی هەڵدایە سەر شانم و فەرمووی: هەی کەچەڵی پیرو دڵتەڕ، چوست و چالاک، بە خوا لە کۆڵت دانابەزم، تا نەمبەیتە ژێر دارگوێزەکان، چونکە لەوێ چایی عەنابیم بۆ لێناویت و دەمەوێ چات بە دەستی خۆم بۆ تێبکەم. منیش گۆچانەکەم نایە ژێر سمتی و جوان و مەحکەم کەفەڵیم لە ئامێز گرت و توونd بە هەردوو دەست گۆچانم لە کەمەرم توونd کرد.. خۆش خۆش بەرەو بن دارگوێزە فێنکەکان دەڕۆیشتم و گۆرانیم دەگووت بۆ ئەو- کە هاتبووە کۆڵم ، گۆرانیی لەگەڵدا دەووتم و پێکەوە دەمانخوێند: باخچەی پاشا لەوبەر ئاوە....

کە گەیشتینە ئەوێ من هێندەی ئێستام کەنەفت و ماندو نەبووم، بەڵام کەمێک هەناسەسوارو دڵخۆش بووم.. ئەویش وەک پەری لە بەرگێکی سپیدا، سەرپۆشی ئاوریشمی لە شەکانەوەی لەشیا دەبوون بە باڵ و دەمبینی چەند جوان و بە عیشوە و چوست دەبزوێ و خزمەتی من دەکاو چای لە دوای چا دەرخواردم دەداو سەمای هێنانی چایی نیشانی من دەداو منیش بێڕەحمانە دانیشتبووم، چام دەخواردەوەو تەماشای ئەوم دەکرد و گوێم لەو باسانە دەگرت کە ئەو دەربارەی باوانی بۆمیان باس دەکرد، گوێم لەو چیرۆکانە دەگرت کە بەس پەیوەندیی بە من و خۆیەوە هەبوو.. ئەو ڕۆمانانەم دەخوێندەوە کە ئەو نوسیبوونی بۆ من. ئیتر درەنگانێ، کاتێ شەبەق گەیی، و خۆر سوراوی ئاسمانی کرد؛ فریشتە لە ژێرکراسێکی سپیدا، کە تەلیسمی خۆری بەرکەوتبوو، هاتە کۆشمەوە.. منیش نەمکردە نامەردی، تا توانیم بۆنی پرچ و لامل و ڕوومەتیم کردوو خۆش خۆش دەستەکانم وەک دوو ماری عاشقەو

ماشقە پشت و سەرو مل و قۆڵ و ڕانی ئەویان دەشلاو سەری پەنجەکانم دەبوون بە دە سەری باڵندە وخۆش خۆش سک و کەمەریم دەشێلا.. ئیتر تا درەنگانێ بۆنم پێوە دەکردو هەست و نەستی یەکتریمان دەلاوانەوە و پێکەوە چاومان چووە خەو.

دەمەو بەیانیش کاتێک نمەی باران دایکرد، منیش بە بێ چپە هەستام و باوەشی فریشتەم جێهێشت و لەبەر بارانا نوێژم دابەست، نوێژ بۆ گیانی ئەنفال و بارزان و سۆران و جەزیرە و قامیشلی و مەهاباد، نوێژم بۆ سەری بڕاوی ئارارات کردوو ڕومکردە خودای پاک و بێگەرد و گوێم لە جوکەی پاساری و پاسارییەکان گرت و گشتیان ئاوازی نەمریی عیشقیان دەخوێند بۆم؛ بەو بەیانییە کە ڕوومەتی فریشتەیان بە تیشکی پرتەقاڵی دەنەخشان و من بێدار بووم و خەونم دەدی لە ژێر دار سنەوبەرە غەمگینەکەدا... تاشەبەردی بن درەختەکە نرکە نرکی بوو لە ژێرما و دەگریا و لە فریشتەی ناو گیانم دەپاڕایەوە و دەیگوو: توخوا فریشتە لێت دەپاڕێمەوە بە حەزرەتی نوح بڵێ ، تا هەستێ و لەسەر من دانەنیشێت، چونکە من زۆر بریندار کراوم لە شەڕاو جێگەی تیغ و شیری عەرەب ئێشی بە دارستان و بەردو داری وڵاتی نەرویجیش گەیاندووە.

منیش هەڵدەستام و بە بەردەکەم دەگووت: باشە، ئەوا لەبەر خاتری فریشتە و تۆ هەستام.. هەوڵیش دەدەم کەمتر لەسەرت دانیشم و کەمتریش خەون بە فریشتەکانەوە ببینم.

ئیتر دوای بیستنی جوکەی باڵندە و هێنانی هەواڵی فریشتە و گەیشتنی پەپوولە سەوزەکانی، دەهاتمەوە نێو خەڵوەتی خۆم، نێو تەکیەکەی خۆم و لە کەشتییەکی نادیاردا، سەرم دەنایەوە و چاوانی خۆمم دەبەست. ئیتر ڕۆ دەچوومە جیهانی خەونەوە و لە خەوما هەموو باڵندە و ئاژەڵ و مەخلوقاتی پاک و جوان و پیرۆز دەهاتن و دەگەڕان بەناو کەشتییەکەمداو هیچیان جێگەی خۆیان بۆ نەدەدۆزرایەوە، سەگ بە جێگەی خۆی ڕازی نەدەبوو، پشیلە داوای ژووری چۆڵ و ماڵی دوو نهۆمیی لێدەکردم، مشک دەیگووت بە خوا من نایەم و مانی لەمن گرتبوو، دەیگووت حەزرەتی نوح لە مشک ئەترسێت و من نایەم..

چۆلەکەکان هەر خەریکی جنێودان بوون بە من؛ دەیانگووت: تۆ لەبرسا دەمانکوژیت، کافری مەلعوون. مرۆڤ جێگەی لە هەموو گیاندار و باڵندەکان تەسکتر بوو، لەبەر ئەوەی زوربەیان بوبوون بە دێوو قەمە و شمشێر و تیریان لە دەست بوو، هیچیان زاتی ئەوەیان نەدەکرد بێن بەلای مندا و دەترسان.. ئەو ئافرەتانەش کە دەهاتن بە میوانیی کەشتییەکەم بێ باوەڕ و نەخۆش و بێ ئەدەب بوون وەک حەزرەتی ساراو باوەڕیان بە پیاوو ڕیشسپی و دۆزی من نەبوو...

دەیانگووت: هەرچی موسوڵمانە تیرۆریستە، دەیانگووت: نوح چییە؟ نا، ئێمە باوەڕمان بە ئایین نییە، باوەڕمان بە جولەکە و کوردو موسوڵمان نییە. کەچی ئەندامی پارتەکانیان، جاشی بانزینخانەکانیان، هەر خەریکی چەک فرۆشتن بوون بە تورکیا و نەوتیان دەماشییەوە لە کوردو ئاگریان بەردەدا لە جەرگی کچانی ئارارات، و بە کیمایی و چەکی فۆسفۆر کوردیان قڕ دەکرد. دەهاتن بە میوانیم و دەیانگووت ئێمە لە ئێوە باشترین.

منیش لێیان توڕە دەبووم و هەندێکجار دەنگم بەسەریاندا بەرز دەکردەوە و دەمگووت: دەبێ هەموو قەرزەکانتان بدەنەوە.. دەنا من لێتان خۆش نابم. ئێوە ئەی میللەتانی جیهانی یەکەم، ئەمە بانگی منە دەگات بە ئێوە، تا زووە قەرزەکانتان بدەنەوە بە کورد و ئاسیا و هیندەسوورەکان و ئەفریقا.. دەنا من جێگەتان لە دەروونی خۆما، لە کەشتییەکەمدا پێنادەم و خۆتان و دەسەڵاتتان بە لەعنەت دەکەم.

ئیتر هەرایەک لە جیهاندا بڵاوە هەر مەپرسە، بۆیە من شەوان هەروەکو ڕۆژ، ئیش و کارم بووە بە پەرستاری فریشتە و بە دانیشتن و نوستن و ڕۆیینەوە، خەون بە ڕوخساری فریشتە شێوەیەوە دەبینم و هەردەم خەیاڵم لای ئەوە، هەردەم لەبەر خۆمەوە گۆرانی دەڵێم و بە دووپاتی ناوی ئەو گیانی خۆم دەشێلم.. چونکە ئەو پزیشکی شێلانە و گیانم دەشێلێت.. ئەو دکتۆری منە و منیش نەخۆشی بەر دەستی ئەوم.

هەندێکجار هەست دەکەم فریشتە باوەڕی بە من نییە.. هەندێکجار هەست دەکەم ئاگای لە جەوهەری من نییە،، دەنا دەبوو بچێت بۆ لای هێرۆ خان و هاوسەری بارزانی و کۆمەڵێک ئافرەتانی تر، تا پێکەوە بێن بە میوانیی من و

فەرمووی گەڕانەوەم لێبکەن بۆ سەر چیای جود، پاشان دەبوو داوا لە بەرەو حکومەت و سەرانی کورد و نەتەوە یەککگرتووەکان بکات؛ تا بێن و دەستی پیرۆزم ماچ بکەن و دان بە شکۆی دەوڵەتی یەککگرتووی کوردوستانا بنێن و سوێندی یاسابیم بۆ بخۆن کە کوردوستان چەکی تیا نامێنێت و کورد واز لەچەک دەهێنێت.

چونکە کورد لەوەتەی هەیە، بە زۆر چەکی کراوەتە شان و تا ئێستاش بەوە خاوەن ئابڕووە کە وڵاتی کەسی داگیر نەکردووە. کورد بەوە پیرۆزە، عەرەب و فارس و تورک و ئیگلیزیش بەوە تاوانبارن کە داگیرکەرن و من لێیان خۆش نابم تا ئەو کاتەی ئەوان باجی بەتاڵانبردنی خاکی من و نەوت و سامانی وڵاتم نەدەنەوە.

ئیتر لە جیهانی منا، فریشتە و داستان و چیرۆکەکانی ئەو کەرامەتم گۆش دەکەن و هانم دەدەن خۆم ڕۆشنتر ببینم و هەوڵ دەدەم کوردوستان بە خەندەکانی ئەو بە باوەڕی ئەو، بە ئایینی ئەو ڕزگار بکەم. بۆیە کە دەنووم، کاتێک کە چاوم دەچێتە خەو، فریشتە دێت بۆ لام، پێکەوە باسی سلوکی عیشق و دەسەڵاتی غەیب و خۆزگەکانی مرۆڤ و بەهەشت و خواو خواکان دەکەین.. من و فریشتە دەمێکە هاوڕێین و ئەو شووی کردووە بە من.. ئەو لەش و گیانی خۆی پاکژ پاکژ ڕاگرتووە تا من بچم پیرۆزی بکەم بە نەژادی زەردەشت.. بە نەوەی نوێ.

بۆیە دڵنیاتان دەکەم، کە باسی پەیوەستی گیانیی من و ئەو هەرگیز تەواو نابێت. ئەو خۆی شاهیدە کە دەیان مێگابایت ڕستەمان پێکەوە چنیوە و باوەڕمان ئامێزانی باوەڕی یەکە. ئەو خۆی، بە دەستە خرپن وبەوهەستە پیرۆز و باوەڕە شیرینەی کتێبێکی مەزنی دەربارەی هەردوکمان نووسیوە. بەڵام دێوەکانی ترس، دێوە زبرەکانی کورد کە بە ئایین و باوەڕێکی نەزۆک کوردوستانیان داگیر کردووە؛ مافی ئەویان لە ناو کونی مورووییەکدا پەنهان داوە و ڕێگەی نادەن هەناسە بدات، بدوێ و ئازادانە ڕای خۆی بڵێت.

ئەو لە دەروونی دێوەکانا دیلە وەک هەزاران هەزار، وەک ملیۆنەها ئافرەت.. سەریان خواردووە بە باسی باڵابۆش و حیجاب و نیقاب و کەلتووری

سەردەمی جەهل و داتەپینی باوەڕیان بەسەردا فەرز دەکەن و ئافرەت بووە بە قوزەڵقورت لە ئایینی خۆیداو لە هەموو شتێک دەترسێ و خۆی لێ بووە بە شەیتانی لەعین و کۆیلەی پیاو.

بۆیە هێشتا چاوێکی بوونەوەر کوێرە و خوا بە تاکە یەکچاو بوون و ژیان دەبینێت و پشتی کردۆتە دۆزی مرۆڤ و بەرنامەکانی ژیانمان. بۆیە کتێبەکەی نێوان من و ئەو.. خۆزگەکانی من و ئەو، باسەکانی نێوان من و ئەو، هێشتا بە ئێوە نەگەیشتوون.. بە داخەوە.. منیش کەشتییەکەم خەیاڵێکە، هێندەی خەونەکانم بەرین و وەک خۆزگەکانم قات قات! کەشتییەکەی من لە باکان دروست بوون، چونکە ئەوان مەحکەم تر و بەهێزترن و بەرگەی توشی هەر هەڵمەتێک دەگرن.

**<u>تابلۆی یەکەمین میوانداریی فریشتە بۆ نێو کەشتییەکەم</u>**

ئەو شەوەی کە فریشتە هاتە ناو گیانمەوە و کەشتییەکەمی بینی، من دانیشتبووم خەریکی چات بووم لەگەڵ کچێک، کچە کوردێک، نا، لەگەڵ خوودی فریشتە، چونکە ئەو لە کوردوستان و من لەبەستەڵەک بووم.. ئەو شەوە زرمەیەک ڕایچەناندم و سرۆش پارچەیەک، زەڕڕەیەک لە گیانی ئەوی هێنابوو لەگەڵ خۆیدا و زرم سرەواندییە گیانم و ڕاچەنیم. هەستم بە نەشئەیەکی پیرۆز کرد و وامزانی خۆزگەیەک، حەزێکی خۆش و پیرۆز دەروونی تەنیم، هەستمکرد گیانی فریشتە موتربە دەبێت بە گیانم و ئیتر گەرم گەرم تام لێهات و ئارەقەی ساردم دەردەداو لە خۆشیدا دەروونم قوڵپی دەدا و هەستمکرد هەرچی دەردو نەخۆشی و سستی هەیە لە گیانم دەر دەپەڕن و فریشتە لەمسی هەموو گیانی کردم.

ئۆقرەم لێبڕا، چونکە من تا ئەو کاتە ئەوم وەک کچی خۆم تەماشا دەکرد، ئەوم وەک کچی خۆم گۆش دەکرد.. بەڵام ئەو شەوە سرۆش، بە ویستی خوا، نێوانی من و ئەوی تێکدا و ئەوی خزاندە ناو خۆزگە و حەز و ئاواتی لەشیشەوە و سەرتاپای بوونمی داگیر کرد و خۆشایی گەیی بە زگ و پشت و سەرو جەرگ

ودڵم.. چونکە خۆشاییم تێکەڵ بە خۆشایی ئەویش بوو و ناچاری کردم دان بنێم بەو عیشقەدا کە خۆی گۆتەنی، عیشقی ئەو بوو.. ئیتر شەرمم لێبڕاو هەر بەدیار چاوی سرۆشەوە، خۆمم بۆ ئەو ڕووت کردەوانێ و ئەویش بەوپەری میهرەوە دەستی نایە ناو دەستم و دەمی نایە ناو دەمم و تێکەڵم بوو بەبێ چپە و هەناسە ؛ ئارەقە و خۆزگە و ئومێدو خەون و ژیانمان تێکەڵ بە یەکتری بوو و توانیەوە بەسەریەکا و بووین بە مرۆڤێکی پەتی.

ئەو کاتە بوو کە من تیایدا ئیلهامم پێگەیی تا بانگی مژدە بدەم، تا هەست بە ئازادی بکەم بۆ یەکەمجار.. ئیتر توانیم تەخت و تاراخی زیندانە شەختەییەکان بە شەق هەڵتەکێنم و بکەومە وێزەی ڕاسیزم و فاشیزم و ناسیۆنالیزم و ببم بە هەڵگری چەکی خەندەی فریشتە ، و باوەڕ بە خۆزگە و ئومێدو ئامانجی ئەو بهێنم.

ئەو شەوە پێکەوە باسی شەوی دەیجورمان دەکرد، ئەو شەوەی کە نوح لەگەڵ فریشتەیەکدا یەکی گرت، کە لە ڕاستیدا کچی خۆی نەبوو! بە پێی داستانەکان، کە لە ئینجیلا هاتوون، و واداریی ئەوە دەکەن گوایە نوح لەگەڵ کچی خۆیدا تێکەڵ بوو، بەڵام ئێستا هەمووتان دەزانن کە من کچم نییە و کچەکەم لەبار برا لە زیندانا، کاتێک کە من زیندان بووم لە بەستەڵەک.. بۆیە قبوولی ناکەم کەس بڵێت: فریشتە کچمە. چونکە فریشتە خۆی بە کچم نازانێت ونازناوی هاوسەر و ژنی کردووە بە شایستەی خۆی.

ئەو ژنمە، ژنم.. ژنی ئەم سەردەمەم.. ئیتر بێ ئێوە ناخۆش، کاتێک فریشتە کەوتە گیانمەوە، کاتێک هاتە ناو کەشتیی حەتاڵ و بەتاڵم، سەری سوڕما لەو خەیاڵە، لەو بەهرەیە، لەو شاکارە مەزنەی کە لە فەرموودەکانی مندا دەیبیست، کاتێ کەچووە نهۆمی حەوتەم و ژووری نوستنی خۆی دیت! باوەڕی هێنا بەوەی کە خەیاڵ دەتوانێ کەشتییەکی لەو جۆرە بنیات بنێت.. ئەو شەوە لە ڕاستیدا من تازە تەواو بوبووم لە دروستکردنی کەشتییە خەیاڵییەکەم و کەشتییەکەم لە پەیکەری نەهەنگ دەچوو و مێروولە و جاڵجاڵۆکە و لەقلەق کاریان تیادا دەکرد و جێگەو ناوی یەک مرۆڤیان لە ناو حەوت نهۆمی کەشتییەکەمدا نەنووسیبوو.

تەنها ناوی فریشتەیان لەسەر دەم بوو.. ئیتر کە فریشتە گەیشت، قەدەمی بەخێر، بووم بەم مرۆڤەی بتوانم باوەڕی یەقین بە دەسەڵاتی خۆم بکەم و بتوانم دان بە خۆما بنێم.. چونکە مرۆڤ زۆر بێنرخە بە تەنها گەر کەسێک باوەڕی بەو نەبێت، بمرێت چاترە، چونکە مرۆڤ دەبێت لە ژیاندا جێگەی باوەڕی کەسێکی تریش بێت.

جا مرۆڤ کەسێکە کە خاوەن دوو هاوڕێ و خۆشەویستێک و مێردێکی پەسەندە بێت، من ئەو شەوەی کە ئەو گیانی هاتە نێو کەشتییەکەم، گیانم یەکی گرت لەگەڵ گیانی ئەودا و هەستم بە ئازادییەکی پیرۆز کرد.. بۆیە پشتم کردە حەزرەتی سارا، چونکە ئەو باوەڕی بە من نەبوو، وایدەزانی من بەهەڵە هاتوومەتە دنیا و بەهەڵەش لەناو مرۆڤەکاندا دێم و دەچم و کەس باوەڕی بە من نییە. بۆیە لێرەدا پەیامێک ڕوونە، ژیانی هاوسەری و پێکەوە بوون، ئەگەر بێبەری بێت لە گیانی باوەڕ هێنان بە خۆزگە و ئومێدەکانی یەکتر، دابڕان و جیابوونەوەیان پیرۆزترە لە پێکەوەبوونیان!

خۆ تابلۆکانی ئەم کتێبە ڕاستییەکی پەتین و ئەوەی باوەڕ ناکات، گوناحی دەگات. بۆیە باسی ئەو شەوە، و خۆزگەی ئەوشەوەو ئۆخژنی ئەوشەوە تەواو نابیت، چونکە فریشتە ڕاستەوخۆ کە تێکەڵم بوو، چەکی خەندەی کردە شانم و باوەڕی خۆی بۆ داگیرسانم و هاتە نێو باوەشمەوە.. ئیتر منیش ئەو شەوە تا بەرەبەیان، تا تیشک ڕوخساری ڕووناکنەکردینەوە، وازمان لە جۆش و خرۆش و تێکەڵبوون و هەژانی یەکتری نەهێناو زمانمان قفڵ بوبوو، دەستمان وەک سەری چوار لەقلەق پشت و سک و ناوگەڵ و سنگ و شانی یەکتریمان دەشێلاو خۆزگەمان دەگەیی بە گەردوونی یەکتر. خۆشاییمان دەبوو بە هەنگوین و تامی یەکتریمان دەکرد.. هەر ئەو شەوە پیرۆزە بوو کە مانگ تیایدا پڕ بوو، کە تیایدا ئەستێرەی داودم بینی و فریشتە هاتە خەونم و هاتە نێو کەشتییەکەم و فەرمووی: توخوا ڕێگەم بدە تا ببمە ژنت.. دەدەی پێم بڵێ ژنەکەم. منیش بەوم فەرموو: تۆ ژنی منی. تۆ گیانی منی، تۆ خۆشەویستی منی. ئیتر هەستم بە گەیشتنی پەیام کرد، هەستمکرد برامەوە و سرۆش ڕزگاری کردم لە تەنهایی و غەم و دەردی دوری و خۆزگەی گەڕانەوە..

بەڵکو خۆزگەی گەڕانەوەشم کرد بە تابلۆیەک و لە فەیسبووکەوە ناردم بۆ هەموو سەرکردەکان...

بڕیاریشم دا بگەڕێمەوە بۆ کوردوستان و یەکساڵ سەفەر پێش بخەم.. لەبەر خاتری ژنەکەم.

ئینجا با هەموو دنیا ببن بە دوژمنم، با هەموو دنیا بێن و بەردبارانم بکەن.. با هەموو جیهان گوێی خۆیان کەڕبکەن و هیچ نەبیستن وەک پێشتر بەرامبەر بە نوح کردیان.. بەڵام من لە جاران باوەڕدارتر هاوار دەکەم بەسەر جیهاندا و بەوان دەڵێم: هەی کافرینە نەوەی نوح دوچاری هەراسانی هاتووە لەناوتاندا و ئێوە گوناە لە ژیاندا زۆر دەکەن.. ئێستا سەرەتای ڕۆژی بەرێیە و جیهان بەرەو نغرۆ بوون دەچێت و سامان و کەلتورو دەسەڵاتتان دادی کەستان ناداو دەبێت بەسەر خۆتانا بچنەوانێ و بێن دەست و شان و سەری من ماچ بکەن.

چونکە من باوکی پەیامبەرەکانی هەموو جیهانم و دەمڕاستی ئایینەکان منم.. بەڵێ منم ئەو کەسەی کە دەبێت گوێم بۆ ڕادێرن، چونکە بە مەستی و بە ئاگایی و بە هۆشیاری و بە شێتی و ئاقڵیش.. بە زمانی باپیرانتان دەدوێم و دەمەوێت کورد چەک دانێت و ئارارات ڕزگاری بێت لەبەڵاو هەڵمەتی دڕندەی تورک و فارس و عەرەب.

ئاخر ئەم کافر بابانە سومعەی ئایینی کوردو نەژادی کورد یان برد و یۆنانیشیان داگیر کرد، ئیسپانیاشیان فەتح کرو هاتن هەرچی ڕۆڵە و لاوی کورد بوو کوشتیانن و سەربڕین و هەر دێوێک لە دێوەکانیان چوار ئافرەتی کوردیان دەبرد و دەیانفرۆشتن و هەتکیان دەکردن و کەلتوری کۆیلەییان سەپاند بەسەر شکۆی شاخەکانی زاگرۆس و حەمرین و ئاگرین و برادۆست دا.. هاتن ویستیان تەماح بکەنە چینیش، بەڵام خواکانی چین ڕەنج بە عەبەسیان کردن.

بۆیە کورد، ئەوەی یەک زەڕڕە کەرامەت لە باوەڕ و ئایین و وجودیا مابێت، نابێت نوێژ بە عەرەبی بکات.. چونکە عەرەب داگیرکەر و زۆرلێکەر و بە زمانی کاتزانزاکی دێون.. ئەو لەمن باشتر عەرەب و تورک و فارس دەناسێت.. ئەمانە هەر داگیرکەرو دڕندە بوون، کافکاش وادەڵێت.

ئەوانە کە دوای تۆفان لە ناو لم و بەفرەوە سەریان دەرهێنا- بۆیە بەڕەوشت و خوو؛یان زۆر ساردن یان زۆر گەرم.. ئەوان بەوەدا بناسەرەوە کە باوەڕیان بە ئافرەت نییە. کە قینیان لە ئافرەتە، کە جنێو بە ئافرەت دەدەن، کە هەڵدەکوتنە سەر ناموسیان و هەتکیان دەکەن.

جا هەش بەسەر ئەو ئافرەتانەی کە بەعس بە دیاری دانی بە موبارەک و عارەفات و شیوخی سۆماڵ و سۆدان! ئێوە نازانن بەعس چیی بە کورد نەکرد، ئیسلام چیی بە کورد نەکرد، ئەی قورئان! قورئان بۆ ناهێننە ژێر باس؟

بەڵام نەکەن لێپرسینەوە لەگەڵ مندا بکەن، چونکە ئەوسا پشت دەکەمە ئایینتان! ئەمە پەیامە بۆتان!...!

ڕۆژێکیان، دانیشتبووم بیری خوشک و دایکی خۆم و بیری فریشتەم دەکرد.. زۆری نەبرد زەنگ لێیداو خوشکە ناوەنجییەکەم لە کوردوستانەوە تەلەفۆنی بۆ کردم.. وتی: ئەوە چیتە باوکم، دەڵێن سەرت لێشێواوە و بەتەمای بێیتەوە ناومان! هیچت هەیە؟ شتێکت بە دەستەوەیە؟ بۆ دەگەڕێیتەوە؟ ئەی نازانی دەتکوژن؟ باسی ئایین و مەزەب و خوا نەکەی؟ دوایی ئیسلامییەکان دەتکوژن، بڤەیە.. سەر لەخۆت مەشێوێنە و کەس پشتگیری لە تویەکی شێت ناکات، هەر خۆیان دەتکوژن، هەر ئەوان دەتبەنە پەنایەکەوە، یان بە داوەتێک زەهرخواردت دەکەن و وەک تڕی بن گۆم ون دەبی و هەر کەسیش بە خەیاڵیدا نایەت.. بڕۆ هەستە شایەتمان بێنەو دوو دێڕ قورئان بخوێنەرەوە تا کەمێ نوری خوا لە دەورت بگەڕێت، بەساقەو بم، من بۆ خۆتمە، سەر لە خۆت و ماڵ و منداڵ مەشێوێنە، کوردایەتی بۆ کێ دەکەیت؟..

ئەمانەو زۆر ڕستەی تر و دووپاتیش. پڕی کردم لە لەشکری ترس و جەندرمەی دێوو خێوی عەرەب. ناوچەوانم گرژ بوو کاتێک بینیم خوشکەکەم کەرامەتی داوەتە دەست باوەڕی عەرەب و دەیەوێت بەوان چاوشکێن و چاوترسێنم بکات.

زۆر بریندار بووم، کاتێ کە لامکردەوە بەرەو لای چەپ و خانەی کتێبخانەکە و ڕەفەی کە قورئانەکەی تیا بوو.. قورئانم لێبوو بە یەک لەشکری مەزنی شیر و تیر لەدەست و هجومیان هێناو کەوتنە سەربڕین و زمان بڕین و دەست بڕین

و تێڵا تێبڕینم! درۆتان لەگەڵا ناکەم هەر خودی سەلاح الدین لە پشتەوە هەڵی کوتایە سەرم و بە دەستی خۆی سەدان هەزار ئافرەتی کوردی مناڵی سەربڕی.. هێندە ترسنۆک و نامەرد بوو، باوەڕی خۆی گۆڕیبوو، لە داخا هەرچییەکی دەگرت گەر بیگوتبا کوردم، گۆشاوگۆش سەری دەبڕی. دەزانن بۆ؟ چونکە هەستی دەکرد میللەت کەرامەتی خۆیان لەدەستدا کاتێک هێشتیان کچەکانیان عەرەب داگیریان بکات. ئەمە کافریش قبووڵی ناکات.. ئەمە ئەوی دەهری کردبوو!...

ئیتر ئەو شەوە، تەنها فریشتەم هەبوو پەنای بەرمە بەر.. ئەو شەوە قورئان بۆ یەکەمجار هەڵمەتی کردە سەرم.. گەرچی بە خوشکەکەمم فەرموو: من ڕێزم هەیە بۆ ئیسلام، بەڵام من ئایینی خۆم هەیە. من زەدەشتم لا پیرۆزە و ئاهوڕامازدام خوامە ، و بەر لەوانیش نوح بووم و باوەڕم بە پەرستاریی ئازادە.. دەشێت هیچیش نەپەرستم، چونکە خوا پێویستی بە پەرستار و عەبدو جاهیل و جامباز نییە.. بەڵکو بەس تۆزێک خۆشمەوێ.. دەزانن بۆ؟ چونکە خوا بە تەنها خوای من نییە. بەڵکو خوای خواکانیشە.

ئایین بۆی نییە تۆڵەسێن و خوێنڕێژ و سەربڕ بێت. ئایین نابێت باوک و برا بکات بە دوژمنی کچ و خوشک و دایک و بچێت سەریان ببڕێ و بیانکوژێت یان بەردبارانیان بکات.. ئەمە کفرە، جورمە و گوناهێکی کەونیشە. خوێن ڕژان بەناوی خواوە ژینگەی دەروون و باوەڕ و جیهانیش پیس دەکات، بۆیە ئاوا ژیان شێواوە ئێستا.

ئەمە تکای خواوەندی منە: ئایین نابێت چەک بداتە دەست خەڵک، ئەوەی بە ناوی ئایینەوە سەری کەسێکی بڕی، وەک ئەوە وایە سەری خودی خواوەندی خۆی بڕیبێت. جا ئەوانەی هەڕەشە و گوڕەشە دەکەن و جنێو دەدەن و بەناوی خواوە سەردەبڕن و زمان ودەست دەبڕن.. دێوی هیچ ئایینێک نین.. چونکە ئایینەکان باسی دێو بە باشی ناکەن. فریشتەش کاتێک کە گوێبیستی ئەم پەیامانە دەبوو.. بەزەیی بە خوشکەکەمدا دەهاتەوە و زیاتریش بەزەیی بە مندا دەهاتەوە.. وایدەزانی تۆقیوم.

بۆیە ناچار بووم بەو بڵێم: من بەسەر ترسا زاڵم. ترس نییە کە ڕێگری پرۆژەی منە، بەڵکو بێباوەڕیی گەل و پارتەکان و میللەتەکەمە! دەنا دەبوو ئێستا لە کوردوستان بم. بە داخەوە، جا ئەگەر نەگەیشتم و کەس نەیبینیم لەو ڕێگایانەدا؛ ئەوە مانای وایە کە کەس باوەڕی بە من نییە.. منیش بیر دەکەمەوانێ، چی بکەم؟!....

فریشتە کەشتییەکەی منی دیوە. بەڵام هەندێک نهۆمی نەدیوە.. ئەو شەوانەی کە بەخەون و ڕاستی دێتە ناو کەشتییەکەم و میوانی منە، هەوڵ دەدەم گۆشەیەک، نهۆمێک، چینێکی نیشان بدەم، هەندێکجار خۆی هەست دەکات کە ناتوانێت وەک من پارچە پارچەی کەشتییەکەم ببینێت. چونکە هەندێکجار ئەو کوێر دەبێت، چاوی نابینێت.. وەک هەندێک لەو پشیلانەی کەماڵی نابن.. بە ڕۆژ دەردەکەوێت.

## تابلۆی جوانیی فریشتە

فریشتە هەموو سنوورەکانی جوانیی بەزاندووە و گەیشتووە بە کارمای زەردەشت و نوح، بووە بە مرۆڤێکی ڕووناک و ئاگری عیشق لە دەروونی بەر بووە و خوی داوەتە من و پێکەوە یەکتریمان خۆش دەوێت و بە چەکی خەندە کانی خۆی و باوەڕی من -عیشق بڵاو دەکاتەوە بە ناو دڵ و دەروونی نەوەی نوح دا و بانگەوازی من دەنێرێت بۆ دایکم ودایکانی جیهان و سروشت و.. سنوری کوردوستان بە چەکەکانی دوژمن خۆیان دیاری دەکات و بەتاقی تەنها دەتوانێ هەموو جیهان بە خەندەکانی ڕزگار کات، چونکە فریشتە هێندە جوانە لە خەندەکانیدا؛ نەبێتەوە.. ئەو بە ڕاستی کچی فریشتەیەو چاوەکانی دایکی ڕۆشنایی بوونەوەریان تیادا دیارە و سەلمێنەری پەیامی زەردەشتن.. چونکە هەم فریشتە و هەم دایکی، لە کەین و بەینی ژن و پیاو سەر دەردەکەن و دەتوانن پێکەوە پشت بەخوا کۆڵەکەکانی بەهەشت لەسەر پشتی خۆیان هەڵبگرن.

فریشتە جارێکیان فەرمووی: سەربەستە سەربەرزەکەم عیشقی تۆ دڵی ڕەنجاوی خواکانیش دەبزوێنێت. دڵە شکاوەکانیش چاک دەکاتەوە.

ڕاستی کرد فریشته، چونکه نازانێت لەو کاتەوەی کە من وێنەی ئەوم دیوە، عیشقی لە دڵم چەسپیوە گۆڕان گۆتەنی.. ئاسمان هەندێکجار تاریک و هەندێجار ڕۆشن و لە دەروونی مندا ڕووناک دیارە.. چونکە توانیم شکۆی فریشتە ببینم و ڕازی بم بەوەی کە ببمە هاوسەرو دۆستی هەمیشەی.. پیاو نازانێ تەماشای کوێی بکات! نازانێ چاو بە چیدا هەڵهێنێت، شکۆ یان جوانی؟ هەست یان نەستی؟ پێستی سکی، پشتی، مەمکی، پوزو ڕانی ئەو لە هی مرۆڤ ناچن.. چونکە ئەو کچی فریشتەیە، هێندە جوانە نەبێتەوە. کە تەماشای ئاسمان دەکات، خۆی گۆتەنی من دەبینێت، من دەبینێ لە ئاسمانی بەرینا لەگەڵ سرۆش و پەیامبەرەکاندا لەسەر خوان پاڵم لێداوەتەو و هەست بە ترس ناکەم..ئیتر وا دەزانێت هەموو ژیان بەختەوەرەو لە خۆشیدا بەمن دەفەرموێت: دە وەرە بۆلام فریشتە با میوانت بێت لە کوردوستان! دێی بە میوانیم ؟ ببمەمیوانت لە کوردوستان؟

ئاخر خوا هەڵناگرێت ئەم فریشتەیە پڕ بووە لە من و منیشی پڕ کردووە لە خۆی و نازانم ژیان بەرەو کوێمان دەبات و من هەردەم لە زکرو فکری ئەودام و ئەویش هەمانشێوە... ئیتر نازانم چی بڵێم، خۆ لەڕووم نایەت باسی ئەوەیان بۆ بکەم چۆن تێکەڵ دەبین بەیەک و دەتوانین بە سیحر کەی بمانەوێت یەکتری بگرینە کۆش و بگەین بەیەک و تێر تێر یەکتری بژەنین..

فریشتە لەو مانگە شەوەدا کە باسمکرد لە خەونەکەمدا، فەرمووی: من دوای حەوت دانە ساڵ بەستن، خەریکبوو سک و پشت و جگەرم هەڵدەتەکا، خەریکبووم دەمردم کاتێ بە دیداری تۆ گەییم، سەربەست، باوەڕ بکە من دوای تێکەڵبوون بە تۆ، سوڕی خوێنی مانگانەم پژاو ناوسکم پاکژ و ئامادە بووەوە بۆ زاییینی منداڵی تۆ و مەیلی بوونم بە ژنی تۆ - ئازار لە گیان و سک و پشت و جگەرما نەماو ئیتر ئامادەم ببم بە دایکێکی میهرەبان و کۆرپەت بکەمە دیاری تا نەژادی کوردی مەرد زۆر بکەیت و نموونەیان زۆر بێت.

منیش لە خۆشیدا دەبووم بە نوح، بە زەردەشت، بە ئیبراهیم، بە مەسیح، بە مووسا و بە هەریەکە لە پەیامبەرەکان و دەبووم بە میوانیی خواو خواکانی هەموو بوون و بوونەوەر.. لە خۆشیدا دەبووم بەو منداڵەی کە لە سکی خۆی

دێته دەر و دەبووم بە مرۆڤێکی ڕەسەن و دەگەییم بە جەوهەر و تاموچێژی عیشق.. سەرم دەسوڕما لە جوانیی ئەوو ڕووناکیی گیان و بیرو دەروونی.

هەرچەندە دەمکرد و دەکۆشام، نەمدەتوانی وەک مرۆڤ تەماشای بکەم، ناچار لە پێشا بە دزییەوە دەمپەرست، دوایی هەوڵمدا دەمووچاومی نیشان بدەم، تا ڕادەی عیشقم بپێویت.. پاشان ئاشکرامکرد و فەرمووم: من ملکەچی داوەریی تۆم.. من تۆ دەپەرستم.. گەر تۆ من بەگەن بکەی بە پیاوی خۆت، شەرت بێت منیش بتکەم بە ژنی خۆم.. چونکە ژنی من کەسێکە ڕووناکە و نوچ بۆ دێوەکان دانادات.

لە ئایینی مندا جێگەی دابڕان و جیابوونەوە هەیە بۆ ئەوانەی کە نایانەوێ نەوە لە پیاوێک بخەنەوە کە پەشیمانن لە هاوژیانی لەگەڵیان. ئافرەت دەبێ تا سێ ساڵ منداڵ لەگەڵ مێردی یەکەمی دروست نەکات، تا مافی خۆی بپارێزێ و توانای جیابوونەوەی هەبێت. ئەمە مافە و گریمانە نییە.. ئازادیشە سەرپشک بێت. مافی خۆیەتی تێکەڵ بێت بە کەسێکی کە بۆ دڵنیابوونی لە خواستی ڕاستەقینەی خۆی. بۆ گەیشتن بە عیشق، نەک بە خۆشی و هەوەس! جا ئەم هەویرە ئاو زۆر دەبا، گەر گوێم لێ نەگرن.

ئیتر چی بێت لە ئێوە نهێنی من فریشتەم کرد بەتاقانەی گیانم و حەزم لێی کرد.. ئێ با کوردانە بە خوێنەری هێژا بڵێم: منیش شاهانە خۆم هەڵدایە سەر شانی ئەسپەشێی خەیاڵ و ڕۆستەمانە لغاوی خەیاڵم توند گرتە دەستم و بە زمانی دایک بە هەستی پەتی ، بە باوەڕی مەم کەوتمە بەردانی لغاوی عیشق و یەک بەیەکی داستانی ئەو کیژانەم بۆی باس کرد کە خۆشم ویستوون تا ئێستا، باسی کوردوستان و ئاشتی و ئاوازو تریفە و شەوبۆ و ڕووناک و حەبێ و خەجێ و عایشەو فاتمێم بۆی کرد... خۆی بە دەستی خۆی باسی کوردوستان و ئاشتی و ئاوازی لە پەیجەکەی فەیسبووکی خۆیدا پەخش و بڵاوکردەوانێ و تێر تێر باسی ئەو عیشقانەی منی بیست کە گشتیان بە جۆرێک منیان گۆش کردبوو، گشتیان منیان بۆ ئەمڕۆ گۆشکردبوو تا فریشتە بناسم و خۆشم بوێ و عیشقی بم بۆ هەمیشە.

ئەویش باسی خۆی و دڵدارییەکانی خۆی بۆ کردم، باسی مێردەکەی، باسی ترس و لەرز لە عیشق و جوانی.. باسی ئەوەشی بۆ کردم کە کەلتووری کورد هێندە ئایین سز بووە کە ڕۆژانە دەیان کچی کورد خۆی دەکوژێ و خۆیان دەسوتێنن و زۆریان لێدەکرێ و مەلاو فەقێ و ئیمام و شێخ هەتکیان دەکەن بە ناوی ئایینەوە و ناتوانن جوانیی خۆیان کە خوا بەوانی بەخشیوە نیشان بدەن، و بەزۆر ناوو باوەڕ و بونیادی شکۆیان دەگۆڕن بە ناوی کچانی عەرەب و کچی ئیمام و پەیامبەری عەرەب. فێری پەرستنی جەهل و ناکەلتووری عەرەبیان دەکەن و دەیانکەن بە دوژمنی جوولەکە و یەزد و یەهوا و زەردەشت و هتد...

فریشتە باسی زۆر شتی بۆ کردم کە ناچاری کردم ساڵێک زووتر بڕیاری گەڕانەوە بدەم بۆ کوردوستان.. چونکە کار لەکار ترازابوو، هەرچی ئافرەتانی کورد هەیە نابوویاننە ژێر تێڵاو شەق و زەبرو تەعدای مەلاو بازاڕی مەلایان خۆشکردبوو و مەلا بوبوو بە شەڕێکی دیار و تێڵای دەبڕییە ژنانی شار!

ئیتر منیش سەرم لێشێوا و بەرچاوم تاریک بوو، کاتێ کە دەمبینی چۆن بە ئاشکرا مەلاکان جنێو دەدەن و دەم پیسن و میللەت بەرەو جەهل و بێشەرمی و زوڵم دەبەن و ئافرەت ڕسوا دەکەن.. ناچار بووم ساڵێ زووتر جاڕی هاتنی ڕۆژی بەرێ بدەم و لە تابلۆی پەیامی گەڕانەوەی حەزرەتی نوح دا کە فریشتە تۆماری کرد لە پەیجی فەیسبووکدا.. من بڕیارم دا لە . 2012..03.21 دا بەپێ بکەومە گەڕ و بگەڕێمەوە بۆ کوردوستان... خوا هەڵناگرێت خۆشەویستی ئەویش لەولاوە بووەستێت، چونکە ئەو گۆت بوبوو لە خەما ملی بۆ ڕاست نەدەکرایەوە، هەمیشە لێوەکانی خۆی دەکرۆشت.

دەزانن بۆ؟ لەتاو جەهلی پیاوی سەردەم و ئافرەتی نەزان، لەتاو درۆی زاڵ بەسەر کەرامەتی مرۆڤدا و ئابڕوچوونی ژنان و هەتک بوون و بێحورمەت بوونیان.. فریشتە چارەی زۆر ئافرەتی بوغزن و قین لە دڵ و ڕووپۆش لەسەری نەدەویست، قینی لەوانە دەبوۆوە کە لە ئایینی خۆیان دەچەرخان و زانستی ئایینێکی تریان دەخوێند و دەبوون بە جاشۆلکە و قاترو ماکەر بۆ پیاوەکانیان.. ئەوانیش بە ئارەزووی خۆیان هەڵیاندەکوتایە سەریان و ئابڕوویان دەبردن بە ناوی ئایینەوە. بۆیە ئەو هەر لێوی خۆی دەکرۆشت و لەشەڕو

خێری ئیسلام و بودیزم و مەسیحییەت تێنەدەگەیشت، نەیدەزانی بۆ جیهان خوێنی بەر بووە و کێ تاوانبارە!

فریشتە سەری لێشێوابوو لە ناوماندا، کاتێ گەیی بەمن و هاتە نێو کەشتییەکەمەوە.. فەرمووی: بابە، ئاخر من زمانم شکاوە و هەستم تەزیوە لەناو مرۆڤی کورداو کورد کچانی خۆیان و ژنەکانیان بەردباران دەکەن و سەریان دەبڕن. بابە ژیان بۆ وایە؟ منیش فەرمووم : کچم، ژیان وەها نییە کە ئێمە خوومان پێوە گرتووە. مرۆڤ لە مەیموون نییە ها کچم، مرۆڤ نابێت بە دێو و دێوپەرست و دڕندە.. چونکە لە جەوهەری مرۆڤدا ڕەگی ئاشتی و ئازادی و عیشق هەیە.. گوناهن ئەوانەی کە نازانن و تێیناگەن، کە مرۆڤ دڕندە نییە ؛ بەڵام فێری لاسایی کردنەوەی کەلتووری دڕندە و ئاژەڵی ناجۆر بوون، خۆ ڕەجم کردن کەلتووری ئاژەڵ و دڕندەش نییە و کەس نازانێ ئەم ناهەقی و سزاو تاوانە لە کوێوە ڕۆچوونەتە ناو گیانی کۆمەڵگەکانەوە و بۆ دەستبەرداری نابن!...

مرۆڤ وەها نییە کچم کە ئێمە دەیبینین!... فریشتە سەری سوڕما لە فەرموودەکانم و بەخۆیا هاتەوەو ڕووناک بووەوە. فەرمووی: دەزانم، بابە گیان دەزانم، دە بۆچی زوو نایەیتەوە بۆ لام؟ ئاخر من بیرت دەکەم، حەز دەکەم بتکەمە کۆڵ و بتبەم بۆ بن دارگوێزەکان. منیش فەرمووم: ئەگەر کوردوستان ئەو ئازادییەی تیا بێت.. ئەوا مانای وایە کورد پێگەییوە و زەردەشت ڕاپەڕیوە و جیهان ڕزگاری دەبێت و منیش دێمەوە ناوتان.. چونکە من باوەڕم بە ئاشتی هەیە و ئاشتی پەیامی کوردە بۆ جیهان.

کەچی دەمبینی لە پڕ فریشتە وون دەبوو.. لە پڕ داگیر دەکرا.. لەپڕ هەڵیان دەکوتایە سەری، لە پڕ زەبرێکیان لەو دەدا و زامێکیان دەکردە جگەر و پارچەیەک لە دڵیان دەبڕی و دووچاری گێژاوی هاری و پەستی و ئازاری دەروونی دەبوو. وای لێدەهات، کە یادهێنانەوەی منیش گومانی دەخرۆشان و زویر دەبوو!

ئیتر کە شەوان دەهات بە میوانیی کەشتییەکەم، دەگەڕا، دەگەڕا.. کۆی نهۆمەکانی دەروون و بیرم دەگەڕا و دوایی دەهاتە سەر نهۆمی حەوتەم..

دەهاتە کۆڵم.. دەیلاواندم، گۆرانیی بۆ دەووتم و ئاوازی بۆ لێدەدام بە فیکە لێدان و لاسایی سیسرک و بۆقی بۆ دەکردمەوە.. و باسی قالۆنچەو مشک و چۆلەکە و قومری و باسی ماری عاشقە و ماشقە و هەر باس بوو و لە نێوانماندا نەدەبڕایەوە.

دەمانتوانی بە سەعات پێکەوە باسی دەنووکی کۆترێک یان زەرنەقووتەیەک بکەین.. دەمانتوانی پێکەوە باسی خواو خواکان بکەین، باسی ئایین، باسی جوانی، باسی هونەر، باسی عیشق و دڵخوازی و پەروەردەی لاوان و ئەدەبی لاوان و بەرنامەی ژیان بکەین.. پێکەوە دەبووین بە کتێب و نەماندەوێرا بڵاویان بکەینەوە.. شەوی سرودێک، پەسنایەک، پەیامێکمان دەنووسی.. هێندە پڕ بوبووین لەیەک، دەمانتوانی ئاسمانەکان بار کەین پێکەوە.. دەمانتوانی بە چەکی خەندەی هەردوکمان جیهان پڕ بکەین لە هەستی هونەر و جوانی.

کەچی بەداخەوە، فریشتە هێندە ترسێنراوە، ناتوانێ ئەو باڵانە ببینێت کە من بەوم داوە.. ناتوانێت باوەڕ بکات کە گەیاندنی باوەڕی باش؛ باڵی ناوێت. بۆیە هەندێکجار، ئەستێرەی بەختی نێوانمان دەکوژایەوە.. فریشتە هەراسان دەبوو و دەهاتە لام و لە ژوورەکەما دەیگووت : بنووسە.. بە بێهۆشی و هۆشداری و مەستی و گێلی و نەزانی، بنووسە داستانی هەستی عیشقت بۆ فریشتە. چونکە ئەو دایکی فریشتەیە و پشتت نادا لە زەوی. ئەو باوەڕی پێتەوە.. ئەو دێت و دەتکاتە کۆڵ.

سرۆش هەندێکجار لەرز دەیگرت و خۆی دەکردە باوەش و بچووک دەبۆوە.. دەترسا و سام دەیگرت، کە منی دەبینی پەشموردە لە کەرامەتی فریشتە دەڕوانم. بۆیە تێیدەخوڕیم و دەیفەرموو: ئەرێ ڕۆڵە ئەوە چیتە، بۆ وا تەنهاو پەسیو لە دیار و وڵات و جیهان دابڕاویت؟ چیتە کوڕم، بۆ بێدار نابیتەوە؟!

منیش دەمگووت: ئەگەر لە جیهاندا کەسێک باوەڕی بە من نەبێت.. مانای وایە من بۆم نییە هیچ پەیامێک بەکەس بگەیەنم، وا نییە سرۆشی مەزن؟ سرۆش لێم دەهاتە دەم و دەیفەرموو: ئەی ئەوە نییە فریشتەم بۆ هێناوی ! بەداخەوە کە ئایینی میللەتێکی تر ئێوەی ئاوا بە ترسەوە گرێ داوە؟!..

منیش هەڵدەستامە سەرپێ.. وەکوو کەر دەمخواردەوە، تا گێژو حۆل و کەر بم.. هەر خەریکی جگەرە کێشان و مەستی بووم و دابووم لە کەرێتی. چونکە باوەڕم نەدەکرد فریشتە بوونی هەبێت! هەستم دەکرد من وڕێنە لەگەڵ خۆما دەکەم!.. خۆ من پرۆفایلی فریشتەشم نەبوو لە فەیسبووک و هێشتاش نیمە!.. هەستم دەکرد ڕاستە لە پەیوەندیدام لەگەڵ کۆمەڵێ کچ و ئافرەت و ڕۆژنامە نووس و هەواڵنێردا، بەڵام خۆشەویستم نەبوو لە ناویاندا بە پلەی باڵا! کەسێ نەبوو ناوی فریشتە بێت لە ناویاندا.

چونکە فریشتە خەونێک بوو لە ژیانی منا.. هەستێ بوو بۆ وروژاندنی پەیامێک، ئەو پەیامەی کە مرۆڤ بۆی هەیە ببێتە هاوسەری کەسێک، کاتێک کە پەشموردە دەبێت لە هاوسەرگیری، و کەس بۆی نییە ناهەموار و دزێو لە هەڵوێستی بڕوانێت. لە کاتێکدا کە کۆمەڵگە مافی ژن و ئافرەت دابین دەکا و ئازادی دەکاتە پێشەنگی یاسا و مرۆڤ هۆشیارانە بڕیار دەدات. خۆ لە هیچ کەلتورێکی ئەم سەرزەمینەدا ڕادەی هۆشیاریی مرۆڤ وەک یەک گەشە ناکات.. بۆیە دەبێ چاوپۆشیکردن لەو هەڵوێستانە بکرێ کە ژیانی کەسانێک بەرەو ژیانێکی ڕاستتر دەبات.

باوەڕم نەدەکرد فریشتە بتوانێت بێت بۆ لام، یان من بچم بۆلای.. یان بوونی هەبێت! هەندێکجار شێتانە خۆمم دەبینی و سارای هاوسەریشم هەستی بەوە دەکرد کە من خڵەفاوم! منیش لەهەمان هەڵە ئاڵابووم، وەک پیاو هەستم دەکرد کەچم بەرامبەر بە دۆزی هاوسەرو منداڵەکانم و سرۆش هەڵە بەرنامەکانی لە گیانمدا دابەزاندووە و خەریکم هەڵەیەکی مەزن دەکەم. بەڵام سارا، لەبەر ئەوەی وایدەزانی من لە خورافەدا ئۆقرەم گرتووە، لەبەر ئەوەی کە دەیزانی فریشتە لە ژیانا بوونی نییە.. بە پێکەنینەوە بە منی دەگووت: گەر لاوێک لەوپەڕی دنیاوە عیشقی تۆیەو تۆش ئەوت دەوێت، بێگومان مافی خۆتە واز لە ئێمە بێنیت و ئازادیت گەر دوای ئامانجێکی باشتر بکەویت، من دەست بەردارت نابم.. بەڵام لە کەلتوری بەستەڵەکدا من خاوەن مافم.

بەڵام بە خەو ئا.. ڕاستە.. من بە خەو و لە خەوا لە فەیسبووک کچێکم هەبوو ناوی فریشتە بوو! دەیناسم، خۆشم دەویست.. ئەو پێویستی بە زانیاریی سێکسی و گشتی و دەروونی هەبوو و لە منەوە فێر دەبوو!

ئەو گیانی خۆی لە گیانی من ترازاندبوو.. بەڵام منی تەنها جێهێشتووە. ئەم وەڵامانەم لافاوی چاوی سرۆشی پڕ دەکرد لە شەپۆل و شەپۆلم دەدی دەمی کەفکردوو سەری خۆی دەدا بە کەلای چاویداو سەرشێتانە هروژمی دەکرد و شەپۆل چەند گوندو دێیەکی ڕادەماڵی.. کەس باکی نەبوو جیهان چیی بەسەر دێت و دێوەکان دەیانگووت کۆسپی ئێمە نییە.. ئێمە خراپە دەکەین و دەزانین کە سروشت بەر لە ئاسمان سزامان دەدات.. بەڵام ژیان هەر بەردەوام دەبێت.

بۆیە من وای بۆ دەچم کە فریشتە بوونی نەبێت لە ڕاستیدا! باوەڕم بە پەیجی فەیسبووک سست بوو، باوەڕم بە کەناڵ و ڕۆژنامەکانیش نەمابوو.. چونکە دەمزانی جیهان دووچاری شەڕ بووە و دەمویست دەربازی بکەم، چونکە هەستم دەکرد و باوەڕیشم وابوو، کە من مرۆڤێکی ڕزگار کەر و بنیاتنەرم.. جا خوای دەکرد سەدجاری تریش شێت دەبووم!

بەڵام نەمدەتوانی ئەو ڕزگار بکەم.. چونکە فریشتە باڵی نەبوو.. چونکە من پێویستم بەوە بوو تا پشتگیریی کەسانێکم هەبێت بۆ نیشاندن و سەلماندنی باوەڕ.. بۆیە سرۆش لە مندا دین بوبوو. بەڵام سەرەڕای گومان و بێباوەڕی کە ژینگەو کۆمەڵ فریشتەیان پێ بێباوەڕ کردبوو.. من ئومێدم بەو بەرز و مەتین بوو.. هەستم دەکرد ئەو باوەڕی بە منە و یاریدە دەرو هاوگیان و هاوژینیشمە.. دەزانن بۆ؟ چونکە خۆشم دەویست.. چونکە ئەو گیانی من بوو و ناوی نابووم عیشق.. پێی دەگووتم هەناسەکەم.. پێی دەگووتم: من بووم بە تۆ. مرۆڤ زۆر هۆگری خۆ تەفرە دانە لە پێناوی ئەوەدا بە عیشق و ئازادی و جوانی بگات! ئاخر من کەسێکم لەکەس ناچم، لەوەتەی هەم بەوە تەفرەدەری خۆمم کە خاوەنی کەسێکی خۆشەویستم. بەڵام لە ڕاستیدا هیچ ئافرەتێک خۆشی نەویستووم، وا هەست دەکەم هێشتا گیانم هۆگری خۆشەویستییە. فریشتەش ئەو خۆشەویستە گیانییەمە کە من خۆشم دەوێ! بەڵام نازانم بۆ دەبێ ئەویش مێردی هەبێ؟! نازانم بۆ منیش دەبێ دابڕێم لە هاوسەر و دوو منداڵ بۆ گەیین بە عیشقێ، بە خەوێ!؟ ئەی تۆ دەزانی بۆ؟ تۆ سەرت لێ ناشێوێت؟! کە دەبینی کەسێ گیانی پەیامبەرێ لەودا زیندو دەبێتەوە، و دەچێ عیشقی کچێک دەبێت کە ئەو بەو دەڵێ: بابە!.. سەیرە، بەڵام گەر نازانن، گەر ڕاستیی دەقە ئایینییەکانتان دەوێ، لە تەوراتا، باسێکی حەزرەتی نوح هەیە، وادارییی ئەوە

دەكات، گوایە ئەو لەگەڵ یەكێ لە كچەكانی خۆیا، مەست دەبێ و دەچێتە پاڵی و لاقەی دەكات. كەچی قورئان ئەم ڕاستییە نازانێت و باسیشی ناكات! هەش بەسەر خۆم، بەس نییە منیش لە ڕاستیدا كچم نییە! خۆ تەورات ناڵێت ئەو كچەی كە نوح لاقەی كرد، كچی خودی خۆی بوو، چونكە ئەو كچی نەبوو!

لە دۆخی وەهادا، مرۆیەكی وەك من تەنها یەك ڕێگەی هەیە، ئەویش ڕێگەی باوەڕە، چونكە مرۆڤ دەبێ باوەڕی بە عیشق و خۆشەویستی و هاوگیانی بێت.. خۆ دەتوانین واداریی ئەوە بكەین كە ڕۆڵەكانی كۆمەڵگە گشتیان خوشك و براو دایك و باوكی یەكن!.. من هەرگیز نەمویستووە بۆ چركەیەكیش، گومان لە باوەڕی ئەو بكەم.. چونكە ئەم كتێبە كە سرۆش بەمنی گەیاند، گەردێكە لە دەروون و گیانی فریشتە وەك ئافرەت.. نەك وەك كچی خۆم و لە گۆشت و خوێنی خۆم..تا بەم كتێبە دەمی خواری ئەو تۆمارە ڕاست بكاتەوە، كە من لەم ژیانە و لەو ژیانەشدا وەك نوح، كچم نەبووە لە حەزرەتی سارا، و لە قوتبا، بەر لە لەدایك بوون، حەزرەتی سارا مناڵێكی لەبار بردووە كە دەشیا كچ بێت! جا ئەم ڕاستییە بزانن كە پەیامبەر دەست لەگەڵ كچی خۆیا تێكەڵ ناكات، گەر لە سەریشی بدەن.( دەشێت بۆیە سرۆش بە مەبەست فریشتەیەكی شوكردوی بەخشیبێت بە منێكی ژندار! تا ئەم پەیامەتان پێ بگات، كە نوح گوناهبار نەبووە بەو بوختانەی خرایە پاڵی، بەڵكو درۆ هێشتا مابوو دوای سەفەریش، دوای تۆفان!)

جا با بوونیشی هەر نەبێت نەبێت!.. بەندێكە لە ئایینی ئەوان و بە سۆزو هەست و جوانی و ئومێدی ئەوان نەخشێنراوە. بەڵام مرۆڤ نییە بەهەڵەدا نەچی و گومان میوانی نەبێت، وا نییە؟ بۆیە ئەم ڕۆمانە نابێت گومڕات بكات.. ڕاستە دوایی من تووشی خورافات دێم لە كۆتاییدا و واداریی ئەوەش دەكەم كە فریشتەم دیوە و ناسیوە و دواندووە.. گشتی خەیاڵاتی خۆمە، تا ڕۆمانەكەم لە چیرۆك دەرباز بكەم. بەڵام ئەگەر هەموو دونیا بۆیان سەلماندی كە من فریشتەم دیوە و لەمسم كردووە.. باوەڕ مەكە! چوونكە فریشتە تەنها لە خەیاڵی منا هەیە و بەس! منیش باسی فریشتەتان بۆ دەكەم، ئەی وا نییە؟ فریشتەكانی خەیاڵم، منیان زۆر خۆش دەوێت.. منیش ئازادم چۆن خەون بەوانەوە دەبینم و چی دەكەم لەگەڵ ئەوان. هەیە فریشتەیەكی خۆش نەوێت؟!

عیشقی من بە خەیاڵی ئەوان چنراوە.. بۆیە من گلەییەکم نییە تا دانی پیادا بنێم و بەختەوەرم بەوەی کە هەن لەناوماندا دەتوانن منیان خۆش بوێت. چونکە خۆشەویستی گیانی من گۆش دەکات و ڕقیش بەرەو نەزانی و داکەوتن و نەخۆشیم دەبات. نەک بەتەنها من، بەڵکو ئێوەش. بەڵام لە داهاتوودا، هەمووتان هەقم پێدەدەن، کە سروشتی مرۆڤ کەلێنێکی گەورەی تێکەوتووە و عیشق متمانەی کەم بۆتەوە لە ناوماندا و گومان دەروون و بیری مرۆڤەکانی داگیر کردووە.. دوایی هەق دەدەن بە من.. کە فریشتە هەمان کات کە هاودەمی گیانی من بوو، هاودەم و هاوسۆزی چەندانی تریش بوو.. ئەم مافەی بە خۆی دابوو، لە کاتێکدا هیچمان ڕازی نەبووین لەسەری و کەلێن کەوتە گیانی هەردوکمانەوە.. چونکە خودی تەبیعەت زۆر زانایە، زۆر دەترسێت لەوەی دوو گیان بگەن بەیەک و عیشق لەمسی جەمسەری دووەم بکات!

تەبیعەت نەک مرۆڤ خۆی زۆر دژایەتیی عیشق و عاشقان دەکات، بەوەی کە ئالوودەیان دەکات بە گومان و ماندووبوون و بێهودەیی و میحنەت و خەمۆکی. بەڵام گەر دوانەی عاشق مەتین بن و زاڵ بن بەسەر دژوارییەکانی تەبیعەتدا، ئەوا ئەوان دەگەن بە ئامانجی باڵا.. باڵا دەچن و دەگەن بە کارمایەکی تر.. کە هێشتا لە نهێنییەکانی تێنەگەیشتووین وەک مرۆڤ و هەر تەقەلا دەدەین. هێشتا ئێمە لەسەرگوزوشتەی داستانی مرۆڤ و خەمی عیشق و یەکبوون تێنەگەیشتووین. هێشتا هیچ فێر نەبووین گەر ڕاستیتان دەوێ.

هیوادارم سەرت نەیەشێت وەک خوێنەر، چونکە من فریشتەم لە ڕاستیدا نەبینیوە! دەنا دەتانبینی لەگەڵما و لەمسی باڵەکانیتان دەکرد.

## تابلۆی گلەیی کردن لە فریشتە

سرۆش زۆر لێم توورە بوو شەوێک لە شەوان، مانگ پڕ بوو، بێئۆقرە سرۆش بە ژوورەکەمدا دەگەڕاو هانی دەدام و تکای لێدەکردم تا نامەیەک، گلەییەک، سەرزەنشتێک بۆ فریشتە بنووسم، تا بەڵکوو باوەڕ بەوە بکات، کە ئەو فریشتەیە و دەتوانێت بفڕێت! .. دانیشتبووم، تەماشای پەپوولەیەکی نیازەکانی ئەوم دەکرد کە هەموو شەوێ دەهاتن بۆ لام. بەڵێ، لەو شەوەوە کە من

فریشتەم دیوە، لەو شەوەوە کە ئەو هاتە ناوگیانمەوە، جۆرە پەپوولەیەکی سەوزی کاڵی باڵاو باڵ تەنک و تەسک، وەک نمایندەی گیانی فریشتە دێت بۆ لام، هەندێکجار دو دوو دێنە لام.. هەرگیز لە سیان زیاتر نین.

ئەوان، پەپوولەکان کۆی نیازەکانی فریشتەیان بە من دەگەیاند و گەر فریشتە وەڕز بوایە ئەوان خۆیان فڕێ دەدایە ناو ئاوی کوڵاوەوە کاتێک من چا یان قاوەم دروست دەکرد.. کاتێکیش فریشتە شاداب و مەست و کامەران بوایە، پەپوولەکان دەهاتن ختووکەی ڕوخسارو لاملمیان دەدا بە فڕەی باڵ و لێکخشاندنی باڵیان لەسەر ڕوومەتم؛ ختیلکەم دەهات.. بۆیە دەمزانی فریشتە چۆنە وچی دەکاو باری دەروونیی چۆنە. چونکە دەمبینی پەپوولەکان نمایندەی سلوکی ئەون و مرازەکانی ئەو دەیتوانی سیسرکیش بهێنێت بە میوانیی من.. تەنانەت چۆلەکەکانیشی کە دەهاتن بۆ لام لە هەواڵەکانی تەلەفیزۆنەوە باس دەکران کە جۆرە چۆلەکەیەک کۆچی کردووە و بە هەڵە گەیشتۆتە وڵاتی نەرویژ!

کەس باوەڕی پێنەدەکردم گەر وتبام: ئەوە چۆلەکەی نیازەکانی فریشتەیە و بۆ لای من دێن و هەواڵی ئەویان پێیە بۆ من! کێ باوەڕ بە گەوجەیەکی هونەرمەندی وەک من دەکات؟..بۆیە من ئەو شەوە زانیم کە فریشتە نوستووە و خەون دەبینێت .. ئەو لە خەویا، بەسەر چیایەکی زۆر بەرزا هەڵدەگەڕاو نەدەگەیی بە لووتکە.. هەر ئەو شەوە لە خەونیا ئەو خەونەی بۆ منیش گێڕایەوە، بۆیە من لە بیرمە،، کە ئەو نەیتوانیبوو بەسەر چیاکەدا تا سەر لوتکە هەلزنێ، گەرچی لەخەوەکەیا زۆر توندو تۆڵ و گورج وگۆڵیش بوو.. سەیرم لێهات کاتێک کە منیش ئەو خەونەم بیست! دوایی خۆشی هەمان خەونی کرد بە تابلۆ و کەسیش نەیبینی کاتێک بە دیوارەکانی شاردا هەڵیواسین!

بەڵام ئەو شەوە لەلای من شتەکان وەها نەبوون کە فریشتە بە خەو دەیبینی.. چونکە من پەپوولەکەی نیازەکانی ئەو میوانم بوو ئەو شەوە.. دەمبینی پەپوولەکە باڵی هەبوو، کەچی بە پێکانی بەسەر پشتیی قەنەفەکەدا سەردەکەوت و قەنەفەکە لەچاو پەپولەکەدا وا دەردەکەوت وەک فریشتە لە چاو شاخدا.. دەمبینی گورج و گۆڵ تا نیوە دەڕۆی.. لە پڕ لە خۆوەوە باڵە فڕێ

خۆی هەڵدەدایە بن شاخ ولە دەشتاییدا کەمێ سوڕی دەخوارد و دوایی دەفڕییەوە هەمان نێوقەدی چیاکە و ورد وورد بە پێ بەرەو ترۆپک سەر دەکەوت.

کاتێک کە من پەپوولەکەم بەو شوبهاند، تێگەییم کە ئەو خەونێکی هەڵەی بینیوە و منیش ترسام.. بە سرۆشم فەرموو: نا، وازم لێبێنە من نامە بۆ فریشتە نانووسم، چونکە ئەو ناگات بە من ، ئەو منی ناوێت و حاشای لێکردووم. ئەی نابینی ئەم پەپوولەیە دەتوانێت تا سەر لوتکە بڕوات، بفڕێت؟! نابینی ها؟ وا بزانە ئەم پەپوولەیە خودی فریشتەیە، گەر ئەم پەپوولەیە بتوانێ بەسەر ئەو قەنەفەیەدا هەڵگەڕێت بەبێ باڵ، ئەوا ئەویش دەتوانێت.. بەڵام ئەو نەیتوانیوە، نەگەیشتووە و ناگات بە من لە خەونەکانیدا.

سرۆش هیچی نەوت. سرۆش وەستا.. سرۆش حەپەساو واقی وڕما!! بە واقوڕمانێکی درێژ خایەن. هەستی کرد، من ئەویشم لێ بووە بە فریشتە!

منیش کاتێکی زۆرم بەسەر برد تا گەییم بە قەناعەتێکی شیاو، تا توانیم هەستم و نامەیەکی بۆ بنوسم، ئەنجام، بڕیارم دا نامەیەکی بۆ بنووسم.. بەڵام دوای چی؟ ئەم بەزمەیان خۆش.. دوای ئەوەی کورد وەتەنی لە دوای ترێ خەمشەی بڕێ. دوای ئەوەی ئابڕووم چوو لای سرۆش و ئەویش پشتی تێکردم وەک فریشتە، وەک ئەو پەپوولە سرکە لاوز و نەخۆشەی لەولامەوە، دوور لەمن گێژ گێژ بە دەوری خۆیدا سوور دەخواو لە پڕ دەفڕێ، لە پڕ ڕادەمێنێت، لە پڕ دێتە سەر شاشەی کۆمپیۆتەرەکەم، لە پڕ دەفڕێ بە پشتا، لە پڕ بۆ پێشەوە.. سەیرە پەپوولەکە.. سەیرە.. ئەمشەو ختووکەم نادات و ماچە خۆشەکانی فریشتە ناخشێنێ لە ڕوومەتم وەک ئەو شەوە ، هەستم دەکرد فریشتە جنۆکە و دێو لێی دەپەڕن و تەواو ئیتر سوودی نییە و ناگات بەمن.

جا با منیش ببم بە ڕۆستەمی زاڵ و توور و ئۆدین، بزانم دەتوانم تەنها بەرگری لە یەک شەوی فریشتە بکەم! خۆمم بەکەم دەزانی بێ دەسەڵات و لات بووم.. هەستم بەلاوازیی خۆم دەکرد، بێدەسەڵات و زەلیل و نەبوو لە ئەنفال، لەناو دێوپەرستە نەرویجییەکاندا دەژیام و هەمیشە نەبوو بووم.. نەمدەتوانی

سەفەر بکەم و بچم بۆ لای فریشتە و لەگەڵیا دانیشم و باسی دڵنەوایی بۆ بکەم و بڵێم گیانە من ڕزگار کەرتم گەر باوەڕت بە من هەبێ.

بەخۆمم دەگووت: تۆ بڵێی بوونی نەبێت؟ تۆ بڵێی لە کوردوستان فریشتەیەک نەبێت کە داگیر کرابێ و پەشیمان بێت لە شووەکەی و منی خۆش بوێت!؟ یانی مەحاڵە؟ خۆ مەحاڵ نییە! دەشێت بەوە کەعبەی ئیسلام کەچ بێت، بەڵام لە دابی مرۆڤی ئازادا مرۆڤ سەرپشکە لەگەڵ کێ دەبێت بە هاوسەر، کاتێ منداڵی لە کەسێ نەبێت.

دەشێت هەبێت؟ بە خۆمم دەگووت: بێگومان، با.. با هەبێت. چونکە بێباوەڕیی ئەو بە من -گەورەترین سزای خوا بوو لە ژیاندا دەگەیی بە من.. چونکە نەک هەر ئەو، بەڵکو هەرچییەکم دەدی خوا غەزەبی لێگرتبوون و بوبوون بە دێو پەرست و دێوەکانی خۆیان بەردەدایە من و باوەڕیان بە من نەدەکرد. چونکە من لەوەتەی هەم، هەر خەریکی سۆراخی فریشتەیەکم بێت و کەمێ گوێم لێ بگرێ و هەست بە هەست و سۆزم بکات! تۆ بڵێی نەبێت!

هەبوون هەندێک باوەڕییان هێنابوو بە چەک، بە ئەتۆم، بە چەکی کیمیایی و بایەلۆژی.. ڕۆژی سەدان هەزار کەس دەروونیان ژەهراوی دەبوو بە درۆ و بوختان و کاری زوشت. ئیتر دانیشم نامەی چی و بۆ کێی بنووسم!؟ سودی ئەبێ چی بێت فریشتە هەبێت یان نەبێت؟

لەم بیرانەدا دووچاری سەریەشەو ماخۆلان دەهاتم، نەمدەزانی چی بکەم، چی بنووسم و چۆن کارێکی وا بکەم تا بەلای کەمەوە دڵی سرۆش بدەمەوە، چونکە من بەبێ هاودەمی گیانم -مەحاڵە، هەڵناکەم. چونکە من لە پێناوی سرۆش و گیانی داهێناندا نەک تەنها نامەم بۆ فریشتە نووسی، بەڵکوو نامەم بۆ هەموو جیهانیش نووسی.. لە فەیسبووکا خوا شاهیدە دەیان نامەو بانگەواز و دەقم نووسی، تا سەرانی کورد ئاگادار بکەمەوە، تا نەتەوە یەکگرتووەکان و مافی مرۆڤ، تا دێوەکانی نەرویج حاڵی بکەم، تا دەنگم بگات بە گێتی... هەر خەریکی نامە نووسین بووم و نامەم دەنارد و هیچ، هەر هیچ کەس وەڵامیان نەدەدامەوە. خۆشم مەسخ بوبووم بە عەدەم لە غوربەتا.. لە تاوانا هانام بردبووە

بەر مەزداو مەزدەک و مەلەک و سرۆش و خواکانی عیشق و جوانی!
نەمدەزانی شەو کەی دێ و ڕۆژ کەی بەسەر دەچێ و چی ڕوو دەدات!

دانیشتم ئەم کتێبەم نووسی.. دانیشتم ونامەم نووسی و داوای یاریدەی بودجەم کرد، نامەیەکی تر باسی چەک دانان و ئازادی و گەڕانەوەی حەزرەتی نوح.. نامەیەکی تر دژی گەندەڵی و چارەسەری گەندەڵی و نامە لە دوای نامە ناردم و ڕۆژنامەکانیشم پڕ کرد لە پرسیار و وەڵام... تەنها لە پێناوی ئەوەدا دڵی سرۆش ڕاگرم، چونکە ئەمزانی، ئەگەر بێت و سرۆش دڵی لە من و ژیان بڕەنجێت، ئەوا سەرما گەرمای دەبێت و سوڕی ژیان تێک دەچێت، دەمزانی ئیتر مێروولەکان و لەقلەق و جاڵجاڵۆکەی پیر- لە تەون و ئاهەنگ و باس و داستان دەکەون و گشتیان دەمرن.. دەمزانی ئەگەر بێت و بەلادا بێم و نەگەم بە کەعبەی کوردوستان، ئەوا باڵندەکانی ئاسمان گووی دنیا دەکەن بەسەرما و بتەکانیش بەردبارانمان دەکەن.. دەمزانی گەر بێت و سرۆش دڵی داکەوێت، مانای وایە کۆڵەکەکانی بەهەشت دادەتەپن وئیتر سروشت دەبێت بە جەهەنەم و بۆرکانەکان لێمان شێت دەبن و باوبۆران تێکەڵ بە زریان دەبن و تۆفانی چاوەکانی سرۆش دەتەقن و چاوگە نادیارەکانی ژێر پێمان دەبن بە دومەڵی بڵقی ئاوی کوڵاوو بڵقی بورکان.

بۆیە هەشبەسەر دانیشتبووم و وازم لە کار و فرمان و ئەرکی باوکایەتی و زوربەی فرمانی ڕۆژانە هێنابوو.. هەر خەریکی نوسین بووم و دەمنوسی و دەمویست لە دەمی برادەرانیشمەوە هەواڵ و پەیامم بگات بە دەورووبەر..
کەچی کەس ڕاستیی نەدەبیست و کەس باوەڕی بە پەیامی منی نوح و زەردەشت و مەسیح نەبوو.. وایان دەزانی شکۆی پەیامبەرانی پێشوویان باڵاتر بووە لە شکۆی من! بۆیە منیش هەهە، هەندێکجار لە داخانا پێکەنینم بە ژیان و مرۆڤ و جوانی و هونەر دەهات. بەزەییم بە خۆمدا دەهاتەوە کە دەمدا لە گێلی و دەمویست دەمی خۆم داخەم و بە قسەی سارا بکەم و بەخۆم بڵێم: ئەرێ کاکە تۆ بۆ وا لە خۆت گۆڕاویت؟ هەتیو بۆ دانانیشی بە دەردی خۆتەوە، خوا نانێکی پێداویت و لە خۆتی مەبڕە.. چیت داوە لە بوون بە نوح وزەردەشت و پەیامبەران و خواو خواکان، بۆ بەخۆڕایی خۆت بە کوشت دەدەیت؟... ئەمانەو زۆر خەیاڵاتی بێهوودەی تریش.

بەد بینیی دەورووبەر و هاوڕێ و ناسیاو شەوو ڕۆژەکانی منیان داگیر کردبوو. بەڵام گەر درۆم نەکردبێ، کە دەچوومە حزووری فریشتە، کە دەگەییم بەو یان کە ئەو دەهات بۆلام، ناڵێم جیهان و سرۆشم دەنایە لاوە.. بەڵکو سرۆش دەهاتەوە بە میوانیم و چەپکێ گوڵی گیانیشی لە بەهەشتەوە لەگەڵ خۆیدا دەهێناو دەیخستە ناو گوڵدانی گیانم. پڕ دەبووم لە شفای گیانی.. پڕ دەبووم لە ئایین و هونەرو جوانی.. پڕ پڕ دەبووم لە خۆزگەکانی فریشتەو عیشق و جوانی.. بۆیە من فریشتەم لەبەر خاتری سرۆش دەپەرست، خۆشم دەویست، خۆش خۆش لەگەڵ ئەودا ملی کەچی ژیانم ڕاست دەکردەوە و دەستم دەنایە ژێر ملی ونەوازشم دەکرد و بەوم دەفەرموو: فریشتەکەی سرۆش.. هاودەمی سەربەست، گیانی من، هەناسەکانی نوح:{ وانەزانی من چاوی زانستم کوێرە و هیچ نابینم و نابیستم؛ نا، من کوێر نیم.. من ترس و دوودڵی و ڕاڕایی تۆ دەبینم. دەزانم و دڵنیاشم کە تۆ بە دەستی دێوی مەلاو دێوپەرستەکانەوە دیلیت و ناوێریت لەشکری ژنان کۆ بکەیتەوە و ناتوانیت بچیت بۆ لای ژنەکانی جیهان و بانگیان بکەیت بۆ سەر مێز و خوێندنەوەی کتێبەکانی من. ئێوە ناهەقی دەکەن بەرامبەر بە باوەڕی من و مێردەکەت ماف بەخۆی دەدات پەندو پەیامەکانی من بدزێ و لە تەلەفۆنەکەی خۆیدا تۆماری بکاو بچێت هەست و نەستت بدزێ و لای مەلایەکی تڕۆ ناوت بزڕێنێ و بتکات بە پەندی زەمان. من دەزانم دێوی هاوسەرت، لەگەڵ براکانی - خۆیان بە سەرلەشکر دەزانن، من لێیان تووڕەم و دێوەکانی ناو دەروونی پیاوانی کوردو و خلە و عەبە و سمە -دەبینم.

فریشتەی بەڕێز؛ من دەزانم تۆ هێشتا دیلی و بەم زووانەش دەربازت دەکەم، بەوەش دەربازت دەکەم کە دوای خوێندنەوەی ئەم کتێبە، هەڵدەستیت، ڕادەپەڕیت، دەست دەدەیتە چەکی خەندەکانت، گوێچکەی مێردەکەت دەگریت و دەیبەیت بۆ ئاسایش، بە سەرۆکی ئاسایش دەفەرموویت: " قوربان ئا ئەم دێوەم دوو هەفتە بۆ زیندان بکەن لەگەڵ براکان و مام و خوشکەزاکانی.. چونکە ئەمانە پەیامی خواکان دەدزن و دەیانەوێت حەزرەتی نوح بکەن بە بنێشتە خۆشەی دەمی مەلاو فتوای بوختانیان. ئا ئەمەم بۆ زیندان بکەن، تا بتوانم دەنگم بگەیەنم بە کاک مەسعود و سەرۆکی دەوڵەت، تا ئەم مەلا

بەزیوانە لە کوردوستان شاربەدەر بکەین و بیاننێرین بۆ حەج و نەهێڵین بگەڕێنەوە، با لەوێ قاچی شێخەکانی عەرەب بشۆن و داستانی ئەنفال بخوێننەوە،، تا فێری کورد ناسی ببن و لە ئەنفالدا سەر بنێنەوە. چونکە مەلاو فەقێ و دێوو درنجەکانیان لە کوردوستان جێگەیان نابێتەوە.”

بۆیە دەبێ بمبووریت فریشتەی ئازیز.. هاودەمی گیانم؛ کە من وردە گلەییم لێت هەیە، دەزانم کە سنورێکی وەهایان لە دەور داناوی، گەربالدارو فریشتەش بیت ناتوانی باڵەکانی خۆت ببینی و دەبێت هەر دانیشی لێوەکانی خۆت بکرۆژی و خەم بۆ باڵی بەستەو شکاوت بخۆیت، منیش دووچاری هەراسانی شەوو خەوی بێتۆیی و ئەشکەنجەی خەمەکانی تۆ بم .. ناچارم لە پرسەدا بە تەنها لەسەر داوای خۆت ڕێگەت بدەم دوور بیت لێم و نایەڵیت هاو خەم و هاو ڕازو هاو گیانت بم.

ناچارم تەنها نینۆکەکانی خۆم و سروش بکرۆژم، کە دەبینم گومڕای و باوەڕ ناکەیت کە من دوو دانە باڵم لێڕواندویت، کە دەتوانی تا قوڵایی گەردوونی من بفڕیت، دەتوانیت بێیت و سەدان ئافرەتیش لەگەڵ خۆتا بێنیت بۆ لام.. دەتوانی هەموو سەرۆکەکانی جیهانیش بانگ بکەیت بۆ لام.. دەتوانی بە تاقی تەنها بەر لە تەواو بوونی نامەی ئەمشەوی من، بگەیتەلام.. دەتوانی بفڕیت و سواری نوێترین فڕۆکەی جەنگی بیت.. دەتوانیت بە فڕۆکەکانی ئەمەریکا بێیت بۆ لای من و دەستێ بەرگی ئەنفالیش بە دیاری بهێنیت بۆ حەزرەتی سارای ژنم، کە باوەڕی بەم فەرموودانە نییە و وا دەزانێت من لە خراپەکارانم.

دەتوانیت بەلای کەمەوە بێیتە کۆشم و بڵێیت: بابە نوح، سەروەرە سەربەرزە سەربەستەکەم، باوانم، دەزانم تۆ دڵت لە من پیس نییە، دەزانم تۆ فریشتە و سیروان و سەروەر و خلەو عەبە و سمکۆت خۆش دەوێت.. چونکە ئەوان کوردن.. باوەڕ بکە گەر تۆ بێیتەوە، مەلاکانیش پشتێنی زەردی زەردەشت لە خۆیان دەبەستن و ڕجوع دەبنەوە و دەچن بۆ چیای جود بۆ حەج.. دەهاتن بۆ نزرگەی نوح و منیش میزی مانگام دەدا لە لووتیان و هەموویانم دەبەخشی.

تێم دەگەی فریشتەی گیانم؟ ئەم نامەیە دواهەمین نامەی حەزرەتی نوحە بە ئێوە دەگات: من لەبەرگی بەری هەموو پەیامبەرەکانم پۆشیوە لەناوتاندا. من

باوکی هەموویانم و جیهان دووچاری شکستێکی مەزن دەبێت لەناوتاندا گەر باوەڕتان کەچ بێت. گەر باوەڕتان کەچ بێت کوردە ئەمجارەش وەکوو سەهۆڵ دەتوێنەوە.. سرۆش واتان پێدەفەرموێت.

ڕا بن و دەست بنێنە دەستی پەیمان و هاوژین و تریفەو ئاوازو شەونم و شەوبۆ.. وەرن بۆ لای من لەگەڵ حەپسەخان و خوشکەلەیلاو هێرۆی بولبولی تالەبان و کچی ژانی گەل.. وەرن جوانترین شایی لەبەر دەمی ماڵەکەمدا بگێڕن و بیکەن بە دەهۆڵ و زوڕناو چێشت لێنان و شایی و لۆغان.. بە میللەتی بێهەست و بوو بەدێو-ی نەرویجیش بڵێن: ئێوە شکۆی پەیامبەر نابینن و ئەم سەربەستە هی ئێمەیە.

وەرن کەمێک لەبەر دەمی باوکتانا هەڵپەڕن و بیکەن بە شایی لۆغان و چۆپی و باخان و پەری و نازدار و ناسک ولەیلاتان بیر نەچێت.. تووخوا بەختیار ساڵەح –یشتان بیر نەچێت.. با ئەویش بێت و کەشکۆڵی زەماوەندو سەرچۆپیی کراس ڕەشەش لەگەڵ خۆی بهێنێت.. ئەوانە کوڕوکچ و فریشتەی منن و من خۆشم دەوێن؛ وەک عەزیز وەیسی و چۆپی و باخە گیان.. وەک نیشتیمان و کوردوستان وپەیمان..وەک کاکە کەمال.. وەک حەیران و بەستەو مەقام.

ئەوانە تروسکەی چراکانی دەروونی منن. هەستن ڕا بن.. گۆرانی بڵێن.. مژدەیە.. جەژنە.. نوح دەمرێت.”... دەشێت لە خۆشیدا بمرم. دە هەستن کچانی شاری هەڵمەت و قوربانی، هەستن، خۆ ئێوە دەتوانن بە شایی بێن بۆ لام هێندە زۆرن.. کە هاتن، بیرتان نەچێت شیرین عەبادی و نەوال سەعداوی و سیمۆن دیبۆڤوارم ناوێت.. بەڵکو خودی ڕاهیبە سپییەکانی پوورە لویس بێنن، با ئاهەنگی ماتەمینی بۆ ئەنفال بڵێن.. تا فریشتەکانی دەروونی من ڕزگاریان بێت و مەسیح و ماریاکانی دەروونم بەرمەوە بۆ کەعبەی باوکیان و لە جود بیاننێژم.. چونکە من شەکەتم بەدەست ئەم دێوە گومڕایانەوە، کە منیان لە هیچ قاڵبێکدا دان پیا نەناو خەریکم دین دەبم لە ناویاندا.

خەریکن گومانەکانیان مەزنتر دەکەن و دەست بۆ ئابڕۆی منیش دەبەن.خەریکن منداڵەکانم لێدەکەن بە دوژمن و ماڵەکەمیان پڕ کردووە لە جاسوس و دێوو جنۆکە و حەزرەتی سارایان فێر کردووە بە من بڵێت درۆزن.

تێناگەن ئەم میللەتانە و بوون بە دێوپەرست، پەرستاری لە دێوی درۆ دەکەن. ئیتر من چۆن بتوانم هەستم و دەست بدەمە گۆچان، ئەمانە بیست و یەکساڵە من ئەزێت دەدەن و منداڵم لەبار دەبەن و ژنەکەم لێهان دەدەن و دڵی هاوڕێکانمم لێ پیس دەکەن. وا دەزانن بەوە چاکە لەگەڵ من دەکەن کە ناچارم دەکەن بچم ئاشەکان پاک بکەمەوە و گووی بەرازەکانیان بۆ بشۆرم.

هەی داوەشێن بەسەر خۆتانا گەلی نەروێژ. من تووڕەم لێتان، زۆر تووڕە. بۆیە دانیشتووم ئەمشەو دەمەوێ لە کورتی بیبڕمەوە، دەمەوێ ئەم کتێبە بەوە جوان بکەم کە کورت بێت، ڕۆمان بێت، چیرۆک بێت، داستان بێت، نامە بێت، مژدە بێت.. بەڵکو مژدەی نوێ بێت بۆ نەوەی نوح، و بۆ جیهان.

چونکە فریشتە منی خۆش دەوێت. فریشتە باوەڕی بە منە و دەتوانێت بگات بە من، دەتوانێت شوو بکات بە من، دەتوانێت هەر کارێک بۆ حەزرەتی نوح بکات و سەربەست و زەردەشت و مەسیحیشی لە مندا خۆش دەوێت. تەنانەت گومان و ڕیش و لووت و باڵاو پێکەنین و ئەتواریشمی خۆش دەوێت.}

بۆیە دانیشتووم و شەوو ڕۆژ قرتەمە لە فەیسبووک و نامە لە دوای نامە بۆ ئەو دەنێرم.. تا بوێری بکەم، تا فێری بکەم، تا بگات بە سلوکی فریشتەو ناوی خۆی نەنێت بە نازناوێکی تر و بوێرانە دەرکەوێت.. بەڵکو ناوی خۆی بنێت فریشتەی نوح ، یان فریشتەی سەربەستی.. کارێکی واش بکات، کە ئافرەتی کورد لە گەروی دێوی ترس ڕزگار کاو ببێت بە پێشەنگی ئایینی کورد.. ئایینی ژن، ئایینی ماف و دادو خۆشەویستی و حەقی ئافرەت.. دەبوو هەستێ و ڕاپەڕێت دژی کۆنە پەرستی و شۆڤێنیزمی پیاوو باوکسالاری و پیاوپەرستی.

دەبوو بوێرانە تر لەم جیهانەدا باڵ لێکبدات فریشتەکەم.. دەبوو بە قسەم بکات! بۆیە گلەییەکی ترم نییە لێت فریشتەکەم. جا تۆ هەبیت یان نەبیت، لە باوەڕی منا دەژییت. گەر هەبیت و نەتوانیت دەر کەویت و کەس نەتبینێت، ئەوا بونت دادی کەس ناداو مانایەکیشی بۆ کەس نابێت!

بەڵام بمبوورە کە دان بەوەدا دەنێم، ملکەچیی ئێوە نیشانەی سەرشۆڕی و لاوازیی منە.. سەرشۆڕیی ئێوە نیشانەی هاتنی ڕۆژی بەرێیەو دەرباز بوونمان

ئومێدی کەمە.. مانەوەی تۆ لە قورگی دێوا، نیشانەی مەرگی من و شکستی هەمیشەیی من و خواو خواکانە.

کچم، فریشتە.. بەم کتێب و نامە و پەیام و سرودو درووود و فەرمووودانەی پێت دەگەن، ئاهورامازدا دەیبینێت.. بە زمانی باڵندە و گیانداران و مرۆڤ و باوکی پەیامبەرەکان نوسراوە.. چیای جود کەعبەو حەجی ئەو مەسیحانەیە کە دێن بۆ نوێژ.. گۆڕی منیش هەر لەوێیە.. جا من بێمەوە ناوتان یان غەریبی دەست بنێتە بینەقاقام، ڕۆژی بەرێ و سەرتای ڕۆژی بەرێیە.. دەکەومە ڕێ و ڕێگاکان ڕۆشن دەکەم بە ئومێدی بە تۆ گەیشتن، دەکەومە ڕێ.. لە ڕێدا هەرچییەکم بینی، پێی دەڵێم، من فریشتەم خۆش دەوێت، چونکە ئەو هەڵگری باوەڕی منە، فریشتە ژن و کەس و گیان و لەشی منە و دەچم لە چیای جود پێشوازی لێدەکەم.. جا ئەوەی بە نوح دەڵێت شێتە، چی بە حەزرەتی یوسف و داڤیدی کوڕم و حەزرەتی سارا دەڵێت؟ چونکە ئەوانیش وەچەی منن و گەر تورک و فارس و عەرەب ئەوانیش سەرببڕێت مەسیح دێت ولێیان دێتە دەم، و لەشکری دێوە سپییەکانتان لێ ڕادەپەڕێنم. چونکە من هەڵگری چەکی خەندەکانی فریشتەم و لابوودە منهوو دەبێت نەرێت و باوەڕ و دادی خێرتان بەسەردا بسەپێنم، بە ئاشتی بێت یان بەشەڕ.. بترسن لەو ڕۆژەی کە شەڕ دێتە سەر ڕێگاکانی من، بترسن.. چونکە من هیچ جۆرە چەکێکم پێنییە و خەندەکانم نیشانەی ڕاستیی پەیامەکانمە و لە پێناوی ڕووناک بوونەوەدا کەوتوومەتە ڕێ.

ئەوە بۆ هەشت دانە ساڵ دەچێت، کە چاو دەنێمە سەر یەک، هەر بەڕێوەم و هەر خەون بە ئازادیی نەوەی خۆمەوە دەبینم.. بگرە کۆی تەمەنم، باوو باپیرانیشم هەر هەمان خەون دەبینن، هەر دێین و هەر دێم و پەیامم دەنێرم بۆ جیهان و فریشتەکانی خێر.. پەیامی خواکان بەشی یەکەم و دووەم گەواهی ڕێبڕینی منن و کەس نامبینێ و کەس نامبیستێ، و لە کتێبی [ ئازادی لە عیشق پیرۆزترە] دا باسی گەڕاندنەوەی پاسپۆرتەکەمم کرد بۆتان و لەگەڵی نەرویج تووڕە بووم.. بەڵام ئەوەی منی بەستەوە ناتوانایی و زەلیلی حەزرەتی سارا بوو، چونکە ئەو سەرەتان قەپیکرد بە مەمکیدا و مەمکێکی کرۆشت.. بۆیە منیش هەشبەسەر دانیشتم و بە دیار ئەوان و کاری بێگارییەوە دوو ساڵم نایە

سەریەک بە دەردو نەخۆشی و بێخەوی و ماندوویی چوم بۆ ئاشێک و ئەوێشم پاکژکردەوە تا نەبوو نەبین، تا برسی نەبین و موچەیەکمان هەبێت.

ئێستا چاوەڕوانی لەشکری مێرولە سپییەکانی ئەنفال دەکەم، چاوەڕێم مێرولەکانم بێن و ئاوازی سالمام بۆ بخوێنن و بیری ئەو مێرولانە دەکەم کە دێنە بەر دەرگاکەم و دەیکەن بە شایی لۆغان و هەڵپەرکێ و ئاهەنگ و سەما.

من کۆڵ نادەم.. چونکە دەروونم ڕووناکە بە تیشکی فریشتەی ڕزگار کەرو پیرۆز و خاوەن باوەڕ.. بە هیمەتی ئەو دەتوانم بەبێ گۆچان و کڵاوو بەبێ کەوشی نوحیش بەڕێ بکەوم و بگەمەوە سەر لوتکەی ئارارات و وەک یەکەمجار نوێژێکی تریش دابەستم و سوپاسی سرۆش بکەم لەوێوە، چونکە لەوێدا بوو یەکەمجار کە سرۆش هات و باسی نوحی بە گوێما چپاند...هەر ئەویش ڕێگاکانی تریشی نیشاندام، کردمی بە وەلی و عەلی و فەقێ و سلێمان و طاوس، کردمی بە کەرەم و بارەکەڵاو خالق.. کردمی بە پیاو بەژن بە منداڵ بەسەگ بە گورگ و ڕێوی، کردمی بە مرۆڤ و پەیامبەر و خواناس و ڕێناس.. تا گەییم بەو شەوەی کە لە پەردەوە، سرۆش گیانی فریشتەی هەڵڕژانە ناو گیانمەوە.. ئیتر گیانم ئاوێتەی گیانی ئەو بوو.. بووم بە باوک بە هاوسەر بە هاوڕێ و هاوگیان و هاودەمی.. وازم لەهەر کارێکیش هێناو گەیشتم بە کارمای ئەویش.

لەو کاتەوە خۆشەویستیی ئەو بووە بە کەلتووری منیش. مرۆڤ کاتێک دەگات بەخۆی کە یەک دەگرێت لەگەڵ مرۆڤێکی تریش، بەهەشت ئەو خاڵەیە کە تیایدا دوو مرۆڤی جوان یەکدەگرن. لەو کاتەوەی هەست بە ئاوێتەبوونی گیانی فریشتە دەکەم لە گیانما، هەست دەکەم ئاسمانی گەردونی من وەک چاوەکانی سەوزە.. هەست دەکەم بەهارێک دەستیگرتووە بەسەر وەرزەکانی ساڵ و تەمەنما.. هەست دەکەم گرنگترین وانە لە عیشقا تەفرە خواردنە بۆ هەستی جوانی و شکۆی ئافرەت، چونکە ئەوان بە سیحری هەڵوێست و باوەڕی خۆیان، مرۆڤ دەبەن بۆ گەردونێکی ترو ژیان لە هونەردا جوان دەکەن.

وا نەزانن ئەوان دەربەست نایەن ، نا.. ئەوان بە هونەرێکی جیاواز لە هونەری ئێمە بنیات دەنێن و دەڕوخێنن و سەرلەنوێ ژیان بە گیان و باوەڕ و

دەروون و بیر دەدەنەوە. چونکە ئەوان هەڵگری پەیامی پیرۆزو پارێزەری چاوگەکانی جوانی و عیشق و هونەرن. دەبێ پیاویش دڵکەچ نەبێت کاتێک کە دەکەونە ژێر هەرەسی عیشقی ئەوان، چونکە ئەوان خۆیان لەو عیشقەدا نابیننەوە، کە پیاو سنوری بۆ داناوە.

ئەوان لەوێدا تەبان کە ئازادن، لەوێدا عاشقن کە هەست بە چنینی یەکە یەکەی خانەکانی لەشی ژیان دەکەن، لە دەرەوەو ناوەوەی باوەڕو دەروون و بیر و گیانی خۆیاندا. جا کاتێ کە لەوپەڕی دۆڕان و دەردی دوریدا خۆت تاک و تەنها دەبینی وەک پیاو؛ ئا لەوێدا شفایەک، زانستێک باوەڕێک یان گیانێکی پیرۆز دەکەوێتە کار و عیشق کارتان تیا دەکات.. بۆیە ئەگەر بەرەو کەچی و داکەوتن و داڕمان و هەرەس هاتن.. مانای وایە ئێوە هێشتا نەگەیشتوون بە کارمای عیشق و هیچ لە عیشق فێر نابن. بۆیە دەبێ ژیان بە ڕەوت و ئاقارێکی ترا بەرن و هاوسەنگیتان بنیات بنێنەوە، یان تەسلیمی ئەندێشە و دەردو کەسەر و نەکبەتی خۆتان بن. چونکە ئامانجی عیشق بنیاتنانی بوونە. نەبوونی فریشتە، مانای بنیاتنانی ئەوە- نەک لەم کتێبەدا، بەڵکو لە ڕاستیشدا!

جا فریشتەکانی من ڕاستی بن یاخوود خەیاڵی، سرۆش ڕاست بێت یان درۆ، ئەوە مافی خۆمە وەک نوسەری پەیامی خواکان.. کەس بۆی نییە سوکایەتی بە فریشتەکانی ناو ئەم کتێبەی من بکات. هەبن یان بەبن.. وەک زیندوو مردووەکان دێن و لەم وشانەدا بۆ ئەبەدی دەژین. بەسە ئیتر هەڵمەکوتنە سەر شکۆی ئافرەت.

**تابلۆی بوونەوەر و باوەر**

سرۆش هەمیشە هاودەنگ و هاو هەستم بوو و پەیتا پەیتا دەهات بە میوانیم و خۆمم تەنها نەدەبینی.. هەر جارە بتێک، هەر جارەو خوایەک، هەر جارەو فریشتەو باڵندە و مەخلوقێکی نوێتری نیشان دەدام، کە هیچیان لەو خوایەی

کورد نەدەچوون کە لە نەبووندا تاک و تەنها سەرگەرمی قاتیکردنی شەڕو خێر بوو، کە هەم جەللادو خوێنڕێژ، هەم بەڕەحم و میهرەبان، کت و مت وەک پیاوەکانی لای خۆمان! نا ئەوانەی کە سرۆش نیشانی منی دەدان و بەمنی دەناساندن ئاگاداری لەشکرو سوپاو شەڕی سەر زەوی نەبوون، و باوەڕیان بە شەڕ نەبوو، و فڕیان بەسەر هەڵس و کەوت و ڕەفتارەکانی ئێمەوە نەبوو. خاوەن ڕق و کینە و تووڕەیی و لۆمە کردن نەبوون.. ئەوەی ئەو دەیهێنان بۆ ناو کەشتییە نادیدەکەی من، لە من دەچوون، لە یوسف و داڤیدی کوڕم، لە مەسیح و ماریا دەچوون.

جا کاتێک کە سرۆش دواهەمیین پۆرترێتی خوای نیشاندام؛ زۆرم بەزەیی بەودا هاتەوە، بینیم تەنها یەک چاوی مابوو و شەڕ چاوەکەی تری دەرهێنابوو. بۆیە حەپەسام و دەستم لە کارو فرمان کێشایەوەو کەوتمە گەڕان و تەی کردن و مێملّی کردن بە نێو ئاسمان و خواکانی سەرزەمین و کون بە کونی بوونەوەرم تەی کرد بە خەو، تا قوڕگ و بەرۆکی شەڕ بگرم و بیتاسێنم.

بەڵام چی بێت لە ئێوە نهێنی ، کاتێ کە شەڕم دی هەموو گیانی گەندەڵ و غەرقی بۆنساردی خوێنە و داڕزاو لە کەرامەت و هەیبەتیدا؛ سەرم هێندەی تر لێشێواو، خۆمم کشانە دواوەو هەردوو دەستی خۆمم شۆری و خۆمم پاک پاک ئامادە کرد بۆ نوێژ، بۆ کەرامەتی شەڕ! چونکە بەزەییم بەویشدا هاتەوە و ئەویش هەر هێندەی چنگێک دەبوو، هی ئەوە نەبوو پێی پیا بنێم و بیفلیقێنمەوە.

بۆیە چومە سەرچۆک و نوێژێکم بۆ شەڕیش دابەست.. پاشان ڕومکردە شەڕو فەرمووم: شەیتانی شەڕ، بۆ چاوی ڕاستی خواوەندت دزی؟ شەرم ناکەی؟ ئەویش ووتی: باوەڕ بکە منیش خواوەندم خۆش دەوێت و هەست دەکەم پێویستم بە چاوێتی. من لە چاوی ئەودا ئەژیام بەر لە دابەش بوونی خێرو شەڕ! ئەی خوا نەبوو منی لە ئاگر خوڵقاند؟ خۆ ئایینی ئیسلام دەڵێ من فریشتەی یەکەمی ئەو بووم و باوەڕپێکراوی مەزن! خوا خۆی هەست و ویستی سەرپێچیشی لە منا ڕەخسان! خوا خۆی هانی دام نوچ دانەدەم بۆ ئادەمی لە قوڕو شێ دروستکراو.

فەرمووم: ئایا دەتوانی ئەو چاوە بگێڕیتەوە بۆ خوا؟ گریا، بەڵێ شەیتان گریاو ووتی: زۆر هەوڵم داوە و ئەو لێمی وەرناگرێتەوە، چونکە خوای هەموو خواکان هەست دەکات ئەو چاوەی لە دەستی مندا بێت، خوێناوییەو نایەوێتەوە. فەرمووم: دەتوانی بیدەیتەوە بە من؟ بە ڕوخسارێکی گوماناوی و دوودڵەوە فەرمووی: جا بۆ نا!

خوای گەورە چیم بەسەر هات! لەو کاتەدا کە خەریک بوو دەستی شەیتان بەر دەستم بکەوێت؛ لەوێدا بوو ڕاچەنیم و تەکانم خوارد و بێدار بوومەوە... فریای وەرگرتنەوەی چاوی ڕاستی خوا نەکەوتم. هەستمکرد سرۆش بە ویستی خوا ئاهورا بۆیە بێداری کردمەوە تا هەڵەی وا نەکەم. پێی فەرمووم: شەڕ دەستی ناوەتە بینی خۆی، خۆی دەتوانێ چاوی بوونەوەر بخاتەوە جێگەی خۆی، چونکە هەر خواوەندو مرۆڤێک لێپرسراوە بەرامبەر بە ئاکار و وتارو بیرەکانی خۆی.. شەڕ تەنها خۆی دەتوانێ سنور بۆ خۆی دانێ و چاوی باوەڕ بخاتەوە جێی خۆی.

شەڕ دەبێت فێری پەرستاریکردنی خێر بێت. دەبێت نووچ دابدات بۆ خێر. ئەو خێرەی من ڕابەریی دەکەم، دەشێت ئاشنا نەبێت بە گوێی مرۆڤ! دەشێت! دەشێت من گومڕا بم!.. بەڵام نا، وا تێنەگەن من هەڵەم. خێر ئەگەر بشتوانێ چاوی ڕاستی خواوەند بخاتەوە جێگەی خۆی.. تاریکی هەر دەمێنێت. بەڵام بوونەوەر جەوهەری خۆی دەگۆڕێت و کارتەکانی بوون و ژیان و هەمیشەیی جارێکی دی ستۆک دەکرێنەوە و خواکان بەسەر جوانی و عیشق و هونەر وگیاندا دەچنەوانێ و ژیانێکی تر- خۆشتر بە گیان دەگات بە ژیان.

لەرز گرتمی وبە پەتاوە بێدار بوومەوە لە حەشمەتی ڕاتەکاندنی تەزووی ئەو. ئارەقێکی سارد ساردم دەرداو زۆری پێچو تا لە ناو جێگە هەستم. لەو نێوانە کاتیەیانەدا، بیرم لە شتی جوان و کچی جوان و مرۆڤی مەزن دەکردەوە.. عیشقی هەموو شتێک و هەموو کەسێک دەبووم، کە ناوی وشەی کوردیان دەهێنایە سەر لێو.. عیشقی فریشتە ناچاری دەکردم یەک بەیەکی سرودو پەیام فەرموودەو درودەکانی خۆم بەرز تەماشا بکەم و هەستم دەکرد شکۆم دەگاتە عەرشی عالەمین.. ئەو، نا.. بمبوورن ئەوەی بۆنی فریشتەی لێبهاتایە، خۆشم

دەویست.. هەمیشە بیرم لای فریشتە بوو..هەمیشە سەرگەرمی ناندان بووم بە باڵندەکان و لەسەر کاریش دڵم بە هەموو کەسێک و شتێک خۆش بوو، چونکە هەستم بە ئازادی دەکرد و هەستم بە پاکژبوونەوەی گیانم دەکرد. سرۆش دەروونمی پاک ڕادەگرت و باکان و باڵندەکان دۆعایان بۆ من دەکرد... ئەو کاتانەش کە بێدار دەبوومەوە لە نوستنی نێوان شەوو ڕۆژدا، بە تەماشای گوڵەکان دەستم دەکرد بە نوێژی بەیانیان و نیوەڕوان و ئێواران... خوا هەڵناگرێت، سارای هاوسەریشم کۆمەڵێک گوڵی نوێ و ڕەنگینی لە باخچەی ماڵەکەماندا ڕواندبوو، گوڵەکانیش هەر کە هەستیان دەکرد سرۆش منی جێهێشتووە، دەکەوتنە چپە و لەنجە و بە هەستی خۆیان منیان نەوازش دەکرد. منیش بیرم یەکبوو بە یەکبوون، و بیرم لای جیهان و ژیان و بوون و بوونەوەر بوو.

بوونەوەر خۆی لە ئاگاییمدا دەڕست و ئیلهامی پێدەدام... بوونەوەر وزەو هێز و دەسەڵات و ئاکارێکی ڕەوایە. بوونەوەر سنووری نییە بێسنوورە لە دەسەڵات و تواناو سیستەمدا. ئێمەی مرۆڤ هێشتا لە یاساکانی بوونەوەر حاڵی نەبووین، چونکە هزری بوونەوەر لەیادی خۆیدا سەدان بەرنامەی ئامادەکراوی دیکەی هەیە بۆ هزرو ئاگایی ئێمەی مرۆڤ... جێگەی داخە کە مرۆڤایەتیش هێندە بەدخوویی دەکەن، کە ناتوانن هەست بە گیانی بوونەوەر، وهەست بە هەستی بوونەوەر و بیرو دەروونی بوونەوەر بکەن. ئیتر چی لە چاوی ڕاست و چەپی خوا دەکەن، کەیفی خۆتانە... من لەمسی ئەو شەڕە ناکەم و گەر شەڕ چاوی چەپی خوا بێت، یان ڕاستی، من نامەوێت.

مرۆڤ بەشێکە لە هزری بوونەوەر و لەیادی بوونەوەردا مرۆڤ دەسەڵاتی بەسنوورە.. تائەو کاتەی شەڕ و ترس لە باوەڕ و دەروون و بەرنامەی مرۆڤدا هەبێ، مرۆڤ سەرفرازو سەرکەوتوونابێت.. تا ترس ڕابەری دەسەڵات و یاساو بەرنامە کۆمەڵایەتییەکان بێت.. مرۆڤ ئازاد نابێت. دیلیش مرۆڤ بەرەو شکست دەبات.

چونکە بەرنامەکانی ژیانیان بەرەو هەڵە بەڕێ دەخەن لە بواری گیانناسی و ڕەوانناسی و میتافیزیکدا. ئەوەش بزانن کە هزر و ئاگایی مرۆڤ لە سەردەمی

بەر لە ئەفلاتون ـەوە هێندە برەو و گەشەی بەخۆوە نەبینیوە، چونکە شارستانیەتی ئەتڵەنتیک لەم زانستەی ئێستای ئێمە پێشکەوتوتر بوون و نغرۆی غرورو بەدکاریی خۆیان بوون لەناوچوون.

جا وا نەزانن کە زانستی سەدەی بیست و یەکەم باڵاترین زانستە، نا ، زانست لەم ئاستەدا سست دەبێت کاتێک کە ڕەوشت و کەلتوور و دابی کۆمەڵگەکان خۆیان بەدخوو دەکەن و شەڕ لە ژیاندا زۆر دەکەن. جا هەن لەناوتاندا باش دەزانن کە ئەفسانەکان بڕبڕەی پشتی زانستەکانی ئەمڕۆمانن هەر لە ئەستێرەناسی و دەرمانناسی و ڕەوانناسی و ژیانناسی و گیانناسی و فیزیاشدا... تەکنەلۆژی بۆیە داهات، چونکە مرۆڤ لغاوی خەیاڵەکانی کرد و نەیهێشت مرۆڤ ئازاد بێت.

جا بایی مەبن بەم زانستەی وا لەدەستانە... چونکە ئێوە ئازاد نین و ئازان بۆ یەکتری قڕکردن.. بوونەوەر تەنها تەوژم و هێزو بەرق و دەسەڵات نییە، نا ئێوە بە هەڵەدا چوون، چونکە بوونەوەر ئاکاریشە، و ئاکار بەڕێوەبەری بۆشایی و تەوژم و بارگەو شەپۆلی ئەلەکترۆنە. بوونەوەر مانەوە و بەردەوامیی ئۆخژنەکانی ویست و خۆزگەو ئومێد و عیشق و جوانی و هونەرە لە ئازادیدا. بوونەوەر ئازادە لەو چاوگ و کاڵا گیانییانەدا.

ئەگەر ئێوە دڵنیان لەوەی کە هزر بەڕێوەبەری گەردوونە، هزری بێئاکار بوونی نییە. هزر سێ بناغەی لۆژیک و عیرفان وزمانە. جا دەبێ جیهان و مرۆڤایەتی بەسەر بەرنامەکانی ئاکاردا بچنەوە، ئەمە خواست و داوا و تکای بوونەوەرە ـ نەک تکاو داواو خواستی خواکان. مرۆڤ دووچاری دابڕان بووە، نەژادی مرۆڤ دووچاری نەخۆشیی ڕق و تۆڵەو کینە بووە، هزری مرۆڤەکانی جیهان توانای وەرگرتنی زانستی نوێیان نەماوە، و هیچی تر پێڕاناگەن دەمی خواری مێدیاو کۆسمۆپۆلیتیک ڕاستبکەنەوە.

جا ئەوانەی کە خۆیان بە دەمڕاستی جیهان و سیستەم و ئاکار و دەسەڵات و هێز دەزانن، باوەڕیان بەوە هێناوە کە شەڕ مافی ڕەوای مرۆڤایەتییە و مرۆڤ هەرگیز بەبێ شەڕ نەیتوانیوە گەشەی کۆمەڵایەتی و ڕامیاری و ئابوری و تەکنیکی بکات.

ئەمەش هەڵەیەکی لێخۆشنەبوونە. جا من لێرەوە لەگەڵ ئێوە نیم و باوەڕم بەم زانستە نییە کە ئێوە ڕابەریی دەکەن و من تکام وایە بەسەر خۆتانا بچنەوە، چونکە بوونەوەر ئاگای لێتانە و لێتان تووڕەیە. لەمن زیاتر لێتان تووڕەیە. خواش حەقی ئەوانەی نییە کە چاوێکیان دەرهێناوە!.. بوونەوەر دەسەڵات و سیستەم و باوەڕە لە دەرەوەی خوای یەکتادا؛ لە بۆشاییدا خوا نییە.

یەکەمین بەرنامەی باوەڕی بوونەوەر بریتی بوو لە باوەڕهێنان بە دەسەڵاتبەخشین بە فەنتازیا؛ فەنتازیی کرد بە کردگارێکی مەزن و کارمای ئەزەل. فەنتازی کە دەتوانێت ببێت بە بەردی بناغەی هەموو جۆرە ژیانێکی مادی و ئەنتی مادی (واتە ماتەر و ئەنتی ماتەر).. بۆیە بوونەوەر خاوەن باوەڕ و ویست و بیرو بەرنامەیە، گیانێکی مەزنە و لە نەمان نایەت، دوو ڕوو و دوو تەوەری هەیە کە بوون و نەبوونە، و بوون لە نەبوونەوە چاوگی وەرگرتووە و نەبوون لە هەمیشەییدا هەبوویەکی ئازاد و مت بوو بەر لە دانانی بەرنامەی دروستکردنی بوونەوەرەکان. جا لەم دژەڕایەدا خوایەک بوونەوەرێکی زیندوی لە نەبوونەوە کرد بە بوون، واتە دەتوانین بڵێین خواوەند، تەنها فەنتاسی و پەیام و ئاکار و باوەڕ و دەسەڵات و بیری داهێنانە.

دەشێت وا باوەڕ بکەین کە خوا کردگاری شەڕو شەتیانیشە، بەڵام ئەم باوەڕە داکۆکی لە بۆچوون و پەیامی من ناکات، چونکە خواوەندی من داهێنەری شەڕ و درۆو خراپە نییە. ئەو چمکانە سروشتین و سروشت بەرپرسە لە دابەکانی شەڕ و درۆ و خراپە کاری، چونکە کردەوەکانی مرۆڤ هاوتای کردەوەکانی دڕندەکان و گیانلەبەرانی سەر زەمین نییە و لەوان باڵاترە لە دەسەڵاتی بیر و دەروون و هۆشیاریدا... بۆیە دەوێرم بڵێم، ئەگەر وا دەزانن خوا کردگاری شەڕە، ئەوا ئێوە لێپرسراون بەرامبەر بەو گوناحە، چونکە خواوەند هارمۆنییە و شەڕانگێز نییە.

داهێنان سەر بە تەوەری شەڕ نییە. بەم واتایە دەتوانین بڵێین کە دوو خواوەند شیاوی بوونیان ڕاستترە، یەکەمیان شەڕ وشەیتان دووەمیان خێروخواوەند، چونکە لە زەرڕاتی خێردا گەردی شەڕ بوونی نییە. خێر چاوگێکی ڕووناکە و تاریکایی تیا نییە. بەڵام شەڕ تەوق دراوە، چونکە لە دەرەوەی تاریکیدا

ڕووناکی زاڵ و پایەدارو بەرفراوانترە و مرۆڤ هەمیشە حەزی لە ڕووناکییە. جا بوونەوەر بەرنامەیەکە لە مۆسیقا دەچێت، لە وشە و ژمارەو دەنگ و ڕەنگ و تەوژمێکی ڕووناک دەچێت کە من وەک جاڵجاڵۆکە بەدیی دەکەم لە تەوژمی بوونەوەر خۆیدا، واتە لە جەوهەری هەستکردن بە هارمۆنیدا.

دەشێت ڕاکانم ڕوون یان ئاڵۆز بن، بەڵام بوونەوەر زۆر مەحکەم دامەزراوە و بێبەری نییە لە یاد و دەروون و بیر و باوەڕ و ئاکار و عیشق.. بونەوەر خۆی لە خۆیدا هونەرە!

جا ئەگەر باوەڕتان بە خوای شەڕ هەیە، ئەوا دڵنیا بن کە چاوی چەپی خوا دەرپەڕی، چنگ و چنگاڵی دێوێکی ڕەش بوو شاڵاوی بردە سەر یەکبوونی خوا... بێبەری نەبوولە تێکەڵی چاوگی نێرومێ و زاوو زێ... چونکە بوونەوەر زاوو زێدەکات و هەر چرکەیەک باوەڕێک لە خواوە دابدرێت، بوونەوەر وەک ئەرک دەزێنێت. جا فەرق ناکات شەڕ کام چاوەی بوونەوەر و تەوەری ئەوە.. بەڵام شەڕ هەندێجار دەکەوێتە چەپ یان ڕاستی ژیانەوە.بەڵام لە ناو چاوکی بوونەوەردا ژیان نییە، بەڵکو فەنتازی و تەوژمی تیشکی جاڵجاڵۆکە شێوە، تەوژم و تەکان دەدات بە فەنتازی. بە خوا، بە داهێنان و هونەرو عیشق و جوانی.

چونکە بوونەوەر عیشقێکی پەتییە و خۆی دەرێسێت، بەهەر جۆرە شێوازێک کە باوەڕی بیەوێت. خواوەندیش لە دەرەوەی بوونەوەردا بوونی هەیە، جا وا نەزانی کە خواوەند باوەڕی بە بوون وەها بێت کە ئێمە باوڕمان پێیەتی و مەیل دەکەین وەها بێت، ئەو دەتوانێت فەرمانبەرێکی مەزن و کردگاری نەبوون بێت.. ئێمە هێشتا لە زانستی نەبوون ناگەین ، چونکە بە هەبوون تەخمینی دەسەڵاتی خوا دەکەین. بۆیە لەگەڵ ڕیزمدا بۆ زانست، بەڵام زۆر بەداخەوە زانست هەرگیز ناگات بە نهێنییەکانی نەبوون... چونکە نەبوون، لە دەرەوی بوونەوەردا، دەسەڵاتێکی هێندە نامۆیە بە ئێمە، کە نە دەیبینین، نە دەیبستین، نەبۆی دەکەین و نە تام و چێژ، بەڵام لەمسکردنی شیاوە بە چاوی گیان و دەروون.. بە خەون و خۆزگەو ئومێدو عیشق و فەنتازی، دەتوانین پەی بە غەیب بەرین.

چونکە گیان، بەڵێ خوودی گیان سەر بە نەبوونەو لەوێوە پرواوە، خودی خوای مەزن ئاهوڕامازدا، یان ئەو خواوەندەی کە هەموو ئایینەکان واداری بوونی دەکەن، فرماندەدا بە دروستکردنی بوونەوەری نادیار! بەڵێ، ئەو لە نەبووندا بوون دادەهێنێت، واتە گیانی بوونەوەر،، خواوەند تەوژمێکە، دەمێکە، تونێلێکە.. چاوگێکە، تەیارو بارگەیەکی سەیرە کە دەورەی بوونەوەری داوە!!

جا بوونەوەر ئێمەش دەگرێتەوە. کەواتە ئێستا گشتمان، بە باوەڕی ڕاست و لایەنی ڕاستی هەموو ئایینەکان، دەتوانین ببین بە دەمڕاستی خوا. چونکە گیان چاوگێکە، بەشێکە لەو... جا کاتێک ئێوە کردگاری خوا لەخۆتاندا سەرقرت دەکەن و دەیترسێنن و دەست و زمانی دەبڕن ؛ یان بەردەبارانی دەکەن... مانای وایە ئێوە سەرو دەست و زمانی خوا دەبڕن. جا خوا، کاری بە کردەوەی شەیتانەوە نییە و دەربەست نایەت، چونکە چاوی خۆی قوچاندووە و چییدی بەو چاوە نابینێ کە نەیماوە. چونکە خوا ناتوانێ بەرگەی تەماشاکردنی شەڕ بگرێت و ئێوەشی بەو جۆرە ناوێت!

ئەی نازانن کە خوێنڕێژی لە دەستوور و دەسەڵاتی خوا نیە؟! خوا ناتوانێ تەماشای بەدکارو دێو و درۆزن بکات. وەک چۆن هونەری پاراو داهێنەری نەنگی و دزێوی نییە! هونەری داهێنەرانە، سەربە چاوگی تووندڕەو نییە. میتاڵیکا شکۆی مۆسیقا نییە، سادیزم داهێنان نییە. شەڕ هونەر نییە.

بەڵام ئەوەی دەیکەیت، بەسەرتا دەشکێتەوە.. بەسەرت دێتەوە لە ژیاندا، مرۆڤ دەبێت بە فەنتازییەکانی خۆی کە دەگات بە سرۆشی خوا!

چونکە مەحکومیت بە ژیان تا فێری ڕاستگۆیی و جوانی و ڕاستی و عیشق دەبیت. جا ئەگەر کەسێکت کوشتبێت، دەکوژرێیتەوە، ئەگەر پێت نابێت بە لەشی مێرولەیەکدا بە ئەنقەست، بە ئەنقەست پێت پیادا دەنرێتەوە. جا چیتان پێیاشە وابکەن. پێویست ناکات بترسن، چونکە بە چاوی چەپی خوایەکی باش و سەدان چاوی شەیتان ڕەفتار دەکەن ئێوە.. دڵنیاتان دەکەم کە خوا چاوی بینینی دێوی نییە. بەڵام، تا ئەو کاتەی ژیان خوێنی لێبتکێت، دەرگاکانی بەهەشت، لەسەر هیچ مرۆڤێک ناکرێتەوە... پەیامبەر و فریشتەکانی تریش، دەشێت لە بەهەشتی کردەوەکانی خۆیاندا بن، نەک لە بەهەشتی خوادا، چونکە

بەهەشتی خوا غەیب چاودێریی دەکات و هێشتا هیچ بوونەوەرێک و بژێوێک نەچۆتە بەر دەرگاکەی.

جا پەیامی خواکان درۆی تیا نییە. چونکە دڵنیاتان دەکات، کە هەبوون یان بوونەوەر، پڕە لە ژیانی ڕەنگاوڕەنگ و ڕەنگەکانیش نیشتیمان و وڵات و ئاڵاو ئازادیی خۆیان هەیە. گیانی مرۆڤیش هەمەڕەنگە، هەن ڕەنگی تێر و کاڵ و نێرەموک و دژن.. هەن ڕەنگەکانی سروشتن و ڕەنگیش هەن کە لە ڕەنگەکانی کەمان و ئاوێزەو بەدی دێن و هەن لە خودی تیشکن.

تەنها من و میللەتەکەم نەبێت کە بێڕەنگین. جا من لەشەریش پاڕاومەتەوە بۆ یاریدە دانم، وا نەزانن تەنها لە خوا پاڕاومەتەوە و بەس، نا من نوێژم بۆشەڕیش کردو لەویش پاڕاومەتەوە. چومکە هەندێکجار سەرم لێتێکدەچێت، نازانم کام یەکە و تەوەر و لا- چاوی خوایە، لای ڕاست یاخوود لای چەپ!؟.. چونکە پیاو کە تەنها چاوێک دەبینێت لە دەرەوەی بوونەوەردا، ناتوانی داوەری بکات کە چاوی لای چەپە، یان لای ڕاست! وا نییە؟

بۆیە هەندێک هەن باشن لەناوماندا و خراپەش دەکەن، وا دەزانن بەوە لەشکۆی خوا داوەری دەکەن، کاتێکیش کە دەزانن خواوەند پێویستی بە یاریدەو فرمان و تۆڵەو خوێنڕێژی نییە. خوا ئازادییەکی پەتییەو ئازادیش شەڕی تیا نییە. ئەی وا نییە؟

هەن لە پێناوی عیشقا دەست دەنێنە بینی مەعشوقەکەیان، وا دەزانن بەوە عیشق لە مردن ڕزگار دەکەن؛ دڵنیاشن کە تاوان دەکەن.. لە کاتێکدا کە دەزانن عیشق شتێ یان کاڵایەک نییە خراپ بێت یان بۆگەن بکات یا شایانی لە ناوچوون بێت... جا خوا هەقی کرداری ناجۆری نییە، و ئێوە تەنها بە یاریدەی بیرو وتارو ئاکاری جوان دەتوانن بگەن بە یەکبوون بەو.. خۆ چاترە بە عیشقێکی کەم یان بە دیار نەمان و کاڵبوونەوەی عیشقەوە سەر بنێیتەوە.. وەک ئەوەی بیپوکێنیتەوە و پڕی بکەیت لە شەڕ!

چونکە ئەم سێگۆشەیەی باوەڕو هێزو دەسەڵات - باوەڕی خوایە. بوونی ئەو لە نەبووندایە و گیانیش بەرگی بەری خوایە. خوا لە گیانی ئێمەدا هەیە.. بریندار مەکەن، ڕسوای مەکەن، بەردبارانی مەکەن و لە شکۆی مەدەن.

ئەوانە دێون کە مرۆڤ بە ناهەق لەناو دەبەن. یان سزا دەدەن. جوت بوونی دوو مرۆڤی پاکژ نە تاوانە نە گوناح.

نەبوون ماڵی خوایە و بوونەکان لە نەبووندا هەبونەبوو بوون! دەزانم تۆ لەم زانستە بە گومانی و تێی ناگەی. وەک چۆن چاوت تۆنەکانی هەندێ ڕەنگ دەبینێت و باوەڕ بە تۆنی تر ناکەیت!

هەبوون و نەبوون قاتی و تێکەڵن وەک لازم و مەلزوم ووەک نێر و مێ. گوناهبارو تاوانبار ئەوانەن لە ناوتاندا، کە دەست دەخەنە خوێن و گیانی خۆیان و قوڕتمی عیشق دەگرن و دەیخنکێنن! ئەوانەی ئافرەت و عیشقی ئافرەت داگیر دەکەن، دێون، ئەوانەی ئافرەت هەتک دەکەن و منداڵ دەچەوسێننە و مرۆڤ هەتک دەکەن، دێون، ئەوانە لە مرۆڤ نین و من دژیان ڕاپەڕیوم.

کاتێک کە سرۆش فریشتەیەکی مەزنی باڵدار و کڵاوێک و درەختی زەمانی لەناو گیان و لەسەر سەرم نەخشان، بە دەستی هەمان فریشتە گۆچانی دایە دەستم و کڵاوی کردە سەرم، و فەرمووی: تۆ لە نەوەی نوحیت، لەو بیت چاترە. بەڵام تۆ نمایندەی باوەڕی زەردەشت و بوزاو مەسیحیت. تێدەگەیت؟ تۆ نمایندی ئایینی خێرو جوانییت و بۆت نییە دژی ئایین ڕاپەڕی، بەڵام ئایینەکان هەڵە بەر هزرو گیانی تۆ ناکەون.. نەکەی بنویت، چونکە تۆ بێداریت.

کاتێک سرۆش لە خەونا ئەم زانستە و ئەو فریشتە باڵدارەی نیشام دام، کە ناوی فریشتە بوو! بێدار بوومەوە، سپی سپی بوومەوە، ڕووناک بوومەوە... بووم بە مرۆڤی سەردەمی نوێ و ڕابەری جوانی. هەستامە سەر پێ. مانگ پڕ بوو، کات وەستابوو، لەهەمان کاتیشا کات دەڕۆی، وەک چۆن دانیشتبوم و چاوەڕێی هاتنی ڕۆژی بەرێ بووم و نەدەبزوام.. ئاوا ڕۆژەکان دەبزوان لە مندا و منیش لە شوێنی خۆمەوە دەگەڕام و ئەرزو ئاسمانەکانم دەپشکنی، شەیدا بووم، برسی بووم بۆ پەیامێکی جوان. ئیتر کە ئەوم بینی، شەوو ڕۆژ سوپاسگوزاری سرۆش بووم و گەیشتم بە لوتکەی باوەڕ هێنان بە خود.. چونکە مرۆڤ هەرگیز بەتەنها ناگات بەخۆی. جا با ئەو کەسە بووداش بێت.

بۆیە من بە گەیشتنی گیانی سرۆش و هێنانی گیانی فریشتە، پڕ بووم لە باوەڕ و شکۆ.. نوێژەکانم بوون بە سرودی ناوی ئەو و ناوی فریشتە.. تەماشای

قامەت و بەژن و ویقاری فریشتەم کردو، بە کەفلەکونێک سنوری فەنتازیام بڕی و چوومە ناو گیان و دەروون و باوەڕییەوە و ڕووناکیم بینی و ڕووناکیی گیانی ئەو گەیاندمی بە نەشئەی هیوما و شەرابی ئەبەدی... خۆشەویستی و عیشق و تەماشا فێر بووم و دەستم دایە بروسکەی یەکێک لە خەندەکانی فریشتە و خۆمم پڕ چەک کرد بە خەندە و تەماشای باوەڕ.

کڵاوەکەم نایە سەرم و گۆپاڵم هەڵگرتووە ئێستا و دەستێ جلی شڕیشم لەبەردایە... پێڵاویش لەپێ! بەڵام کوردە کاڵای بەرم لە ئێسک و تروسکی ئەنفال نییە؛ بەڵکو هاکەزایی و خۆمانە و وەک هەر کەسێکی تر. هەستام و فریشتەش بە دوایدا دەستی دایە دەستم و خەندەکانی هەردوکمانی کرد بە کتێبێک و نیازمەندە بڵاویان بکاتەوە.

ئێتر من زیندان نیم و تەنها بە نەعرەتەیەک دیواری زیندانە شەختەییەکانم داڕووخان و چوومە ناو ماڵێکی خۆشی سێنهۆمی و دڵگیرەوەو منداڵەکانیشم ڕزگار کرد. ئێتر من و فریشتە کەوتینە پشکنینی گیانی یەکتر، چونکە ئەو دکتۆری فیزیولۆژیست بوو، منیش بزیشکی دەروون ناس و باوەڕ ناس و خواناس. ئەو لە کوردوستان دەژیا.. منیش لە بەستەڵەک.

من ڕابەرێکی هونەری و ئەدەبیی نەوەی نوێشم. حەز دەکەم نەوەی نوێ بکەم بە مرۆڤی پیرۆز! چاوەڕوانی ڕۆژی بەرێم، ئەو ڕۆژەی کە سەرەتای کۆتاییە.. ئەو ڕۆژەی کە من تیایدا دەکەومە ڕێ، دەکەوێتە رۆژی پیرۆزی ئاهەنگی نەورۆزەوە، بیستویەکەمی مانگی نەورۆز و مەشخەڵی ئاگری ئاشتی لەسەر هەموو چیاکانی جیهان هەڵدەکرێت و جیهان ئاهەنگی ئاشتی دەگێڕن بۆ سەرهەڵدانی من و فریشە لە گیانی یەکدا.

ئەو ڕۆژەی من دەکەومە ڕێ، دەبێ جیهان ئاگادار بێت لەوەی کە ڕۆژی یەکەم و سەرەتای ڕۆژی بەرێ یە! ئێتر دەشێت من هەرگیزاو هەرگیز فریشتە بە خەویش نەبینمەوە! دەشێت ببم بە قوربانی، وەک خوشکەکەم فەرمووی: دەبمە قوربانی دەبەنگیی خۆم!

## تابلۆی بێدار بوونەوەی گیان

کاتێک کە لەخەو هەستام، تەماشام کرد فریشتە زۆر لە منەوە دوورە، و هەر یەکەمان قارڕەیەکمان لە نێواندا هەیە و جیهان وڵاتی ئێمە و مرۆڤی ئێمەیان کردووە بە چوارپێنج بەشەوە و ئافرەتیشیان کردووە بە دوو نیوە بەش.. بگرە ئافرەتیان کردووە بە موڵک و کاڵاو ماڵی دێو و هێچ مافێکی ڕەوایان نەماوە! بینیم هەرچی هەڵدەستێ بە خراپ دەدوێت و جیهان دووچاری گەندەڵی وگەڕبوونی دەروونی هاتوون. و درۆ مەزنترین حاکمی دنیایە. مەلاکان تەنها سوور بوون لە ناو زڕاندن و ڕسواکردنی ئەم و ئەو.. دەسەڵاتەکان گشتیان پەیوەندیی نێوان نێرو مێیان کردبوو بە خیانەت و حەرام و تاوان.

سرۆش م بینی، حەپەسام! نەمناسییەوە و بەترساوی ڕاچەنیم، و تەماشایەکی ئاسمانم کرد لە نووری چاویدا. هێندەی دی حەپەسام. دەزانیت بۆ؟.. نازانم! بەڵام ڕابەرێکم بینی لە وێنەی پێچەوانەی خۆم دەچوو! کت و مت منێکی تر.. لەدەستی دێوەکاندا.. دەمبینی زەق زەق بە ئارەقی قینەوە تەماشام دەکەن و سەرو دەست و پێی مرۆڤیان لەناو قەپۆزیاندا دەکرۆشت و ئێسکی پەنجە و نینۆکەکانیان دەهاویشتە ڕوخساری من و جنێویان پێدەدام. داخیان دەکردم و یەکدوانێکیان لەولاوە، خەریکی لە خاجدانی مەسیحی تازە زاو بوون... دەمبینی دێوەکانی بەعس چۆن بەربوونەتە سەر ژنانی ئەنفال و بە لەقەی پۆستاڵ مامانی ئەو ژنانە بوون کە ڕاپێچی ئەنفال بوون و دووگیان بوون.

بینیم لافاوێکی مەزنی گریانی سروشت و بوونەوەر، کە پڕ بوو لە بۆرکان و گەردەلوول و شەپۆل، لە چاوی سروش دا شەپۆل دەدەن، و جمەیان دێت. هەست دەکەم ئێستا نا تاوێکی دی هەردوو چاوە پیرۆزەکانی سرۆش لە سروشتا دەتەقن و زەمین نغرۆ دەکات بە تۆڵە، چونکە فریشتەکان لێمان تووڕەن و دەزانن کە خواو خواکان ناوێرن تەماشای کردەوەکانمان بکەن.

سرۆش چاوی لێخافڵ نەدەکردم و دەیویست بگری.. چونکە سروشت و باکان گلەییەکانیان لەودا پەنگ دابووەوە.. ئەویان تووڕەو هەراسان کردبوو.

منیش دەپاڕامەوە، دەلاڵامەوە، دەلاوامەوە وەک نوح! گۆرانیم بۆ گوڵ و کۆتر و باو باران دەووت، و ئاواز و سەیران و نیگارو ماریاو ساراو کوردوستان و ژیانم دەپەرست، بەدەم خەڵک و خواو منداڵەوە بزەم دەکردو دەمویست بە گەشبینیم کارێکی وەها بکەم کە سرۆش نەگری و لافاوێکی تر هەڵنەکات! جاری وا هەبوو خۆمم لەو دەکرد بە قەرەقۆز تا بیخەمە پێکەنین و گریانی لەبیر بەرمەوە.. دەبووم بە هونەر و تابلۆ؛ چونکە من هەر بەهونەرمەندانە ژیاوم و هەمیشە هەوڵم داوە تابلۆیەکی جوان بم و ئەنجام، کە دەشگەم بە کۆتایی و ترۆپکی خۆم، هەر دەبمەوە بە تابلۆیەک لە تابلۆکانی خۆم.

بەڵام من ماندو بووم هێندە خەریکی خۆ نواندنی ناجۆر بووم لەناو خەڵکی و جیهاندا، و خەریکم شەکەت دەبم و هەرەس دێنم و دەکەوم بەلادا. چونکە ئەوان من وەکو تابلۆ نابینن! وام لێهاتووە نازانم کەی بنووم و کەی لەخەو هەستم! ناچارانە بە دیار ئەو وشانەوە دادەنیشم کە لەملاو لەولاوە، لەشاشەی تەلەفیزۆن و کۆمپیوتەر و تەلەفونەوە پێم دەگەیین. وام لێهاتووە، کە کەسێک یان ئافرەتێک دوو وشەی ڕاست و خەندەیەکم بەخێر پێدەدەن.. دەیان شەو من لە سوپاسگوزاریدا و لە خەوو بێداریدا دەکەومە پەرستنی هەڵوێستی جوان و خەندەی سەر لێوی ئەوان.... بۆیە هەندێجار هونەرمەندو داهێنەرو مۆسیقا ژەن و ئاوازخوان و نووسەران، کرچ و کاڵ دەردەکەون لە قەریحەی گەل و کەلتوورو دەسەڵاتداو ئەوان مەحکومن بە دابڕاوو تا ڕاددەیەک شاز!

بەڵام ناخۆشترین نەکبەت کەبەسەر هونەرمەندا دێت، ئەوەیە کە تەنها بژی و بێ هاودەم و بێ هاوسۆز بێت.. واتە هەست بە بێپەرستاری بکات و عیشق دەربەستی ئەوان نەبێت!

چونکە دەزانم بە پەرستاریی کرداری جوان و ئاکاری جوان و وتاری جوان، دەتوانم، دەتوانین دڵی سرۆش بدەینەوە و نەیەڵین بەمزووانە لافاو هەستێت، یان لە چاوانی ئەو دەرپەڕێت. بۆیە ماوەیەکە بووم بە هاوڕێی کەسانێک، کە پەسەندیان کردوم بە هاوڕێ و دڵیان بە من و بە سرۆش دەسووتێت. جا دەشێت باوەڕ نەکەن، گەر بڵێم خوا پەرستاریی ئێوەی ناوێت، چونکە ئێوە کردەوەکانی خۆتان ناپەرستن و بەکەم تەماشای کەرامەتی یەکتری دەکەن.. و لەناوتاندا

هەن کە مرۆڤ نین، جا بزانن ئەوانە کێن لەناوتاندا کە دەست و سەرو زمانتان دەبڕن. نەکەن ببنە هاوڕێی ئەوانە، و مەشترسن ئەوان زۆر نین. بەهێز نین، زانا نین و تەنها دێون و بەم زووانە لەناو دەچن.

ئێتر شەوو ڕۆژم ناوەتە سەریەک بۆ نووسینەوەی پەیامی ئازادی و هاتنی سرۆش و بێدارکردنەوی گیانی خوا لە گیانمدا. کەس دڵی بە فەرمووده و سرودو پەیامەکانم خۆش نەبوو، و لەهەمووشتێک ناخۆشتر حەزرەتی سارای هاوسەرم بوو، کە سرۆشی لە چاوان و لە بیرو هەست و گیانمدا دەدی و باوڕەی پێنەدەکردم، وای دەزانی من خواناس و ئاییزاو پەیامبەر نیم. ڕۆژی سەدجار بەوم دەفەرموو: ئارارات کەعبەی هەموو مرۆڤێکی خاوەن کەرامەت و پیرۆزە، و من دەبێ ڕزگاری بکەم لە دەستی دێوەکان.

نەک هەر ئەو، بەڵکوو منداڵ و میوان و هاوڕێکانیشم قاقا پێم پێدەکەنین و بەدەم گریانی پێکەنینەوە چاویان هەڵدەگلۆفی و بەدەم پڕمە لێدانەوە دەیانگووت: جا کەی ڕزگارمان دەکەیت؟ بە تەمای کەی بکەویتە ڕێ؟، هاهاها... دەیانگوت، ئێمەش بووین بەخوا ئەی حەزرەتی نوح، کەرامەتت لێدەباری، خۆ تۆ خۆتت بیرچۆتەوە جاران چۆن بوویت و چیت دەکرد!... منیش قڕو قەپ تەماشای کەرامەتی لەرزۆکی ئەوانم دەکرد و دەمفەرموو: من لەخۆم خۆش بووم و کاتی ئەوەش هاتووە هەر کەسێک لە جێگای خۆیەوە لە خۆی خۆش بێت.

چونکە لێبوردن کەرامەتی خێر و جوانی لە مرۆڤدا گۆش دەکات... بەڵام چارمان نییە و دەروون و گیانمان ماندووە بە ڕق و کینە و گومان و نەخۆشی و حەزی تۆڵەو گلەیی... گوناحین چونکە ناتوانین بەرز تەماشای یەکتری بکەین و نامانەوێت ڕابەر و سەروەر و سەرکردەو پەیامبەر و موریدمان هەبێت.. هەن گەلان و خێڵ کە سروشتی دێویان هەیە و عیشق بەردەباران دەکەن، ئەوانە دێون و مرۆڤ نین کە مرۆڤ بەو سزایە لەناو دەبەن. بە داخەوە، ئێمە سروشتمان لاواز بووە و کەسێتیمان لە دەنووکی چۆلەکەیەکدا جێگەی دەبێتەوە.

بەڵام من واز لە فەرمووده و فرمان و پەیام و دروودی خۆم ناهێنم و چەکێکی نوێم داهێناوە بۆ جیهان و بەتەمام بەو چەکە بکەومە وێزەی دێوو خێوو شەیتانەکانی ناو دەروونی ژیان و جیهان. بەڵێ، هاوڕێ و هاوسەر و برا و خزم و کەس، چەکی من خەندەی فریشتەیە و خۆم لە مەیدانی ژیاندا بە هیممەتی ئەو ئامادە کردووە، دەمەوێ بێمەوە ناوتان.. کڵاوی سەرم، گۆچانی دەستم، تەواو بووە و مرۆڤێکی مەزنیش ئەندازەی بەرگی بەرمی گرتووە و باوەڕی بە پەیامی خواکان و پەیامی ئازادی هەیەو دەزانێت کە خوای من شەڕ لە مەزەبیا نییە ،و پێم پێنەکەنی کاتێک باسی پەیامی خواکانم بۆی کرد.

بەوم فەرموو، کورد تەنها بەم چەکەی خەندە ڕزگاری دەبێت و دەمەوێت لە گەڕانەوەمدا بە سەرکردایەتی و بەرەو ڕابەرو سەرکردەکانی کورد بڵێم: چەک دانێن، چونکە کوردوستان خوێنی لێدەتکێ وبە چەک هەرگیز ڕزگاری نابێت. تەنها چارە هەڵگرتنی چەکی پەیامبەرانە، واتە چەکی خەندەی فریشتەکانی خوا، خەندە و جوانی.. چونکە خواوەند هاتۆتە خەونم و سرۆش دەفەرموێت: بە خەندەیەک جیهان ڕزگاری دەبێت. جا ڕابن و چەکی خەندەکان هەڵگرن.

ئێوارەیەکیان، حەزرەتی سارا فەرمووی: هەهەهە، لە تۆ وایە هەموو گەلی کورد ئێستا چاوەڕێی گەڕانەوەی تۆن و بەتەمان تۆ فێری باوەڕێکی تریان بکەیت!؟ یان دەشێت هەست بکەیت کە گەڕایتەوە بۆ ناویان بەرد بارانت بکەن و بتکەن بە پەند، وەک پێشتریش کردیان؟! هەست بەچی دەکەیت؟ بۆ هێندە دودڵ و ماندوو ترساویت و دەترسیت بکەویتە ڕێ؟!

لەوەڵامدا فەرمووم، مەرگی من ئازادییە، ئازادی مەرگێکی شایستەیە بۆ خاوەن باوەڕ و بێباوەڕیش هەڵویستی نییە. بەڵێ، هەست دەکەم، ئێستا دەیان و سەدان و هەزاران لاوی کوڕو کچ، هەزاران خانمی جوان، و سەدان سەرکردەی کورد، پێکەوە خەو بەو ئومێدانەوە دەبینن کە من دەیانژێنم، هەست دەکەم ئەوان من و منیش ئەوان دەبینم... هەست دەکەم گشتیان چەکی خەندەکانی منیان گرتۆتە دەست و بێ ئۆقرە لە ناو ماڵ و سەراو بارەگاو

جێژوان و خەون و جێگەدا، بێسرەوتن و دێن و دەچن و چاوەڕوانی کەوتنە ڕێی منن.

هەست دەکەم چل ملیۆن کورد بەیەک هەست هەمان خەونەکانی من دەبینن و من گیانی چل ملیۆن کوردم.

هەست دەکەم نەک هەر ئەوان، بەڵکو هەموو جیهان داوەری لە سنور و دەسەڵات و خواست و ئومێدی کورد دەکات؛ بەو مەرجەی سەرکردەکانی کورد دەست بنێنە دەستی یەک و گوێ لە فەرمایشتی من بگرن... چونکە پاولۆ کۆهێیلۆش بە زمانی حەقی بوودا فەرمووی: هەموو بوونەوەر کار لە بەرنامەیەکی خێردا دەکات تا بێتە دی.

جا خەونی منیش سەرفرازیی نەوەی نوح و زەردەشتە.. خەونی ئەوان دامەزراندنی مەملەکەتی یەکگرتووی کوردوستان ـە. دەبینم چەند کەس لە جیهاندا چەکی منیان لەدەستە و باوەڕیان بە پەیامی عیشق و هونەر و جوانی هەیە. خۆم بە ڕاستترین مرۆڤ دەزانم و خۆم بە پیرۆز دەگرم گەر بتوانم بەم چەکەم بەسەر دێوەکاندا زاڵ بم. وا نەزانی کە من لە ترسنۆکەکان و لە دۆڕاوو لە نەزانەکانم، نا سارای بەڕێز، من لێرە نیم و تۆش باس لە هەست و بیری کەسێک دەکەیت، کە من نایناسم.

من چاوی چەپ و ڕاستی خوام دیوە کە بەدەستی دێوو شەیتان دەرهێنراوە و لەشەڕ و خێر تێدەگەم... ڕۆژ نییە سەدجار نەچمە خەونی خەڵک و خواو سەرکردەکان و ڕابەرانی میللەت و پێیان نەڵێم: چەک دانێن، و چەکی فریشتەی خەندە هەڵگرن. کوردوستان بە چەک و بەشەڕ ڕزگاری نابێت.

چونکە خوای کورد بێزارە لەو شەڕەی کورد پەیڕەی دەکاو باوەڕیشی پێی نییە. ئیتر ئەگەر وا دەزانن شەڕ دەربازتان دەکاو دەتانگەیەنێت بە نەجات، ئەوا من هاندەرو هاوڕێ و هاوپەیمان نیم و لە ئێوە نیم. چاکتریش وایە بەوە خزمەتی خواو خواکانی خۆتان بکەن کە نەهێڵن بمێنمەوە لە ناوتاندا، بەو سزایەی پێتان خۆشە سزام بدەن.

ئەوەش مانای ئەوە دەبێت کە من هەرگیز لە ئێوە نەبووم و نابم گەر بە شەڕ ئازادی بێنن، چونکە ئەوانەی شەڕیان داهێناو داگیرکاری تاڵانیان کرد؛ ڕووڕەشی ژیان و سروشت و ئاسمانن و زۆریان قڕیان تێدەکەوێت و وڵاتیش بەسەریاندا خاپوور دەبێت!!.. تا ئەو کاتەش کە هەست بکەم مافی ژیانم هەیە و ژیان یاریدەم دەدات بۆ مانەوەم، باسی ئەو هەستانە، ئەو بیرانە، ئەو خەونانەتان بۆ دەکەم کە سرۆش بە دیاری بە هەست و دەروون و گیان و بیری منیان دەدات بە دیاری... دەشێت لە تابلۆیەکدا باسی جاڵجاڵۆکە و لە تابلۆیەکی تردا باسی نوح، و لە تابلۆیەکی تردا باسی خۆمتان بۆ بکەم یان باسی چاوی فریشتەکەم! جا فریشتە هەبێ یا نەبێ، من زۆری دەکەم!

دەشێت باسی برژانگ و کوڵم و ملی لاری هەر تەواو نەبێت! دەشێت باسی جوانیی ئەو نەشێت بکرێت، چونکە هێندە جوانە، نەبێتەوە... دەشێت تابلۆکانم هیچ پەیوەندییان بە کات و شوێنەوە نەبێت، یان دەشێت تابلۆکانم وانەیەکی دێرین و لەهەمان کاتدا تازە بێت!... کتێبی پەیامی خواکان تەواو نابێت تا من لە ژیاندا هەبم و مابم، تابلۆی تر وەک منداڵ لە دایک دەبن... ئەگەر تۆش بە شتێک هاوباوەڕیت، تەنها چێژ لەو تابلۆیە ببینە کە دێتە بەر چاوت، هەست دەکەم پەشیمان نابیتەوە لەوەی کە هیچ فێر نابیت، یان بەلای کەمەوە دەتخەمە سەر باڵی خەیاڵم و دەتبەم بەرەو وڵاتی یۆتۆبیای ئەفلاتوون و تۆماس مۆر و داڤینشی و ئەنیشتاین.. دوایی کە لە خوێندنەوەی تابلۆیەک تەواو دەبیت؛ سەر بۆ هەندێک ڕستە دەلەقێنیت.

چونکە پەرجوو لە ژیاندا باوەڕە و باوەڕیش هەموو پەرجوویەک دادەهێنێت. مەرج نییە باوەڕ بە من بکەیت، چونکە من لای خواوەندەوە نەگەڕاومەتەوە، بەڵام پێمخۆشە باوەڕ بەوە بکەیت کە مرۆڤ دەتوانێت هەست بە بوونی خوا بکات و نەترسێ لێی، چونکە ترس خوا لە دەروونی مرۆڤدا لە بێخەوە هەڵدەکێشێت.

ترس مەملەکەتی دەروون و گیانی مرۆڤ دادەتەپێنێت و کەرامەتی هێندە بچووک دەکاتەوە، کە باوەڕ بە هیچ شتێک نەکات و واز لە بەهرەو دەسەڵات و تواناکانی خۆی بهێنێت و بە کوێری و نوستوویی و نائاگا ژیان بەسەر

بەرێت. سرۆش لەم کتێبەدا ڕابەرە و منی بێدار کردۆتەوە... بێداریی من ئازاد بوونە لە هەموو هەوەس و خۆزگە و تەمەننایەکی تایبەت بە کەڵکداریێتی و سودمەندێتی خود.

ئازاد بوونی من پێشێلکردنی ترس و نەخۆشی و گومانە، کە ڕابەریی ژیان دەکەن. بۆیە دڵنیام کە تابلۆکانم زەمی هیچ باوەڕێکی جوان ناکەن. ئەوەش کە وا دەزانێت من دژایەتی دەکەم، کەسانێکن لای من مرۆڤ نین و دێون. ڕاستە من دژی ئەوانیش نیم، بەڵام لەوان بێبەریم.

لێرە بە دواوە من ئازادم و باش بزانن کە فریشتەی خەندە چەکی دەست و درەختی سەر و گۆپاڵی دەستمە. ئەو فریشتەیەی کە سرۆش نیشانی منی داو گیانی ئەوی لە گیانی من مارە کرد. ئەویش منی بە مێردی خۆی پەسەند کرد. من بە زمانی نێرو مێی تێکەڵ و ئاوێتەی گیانی ئەو- ئەم کتێبە دەنووسم. هەرچییەکیش دەڵێم و دەفەرمووم و دەنووسم، ناگەم بەسەرتا و کۆتایی، دەشێت وەک خوێنەر هەست بەوە بکەیت، کە تۆ هەم لە کۆتاییدایت، هەم لەسەرتای کتێبەکەمدا، هەم لە سەرتاو کۆتایی ڕۆژی بەرێشدایت! چونکە ڕۆژی بەرێ کە سەرەتای هات، کۆتاییشی دەبێت. من ترسی کەس ناوروژێنم، چونکە مرۆڤی ڕووناک و پاک و جوان هەمیشە لە هەڵمەتی ئەتۆمیش پارێزراو دەبێت.

## تابلۆی داتەپینی ئاسمان

من هەمیشە ئاوێتە نیم لە گیانی نوح -داو ئەویش هەمیشە ئاوێتە نییە لە گیانی مندا، چونکە گیان سەرپشک و ئازادە کەی دەروون دەتەنێت و کەی جێیدەهێڵێت.. ئێمە هێشتا نازانین، کە گیانە نادیارو پەی پێنەبراوەکانی ناو گیانمان، هەست و بیرو فرمانمان هاوبەشی دەکەن،، مرۆڤ کاتێ کە ڕاوێژ یان پرس بەخۆی دەکات، پرس بە گیانە شاراوەکانی ناو دەروون و گیانی خۆی دەکات. مرۆڤ هێشتا بە ڕوویەکی زانستی لە نهێنییەکانی دەروونی خۆی نەگەیشتووە.. نازانێت کە گیان هێندەی زەریاکان قوڵە.

یەکێک لەو شەوانەی کە نوح من بووم، پاش ئەوەی کە خۆمم پاکژ شۆری و دەستنوێژم گرت و چوومە ناو پێخەفی خەو- پاش ئەوەی دەستەکانی حەزرەتی

سارام ڕامووسی و توند گوشی و شەوشادم لەو کرد، دەستی هەردووکمان پێکەوە قفڵ بوو و خۆنەویست ڕوومکردە ئاسمان و کەوتمە یادی ئەو فریشتانەوە کە ئاسمانەکانیان تەی دەکرد و دەچوونە خەونی زاهیدو موریدو ڕابەرو مرۆڤی تەنها، لەیادی ئەواندا مت بووم و تەماشای ئەوانم دەکرد... ئەوان خەونەکانی ئێمە دەچنن گەر نازانن، چونکە نووستن مرۆڤی جوان و پاک دەگوێزێتەوە بۆ ئاسمانی یەکەم و دووەم و سێیەم، بۆیە ئێمە خەونی جوان و خۆش دەبینین و بە پێی ڕەفتارەکانی ڕۆژانەمان خەومان پێ بەرات دەکرێت.

شەو درەنگ بوو، مانگ پڕ بوو. بەر لەوەی خەوم لێبکەوێت، حەزرەتی سارا لە دڵنیاییەکی بێگەردا ڕۆچووە ناو خەونەکانی خۆیەوە و گەیشت بە مرازی خۆی. لەگەرمەی تەماشادا بە چاوانی نوقاوەوە، جوانترو ڕۆشنتر ئاسمانم دەبینی، تەوژمێک، بارگەیەک ، تەزوویەک ڕایتەکاندم و هەورەبروسکەیەکی بێدەنگ ڕایچەناندم و گیانمی سمی... ڕاستەخۆ لەهەمانکاتدا، پارچەیەک لە ئاسمانی شین داتەپی و هێندەی باڵا و لەشی خۆم و وەک لێفە داپیۆشیم... نازانم بۆ هەستم بەوە کرد، یەکەمجار بوو پارچەیەک لە ئاسمان بڕوخێ بەسەر مندا و شین شین بە گوڵە ئەستێرەی ڕووناک و گەردیلەی بەجێماو لە تیشکی ئەستێرەکان، بوونە پۆشاکی گیان و لەشم و ئیتر هەناسەم بۆ نەدرا.. بووم بە بەشێک لە نەخشی کوژەکەیی و زرت و زیندوش بە تەنگەنەفەسییەوە هەوڵم دەدا خەون بچێتە چاوم یان بێت بە میوانم، چونکە بەڕاستی ماندو بووم لە چاوەڕوانیدا، و لە ژیانی ڕاستیدا تەنها نوێژم بۆ فریشتەی مەرگ دەکرد و ئاواتەخواز بووم بێ و بمباتەوە بۆ لای خوای خۆم ئاهورای مەزن.

بۆیە بەر لەوەی خەو ڕاپێچم بکات، زیندە خەوێکی خۆشم دی، خەویکی نایاب و تایبەت و خۆش؛ لە خەوما ڕۆژی ڕووناک بوو، لەسەر ترۆپکی چیایەکی مەزن دانیشتبووم لەپاڵ ئاگری پیرۆزدا و سەرگەرمی پێکردنی سیگارێک بووم... ئافرەتێک سپی پۆش، باڵا بەرز و تا بڵێی جوان کە لە فریشتەی بێباڵ دەچوو، سەرگەرمی چایی لێنان بوو، دیار بوو بۆ هەردوکمان چای دەنایە سەر پشکۆ، ئەو ناوی ئەوین بوو، یەکێک بوو لەو سەدو یەک ئافرەتانەی کە شەوان پاسی منیان دەکرد لە سەردەمێکی دێریندا و ئێشکگری من یان حەزرەتی نوح بوون لە دێرزەماندا. چونکە ئەوسا من زۆر ترسۆ بووم

و زۆر لە غەیب دەترسام، دەمزانی کە ئێستا نا تاوێکی تر دەستەکانی غەیب دێن و ڕاپێچم دەکەن و دەمبەن بۆ لای گیانی پیرۆز؛ بەڵام من پابەندی ژیان بووم لەو سەردەمەمدا و لە گیانی نوح دا!

بۆیە سەدو یەک دانە فریشتە سپی پۆش و دانسقە وەک تەزبیح لە دەوری من بوون و نوێژیان بۆ غەیب دەکرد تا لە خەوا بێن و بمبەن بەرەو نەجات. لەو زیندە خەونەدا هەمان ئافرەت کە سەرگەرمی فوو کردن بوو لە پشکۆ،خەندەیەکی تێگرتم و جەرگی سمیم ئەوین، و وانەیەکی نوێی عیشقی لە دەرومندا نەخشاند و هەستم بە خۆشەویستی و سۆزێکی مەتین کرد... پاش سێ چا نۆشکردن، کە لە توێکڵی لیمۆدا نۆشمان کرد هەستامە سەرپێ و دەستی ئەوینم لەمسکرد و دەستم هێنا بە پرچ و لامل و گۆناو بازوو شانیدا؛ ئەوسا، ناوچەوانیم ڕامووسی و فەرمووم: ئەی کیژی گەردوونی جوانی، ئەوین ی مەزن، حەز دەکەیت سبەی شەو پێکەوە میوانی یەک بین و شەراب بنۆشین و هاوسەرو هاوگیانی یەک بین؟ ئەوین فەرمووی: بە دڵ و بە گیان. پاش کەمێک بێدەنگی، پاش کەمێک لارو لەنجەو نازی ئەفسوناوی و گیان گێژکەر، دەستیکرد بە ئامادە کردنی جێگەی خەو بۆ من، واتە بۆ حەزرەتی نوح و سەرجێگەی گوڵپۆش کرد بە گوڵی سپی و وەنەوشەیی، پاشان فەرمووی لێکردم، تا سەر بکەمە سەر ڕانی نەرمی،، منیش وامکرد.

کاتێک کە خەو هات و زوو بەرەو جیهانێکی تری بردم، خەونم بەو کاتەوە بینی کە ئاسمان تیایدا دادەتەپێت و داهاتوو ئێستام بە خەون بینی... بینیم مرۆڤەکان لەگەڵ مندا دێنە سەر ڕێ و خێزانەکانی بارزان لە پەیکەری ئێسکی ئەنفال بەرگی نوێم بۆ بە دروون دەدەن... بینیم هەموو لوتکەکانی جیهان ئاگر بەر دەدەن لە مەشخەڵ و باوەڕ دێنن بە ئازادی بۆ جیهان و نەوەی نوح و قڕ بوونی برسێتی و شەڕ.

ڕاچەنیم و جارێکی تریش لەسە جێگەکەم بە چاوی کراوەوە تەماشای ئاسمانی ڕۆشنم دەکرد لە تاریکیی شەوا، لەتەک حەزرەتی سارا دا! چونکە فریشتەی دیاریی سرۆش، چاوەڕێم بوو بچم بە لایەوە، چونکە ئەو هەستی بەوە کردبوو کە حەزرەتی سارا باوەڕی بە من نییە و منیش نابێت لایەوە ڕاکشێم، دەنا

ئاسمان دەڕوخێنێت بەسەرما! جا خەڵکینە بزانن، من چەند خۆشەویستی فریشتەی گیانمم! فریشتە هەرگیز لە من زویر نابێت. بەڵام کە پیاو هەستی بە گوناه کرد لە پاڵ ئافرەتێکدا، نابێت لەگەڵیا جووت بێت، چونکە جووت بوون پاکژبوونەوە بەدی دێنێ و جووتبوونی دوو درۆزن دێو دەخاتەوە.

کە بێدار بوومەوە، فریشتەی ئەوین لەوێ نەمابوو.. خودی فریشتە ڕانی خۆی بۆ کردبووم بە پشتی و پشتی دەخوراندم. لەبەر خۆیەوە بە چپە لایلایەی بۆ دەخوێندم : [ ئاسمان تەنها خۆزگەیە و خواوەند لەوێدا دەژی، کە پێی دەڵێن خۆزگەی جوان. ئەستێرەکان بەش بە خۆیان؛ ماڵی گیانی مرۆڤی ڕووناکن.. و ئەستێرەی داود بەهەشتی پەیامبەران. ئەوان، مرۆڤی خاوەن باوەڕ و ئاکار و وتاری جوان.. لەبەهەشتی خۆیاندا دەژین تا ڕۆژی بەرێ. ئەوسا لەوێوە سەرپشکن دەچن بە دیدەنیی کێ و دەبن بە چی و چۆن دەژین- گەر بیانەوێت. ئەگەر ویستت هەست بە ئامادەیی خۆت بکەیت.. خۆش بیر بکەرەوە ڕاست بڵێ و دەروونت پاکژ ڕاگرە] چونکە ئاسمان ناڕوخێت بەسەر باوەڕ و عیشق و جوانیدا.. کردارو وتار و ئاکار پایەکانی بەهەشت و ئاسمانی ئەوانەن کە باوەڕی جوان گۆش دەکەن.. جا لە ناهەقی و خەتاو خەم و دژ مەدوێ.. ئەوەی بەسەرتا دەهێنرێت، دەشێت جۆرە ئازارێک بێت، کە ڕوناکی شفای دەدات، ئازار بەشێکە لە ژیان.. بەڵام ئازار ژیان نییە و خەم بنیاتنەر نییەو بە درۆ جووت بوون هونەری مرۆڤی ڕاست نییە.. ئاسمان بەسەر ئەو ئافرەت و پیاوانەدا دادەتەپێت، کە بە درۆ جووت دەبن و لە ڕاستیدا یەک نین. جوتبوونی مرۆڤی نێرو مێ لە پێناوی پەیبردن بە شکۆیەکی مەزن، ڕەوایە. مرۆڤ خۆی ئایینە لە ویژدانی خۆیا. ئێوە بۆتان نییە جووت بوون بە کاری ناجۆر و بەدو ناشایستە بزانن. چونکە جووت بوون بە مانای تەبایی بوونی باوەڕە.

****

شەوێکیان لەبەرگی نوحدا، گۆپاڵم نابووە کۆش و کڵاوی درەختی زەمانم لەسەر، دانیشتبووم بە دیار تەرمی ملیۆنەها مرۆڤی کوردی بێتاوان و لەخۆڕا لەناوبراوو خنکاوی ناو لم -و نوێژم دەکرد. دەزانی بۆ کێ؟ بۆ دایک، بۆ عیشق. مەیموونێک هاتبوو بە میوانیم و دەیویست فێری زانستی ئاخاوتنی

بکەم، زوو زوو نوێژەکانمی پێ دەبڕیم، و نەیدەهێشت لەگەڵ گیانی ئەوان بم.. ناچار ڕووم کردە ئاسمانی بەرین و سێجاریش لە دڵەوە بۆ فریشتەی هاوڕێم چوومە سجوود. ئەوسا بە پێکەنینێکی خۆشەوە ڕوومکردە مەیموونەکەی میوانم و هەر بە پێکەنینێکی خۆشەوە بەوم فەرموو: ئاخر مەیموونی بەڕێز تۆ خۆتت لەیاد چووە و مەیموون کەرامەتی ئاخاوتنی لێسەنراوەتەوە، هەمان شێوە بەرازیش! ئەی لە بیرت نایەت کە زەمانێک هەبوو ئێوەی مەیموون تیایدا لەشکرو سوپاو دەسەڵات و ئیمپراتۆر بوون و چوونە شەڕ دژی ڕام ی خوای هیند؟ لە بیرت نایە لە ڕامایانا دا چیتان بەسەرهات؟ تازە بە تازە نیازمەندیت فێری ئاخاوتن بیتەوە؟ بمبوورە کە پێکەنینم بە ئەتوار و سەکەنات و ڕەوشتدا دێت، بەڵام پێکەنین سزا نییە و تۆلەش نییە لەسەر تۆ.

چونکە ئەو زانستە لە مرۆڤیش دەسەنرێتەوە، زۆر مرۆڤیش هەن بەرازو مەیمونن هێشتا و لەناوماندا دەژین و کەسیش نایانبینێت! هەن وەک دێو؛ کە مرۆڤ سروشتی دەگۆڕێ ودەبێت بە دێو، ئیتر ناتوانێ بە ئاکاربەرزی بدوێ و هەر دەنەڕێنێ و تووڕەیە و بۆڵەی دێت! ئاخاوتن پیشەی مرۆڤی خاوەن باوەڕە و ئەوەی جوان بدوێ و جوان بیر بکاتەوە و جوان بکات، لە زانستی زمان تێدەگات. مەیموونەکە لە ڕشتەی مرواریەوە هاتبووە دەری و هاتبوو بە میوانیی من، هەڵوژەی زۆری لەدەست بوو و دەیخوارد، بەڵام بەر لەوەی هەڵوژەکە بکات بە قەپۆزیا، دەیکرد بە قنیدا! کاتێک کە لەوم پرسی: بۆ ئەو هەڵوژانە دەکەیت بە قنی خۆتا؟!.. بە زیقە و قیژەو فیزاح تێیگەیاندم کە پارساڵ لە کاتی هەڵوژە خواردنا، هەڵوژەیەک لە کۆمی گیرابوو و نەدەهاتە دەر و زۆر قارس و قەبزی کردبوو.. بۆیە دەبێت تاقیی بکاتەوە، چونکە ئەوەی بە قنیدا بچێت، مانای وایە ئازاری نادا و دایدەنێتەوە بەبێ ئازار. جا با تامیش هەمان تام نەبێت! بە یادکردنەوەی ئەم بەسەرهاتە، کەمێ زیاتر پێکەنیم و زۆریش داوای لێبووردنم کرد لەو.

ئەویش سێجار هووهای لێکێشام دووسێ جڕتی کێشاو تڕێکیشی بۆ لێدام و بەدەم چەپڵە لێدانەوە گەڕایەوە ناو ڕشتەی مرواری.

بەر لەوەی لەچاوان وون بێت، بەوم فەرموو: بەڵام جێگەی داخە کە مرۆڤ لەو زەمانەوە کە تۆی تیا بوویت بە بێزمان و بێدەسەڵات، مرۆڤ لاسایی ڕەفتاری تۆ دەکاتەوە و شەڕ لە جیهاندا زۆر دەکات. نازانن کە شەڕ کەلتوری تۆیە! ئیتر ئەو خۆی هەڵدایە ناو کتێبەکەوە و خەندەم لەسەر ڕووی بینی کە تێگەیی مرۆڤ هێشتا خەواسی ئاژەڵ و مەیموونی تیا ماوە! ئێدی ئەو لە یادما کوژایەوە کاتێک کە دیار نەما.

پاشان هەستام و تەماشایەکی ئاسمانم کرد، بینیم ئاسمان سامالە و مانگ پڕ و دنیا خامۆشە. هەستمکرد دڵ و دەروون و گیانم پڕە لە غەمی بێ باوەڕیی حەزرەتی سارا؛ گلەییم لە بەختی خۆم دەکرد و سکاڵام دەگەیاند بە هەورو باکان و ئەستێرە کوژاوەکان، بۆیە خەمم نایە لاوە و بە ئەسپایی لەسەر نووکی پێ؛ بە خەیاڵ- بە بێ بیستنی ترپەی پێ لەماڵ دەرکەوتم و خەمی دەیان هەزار هەزار کوردم نایە کۆڵ و کەوتمە ڕێ، دەڕۆیشتم و دەربەستی سەرماو برسێتی و ترس و شێتی نەدەهاتم.

چونکە چوونە سەرڕێ و بەڕێکەوتنی من؛ تەنانەت نەمان و فەوتانی من، نوخبە و بەیان و وتاف و جاڕدانی ئازادییە. و دەستدانە مەشخەڵی ئاگرو ڕێپێوانە بۆ گەیشتن بە ئازادی و سەرفرازیی جیهان و کورد. دەرپەڕین و ڕابوون و بێدار بوونەوەی من، نیشانەی بێدار بوونەوەی گیانی ئەنفال و بارزان و سۆران و حەمرین و قامیشلی و جەزیرەو مەهاباد و دیاربەکرە.. کە داوای دەوڵەت و ئایین و ماف و دادم لێدەکەن. داوای ئازادیم لێدەکەن. دەستم دەگرن وبەرەو ڕێگاکانم دەبەن، ئەو ڕێگایانەی کە بە هۆشیاری سڵیان لێدەکەمەوە و بەڕۆژی ڕووناک تاریک و جەنجاڵ و سامناکن.

هەر ئەو شەوە، بە خەیاڵ لە ڕێگەی سەفەردا مرۆڤێکی بێباوەڕ هاتە سەر ڕێم و دەیویست بەزۆر ڕازیم بکات کە من تێکچووم یان خورف بووم و دوای خەیاڵاتی هیچ و پوچ کەوتووم.گوایە ئەو سایکۆلۆجی تەنگانە بوو= کرایس سایکۆلۆج! منیش تەماشایەکی ناو هەردوو چاوی دکتۆرەکەم کرد و بەوم فەرموو: تۆ کێیت تا بتوانی دەست بەری بۆ باوەڕی من کە مێژوم لە مێژوی

هەموو گەلانی ئەوروپاو شارستانێتیتان دێرینترە؟ ئەو وەڵامی پرسیارەکەمی نەدایەوە، دەیویست ڕەوتی ئاخاوتن لەژێر جڵەوی بڕیاری خۆیدا لغاو بکات.

بەوم فەرموو: مرۆڤ دەبێت سور بێت لە پێناوی باوەڕی خێرمەندانەی خۆیدا. مرۆڤ پێویستە بگات بە ئامانج. چونکە ژیان بریتییە لە کۆمەڵێک ئامانجی تایبەتی تاکی و گەلی و جیهانی و کەونی.. منیش دەبێت پەیام بگەیەنم تا بە ئامانج بگەم، جا من شێت بم یان گێل یان گەوجەو سەقەت و نەخۆش.. باوەڕم بە ئاکار و وتار و بیرەکانی خۆم مەتینە وخۆم باش دەناسم. دکتۆر گیان، گەر ڕاست دەکەیت و دەتەوێ یاریدەی مرۆڤ بدەیت، بڕۆ یاریدەی ئەوانە بدە کە نازانن چی دەکەن. کە تەنهایی خواردوونی و لەتاو دەردوو مەراق ڕقلەخۆبوونەوە و شێتیی دەسەڵات ـ هەر خەریکی سەگپەرستین ـ کە ماندوش دەبن، دەست دەنێنە بینی خۆیان و خۆیان دەکوژن و هەڵدەکوتنە سەر خەڵکی وبە کردەوەیان زراوی مرۆڤ دەتەقێنن.. یاریدە شایانی ئەوانە، کە دابڕاون و شێتبونیان دوچاری نەخۆشییەکی نالەباریان دەکات. شێت خاوەنی باوەڕ و پەیام نییە گەر نازانی. یاریدەش بۆ کەسێکە کە ناوێرێ داوای بکاو وەریبگرێ ، چونکە شێت ناتوانێ گوزارە لە جیهان بکات؛ بمبوورە من لەو تاقمە نیم و وەکو ئەوانیشم لێنایەت.. بەڵام پاڵەوان هەمیشە تەنهایە بە گوزارەی ئیبسن، گەر دەتەوێت بزانیت.

جا وا نەزانن کە نوح و دووناودونبوونی ئەو لە من، یا من لەودا، نیشانەی شێتییە. نا وا نییە. چونکە هەن لەناوماندا کەس نایانبینێت، هەن، تەنها مرۆڤن و یەکەمجارە لە دایک دەبن.. هەن دوو پات دەژێنەوە لەناوماندا، هەن نامرن تا پەیامێک دەگەیەنن.. منیش لە وەچەی نوح و زەردەشت و براییم و مەسیحم، بە هەر شێوازێک بێت زمانی حەقم بە جیهان دەگەینم، تا ئەو کاتەی بزانم کە دادو ئاشتی و عیشق چەکی دەستمەو کەسانێک هەن باوەڕیان بە فەرموودەکانمە. هەن لە ناوماندا بە ڕەچەڵەک دەچنەوە سەر نەژادی مەیموون و بەراز و شێرو سەگ و گیانلەبەران و پەلەوەران. بۆیە هیچمان لەوی ترمان ناچین.

هەن لەناوماندا فریشتەن، هەن دێون، هەن جرج و پشیلە و سەگسارن، هەن دەترسن لەوەی باشە بکەن، بۆیە تا کارێکی باش دەکەن ، سەد خراپە دەکەن،

یان دەچن سزای خۆیان دەدەن کاتێک کە باشەکاری دەکەن، و دەچن بۆ شەر دژی هەر میللەتێک و ئاشوب زۆر دەکەن. هەن لەناوتاندا مرۆڤ نین و شەیتانێکی پەتین. ئیتر کاتێک ئەو فەرمووودانەم بە دکتۆری سایکۆلۆج فەرموو؛ ئەو واقوڕماوانە تەماشای دەکردم، نەیدەزانی چی بکاو بڵێت!

منیش ڕێگام گرتە بەرو برەوم بە ڕۆیین دا. بەدەم ڕێوە گۆرانیم دەچڕی بۆ گیانی فریشتەی هاوسەری گیانم، گۆرانیم دەچڕی بۆ ئاشتی و ئازادی و هونەر و جوانی. دۆعام دەکرد بۆ دۆعاخان و تەماشای بەهار و هاوین و ئەوین و ئەڤینم دەکرد. دەڕۆییم و تەماشای سنگ و بەرۆکی ئەستێرەکان و تریفەی مانگە شەوی ژوورسەرم دەکرد.. تەماشای گزنگی بەیان وبریسکەی شەونم و ئومێدی گیا و درەخت و باڵندەکانم دەکرد، هەستم دەکرد دەگەم بە بەهەشتی خۆزگە.. چونکە کامەران بووم بە هاوسەری و هاوگیانی و ئاوێتە بوونی فریشتە لە گیانمدا. جا با فریشتە وەهمیش بێت!

چونکە یەکبوونی گیانی نێرو مێ دواهەمین زانستی عیرفانە و بەهەشت و خوا لەو خاڵەدا دەبینرێت کە دوو گیانی دژ بە هارمۆنی یەک دەگرن، ئەم زانستە دێرینە هێشتا مرۆڤ پیادەی نەکردووە، گەرچی کۆی بەری زانستی مرۆڤایەتی کە تا ئێستا بەدی هاتووە، هی ئەوانەن کە گیانیان بە شێوەیەک لە شێوەکان ئاوێتەی گیانی کەسێکی تر بووە. چونکە مرۆڤی ڕەسەن بەتەنها دروست نەبووەو نێرو مێ یەک چاوگی ڕەسەن قوماتی کردون بەر لە دابەزین و گەیین بە ڕەحمی دایک.

مرۆڤ نە خەڵکی ئەم هەسارەیەیەو نە هیچ.. بگرە لێرە لە مەیمونیش خراپتری بەسەر دێت گەر بهێڵن گەندەڵی ببێت بە ئاکار و ئامانج.. جا کە مرۆڤ گەندەڵ بوو.. وەچەی دوای خۆی گەندەڵتر دەکات.. ئەوانیش گەندەڵترین گەندەڵ دێننە بوونەوە و ئیتر زرم، چەن دانەیەک لە پایەکانی عەرشی عەزیم دادەتەپێت بەسەرماناو ئیتر دەبین بە خۆرەی وەناق و دەردو نەخۆشی و ستەم و خودکوژی و کۆکوژی و شێت بوونی لە پڕ و هار بوونی شێتانە و لەپڕ.. ئیتر خۆشمان نازانین چی دەکەین و چۆن حوکم دەدەین!

لەپڕ دەبینی کەسێک بە دەرنەفیز بەر بۆتە چاوی پشیلەو سەگ و چاویان بە زیندوویی دەر دەهێنێت.. دەمبینی ئافرەت سەگ دەپەرستێ وسەگەکان لە دەستی خاوەنەکانیان دوچاری شێرپەنجەی ڕەحم و کۆم و خوێن و سییەکان دەبوون! دەمبینی شێتەکان لە نەخۆشخانەکانا لە دکتۆرەکان نیان ترو زاناترو خۆشڕو ترو تەندروستتر بوون.. دەمبینی مرۆڤ تا ڕاددەی خۆ سوک کردن خۆی سەرخۆش و بەدمەست دەکرد و نەیدەتوانی بە زمان بێتە گۆ وبەکەسێک بڵێت: خۆشم دەوێیت!

بەلای هەر ئافرەتێکا دەڕۆیشتم، بە مۆڕەی هیتلەر تەماشای دەکردم و وای دەزانی جولەکەم!.. بگرە زۆر ڕسواکەرانە تریش تەماشایان دەکردین. هەر پیاوێکیش کە دەهات بە میوانیم، هەر یەکەیان جۆرە چەکێکی ڕقی لەگەڵ خۆی دەهێناو باوەڕی منیان پێ دەبڕی!.. دەمبینی دێوێکی گەندەڵ و گومڕا سەری پشیلەی دەبڕی و یاریی پێ دەکرد!.. دەمبینی مرۆڤ دەتەقێتەوە و هەر پارچەیەکی لەش و گیانی دەپەڕێتە سەر ئەستێرەیەکی ترو نەمدەتوانی وێنەی ڕوخساری مرۆڤ بکێشم چیی دی!.. دەمبینی مرۆڤ شانازی بە دێوەوە دەکات و دزی و گزی و گەندەڵی و تەعدا و هەتککردنی ناموسی خەڵک بووە بە کەلتووری کوردی و ئافرەتیان کردووە بە یارییەکی قێزەون و بێ مانا و.. دەچوون ڤیدیۆی ئەو ئافرەتانەیان نیشان دەدام کە لەشەوی زەماوەندیاندا تیلایان تێدەبڕین.. کە بە شەق و زللە پێشوازییان دەکەن و بە ئارەزووی خۆیان لە شکۆیان دەدەن.. دەمبینی هەندێک لە ئافرەتان خۆشیان دوژمنی خۆیان بوون و باوەڕیان بەو ستەمە مەزنە هێنابوو کە بەرامبەریان دەکرا و کەس باوەڕی بە ئایینی کورد، بە ژنی کورد نەبوو!

بۆیە هەستم دەکرد دەشێت من شێت بووبم.. دەترسام هەندێجار.. هەستم دەکرد زیاڕۆیی دەکەم. بەڵام هەر من نەبووم، بەداخەوە، هەر ئافرەتێکم دەبینی بە جۆرێک دەچەوسێتەوە کە من بەرگەی ناگرم. چونکە بە ڕاستی ئافرەت ئایینە و لەناوماندا زۆر دەچەوسێنەوە و میللەتی کوردیش تاکە لەو زەبرو زۆرەدا.

## تابلۆی مرۆڤی پیرۆز

مرۆڤ ئەوەی لە ژیانیدا دەیکات، دەبێت بە باوەڕ بۆ نەوەی داهاتوو، و لە دوای خۆیشی خەون و گیان و وتەکانی یان کردەوەکانی بە میرات دەبات لەگەڵ خۆی، چونکە زانست دەزانێت کە وتارو ئاکار و وشە و گیان- نەمرن و لەناوناچن. کەواتە ڕاستە لە قورئاندا هاتووە کە کوڕ جەزای کردەوەکانی باوکی دەداتەوە. مرۆڤ دەرباز نابێت لەو زوشتییانەی دەیانکات! ئەی نابینن بۆچی هەندێک هەن لە ناوماندا کە زۆر خەمۆکێ و هەش بەسەر و داماو دەچەوسێنەوە و هیچ گوناهێکیشیان نییە!؟ ئەوانە پەشیمانن لەو کردەوانەی کە باوانیان کردیان و پێش نازانن! هەن کە تاوانێک دەکەن و دوایی دەرباز دەبن، کاتێ کە دەمرن، گیانیان دەبێت بە زیندەوەرێکی تر، جا گەر ببن بە ڕووەک، دەگەنن.. گەر ببن بە مشک و مار دەکوژرێن و دەبن بە تەڵەی کەسێکی ترەوە.. مرۆڤ چۆن بکات، کرداری ئاوێنەیەکە و خۆی تیادا دەبینێتەوە، بوونەوەر مافی هەموو گیانلەبەرانی پیرۆز و شایستە داهێناوە و پاراستووە.

تیشکی خۆر گەواهی هەر جوڵە و بزوتنێکە کە ئێمە دەیکەین و کۆپیی هەر کردەوەیەکی مرۆڤ لە تیشکا پارێزراوە. مرۆڤ بە کردەوەی جوان خۆی جوان دەکات، بەڵام ئەوانەی هەڵگری گومان و کینە و ڕق و تۆڵەن و شەر بەرپا دەکەن، نازانن چییان دۆڕاندووە ، تا ئەو کاتەی ڕوپۆش لەسەر ڕوخساری خۆیان لادەبەن. مرۆڤ تا ئەو کاتەی خوێن نارژێ، بۆی هەیە کردەوەکانی شایانی لێبوردن بێت. مرۆڤ پاکژ و ڕاست و جوانە، تا ئەوکاتەی نمایندەی باوەڕ بێت و ئاشتیخواز بێت. بەمەش ئافرەت گوناحی زۆر لە پیاوان کەمترە.

مرۆڤ بەوە پاک دەبێتەوە کە دان بە هەڵەکانی خۆیدا دەنێت، چونکە مرۆڤ تا ئەو کاتەی بە ئەنقەست خوێن لە لووتی کەسێکی تر نەهێنێت و داگیر نەکاو نەکوژێت؛ شایانی لە خۆبوردنە. بەڵام ئەوەی کەسێکی بەناهەق کوشت، ئەوەی بەناهەق سزای خەڵکی دا، تاوانێکی دەرهەق بە ژیان و نەوەکانی دوای خۆی کرد. جووت بوون و هاوسۆزیی مرۆڤ تاوان نییە، سزا لەسەر کەسێ نییە کە خۆشەویستی دەبەخشێ بەوانی تر، بەو مەرجەی لە پێناوی گۆشکردنی بەهایەکی جوان و پیرۆزدا یەکگرتن ڕووبات. لێپرسینەوە مافی کەس نییە.

بۆیە ئاوا هەش بەسەر خۆم و میللەتەکەم، دانیشتووم و پەیامی خواکانتان بۆ دەنێرم بە دیاری.. حەز دەکەم سەرکردەکانمان هەست بەو مژدانە بکەن کە لە توێی ئەم کتێبەدایە. ئاخر ئەم کتێبە زریکەی کوردوستان و فریشتە و دایکی خوای جوانییە و بانگهێشتە لە کۆی مرۆڤ پەروەرێکی سەر ئەم ڕووی دنیایە. دەنگی ئافرەت و مناڵ و نوزەی سەگ و جوکەی باڵندە و خشپەی خشۆکی ئەم سەر زەمینەیە.

ئەم کتێبە بانگە بانگ بۆ مرۆڤی باڵا.. هەستن مەرد بن و من لەم میحنەتە دەروونییە دەرباز کەن. ئاخر مرۆڤ ناتوانێ49 دانە ساڵ تەمەن بژی، بەبێ هەستکردن بە مانای ئازادی! من ئازادیی گەلەکەم لە جیهان دەوێ. ئەم کتێبە نزای دایکی بوونەوەرە.. تێی بگەن و مشورێکی 40ملیۆن مرۆڤی کورد بخۆن.

مرۆڤ کە توانیی خەندەکانی لەسەر لێو بێت، کە توانیی دەست بەرێت بۆ ئامێرێک و بیژەنێت، کە توانیی سەما بکاو وێنە بکێشێ و شیعر بنووسێت و باوکێکی لێپرسراو و دایکێکی پڕ میهر بێت.. دەرهەق بە نەوە و باپیران و ڕێز بکات بە داوەر و دایەنی یەکەمی پەروەردە؛ هیچ هێزێک بۆی نییە بەهەڵە تەماشای بکات و دادگایی بکا و پێشداوەریی بکات.

یاسا نابێت مێملێی و لغاوی ئەو کەسانە بکات کە بە بەرهەمی جوان ژیان پڕ دەکەن لە خەندە و خۆشی و خرۆشی جوان.

چونکە ئەوان خاوەن ڕەفتاری تایبەتی خۆیانن کاتێک کە لە ماڵی خۆیاندا دادەنیشن، پێویستە هەست بکەن ئازادن و چاوی ئەغیارو مێملێیان لەدەور نییە و ئازادانە نوێژەکانی خۆیان دەکەن.

مرۆڤی ڕەسەن هەڵناکوتێتە سەر کەلتوور و ئایینی دێوەکانیش، مرۆڤی ڕاست و هونەرمەند هەڵناکوتێتە سەر ئابڕووی ئەوانی تر و ژیان لەکەدار ناکات بە ناوی هونەر و جوانی و ڕاستییەوە، چونکە ڕاستی تەنها یەک ڕوخساری نییە، ڕاستی هەمەڕەنگە و سنوریشی هەیە، ئەو ڕاستییەی بەرەو درۆ و شکست و ناهەقیمان دەبات و خوێنی مرۆڤمان پێحەڵاڵ دەکات، ئەوە ڕاستیی ئەهریمەن و خوای شەڕە و گشتمان دەیناسین و دەزانین کێ ڕابەریی دەکات.

کاتێک کە مرۆڤ لە مرۆڤایەتی دەکەوێت و بە ناهەق بەرگی دێوی ستەمی بەبەردا دەکەن، کاتێک کە ئابڕوی کەسێکی بێگوناح دەبەن و سزای گیانی و ئەندامیی دەدەن؛ چاترە هەرچی زووتر لەناوی بەرن و ڕسوایی نەکەن بە میراتی زیاتری ئەو دنیاتان، چونکە ڕۆژی بەرێ نزیکە و دەکەونە نێو دۆزەخی کردەوەکانی خۆتانەوە. خۆمن هێشتا باسی قەبرو دۆزەخم نەکردووە بۆتان، چونکە دەزانم مرۆڤ ترسنۆکە و حەز ناکات بزانێت قیامەت و قەبرو جەهەنەم کەوتوونەتە کوێوە!.. وا دەزانن خۆتان، تەنها خۆتان ئایینزان و گاڵتە بە ئایینی بوودی و یەزیدی و مەسیحی و بگرە گاڵتە بە خودی ئیسلامیش دەکەن و وازمان لێ ناهێنن و هێشتا هەر سەرو زمان و چوارپەلی میللەتەکەم دەبڕن؟! هێشتا لەسەر عیشق مرۆڤ بەدەباران دەکەن؟ بۆ ئێوە خوان؟

هەی کافرەکانی ئیسلام، هەی تورک و عەرەب و فارس و ئینگلیز، بەسە ئیتر دەست هەڵگرن.. واز لەسەری من بێنن، بەسە.. ئاخر بوونەوەر دەتانبینێ و چاوی لێتانە گیپۆی دایکی سروشت.

خۆ هەمووومان دەزانین کە کوشتنی بەناهەق وەک کوشتنی هەموو مرۆکانی جیهان وایە، کەچی دان بە جوانیی ئایینەکاندا نانێین و دەچین هەڵدەکوتینە سەر ماڵ و کەلتور و ئایین و باوەڕ و لەشی ئافرەتان و دایکان تووشی نەخۆشیی ترس و دوودڵی دەکەن و منداڵی نەخۆش لە گیانی ئەوان وەبەر دێت.

جا ناهەقیتان لە جیهاندا زۆر کردووە و منیش لێتان تووڕەم. مرۆڤی مەزن لە پێناوی ئازادیدا دەژی و شایانی ڕێزە کاتێک کە پەنا ناباتە بەر زەبرو زەنگ، زەبروزەنگی منیش تەنها مژدەیەکە، پەیامێکە بۆ جیهان.

مرۆڤ شایانی ڕێزە و ناتوانێ بەبێ ڕێز بژی و تەنانەت ئاژەڵەکانیش هەستی ڕێزلێنانیان هەیە .. ئەوەی ژیان و چارەنووسی کەسێکی تر دەکاتە مایەی قەشمەری و گاڵتە و سەرزەنشت، بێبەرییە لە ڕەوشتی بەرز و هێشتا لە گیانی ئاژەڵ و جانەور و باڵندە و دڕندە دەربازی نەبووە و پاکژ نەبۆتەوە وەک مرۆڤ.

ئەو مرۆڤەی خاوەنی ڕێز بێت بۆ خۆی، ڕێزی خۆی دەبەخشێت بەوانی تریش، مرۆڤی مەزن گەر بشگات بە پلەی پەیامبەر و تەنانەت پاڵەوان و

خودی خواش، ناگات به ئازادی و سەرفرازیی گیانی؛ گەر گیان و باوەڕ و متمانەی دەیان کەسی لە پشت نەبێت.

مرۆڤی پیرۆز کەسێکە کە باوەڕی بە ئاکاری جوان و وتاری جوان و بیری جوانە. و بلیمەت و داهێنەر و کارمەندو شکۆمەندە لە ژیانی ڕۆژانەیدا و هەمیشە ئامادەیە بۆ خزمەتکردنی هاوڕێ و ناتوانا و بێگانە ونەخۆش و باوانی خۆی. مرۆڤ پیرۆزترین بوونەوەرە و جوانە، جوانی و ئازادی گیان و بیری مرۆڤی پیرۆزە گەر نازانی! مرۆڤ تەنها کاتێک دەگات بە خواوەندی خۆی و دەبێت بەو، کە ئازاد بوو.. کە هەست دەکات خۆی و خاک و میللەت و وڵاتی ئازادن.

دەنا مرۆڤ بێحورمەت و گەندەڵ دەبێت و میللەت بەر لە خاک دادەتەپێت گەر نازانن. چونکە بوونەوەر دامەزرێنەی دەوڵەت و دەسەڵات و ئیمپێری و سیستەم و یاسایە.. دەبێت کوردو میللەتی من ئازاد بێت. وا چاکە دەست پێبکەن.

هەی سەرۆکە مەردو دادپەروەر و بەڕێزەکانمان.. داوای حەقی ڕەوا- ئامانجی هەر مرۆڤێکی مەزن و مەردە.. بۆچی داوای دامەزراندنی دەوڵەتی یەکگرتووی کوردی ناکەن؟! بۆ؟ دەترسن؟ دە مادام وایە، من دێمەوە ئەو داوایە دەکەم.. من دێمەوە و هەرچی لاوانی شارەکەمە بە پێ دەبەم بۆ حکومەتی هەرێم و بە پێش دەیانبەم بۆ بەغداو دەنگیان دەگەیەنم بە مافی مرۆڤ. ئەوسا هەموو جیهان دەکەم بە چەک گەر خوێن لە لووتی یەکێکتان بێت. چونکە ئەم کتێبە پاڵپشتی جیهانی و ئەزەلییە.. کورد دەبێت بگات بە مافی ڕەوای خۆی.

تکایە ڕا بن.. وەرن بە پیرمەوە، وەرن بە دەنگمەوە. من میللەتی خۆمم خۆش دەوێت، وەک جیهان...

## تابلۆی گەڕانەوە بۆ هەرزەکاری

کاتێک هەست دەکەم دەبم بە حەزرەتی نوح و گیانم سەرقاڵی گیانی ئەو دەبێت، پڕ دەبم لە گوناهی ئەو میللەتەی کە ئەویان دووچاری دەردو بەڵا کرد و ناچارانە کۆڵی دا، کۆڵی داو تاوانەکانی ئەوانی ڕووبەڕوی خوا کردەوانێ و خواش هەر هێندەی لەدەست هات گلەیی بگێڕێتەوە بۆ سروشت و پەیامبەر و خواکانی ئەوسا...!

بۆیە ئەوانیش گریان و چاوگەکانی زەمین بەر لەئاسمان دەمیان کردەوە و خواکان بە کوندە لە ئاسمانەوە ئاویان داباراندە سەر زەوی.. چونکە نوح گەلێک ساڵان هەر خەریکی گریان بوو لەدەست ئاکاری خراپە و درۆ و لەواطە وزەجری ژنان و داگیر کردنیان. هەموو تەمەنی لاویی بە گریان و ئەندێشەوە بردبووە سەر وەک ئێستا و ڕابردووی من. بۆیە دوای تۆفان، دوای هێوربوونەوەی ئاسمان و دەستپێکردنەوەی ژیان، دوای ئەوەی کە شەراب دروستکردن فێر بوو، هەر خەریکی شەراب نۆشین بوو، وەک ئێستای من، دەبوو مەست بێت بە گیانی سروشت و هەستی گیپۆی خواوەندی ژن. دەبوو هەست بە گێژی بکەم تا هەست بە جەوهەری خوا بکەم.. ئەویش وا بوو نوحی پیرۆز هەر بیری لای ئەوانە بوو کە دەرباز نەبوون لە تۆفان. وەک ئێستای من و ئەنفال، هەر خەریکی گریان و پاڕانەوە بوو، هەر خەریکی ئەوە بوو بە تەنگ کچەکان و منداڵەکان و هاوسەرەکانییەوە بێت! وەک من، کەچی کەسیش خۆشیان نەدەویست!.. ئەو هەستی بەو زیللەت و گەندەڵی و ڕەزالەت دەکرد، کە تووشی میللەت بوبوو، وەک من.

بۆیە ساڵانی دوای تۆفان، هێدی هێدی هزر و هەستی گەڕانەوە دۆخی جاران، بەڵکو زیاتر لەوە گەڕایەوە سەر دۆخی هەرزەکاری و حەزی دەکرد سەرگەرمی قسەی خۆش و ناز و دڵنەوازی عیشوەی ئافرەتان و کچانی خۆی بێت و هەر حەزی لە گەمەو دەستبازی بوو؛ وەک من.

ئەمە ڕاستە، چونکە گەر بێت و پیاوێکی زەلام ئەرکی زۆری بەسەردا بدرێ وپێڕانەگات تەمەنی لاویی وەک هەرزەکار بەسەر بەرێت، ئەوا دوایین ساڵەکانی تەمەنی گیرۆدەی ئەو هەستە دەبێت و دەگەڕێتەوە ناو خۆزگەکانی

سەردەمی لاوی و بە هەمان هەڵسوکەوتی هەرزەکار ڕەفتار دەکات، تا تێری بدات بەو خۆزگانەی کە لەدەستی داون. خۆشەویستی لە نێوان مرۆڤدا قەدەغە نییە.. جا چ ژن، کچ،، یان پیاو و لاوانی مێرد کردوو، گشتیان بۆیان هەیە خۆشەویستی بکەن و چۆن دڵیان ویستی وەها پابەندی ڕاستی و داد و یاسای من بن.. کە ڕێگە دەدەم مرۆڤ خۆی بڕیار بدات، لەچی شارێک و لەگەڵ کێ ژیانی خۆشەویستی و هاوسەری پێک دەهێنێت.

بەڵام دایکی منداڵدار، هەردەم سەرپشکە.. دەتوانێ لە مێردی یەکەمی جیا بێتەوە، ئەگەر هەست بەوە بکات کە مەیلی لە: کەسێکی ترە.. یان دەستی تێکەڵە ( هەڵە نییە) یان پەشیمانە لە ژیانی هاوسەری. بۆی هەیە خۆی و گیانی خۆی دەرباز کات. هیچ یاسایەک نییە بە ناوی سزاو گوناە داوەریی نێوان نێرو مێ بکات. چونکە دۆزینەوەی هاوسەر و دڵسۆزی ڕاستەقینە مافی هەر مرۆڤێکە لە جیهاندا.. دەبێ دایک هەمیشە هەموو یاریدەیەکی ژیانەکیشی بۆ دابین بکرێت. نوح غەمی زۆر دەخوارد، پڕ بوو لەبەزەیی بە هەژارانا.

نوح لەو تەمەنەیدا کە بەر لە مردنی بوو، هەردەم کچی جوان جوانی لە دەرو بوو، و تەلیسمی بەشوشی و بێخەوشیی ئەویان وەک منداڵێکی ڕیش سپی تەماشا دەکرد؛ هەم یارییان لەگەڵ دەکرد هەم دەستبازی. ئەویش بەو ئاخری عومرەوە فێری درۆکردن بوبوو، درۆی سپیی دەکرد و گاڵتەی لەگەڵ ژنان دەکرد، مەمکی دەگرتن و داوای ماچی لێدەکردن، حەزی نەدەکرد بەتەنها بنوێ و هەر داوای شیری دەکرد.

بۆیە خەڵکی دەورووبەر، سەریان دەکردە سەری و تێنەدەگەیین بۆ هێندە گرۆی ئافرەت بووە، وایان دەزانی دەمرێت و کاتی هاتووە. وایان دەزانی لەترسی مەرگ خۆی لەپاڵ ئافرەتا حەشار دەدا و حەز ناکا بمرێ. دەیانگووت: حەزرەتی نوح لەچەپەرێکا خەریکی ماچ و موچی کچانە و دڵی تەڕە.
دەیانگوت: نوح ئامۆژگاریی ئێمە دەکاو خۆشی هەر ڕۆژەو قۆڵی لە قۆڵی فریشتەیەکدایە و بەوانەی خۆشمان ڕازی نییە.. دەیانگووت: بە چاوی خۆمان بینیمان ڕووت و قووت بوو لەگەڵ فریشتەیەکدا و سەرگەرمی باسی خرۆشان و هەوەس و دڵداری بوو.

بەم قسانە دڵی حەزرەتی سارایان پڕ دەکرد لە ئێرەیی و تووڕەیی و پەستی. بۆیە حەزرەتی سارا بوختانی بۆ کرد و ووتی: نوح تەماح دەکاتە کچی خۆی. بەڵام ئەو بێبەری بوو لەو بوختان و لەو درۆیانە، بۆیە منداڵێکی دەمخواری بوو!

چونکە کەس بەمەی نەدەزانی کە پەرستگای نوح، کە ئیلهامبەخشی نوح ئافرەت بوو، بگرە ئایینی ئەو ئافرەت و پەرستگای ئەو ئافرەت بوو.. ئەو ئافرەتانەی کە لە فریشتە کەوتبوونەوە.

ئەوسا ئەو پەنجا ساڵی مابوو سەر بنێتەوە. ئەوسا خواکان زۆر بوون، وەک لە پەیامی خواکاندا ئاماژەم پێدا، لەبەر ئەوەی کە خواوەندی ئادەم بووە هۆکاری قەتڵ و قابیل هابیلی برای کوشت؛ نوح فرمانی دا کە هەر کەسەو خوای خۆی هەبێت، چونکە خوا ئازادە، و دەتوانێ زۆر بێت، بەو مەرجەی خواکانی کەستان هەڵنەکوتێتە سەر خوای کەسێکی تر.. چونکە خوا دەتوانێت کەم بێت، تاک بێت، زۆر بێت. خوا دەتوانێ هەبێت و نەبێت، خوا سەرپشکە لە چی دەروونێکدا دەژی و کوێش دەکات بە مەئوای خۆی! کێ دەزانێ ماڵی خوا لە کوێیە؟

مەسیح دەیزانی، فەرمووی زاتی خواو زەڕاتی ئەو لە هەر بژێوێکدا هەیەو دەژی.. دەشێت خواوەند خودی عیشق و جوانی و ژیان بێت! خوا تەنها لەو کاتەدا لەگەڵتانا نییە کە چاوتان لێ غافڵ دەکا و دەچنە ناو گۆڕەکانتان. کە دەمرن، گیانی خوا لەلەشتان دەردەپەڕی.. بەسە هێندە مەیکوژن و مەیتەقێننەوە. چونکە مرۆڤ و ژیاندارەکان، هەڵگری گیانی خواو بارگەی خوان.

بۆیە هەر لەو سەردەمەشەوە بتپەرستی بەدی هات.. چونکە خاک پیرۆزو هەمیشەیی بوو، مرۆڤ خاک و میللەت و دایکی دەپەرست.. وەک من!

مرۆڤ باوەڕی بە خاک بوو، چونکە ئەو پەیامە گەیبوو، کە خوا ئادەمی لە قوڕ دروستکردبوو! و ئەوەی خوای خۆی زیاتر خۆش دەویست، بتی بۆ دروست دەکرد و یان لەسەر پێڵی شاخ و بەردێک ڕیلیفێکی بۆ دەخوڵقاندو

نوێژی لەبەر دەمی خوای خۆیدا دەکرد. پەیکەرتاشیش لەو سەردەمەوە داهات.. مرۆڤ هەبوو، هێندەی مایکل ئەنجلۆ توانا، و پەیکەری زۆری بۆ خواکان و کردەوەکانی خۆی دروست دەکرد. پەیکەر بۆ ڕاستی، بۆ جوانی، بۆ دایک، بۆ باوک، بۆ خاک، بۆ باکان، بۆ هەست، بۆ باخوس.. بۆ یۆنان.. بۆ هەرشتەو پەیکەرێکی دەکرد. ئیتر ئەوەی دەبوو بە پەیکەرتاش، ناوی عیشقیان بەسەردا دادەدا. خۆشیان دەویست.. چونکە ئەو پەیکەری مرۆڤی جوان و خواوەندی جوانیی دەتاشی.

چونکە مرۆڤی ئەوسا بەئاگا بوون لە دەسەڵاتی سروشت و دەیانزانی کانزا و ڕووبارو دارستان و بۆرکان و بەردو دار گیانی خۆیان هەیە و هەستی خۆیان هەیە و بەشێک لە خوا لەوانیشدا بوونی هەیە. ئیتر کەس دوژمنی کەسێکی تر نەبوو.. کەس کەسی نەدەکوشت سەردەمانێک!

تا مێدۆزای خواوەندی حسد و تۆڵە و ڕق هات.. ئەو کێشەی لە جیهاندا بەرپا کرد.. بۆیە هەرقل ناچار بوو سەری ببڕێت. ئێستاشی پێوە بێت، دەبێ سەری مێدۆزا ببڕدرێت.. چونکە ژینگەی دەروون و جیهانی پیس و گەندەڵ کردووە.

نوح سەری لێشێوا بوو، نەیدەزانی پەنا بەرێتە بەر خواوەندی کێ؟ چونکە ئەو ئافرەتی دەپەرست و هەستی دەکرد تەنها خۆشەویستی و سۆزی ئەوان بەهەشتی سەرزەمینە.

منداڵەکانیشی هێشتا لاو بوون، هاوسەریشی زۆر بوون، چونکە ئەوسا مارەبڕی و شیربایی و ژن بەژن و کەربازاری مەلاو شایی و تەڵاق و میرات بوونی نەبوو، ئەم قسە هیچ و پوچانە بوختانن دەرهەق بە پەیامبەران و ژیانیان کراون، بۆیە ستەمە درۆ کردن.  بۆیە نوح لەو سەردەمەدا، کە خواستی بوو تەنها لەگەڵ ئافرەتا بەهرە وەر بگرێ و سرۆشی خۆی گۆش بکات، وەک هەر پەیامبەرێکی تر، سەری خۆی هەڵگرت و ڕۆیی بۆ دوور، زۆر دوور. ئەوە حەج بوو بۆ ئەو.. حەجکردن زیارەتی ئافرەتێک بوو لە دوور، ئەوەش بزانن!

سرۆشی هەر پەیامبەرێک لە دەروونی ئافرەت و لە عیشقی ئەوانەوە هەڵدەقوڵێت .. ئەوان مرۆڤ پیرۆز دەکەن و دەیکەن بە ڕابەر و پەیامبەرو

ڕابەر. بۆیە پەیامبەران فرە ژن بوون.. ئیتر خۆتان داوەر بن، خۆ باش دەزانن کە نوح چوار ژن و چەن دۆستێکیشی هەبووە. پەیامبەری ئیسلامیش گەلێک.

ئەم کتێبە پیرۆزە دژی ئەو ئایینەش ناوەستێتەوە. بەڵام چاکسازی و نوێکردنەوەی بە مەرج دەزانێت. چونکە دەبێ ڕق و ترس لە قورئاندا چارەسەر بکرێت. ئەمە پەیامە گەر دەست لە شمشێر هەڵبگرن و بەسەر خۆتانا بچنەوانێ چاترە.

نوح بە هاوشانیی یەکێک لە کچەکانی خۆی ( مەبەست لە باوەڕپێکراوانی خۆیەتی!) ڕۆیی تا گەیشتە سەر چیایەک لە ئەرمێنیا، کە لە ڕاستیدا، لەوێ لەدایک بوبوو، لەوێش ژیابوو تا گەییە قەوقاس، تەمەنی هەرزەکاریی لەوێ بەسەر بردبوو نوح، بۆیە گەڕایەوە ئەوێ، بەبێ ئەوەی ڕێگاکان بناسێ، گەڕایەوە نێو سەردەمی ژیانی لاویی. لەوێ پەنای بردە بەر پەرستگایەک، لەسەر چیایەک و بیست و سێ ساڵ لەوێ ژیا؛ دەبێت ئەوەش بزانین کە ئەو کاتە پەرستگای پیاو ئافرەت بوو، ئەو ئافرەتەی بیهێشتایە پیاو لەماڵیدا شەو ڕۆژبکاتەوە، دەبوو بە ماڵ و مەئوای هەمان پیاو، پیاو دەبوو فەرمایشتی ئەوان پیادە بکات و خزمەتگوزارێکی باش بێت.. دوای حەوت ڕۆژ پیاو مافی ئەوەی دەبوو هەست بە ژیانی هاوسەری بکات و دوای حەوت مانگ ئاهەنگی یەکبوونیان دەبەست.

ئەو ئافرەتەی زۆر خۆش دەویست نوح، چونکە ئەو ئافرەتێکی پۆڵایین و مەلابەزێن و مەتین و چاونەترس بوو. ئەو دەستی لەگەڵ تێکەڵ نەکرد.. چونکە ئەو ناوی نوحی لە خەودا بیستبوو. ئەو ئافرەتە کیژێکی هەبوو، پیاوی نەبوو. کچەکەی زمانی شکابوو، لاڵ بوو، ترسا بوو، چونکە دێوێک هەڵیکوتابووە سەری و دەستی لێوەشاندبوو.. بۆیە بە درێژایی ئەو کاتانە نوح تەقەلای بوو هونەری ئاخاوتن فێری ئەو کیژە بکاو دڵی بداتەوە و هەست بە ئابڕووی خۆی بکات.

حەزرەتی نوح زۆر دڵی دەیەشاو زۆر هەستیار بوو کاتێک کە ئافرەت و کچەکانی دڵیان لەو دەیەشاو ڕوویان لەو وەردەگێڕا. دووچاری ترس و بێداری و بێخەوی دەبوو، وایدەزانی گەر بێت و ئەوان ڕقیان لێی بێت، ئەوا

ئاسمانەکان دەڕوخێن بەسەریا. بەڵام لەو ماوەیەدا کە ئەو لەوێ زۆر کامەران بوو بەوەی لە قەدپاڵی شاخەکان و لەپەرستگای سێ ئافرەتا سەرگەرمی ژیان و فرمان و خواناسی بوو، نوح خوایەکی زۆر تایبەت و دەگمەن و شایستەی دەپەرست، خوای نوح ناوی نەبوو، بەڵام ئەو بەزۆر ناو خواوەندی خۆی بانگ دەکرد، هەر بۆیەشە پیرۆز بوو بەوەی کە زۆر خواوەندی دەپەرست. چونکە مرۆڤی وا زیاتر هەست بە شکۆی خوا دەکات. بەڵام ئەوانەی یەکتا پەرست بوون.. زوزوو خواکەی خۆیان لەبیر دەکرد.. دەچوون فیتنەو ئاشووب و بوختانیان زۆر دەکرد و مێدۆزایەکی تریان بەر دەدایە گیانی سروشت و میللەت و گەل.

یەکتاپەرستی، شتێکی شاز بوو لەسەردەمی نوحا. ئایینی ئیسلام باسی ئەم ڕاستییەی فەوتاندووە.. لە یەسناو ئاڤێستاشدا سوتانیان. سەردەمی نوح، یەکتا پەرستی ڕق پەرستی بوو، مێدۆزا پەرستییان پێ دەگووت.

بەڵام ئەو ڕووناکیی دەپەرست، ڕووناکیی پەلکە زێڕینە (مەرج نییە خواوەند تەنها یەک ناوی هەبێت، مەرج نییە کە خواوەند زۆر بێت، یا هەمەڕەنگ بێت.. بەڵام مەرجە مرۆڤ هەست بە بوونی هێزێک بکات، هێزێک، دەسەڵاتێک تا یاریدەی بدات، تا بگات بە ئامانجی بەشکۆو باڵا، نەک فێری ترس و تۆقان و سەربڕینی بکات! جا خوا یەک بێت یان دوو یان سێ.. کەسی لەسەر سەر مەبڕە و زمانی کەس مەبڕن لەسەری و دەستی کەس مەپەڕێنن.

چونکە کەس خواوەندی نەبینیوە، کەس نان و پیازی لەگەڵدا نەخواردووە، و ئەوەی هەمانە و نیمانە چاوەکانی هەست و تروسکەی خەیاڵە کە دەمانبات بەرەو باوەڕی بوون و یەقین.. جا من نە موشریکم نە دژی ئایین، بەڵکو حەز دەکەم هەست بەخوا بکەم، حەز دەکەم باسی بکەم، حەز دەکەم لێوەی فێر بم و پڕم بکات لە عیشق بۆ لاوانی وڵاتەکەم، بۆ بێتاوانانی ئەنفال، بۆ دەستدانە چەکی خەندەو ژیانەوەی ئومێدی ئەوان. حەز دەکەم کاتێک کە تەماشای شکۆی دایک و ئافرەت دەکەم، فێر بم.. فێری پەرستاریی خوا.. فێری ئایینی نوێ بم.. فێری جوان، جوانتر.. جوانترین بم، تا دەگەم بە جوانترین و باڵاترین شکۆ - ئامین)

بۆیە زۆرجار پەنای دەبردە بەر ئەو ئافرەتە بێزمانە. نوح خاسیەتێکی زۆر تایبەتی هەبوو، ئەویش ئەوە بوو کە تەمەنی زۆر درێژ بوو، بە تەخمینی هەندێک ئایین ناس و بۆچونی ئەوان نۆسەدو پەنجا، بەڵام من هەست دەکەم نیوەی ئەو تەمەنە ژیاوە و نیوەکەی تری دەشێت لە ئاسمانا و لەسەر ئەستێرەی داود کە ماڵی پەیامبەرانە ژیابێت! جا ئەو خاسیەتەی کە ئەو هەیبوو ئەوە بوو کە سەرەڕای غەم و ماتەم و پیری، زۆربەی کات لاوو قنج و هەرزەکار دیار بوو، گوڕو تینی هەرزەکاریی هەمیشە لەودا مەتین بوو، چونکە زۆر هۆگری عیشق بوو، و ئافرەتی بەبێ خواستی لەش و خۆزگەی نەفس خۆش دەویست و پیریی ئەو تەنها هۆکاری ئەو ئافرەتانە بوون کە دەچوون بە گژیا و گوێچکەکانی خۆیان دەگرت، کاتێک کە ئەو ئامۆژگاریی دەکردن.

دەنا ئەگەر بهاتایە و هەموو ئافرەت و هاوسەرەکانی بە خۆشەویستی لەگەڵیدا بوونایە، ئەوا دەیتوانی هەموو سەدەیەک لە گیانی کەسێکمانا سەری هەڵبایەتەوە، هەر لەبەر ئەوەشە ئێستا لە مندا دووناودوون بووە،( بۆیە منیش گیانم بووە بە پزیسکێکی ڕۆشن و لە تەماشای نیگای فریشتەدا، شەوو ڕۆژم ناوەتە بان یەک و نوێژ بۆ ڕووناکیی دەروون و بیر و گیان و لەشی ئەو فریشتەیە دەکەم کە پیر لەگەڵ خۆیدا هێنای بە میوانیم و دەستی ئەوی دایە دەستم. من شەرمندە و خەجاڵەتم، هێندە تامەزرۆ لەو فریشتەیە دەڕوانم، شەرمیش دەکەم ناوی خۆی لێبپرسم، بەڵام پیر بە چپە پێی فەرمووم؛ ئەمە کیژی فریشتەیە، بۆیە من وەک فریشتە تەماشای دەکەم و هیوادارییشم تا لە ژیانا بم، فریشتە بوێرێت واز لە ترس بێنێت و ناوە ڕاستییەکەی خۆی لێرەدا تۆمار بکات.. جا لەم کتێبەدا، من ڕێگەی ئەوەم پێنەدرا، لە ترسی موسوڵمانان نەمتوانی ئەو کارە بکەم.. فریشتە ئەم ناوەی دانا .. تۆ بڵێی وا بێت وناوی فریشتە بێت؟! خوا دەزانێت، من باوەڕ بە ئافرەت دەکەم، ئەگەر ئەو خۆی بە فریشتە بزانێت، من ناوی ئەو دەبەم.)

بۆیە نوح ئافرەتی زۆر بە پیرۆز تەماشا دەکرد.. و نوێژەکانی نوح تەماشای ئافرەتی جوان بوو. شەوێکیان حەزرەتی نوح بەدیار ئاگرێکی خۆشەوە دانیشتبوو لەگەڵ فریشتە و کیژی ئەو ئافرەتەدا کە لەماڵیان دەژیاو هاوسەری بوو، کیژە زمان شکاوەکە کە ناوی ڤادونا بوو، ئەوان هەردوکیان بەڕێزێکی

زۆرەوە تەماشای نوحیان دەکرد و نان و پەنیر، سەوزەو شەراب ، گوێز و بادەمیان دانابوو و گۆرانییان دەگووت، ئەویش سەری نابوو بەسەری فریشتەوە و بۆنی پرچی سوری ئەوی دەکرد. کە گۆرانی تەواو بوو و کاتی خەوتن گەییشت...

نوح فەرمووی: کیژۆڵەکانم ( ئەو هەندێجار لەڕووی ڕێز و تەبایی و خۆشەویستییەوە بە هاوسەری خۆشی دەگوت کچم، بەهەڵەدا نەچن!)، خۆشی لە خۆتان کە خوا وەک ئافرەت گیانی پێدان، چونکە ئافرەتی پاکژ و ژیر و خاوەن باوەڕ و ڕووناک، خاوەنی بەهەشتێکی پیرۆزە و هیچ هێزێک ناتوانێ داگیری بکات.. ئێوە بەنرخترین سامانی خوان، باش بزانن کە کردەوەکانتان میراتە بۆ نەوەکانی پاش خۆتان. بۆیە دەبێت ئازادانە و سەرپشک پیاوی خۆتان هەڵبژێرن و بۆتان هەبێت بەر لەوەی منداڵ لەو دروست بکەن مافی ڕەوا بەخۆتان بدەن و لەوان جیا ببنەوەو دوای دڵخوازی خۆتان بکەون، جا کاتێک لە ڕووی باوەڕ و ڕێزو عیشقەوە کەسێکتان هەڵبژارد تا منداڵ بەو و بەژیان ببەخشن، ئاگادار بن، کە دوای هەڵوێستی پیاو و حەزی ئەوان و ڕەفتار و بیری ئەوان نەکەون.. چونکە ئەوان لە ڕاستیدا لە ئێوە دابڕاون و زادەی خۆزگە و مەیل و عیشقی ئێوەن.. چونکە ئێوە کە منداڵ گۆش دەکەن، پیاوەکانتان لەبەر دەستانا بچکۆلە خۆیان دەبینن و هەندێکیان پێیان شەرمە کە پیاون. ئەوان وەک ئێوە بیر ناکەنەوە و سۆزو پەروەردەو هەستیان تەبا نییە بە هی ئێوە و نەکەن وەک ئەوان بن، ها، ئامۆژگاری بێت وا نەکەن.

نەکەن بوغز و ڕق و تۆڵەو بوختان دژی ئەو کەسە بەرپا کەن کە خۆشتان دەوێت. نەکەن خۆتان پڕ بکەن لە تاعوون و دەردو گرفت، بەوە گیان و لەشی خۆتان بریندار دەکەن.

ئەوان دەتوانن دەست بنێنە خوێنی یەکتر کاتێک ئێوە بێناز و بێ مەیل گۆشیان دەکەن. ئێوە میهرەبانی و سۆزو عیشقن و نەکەن منداڵ تەنها بکەن، و گوێ لە هەست و سۆزی منداڵ بگرن. ئەوەش بزانن کە پیاو هەمیشە پێویستی بە خۆشەویستییە ، ئافرەت لەپاڵ ئەو پیاوەدا هەست بە ئامان دەکات کە دڵنیا دەیپارێزێ و خۆشی دەوێ و تەنهای ناکات.

جارێکی تر دڵنیاتان دەکەم، کە سروشتی پیاو ژن وەک یەک نییە و گەر سروشتیان تێکەڵ بەیەک بێت بە شەڕ وخێر، ئاخرزەمان بەدی دێت، چونکە مرۆڤ بە یەکبوونی ڕەوشتی نێرو مێ، شیرازەی دەروون و باوەڕ و ئاکار و وتار و گیانی تێک دەچێت و ئیتر منداڵ بە ساغی نازێت. جا گەر زانستتان لەم بارەیەوە کەمە، ئەمە باش بزانن.

کاتێ کە مافی ئەوەتان بە خۆتان دا، دەبێت لەخۆبوردووانە دڵسۆزی منداڵەکانتان بن و نەکەن دژی پیاوەکانتان دوژمنایەتی بکەن و منداڵ لە سۆزی باوک بێبەش کەن.. نەکەن وەک پیاو مامەڵە بکەن ، قسە بکەن ، شەڕ و درۆ و کوشتار بکەن بە کەلتووری خۆتان.. جا ئەو پیاوەی کە پیاوی کوشت، بۆی نییە لە ماڵێکدا بژی کە منداڵی تیا گۆش دەکرێت. ئافرەت ویستە و پیاویش بڕیار، ئافرەت هەستە و پیاویش کردار، پیاوی هەستیار خاوەنی شکۆی ئافرەتە نەک هەستی ئافرەت، ئەمە هیچ دژایەتییەکی ئاکاریی تیادا نییە و لە ڕووی ڕێز و حورمەتەوە لە ئاییني ئێمەدا ئافرەت و پیاو خاوەن هەمان ماف و دەسەڵاتن، تەنها ڕۆڵی ئافرەت لە بە دایک بوونا جیاوزە و دایک نابێت دەستبەرداری کۆرپەی خۆی بێت گەر تەندروست و ژیر بێت. تا ئەو کاتەی باوک زۆردارو ستەمکارو خوێنڕێژ نییە، دایک نابێت منداڵ لە باوک بێ بەری بکات، کاتێک بڕیاری دابڕان لەگەڵ پیاودا تۆمار دەکات.

ئەو باوکەی منداڵی خۆی لاقە دەکات، بێ بەزەیی بن دەرهەقی.. حەز دەکەم بە داخی گەورە سزای بدەن، تا زەکەری بۆ جارێکی تر بەکار نەبات. بە تاوانی ناگرم، گەر بێت و باوکی هەتک کەر بهاوێژنە ناو تێزاب.. چونکە کەسێ کە تەجاوز دەکاتە سەر مناڵی خۆی یان مناڵی کەسێکی تر، شایانی ژیان نییە و گوناحە لەناوماندا بژی و هەناسە بدات.

ئەو دایکەی نەهی لە ڕۆڵەی خۆی دەکات، بەهەشتی خۆی وێران دەکات، ئەو دایکەی بۆ حەزو خۆشی و نەشئەی خۆی منداڵ تەنها دەکات، بێویژدانە و خۆی دەبێت سزای خۆی بدات.. دایک بەزۆر ئەرک لە پیاو لە پێشترە، چونکە دایک داهێنەرو زایەنەری باوکە و باوک بە خانەیەک لە خۆزگە و سرۆشی ئافرەت مەیلی زیاترە و ئەو خانەیەش خودی ئافرەت ئیختیاری کردووە بۆ بوون بە پیاو، دەنا لە ڕەچەلەک و ماکدا پیاویش ژنە. ئەمە ڕاستییەکە بیزانە،

پیاو لە ژنە، جا هەموو ئایینەکان لە پێناوی باوکسالاریدا دانیان بەم مافە ڕەوایەی دایکدا نەناوە، کە بوونەوەر کردگاری ژنە.

بوونەوەر منداڵدانی هەیەو بوون چاوگێکی مێینەیە لە هەر جەمسەرێکی ڕاکێشان و بەرکەوتن و تەزو هاویشتنا! ژن تەنها لە خۆزگەی مەیلی دەسەڵات و هێزەوە پیاو دەزێنێت، تا خۆی لە ئاکاری شەڕ بە دوور بگرێت و تووش نەبێت. ئەو پیاوەی کە ئافرەت ناچار دەکات، زۆری لێدەکات، نوچی پێدائەدات، ئەوە پیاو نییە و سروشتی تێکەڵ بووە بە سروشتی دێو. بۆیە پیاوی دڕندە بێبەرییە لە بۆهاتی سرۆش و ناگەن بە هەستی پەیامبەر.. چونکە هەموو پیاوێکی دانا و خاوەن کەرامەت و بەڕێز، دەگات بە شکۆیەکی مەزن لە چوارەم دەساڵی تەمەنیدا، گەر هەستی بەوە کردبێت کە دایک داهێنەری ژیان و بوونە.

جا پیاوی باش باوەڕی بەو پەیامبەرەیە کە دەیبات بۆ باوەشی ئەو خوایانە یان ئەو خوایەی کە باوەڕی جوان و ئاکاری جوان لەودا زۆر دەکەن.. پیاوی باش خوای خۆی دەناسی و ڕوو دەکاتە باشەی خۆی.. پیاوی باش هەمیشە خۆشەویستی ئافرەتێکە گەر نازانن. ئەوان لە تەنهاییشدا هەر هۆگری گیانی ئافرەتن.

ئەو شەوە تا دەمەو بەیان، تاکو ئەوکاتەی تیشکی ئەرخەوانی و پرتەقاڵی ئاسمان و ڕووی کچەکانی سور کرد، نوح وەک سرۆش پەندی بۆ ئەوان داداو ئەوانیش تەنها گوێگرێکی باش بوون.. پاشان پێکەوە هەستان و نوێژیان دابەست؛ نوێژی ئەوان بەم جۆرە بوو لەو سەردەمەدا: نوێژیان بۆ سروەی بەیان دەکرد، بۆ ڕووناکی وبێ وورتە سێجار دەچەمانەوە بۆ زەوی و سێ ماچییشیان ئاراستەی ئاسمان دەکرد. نوح هیچی نەکرد، تەنها تەماشای ئەوان.. چونکە نوێژی نوح تەماشای ئافرەت بوو. ئافرەتی پیرۆز.

پاشان بەرەو خەوی دەمەو بەیانی چوونە نێو جێگەی خۆیان. نوح کە دەنووست سنگی خۆی دەکردە باوەش. زۆری نەبرد لە خەوێکدا، کەوتە جهیانێکەوە کە کت و مت لە ئێستا دەچوو.. لە ئێستای من و پەنابەر بوو لە خەونەکەدا! نوح ئەو بەیانییە لە خەویا، خەونی بە داهاتووەوە بینی، لە خەویا،

جانتایەکی دبلۆماسیی لەدەست بوو، عەینەکێکی کردبووە چاوی و دەستێک بەرگی ڕەشی لەبەر بوو، درەختی زەمانیشی وەک کڵاو نابووە سەری، لەناو ئۆتۆمۆبێلێکی ڕەشدا دیار بوو، پاش کەمێک خۆی لە قوتابخانەیەکی خوێندنی باڵادا بینییەوە... لەوێ کۆمەڵێک قوتابی چاوەڕوانی هاتنی ئەو بوون، چونکە پێدەچوو وادە بێت، وانە فێری ئەوان بکات، وانەی پەرستاری و باوەڕ هەڵبژاردنیان بۆ باس بکات! لە خەویا چووە ناو هۆڵێکەوە، هۆڵ ڕووناک و چراخان بوو، کەمێک وێستەی کرد وتەماشای ڕوخساری دانیشتوانی ناو هۆڵی کرد و سڵاوی لەوان کرد. پاشان کەمێک ڕاما، تا ئەو کاتەی ڕوخساری ئافرەتێکی جوانی کرد بە نیشانەی تەماشاو خەندە و بزە.. پاشان سرۆشی لە خەندەی هەمان ئافرەت وەرگرت و بە قەڵەمێکی ڕەنگ شین، لەسەر ڕووی تابلۆیەکی سپی، ئەم زاراوانەی نووسی: ڕێز، خۆشەویستی، شەڕ، درۆ، ڕاسیزم، سەگپەرستی، دێوپەرستی، هاوڕێیەتی، خۆپەرستی، گوڵ، سروشت، مرۆڤ، جوانی و هونەر.

پاشان ڕوویکردە دانیشتوان و لەوانی پرسی: ئایا ئەم زاراوانە ناوەکانی خواوەند و خواکانن؟ هەندێکیان مت، هەندێکی تریشیان سەریان باداو لەبەر لێوەوە وتیان نەء. پاشان فەرمووی: بەڵام هەن لەناوماندا کە پەرستن و باوەڕ بەم زاراوانە دەڕازێننەوە.. چونکە هەن لەناوماندا، باوەڕیان بە شەڕە و بۆ ئەو مەبەستەش خوای شەڕیان داهێناوەو شمشێر لەدەست هەر خەریکی سەربڕین و هەتک کردن و چاوشکاندنی میللەتانی خۆیانن.

هەندێکی تر باوەڕیان بە درۆیە و خواوەندێکی درۆزن و نالەباریان بۆ ئەویش داناوە. هەن سەگپەرست، هەن تاقمێک دیو دەپەرستن و هەن هونەرو جوانی و ڕاستی دەپەرستن، ئەمانە گشتیان مافیان بەخۆیان داوە کە خواوەند و باوەڕ وەها نیشان بدەن کە خواستەکانیان خوازیارێتی، هەن جوان پەرستن و مرۆڤ و سروشت پەروەر.. دەشێت لەنێو ئەم تاقمانەدا، هەڵەو ڕاست زوو بناسینەوە، بەڵام یەک ڕووی هاوبەش لە نێوان هەموو ئەم جۆرانەی باوەڕ و پەرستاریدا هەیە، ئەویش ئەمەیە، کە ئێمەی مرۆڤ خوامان کردەوە بە ئامانج و دامانهێناوە، و ئێمە داهێنەری خواین و باوەڕمان بە خوایەک هەیە و هەر

یەکەمان بەپێی مەزەنەی هزریی خۆی، خوای خۆی دەناسێ و دەپەرستێ، و لەکاتی خۆشی و تەنگانەدا پرس بە خوای خۆی دەکات..

بەڵام ئایا ئێوە لەو باوەڕەدان کە خوا، هەموو شتێکی دروست کردبێت؟ ئایا دەشێت خوا بنیاتنەر و تێکدەریش بێت؟ ئایا دەشێت خوا هەم شێت و هەم عاقڵیش بێت؟ هەم گێل و هەم حەپۆل و هەم نەخۆشی و مەرگیش بێت؟

دەشێت وەڵامەکان ببن بە دوو کەرتەوە، لێرەدا دوو تەوەر بوونی هەیە و نازانم دادی کەسمان نادات. جا ئەو تاقمەی کە لێرەدا، یان لەدەرەوەی ئەم کۆڕەدا، وا دەزانن کە خوا یەکە و کردگاری شەڕ و درۆ و دێوو شەیتان و بوختان و نەخۆشی و دەردیشە، هەم ڕاسیزم و هەم فاشیزم و هەم ناسیۆنالیزم وچەتوون و سەرشێت و تێکدەرە؛ هەڵەن، نەخۆشن، گومڕان، درۆزنن، هەلپەرست و تێکدەرن... چونکە خوا درۆ دروست ناکات و کارگەی کرداری ناهەق و شەڕ و فەسادو بوختان نییە.. خوا حەزی لە شەڕ و درۆ نییە و ئەو ئایینەی کە خواکانی خۆی هێنایە ژێر باس، پەندی لە جانەوەر و ئاژەڵ وەرگرتووە نەک لە خواوەندی پیرۆز.

من لەو باوەڕەدام کە خوا تەنها یەک کاری کردووە، ئەویش ئەمەیە کە مرۆڤی داهێناوە و ئەوی لە جوانترین قاڵب و شێوەدا دروستکردووە و نێرو مێی پێکەوە داهێناوە تا بوونەوەر شاداب کات، تا بوونەوەر پڕ بکات لە سیحری شکۆی هونەر و جوانی و دەسەڵاتی خێر.. جا سروشت توانایەکی ترەو داهێنەرێکی ترەو دەشێت هەرچی مەگەز و ئاژەڵ و گیانداران هەیە خودی سروشت دایهێنابن، دەشێت ئەوانیش دەستکردی خوا بن! دەشێت ڕاست بین یان هەڵە.. بەڵام من وای بۆ دەچم، کە مرۆڤ لە کاڵایەکی زۆر بە نرخ دروست بووە و ئامانجی بوونیشی گەیشتنە بە شکۆی خودی خوا و ئاوێتە بوون لەودا...

بۆیە ئەگەری ئەوە شیاو دەبینم کە خواوەندو مرۆڤ دەستیان لە کاری خوڵقاندنی یەکتریدا هەبێت! ئەگەر ئەو ئێمەی دروست کردبێت، کەواتە ئێمە تەواوکەری ئەوین و دەگەینەوە بەو. یان ئەو تەواوکەری ئێمەیەو دەگاتەوە بەئێمە و ڕووناکمان دەکاتەوە.

لەو باوەڕەدام کە ژیان لەسەر ئەم گۆیە، لەسەر گۆکانی تریش، تەنها وانەی بەئەزموونکردنی دەسەڵاتی مرۆڤ و خوایە، بەر لە گەیین و گەڕانەوە بۆ لای خوا. چونکە مرۆڤ ئەگەر بێت و لەم سروشتەدا قوتار بێت و توانیی شەڕانگێزی جیهانی ئاژەڵ نەکات بە خوو و ئامانج وباوەڕ، بێگومان دەگات بە خودی باوەڕ.

ئیتر نازانم باسی چیتان بۆ بکەم، تا داوەری لە کردگار بکەم.. لێرەدا حەز دەکەم ئاماژە بەوە بدەم، کە یەکتایی لە ئابڕو و ویستی خواو ئاکاری خوا ناوەشێتەوە، و بێگومانتان دەکەم لەوەی هەموو تەوەرێکی ناشاز و بەد و نەویست و شەڕانگێز، کردگاری خۆی هەیە و شەڕ خاوەنی ئەو داهێنانەیە نەک خێر.

چونکە شەڕ تاریکییە ، و خێرو جوانی سەر بە ڕووناکین، و خواوەندی منیش تەنها تەوژمێکی ڕووناکە و بێبەری لەخەوش. خواوەندی من لە سەرنجی ئافرەتی ژیرو ڕووناک و بێخەوشا ڕوونە، لە گیانی دایکا پەنهانە، و لەسەر خەندەی لێوی ئافرەتا دیارە.. تەماشای ئافرەت نوێژەکانی منە، پەرستگای من ئافرەتە وخواپەرستن کەلتووری منە، من حەزم لەپەرستاری و پەرستنە، حەزم لە جوانی و هاوبیری و ژیری و ئاکاری جوانی مرۆڤ و ئافرەتە، چاک بزانە، کە خواوەندیش جوانپەرستە و ئەویش عیشقی کرداری جوان و ووتاری جوان و بیری جوانە. خوا هەمیشە لە زۆر بوون و بەردەوامی و پەلهاوێشتنی بوونەوەر و ڕووناکیدایە.. خوا لەیەکبوونا، زۆر دەبێتەوە.. چڕ دەبێتەوە و قوڵپ ئەدات سۆزو خۆزگە و سرۆش و ئومێد و عیشق و باوەڕ و هونەر دادەهێنێت. خوا داهێنەرە... خوا دەژی، و نەمرە...

بەدەم ئاخاوتنەوە نوح بێدار بووەوە و خۆی بینی بە پێوە ڕاوەستاوەو هەردوو کیژۆڵەکانی تەماشای دەکەن و پێدەکەنین، بەدەم قسەکردن و فەرموودەوە بێداری بووەوە و ڕۆژی نیوەڕۆ بوو. دوایی ڤادونا لە فریشتەی کچی نوحی پرسی: ئەوە باوکت باسی چی دەکاو بۆ کێ دەدوێ لە خەوا؟! باشە ڕاسیزم و فاشیزم و ناسیۆنالیزم چییە؟ ئەم ووشانەم نەبیستووە، تۆ بڵێی ناوی جنۆکەو دێوو جانەوەر نەبێت؟!

فریشتەی کچی نوح لەوەڵامدا فەرمووی: دەمت خۆش، بەخوا ئەو وشانە تەنها لە ناوی دێوو جانەوەر و دەردو نەخۆشی دەچن، دەشێت باوکم چوبێتە نەبەرد دژیان! خوا ئەزانێ، کێ ئەڵێ ئەوانە جۆرە نەخۆشییەک نیین!.. دوایی کاتێ هەردوکیان لە نوحیان پرسی تا مانای ئەو زاراوانەیان بۆ ڕوونبکاتەوە، زۆر پێکەنی، فەرمووی: بەخوا لە شوێنێک بووم کە نەمزانی کوێیە و تێنەگەیم باسی چی دەکەم، شتی سەیرم بە چاوەوە بوو، و بەرچاوم تاریک بوو و لە ناوعەرەبانەیەکا بووم کە کەر ڕاینەدەکێشاو خۆی دەڕۆی، لە شوێنێکا بووم حەشاماتێکی لێبوو، نەمدەناسین.. بەڵام شوێنەکە خۆری لێنەبوو کەچی لە ڕۆژی ڕووناک ڕووناکتر بوو!

کچەکان فەرموویان: " بابە، تۆ باسی غەیب دەکەیت؟"... نوح فەرمووی: بەڵێ کچە شیرینەکانم.. غەیب تۆزێک لەمەوبە ر و تۆزێک لەوەو بەرە.. غەیب دەڕوات.. دەبێ بە یاد.. دوایی دەگەڕێتەوە.. مرۆڤ تا بمێنێت، تا هەتا هەتایە دەژی و دوپاتیش دەبێتەوە.. بەڵام گوناحترینمان ئەوانەن کە نەگەن بە خوا.. چونکە مرۆڤ تا لەم ژیانەدا دەست لە خوێنی مرۆڤ هەڵنەگرێت، هیچ هێزێک نییە بمانگەیەنێ بە غەیبی هەمیشەیی.

واتە گەیشتن بە خواو بەهەشت و حەقی ئەو. غەیب ڕابردوی داهاتووە. لە حاڵی حازردا.. غەیب بوونی نییە.. کەچی هەشەو هەیە. گەیشتن بە خوا بە حەج و زەکات و سەرفترەو زەکات و ڕۆژوو نییە.. مرۆڤ دەبێت بە زۆر قۆناغی نەسخ و مەسخ و ڕەسخ و فەسخا تێپەڕێت و بژێتەوە و بمرێتەوە و بژێتەوە و پاشان دوایی ببێت بەوەی کە هەست بە جەوهەری خوا بکات و درۆ لەگەڵ خوای خۆیدا نەکات. گەیشتن بە خوا ئیتاعەتکردنە لە هەر بژێوێک و دەست هەڵگرتنە لە شەڕانگێزی و چەمانەوەیە بۆ شکۆی دایک بەر لە خوا.

## تابلۆی باوەڕ

هیچ شتێک لەوە ترسناکتر نییە کە مرۆڤ باوەڕی بەخۆی نەبێ و لغاوی کەسێتیی خۆی لێبەربێت.. چەند گوناحە کەسێک کە پڕ بێت لە زانستی غەیب و ئیتاعەتی ڕاستی و ئاشتی و دادپەروەری بکات و بە دوژمنی گەل بناسرێت!.. هاوڕێ و هاوخەم و کەسێکی نەبێت و کەس لە زمانی حاڵی نەبێ و لەسەرو ئەمانەشەوە ئاوارە بێ و نیشتیمان و وڵاتی نە بێت! چەن ناخۆشە مرۆڤ ئاوا وەک منی بەسەر بێت!

بەڵام لە من گوناهترو گومڕاتر ئەو کەسانەن کە ناوی پەیامبەرەکان دەزڕێنن و سنور بۆ کردەوەکانیان دادەنێن و دەشزانن کە ئەوان پاکن بە جەوهەر. خۆ ناکرێ بە فیل بڵێین بفرە! پەیامبەران سلوکی تایبەتییان هەیە و مەرج نییە هەموو کەسێکی کۆمەڵگە شان و شکۆی بگاتە ئاستی ئەوان.. سوکایەتی بە پەیامبەرانی پێشو مەکەن و بە خراپ ناویان مەبەن و دادگایان بۆ دامەنێن. بەڵکو گوێ لە فەرموودەکانیان بگرن.

شەوێکیان، بەر لە هاتنی سرۆش ، یان دوای گەڕانەوەی ئەو بۆ جیهانی خەون و ئیلهام و بەهەشت و نزرگەی پەیامبەران ( ئەستێرەی داود)؛ بەتەنها لەگەڵ سێبەرەکەمدا- دانیشتبووم ڕوو لە ئاسمان دۆعام دەکرد و لە پرشنگی ئەستێرەکان دەپاڕامەوە، دەپاڕامەوە بۆ دۆعا و ئاشتی و کوردوستان و پەیمان و سارا.. بەزەییم بە میللەتێکدا دەهاتەوە کە بەردبارانی ئافرەت دەکەن و عیشق هەتک دەکەن و مرۆڤ ڕسوا.. یەک بەیەکی نینۆکەکانی خۆمم وەک مشک بە قرتە قرت دەکرۆشت و ڕۆحم دەگریا.. دەترسام و دەمویست سرۆش نەیەتەوە و نەبێت بە میوانم تا تکاو ڕجام لێبکات بۆ گەڕانەوە بۆ وڵات، بۆ ناو میللەت.. میللەتم لێبوبوو بە دێو، دێوی مەلاو جەهل و درۆو نائینسافی و بوختان و سزا و دەست و زمان بڕین و سەربڕین و بوختان و حاشاکردن لە دابی جوان - بوبوون بە سینەما لەبەر چاوما دوویات و سێپات هەردەم خەیاڵم فلیمی ناخۆشی بۆ لێدەدام و هەرچی تاوان و سزای میللەتەکەم هەیە لەبەر چاوما لێدەدرایەوە و هەستم بە گوناحێکی مەزن دەکرد.

هەستم دەکرد لاوازی و ترس دادم نادا و خۆ گێل کردنیش نەخۆشییەکە مرۆڤ ڕسوا دەکات.

لەو لاشەوە هەستم بەشێتیی خۆم دەکرد کە گیانی نوح لە دەروونما هانی دەدام تا دەست بکەم بە دروستکردنی کەشتیی نوح.. گاڵتەم بە خۆم و باوەڕ و هەست و نەستم دەهات. بەدەم ئەم ناسۆرە گیانییانەوە وەنەوزم دەداو نەمدەزانی چی بکەم و چۆن ڕووبەڕوی ژیان و میللەتانی جیهان ببمەوە و بەکێ بڵێم: من ڕابەرم!؟ بەخۆمم دەگووت؛ کێ دەتوانێ بە تاقی تەنها کەشتییەک بنیاتبنێ وهەرچی گیاندار هەیە لە نێرو مێ، دوو پێ و خشۆک و چوارپێ جێبکاتەوە و لەلافاوی ئەمجارەش بیانپارێزێ؟

بیانپارێزێ؟ بۆیە لە هەستکردن بە ناتوانایی و بێباوەڕیی خۆمدا گۆت وزەلیل بوبووم تەنها دانیشتبووم ، دەمویست خۆم تەفرە بدەم و لەم بیرانە دەرباز بم.. دەمویست تەنها و تەنها فریشتە بپەرستم و ئاگاداری هیچ نەبم و پشت بکەمە ژیان و بوون و لە نوێژەکانما ون بم. ناهەقمە؟

لەبەر خۆمەوە، فرمێسکەکانی خۆمم دەقۆستەوەو هەنسکم دەدا.. چونکە هەستم دەکرد دوای مەرگیش نابینم کەسێ باوەڕ بە پرۆژەو بە دۆزی من بکات، چونکە لەو کاتەشەوە کە سارای هاوسەرم بۆنی هاتنی فریشتەی کردبوو، پشتی تێکردبووم و ڕووی کردبووە کۆکە ڕەشەو خۆخواردنەوە و توڕە بوون لەمن و هەرچییەکم دەگوت و دەفەرموو، ئەو زیاتر تووڕە دەبوو لێم.

هەردوو منداڵەکەشم هەمیشە دابەش بوون لە نێوان تەنهایی من و هەستی دابڕان و جیابوونەوەم لەوان، چونکە ئەوان دەروونیان ڕۆشنتر بوو، دەیانزانی کە من گەر کەشتیشم نەبێت، گەر نوحیش نەبم، سەفەرێکی پیرۆز چاوەڕێم دەکاو دەبێ بەجێیان بهێڵم. غەمی ئەوانم بۆ باس ناکرێت، تا برینی ئەوانە نەکولێنمەوە کە زارۆکیان لەناو لمی بیابانا هەناسەبڕ کرا، تا غەمی ئەوانە نەکولێتەوە کە سینەیان تەپڵەکی جگەرەی بەعس بوو لە ئەمنە سورەکەو زیندانەکانی ترا.

حەزرەتی سارا سەری کردبووە سەرم و دەیگوت: وا نەزانی تۆ پاڵەوانی ناو داستانەکانی و ساحیری ئاخر زەمان، دەترسم ماوەیەکی تر بکەویتە کەشتی

بنیاتنان و بمانخەیتە ژێر قەرزەوە.. هەی دەمخواری درۆزن، خۆ تۆ لە هەمووماندرۆزنتریت و ئیتر خوا چۆن باوەڕ بە تۆ بکات؛ کە هێشتا مەیمونێکیش باوەڕی پێنەهێناویت.. کوا کەشتیت؟ کوا باوەڕپێکراوانت؟ خۆ تۆ ناتوانی دەست بۆ دەمی خۆت بەریت و ئاشێکت بۆ پاک ناکرێتەوە، ئیتر باسی ڕۆیین و سەفەری چی بۆ ئێمە دەکەیت!؟

ئیتر منیش دووچاری لەرزوتاو سەرماو پەرێشانی دەبووم و کەنەفت دانیشتبووم ئەو شەوە بە دیار خەمەکانی خۆمەوە.. پەتۆیەکم لە خۆمەوە پێچابوو و هەر لەخوا دەپاڕامەوە تا سروەی بەیان بێت و ئومێد دەروونم ڕووناک کاتەوە.. عیشقی فریشتەش بوبوو بە خۆرە و ماخۆلانی گیانم ،و نەمدەوێرا لغاوی هەست و بیرو دەروون و گیانمی بۆ شل بکەم ،و نەمدەوێرا پێبنێم بە جەرگی خۆما و دان بەوەدا بنێم کە عیشق دەست بۆ هەناسەکانی گیانم دەبات.

لە خوا دەپاڕامەوە کە نزاکانم قبووڵ کات، چونکە دەزانم ئەوەی بە باوەڕێکی یەقینەوە لەبەر دەم بارەگای خواوەندی خۆیدا بە دڵپاکی و بەدڵ وگیان نوێژ بکاو دۆعا بکات، خوا ئاوڕی لێئەداتەوە.

زۆر گریام ئەو شەوە، یەکەم شەویشم نەبوو کە دوچاری گومان و نادڵنیایی بوبووم، پێغەمبەری ئیسلامم یاد هاتەوە، کە چۆن لە بن دیواری کەعبەدا دانیشتبوو غەرق و تاساو لە ئەندێشەو سەرزەنشتی خەڵک و خزمەکانی خۆیدا، ئەو کاتەی کە جوبرائیل هاتە هانای و باوەڕی ئەوی کرد بە یەقینی تەواو.. بەوی فەرموو: حەز دەکەیت میللەتەکەت باوەڕ بێنن بە تۆ یان خۆت باوەڕ بێنی بەوەی کە تۆ پەیامبەریت؟

پێغەمبەر فەرمووی: نیشانەیەک لە خواوە بەسە بۆ مەتین بوونی باوەڕم. جوبرائیل فەرمووی: دەدەی کوڕم، ئەو درەختە بانگ بکە بۆ لای خۆت کە وا ها لەوبەرەوە.. پێغەمبەریش درەختەکەی بانگ کرد.

جوبرائیل فەرمووی: ئێستا باوەڕ دەکەی کە تۆ پەیامبەری خوای؟ ئەویش فەرمووی بەڵێ. بۆیە باوەڕ هەرچەند لای کەسێک مەتین بێت، خود پێویستی

به پشتگیریکەرێک هەیە، جا ئەو کەسە گەر دروستکراوی ناخ و جەوهەریش بێت، گرنگیی بۆ خوودی خود هەیە.

من پێویستم بە گومان نەبوو، چونکە فریشتە هاوشان و هاوباوەڕم بوو.کەشتییەکم لە باوەڕ بنیات نابوو کە لە ئەستێرەی داود دەچوو.. نەهەنگێکیشی تیا بوو.. چونکە لەو کاتەوەی فریشتە هەست و سۆزی خۆی لەناو گیانما داگیرساندبوو، بوبووم بە سۆزێکی پەتی، بوبووم بە عیشقێکی پڕ ئەفسون، توانام هەبوو لە چاوتروکانێکا گەشت بکەم بە ناو جیهانا و هەرچی خۆشی و ناخۆشی و مەینەتی و ئازاری مرۆڤ هەیە ببینم.. بینـیـن هەراسانی کردبووم، هێندەم دەبینی، کە دوچاری شەکەت بوبووم.. شەکەتێکی تەواو، چونکە دیمەنەکانی جیهان و ڕۆژگار و بەسەرهاتی نێو خەڵکی و خوو و ڕەوشتیان، ئەزیتی دەدام، تەنانەت شاشەی تەلەفیزۆن و هەواڵ و بەرنامەکان، گشتیان پڕ بوون لە چیرۆکی درۆو ناهەقی و هەڵکوتانە سەر کەرامەتی ئافرەت و سەربڕین و شەڕو تاوان.

بینینم تەقیبوو، هەموو پەیامبەرەکانیشم دەدی.. خواکانی یۆنان هێندە تووڕە بوون لە مرۆڤی ئەوروپی و ئەمریکی و ڕوسو تورک، خەریک بوون ئاگریان بەر دەدا لە ئاسمان!

بتەکانی هیند و چین و یابان و کۆریا پڕ بوبوون لە قینی کاهینەکانی سەرزەوی و پەلەپیتکەن لێدابان – دەتەقینەوە بە ئاسمانا.. هەرچییەکم دەدی، سەری دەسوڕمانم، منداڵ و ئافرەتیشم دەبینی سەرلێشێواو، تەنها، داماو باری خۆیان کێش دەکەن و هەر خەریکن یاریدە بۆ برسی و نەخۆش و قوربانیانی شێرپەنجەو ئایدز و جێماوانی شەڕ و منداڵانی جەنگ کۆدەکەنەوە و پێڕاناگەن. لە گشت ئەمانە ناخۆشتر، تەماشای ئەو ئافرەتانە بوو کە سەگیان دەپەرست و هەریەکەیان بە جۆرێک بوبوون بە کۆیلەی سەگەکانیان.

لەهەموو بابەتێک شکەنجە تر، لە هەموو دەردێک بەژان تر، ئەوە بوو کە خودی فریشتەش، کە پیرشالیار=حەزرەتی ئیلیاس بە منی ناسان و کردی بە دیاریی دەروونم، ئەویش لە چنگی دیوەکان دەرباز نەدەبوو، ئەویش پڕ بوو لە زمان شکاوی و ترس و دوودڵی و هەستی بە قوربانی بوون و سەربڕین.

بەڵێ غەمی فریشتەش سەرباری هەموو خەمەکانم بوبوو، چونکە ئەویش دەستی دێوی بەر کەوتبوو دەترسا لەوەی بە ئاشکرا خۆی نیشانی دەروونم بداو بە ئاشکرا لە جیهاندا تەلیسمی خۆی دەرخات و بانگ بدات، کە من هاوسەرو هاوخەم و هاوژینی ئەوم. هەر نەمدەزانی لە چی شارێکی سەر ڕووی زەوییە!

بۆیە ئەو شەوە زۆر گیرۆدە بووم لە خۆما و داماو لە خۆمم دەڕوانی. لەبەر خۆمەوە وەڵامی سەرزەنشتەکانی حەزرەتی سارام دەدایەوە، و بەوم دەفەرموو: ئەگەر من خاوەنی خوا بم، ئەوا خوایەک هەیە باوەڕی پێم مەتین بێت، جا با ڕازەریشی نەبێت.. من دەیبینم و بەچاوی هەستم هاوژینیم.. من ئەو لە نیگای تۆدا دەبینم و تۆش کوێریت.. دەشێت من پەیامبەر نەبم، بەڵام دڵنیابە، ئەو خوایەی کە منی فێرە درۆ کردووە لەناوتاندا، لەناوماندا نییەو پشتی کردۆتە ئێمە و ڕۆژی بەرێمان لەڕێیە و ئەویش هیچ دەربەستی من و تۆ و ئێوە و ئەوان نییە.

چونکە ژیان مرۆڤی هێندە نالەبار کردووە، کە پەیامبەر و شێت لەیەک تەرازودا دادەنێن و مەحاڵە هەبێ لەناوماندا بێ درۆ ساڵانێک بژی و شێت نەبێت! بۆیە خوا درۆی ناوێت، پیغەمبەری ئەوانیش نابینێت، خوا پشتی کردۆتە جیهان و ژیان و خواکان و بت و پەیامبەران و فریشتەکانیش تووڕەن لە بەدکاریمان.

ئەو شەوە زۆر ناچار خۆمم دەبینی، چونکە فریشتەی هاوسەرو هاوگیانم کە لە دەرونما ڕاکشابوو، زوزوو ڕادەچەنی و ترس ئەویان بەر نەئەدا. منیش هەرچی هونەری خۆم هەیە تەرخانم کردبوو بۆ شفای ئەو بۆ دەربازکردنی ئەو لەدەستی دێوەکانی ترس و هەڕەشەو دێوی داگیرکەر. دڵ و جەرگم قرچەی دەهات کە لە خۆم دا دەبڕام و تەماشای ئەوم دەکرد، ناچارانە منیش دەترسام.

هەستم دەکرد زەمین نغرۆ دەبێت، هەستم دەکرد ژیان سەری لێ تێک دەچێت و سەرما گەرمای دەبێت و کەشەکان زویر دەبن و باکان تورەو شەپۆل فێ دەیگرێت؛ گەر بێت و نەتوانم فریشتەی دەروونی خۆم چاک و تەندروست بکەمەوە ..بەخۆم دەگووت چۆن بتوانم فریشتە بەم حاڵەوە نیشانی جیهان و گەل

وهۆز بدەم!؟ چۆن بتوانم ڕیشەی شەڕ لە بێخەوە هەڵکێشم و جیهان ڕزگار بکەم؟ گەر نەتوانم بەر لەوە فریشتەیەک لە دەرونی خۆما چارە بکەم؟

هەش بەسەر هەر خەریکی هەڵلوشینی هەنسکەکانی خۆم بووم.تا دەمەوبەیان هەردەستەو ئەژنۆ خۆمم ڕادەژەن و دێوێکی دراوسێشمان ئاخر سەدای نەوارژەنی پێکردبوو، زرم زرم تێکەڵ بە قریشکەو هاواری دێوەکانی شەڕ ماڵەکەمانی هێنابووە لەرزە.. کاتێ کە سروەی بەیانی گەیی، هەستام، بە نیازی پێکردنی جگەرەیەک و خەم بەبادان، چومە باخچەی ماڵ و لەسەر تاوێرە بەردێک هەڵکوڕمام، بە چیلکەیەک لەسەر زەوی لەخۆمەوە نائاگا وێنەی کەشتییەکەی نوحم کێشا.. زۆری نەبرد چۆلەکەیەک بۆ دڵدانەوە و هاوخەمی هاتە لامەوە و بە ترس و دوودڵییەوە کەوتە جریوە جریو... جوک.. جیو...!

فەرمووی: هەی شێتی ئاخر زەمان، هەی کڵۆڵی هەشبەسەر ئەی حەزرەتی نوح، کەشتی دروستکردن دادی تۆو ئەوانی تریش نادات، چما چۆلەکەیەک، یان ئاژەڵێک، کرمێک هەیە لەسەر زەوی کە باوەڕیان بە مرۆڤ مابێت؟ جیک جیک جیک جوک پێکەنینی پێم دەهات!

وتی؛ باوەڕ بکە، تەنانەت کرم و مێشولەکانیش باوەڕیان بە مرۆڤ سستە، ئیتر کەشتیی چیمان بۆ وێنە دەکێشی، خۆ خۆت ناتوانی سواری بیت، هەی حەپۆلی گەمژە، جیوجیو جیو=قاقاقا....

کە ئەوەم بیست، خۆشم پێکەنین گرتمی، زۆر پێکەنیم لەگەڵ جریوەی قاقاشێوەی مام چۆلەکە و هێندە پێکەنیم، خەریک بوو دەپسام و چەناگە و سکم ژانی دەکرد. پاشان دوای گزنگی بەیان چوومە نێو جێ بە نیازی خەوێک چاوم نایە سەر یەک و ڕۆچوومە جیهانی خۆمەوە..نازانم کەی، بەڵام دیار بوو ڕاستەوخۆ دوای گەیینم بە دیداری فریشتەی خەو، خەونێکم بینی، و لەخەوما لە ئاسماندا بێ یاریدەو بێ باڵ ڕاوەستابووم و بە پەنجەی شایەتمانم نەخشەی کەشتییەکم دەکێشا، هەستم دەکرد لە قوڵایی ناخما، تەلیسمی خوا هانم ئەدات بۆ وێناندنی کەشتیەک، کە لە پەیکەری نەهەنگ دەچوو.. نەهەنگێکی مەزن لەبەرچاوما نەخشی بەست.. پەیکەری لەشی نەهەنگم دەبینی بێ گۆشت، کە هێندە دانایانەو سیحر ئامێز پەیکەری توندو تۆڵی وابەستەی یەکبوون، سەرم

دەسوڕما لەشکۆو دەسەڵاتی خوا!.. هەستم بەشانازیی خوا دەکرد لە خەوەکەما.. هێندەی نەبرد، دەیان و سەدان فریشتە و پەری و مەلائیکەتی باڵدار، ئاسمانیان تەنی ولە پێش چاوی مندا دەستیان کرد بەکاری هەرەوەزی و منیش داماوو ناتواناو مەست و هەشبەسەر، بەواقوڕماوی تەماشای چاوی سەوزو شین و ڕەش و قاوەیی و تەماشای پرچی سوورو زەرد و خورمایی و ڕەش و پێستی ئاڵ و سپی و هەمەڕەنگی ئەوانم دەکرد.. فریشتەیەکی منداڵی بچکۆلانەی ڕەش پێست هاتە لامەوانێ و ئەویش زەق زەق تەماشای دەکردم، وای دەزانی من نایبینم و باوەڕ ناکەم کە ئاسمان جێگەی فریشتەی ڕەشی تیا دەبێتەوە...

منیش ئەوم کردە سەر شانم و بە ئاماژە ئەستێرەی داودم نیشانی ئەو داو بەوم فەرموو: ئەوە ماڵی پەیامبەرەکانە، ئورونمیلای خواوەندی ئێوەش پاسەوانی ئەوانە و پارێزەری گیانیانە. ئێدی تەماشای سیحری کارامەو کاری ئەوانم دەکرد، دەمبینی بەچی شێوازێک ژوورو کەلەگی و گەنجینە و کولان و تەویلەو ئاخوڕو حەوشەو دیوان و زەمینەی کەشتییەکە ئەندازە دەگرن و بنیاتی دەنێن. تەماشای ئەوانم دەکرد و لە دڵەوە سوپاسگوزاری خوام دەکرد بە نوێژ.

فریشتەکان زۆر کارامەو دەستڕەنگین خانە پەیکەرییەکانی نەهەنگیان دابەش دەکرد بۆ ڕەفە و ژوورو خانەی تایبەت بە باڵدارو خشۆک و ئاژەڵ، پاشان ناوی هەر ئاژەڵ و باڵندە و خشۆکێکیان بە ئاوی گوڵاو دەنووسی . زۆری نەبرد دوانیان نا سیان لەوان کە چاومەست بوون، هاتن و یەکەمیان فریشتەکەی سەرشانی منی کردە باوەش و دوانەکەی تریان بەڕێزەوە فەرموویان لەمن کرد، پاش ئەوەی چونە سەرچۆک، فەرموویان: " بەڕێز حەزرەتی نوح، حەز دەکەین بزانین کە بەڕێزتان چۆن دڵی دەخوازێ تا ژوورو هەیوانی حەوانەوەت وەها بۆ دابین و ڕەنگین بکەین، حەز لەچی ڕەنگێک دەکەیت، تۆ پەلکەزێڕینە دۆستی؟" ..فەرمووم: خۆتان خاوەنی بڕیار بن، سەلیقەی من شان لەشانی سەلیقەی ئێوە نادات، ڕەنگەکان گشتیان گیانی منن.

هێندەی یەک و دوو ژوور تەواو بوو و نیشانیان دام.. بەخەندەو نازو قریوەی شەرمنیان سێ مۆمی جوانیان بۆ داگیرسانم لە تاقی ژوور سەری شوێنی

تێفکرین و ڕاکشانم. پێکەوە بە ئاوازێکی گیانیی خۆش بە گیانم، فەرموویان:" ئێرە ئارامگای تۆیە". منیش کاتێک لەنگەرم تێک چوو لە حەوادا، لە خۆشیدا بێدار بوومەوە. ئیتر نەمتوانی بنوومەوە.. هەستمکرد مەبەستیان بوو ئارامگای خۆمم پێ نیشان بدەن! سەیرم لێهات و پاش کەمێ بیرکردنەوە و تێفکرینی خەواڵووانە، تێگەیشتم کە ئارامگای من تەنها ئەو جێگەیەیە کە نوح تیایدا لەنگەری گرت و نێژرا.

هەر بیرم لای کەشتییەکە بوو، چێژی ئەو خەونە هێندە خۆش بوو، کە لە هەموو بیرێکی ڕۆژانە و خەم و ئەندێشە دایبڕیم.. دوایی بیرم لای ئەوە بوو، بۆچی فریشتەکان ناوی حەزرەتی ساراو یوسف و داڤیدو کەسێکی تریان نەنووسی؟! هەرچۆنێک بیرم دەکردەوە، نەمدەزانی بۆ، ناوی یەک دوو هاوڕێمیان نەنووسی و زۆری ئەوانیان نیشان نەدام!

دەشێت فریشتەکان زانا بن بەوەی کە خۆشم گومڕام لە ڕاستیی باوەڕی خۆم، ئیتر کێ لەدەرەوی خۆما دەتوانێ دان بە خەونەکانما بنێ و باوەڕ بکاو باوەڕ بێنێ!؟ فریشتە یان کچانی شارەکەم؟! دایکم یاخود خوشک و براو مام و خوشکەزاکانم؟! کێم هەبوو و کێم هەیە؟! هاوڕێکانم؟! خۆ زۆربەی هاوڕێکانمم بینی بەرز تەماشای شکۆیان دەکردم و دلاوەر قەرەداغی و بەرزنجی و زاهیر و مەریوان و خاڵۆزاکانمم بینی، هەروەها سەلام و ئاکۆ و دانا، گشتیان سەری ڕێز و شەرمیان دادەنەواند و حەزیان دەکرد گوێم بۆ شل بکەن. گەرچی تەلەفیزۆنی نالیا گلەیی هەبوو لە نەبوونی و کەمیی دەسەڵات و بودجە،، بەڵام ئەوانیش فەرموویان: کە پرۆژەی گەڕانەوەی نوح پیرۆز و جوانە.

سەرپەرستاری ڕۆژنامەی هاوڵاتی و بەدرخان و گۆڤاری زۆر گوێیان لێ گرتم و دەنگی منیان نەگەیاند بە سەرۆکایەتی و حکومەتی هەرێم.. ڕێبوار سیوەیلی ئاگاداری نەکردمەوە لە وەڵامی نامەی نێردراوم بۆ خاوەن دەسەڵاتانی کورد! هێشتا هیچم بە هیچ نەکردووە! ئەحمەد سالار هێشتا وەڵامی نەداومەتەوە و نازانم باوەڕی بە دوناودوونبوون هەیە یان نا!؟ حیکمەت هیندی

خەریکی پەرستاریی خۆیەتی و ئیسماعیل خەیات حەزی لە عەبدولباسط و دەنگی ئەوە هێشتا!

هەر بیرم دەکردەوە، مانگ و ساڵ و ڕۆژ بیرم لای ئەو خەونانە بوو کە تیماری ئەو نەخۆشییانەیان دەکردم کە ڕۆژەکان و خەڵکی دوچاریان دەکردم. چونکە بێباوەڕی مرۆڤەکانی دەوروبەرم، دێوەکانی دەوروبەرم نوچیان بە شکۆی مەسیح-یش دادابوو بەر لە من. ئاخر ئەوان باوەڕیان تەنها بە درۆزن بوو.. درۆیان کردبوو بە خوا، بە سەگ و بەرازو دەیانپەرست. ئەوان کێن؟! لە خۆتان بپرسن هاوڕێکانم، من کەس تاوانبار ناکەم. دەنا من ئێستا ئیشم چی بوو لە هەندەران!؟

**<u>پەیامی پەپوولەی سێی</u>**

من مرۆڤێکی زۆر سەیرم، دەتوانم کتێبێک لەسەر پێلاوەکانی دایکم بنووسم، دەتوانم تەماشایەک بکەم بە ڕۆمان.. دەتوانم چاو بنووقێنم و گەشت بکەم بە بوونەوەر و گەردونی ئەو مرۆڤانەدا کە دێن بە میوانیم . دەتوانم دێو و خێو و فریشتەکان ببینم و بە ڕوونی باسی جەوهەری هەر زانستێک بکەم کە مرۆڤ بە خەیاڵیا نایەت. من دەتوانم بە خۆم بڵێم خود بین و خودناس و خۆشبین.. چونکە خاوەنی پەیامی خواکانم و ڕازیم لە باوەڕی خۆم. پەیامی خواکان و پاشکۆ و چیرۆکەکانی خۆم و تابلۆکانم لا پەسەندن.

نیوەڕێەکی خۆرەتاوی هاوین، لە باخچەی ماڵەکەمدا، وەک هەر ڕۆژانێکی تر، پەپوولە و چۆلەکە و قومری و قژکەرە و جاڵجاڵۆکەکان خەریکی

پاککردنەوەی لانە وچنینی  سەنگەری خۆیان بوون بۆ ڕۆژێکی تر! بینیم پەپوولەیەکی سپی هات لە نزیکمەوە بە باڵەکانی ئاسمانی نیشان دام و فەرمووی: من هەست و نەست و خۆزگەی فریشتەم، لە کوردوستانەوە بە ساتەلیت نەستی ئەوم پێگەییوە و نامەو هەواڵی ئەوم پێیە بۆ حەزرەتی نوح.. تەماشام بکە تا دەقی نامەکە لە گیانتا تۆمار بکەم بە تیلەپاتی.

منیش خەندەیەکی خۆشم خستە سەر لێوی گیانم و تیر تێر تەماشای باڵەکانی پەپوولەکەم کرد و ئەویش خۆش خۆش وەک بەرنامەی تازەو پوختی داتا دۆکومێنتی نەقڵ دەکرد بە تەوژمی موگناتیسی - پیت بە پیتی فەرموودەکانی کچانی شاری دەگرتە هەست و بیرو دەروونم و گیانمی بە تیری ئەوان دەسمی.

لە خۆشیدا گیانم دەبوو بە هەزار گیان و پڕ دەبووم لە خۆشەویستی.. لە خۆشیدا هەر ئافرەتێک کە چاوی خەیاڵم دەیهێنانەوە یادم، خۆشم دەویستن و خەندەی خۆشی گیانمی دەسمی.. ئەوەی ڕاستی بێت کۆی پەیامەکانی نەرمین هەولێری و تابلۆو نیگار و ئەژین و ڕێژین و بێگەرد عوسمان و هێرۆ و نازدارو خونچەو ئامێزو ئەژین و شەونم و شیلان و دانێرو کوردوستانم پێگەیی.

شت نەما لە دەروونی مندا دانەبەزێنرێت و هەرچی بەرنامەی نوێ هەیە گەیین بە هەست و بیر. پەپوولەکە هەڵفڕی و هاتە ئاستێکی نزیک و خۆش خۆش کەوتە باڵە فڕێ و زۆر بە چپە ئاوازێکی خۆشی بە لێکدانی باڵەکانی لێداو پێدەچوو لێکدانی باڵەکانیشی چەپڵە بێت بۆ خۆی، کە خۆی شایستە دەبینی و چەپڵەشی بۆ خۆی لێدەدا و منیش شیعرەکانی دلاوەر ڕەنج سەنگاوی-م ناردبوو بە دیاریی  بۆ کچان.. بۆیە زۆر پەپوولەکەم نەدوان، وتم نەکا فریشتەی نازداری گیانم زویر بێت و قسەم لەگەڵدا نەکات. چونکە ئەو حەزی نەدەکرد تەنانەت پەپوولەش بێت بەلای مندا.. هەستیدەکرد ئیرەیی لە پەپوولەش دەکات.

بۆیە دانیشتبووم تەنهاو دڵخۆش بە عیشقی ئەو تەماشای باڵەکانی پەپوولەی نیازەکانی فریشتە - خۆیم دەکرد و خەونم دەبینی و لە خەوما، نامەکانی فریشتەم دەخوێندەوە، ئەو نامانەی کە ئەو بۆ منی دەنووسین و ناچاریان دەکردم غەم بخۆم، غەم بۆ میللەتێک کە شکۆی ئەو نابینن و زەردەشت ڕسوا

دەبێت لە ناویاندا. لە یەکێ لە نامەکانی ئەودا، واتە لەو نامانەدا کە بە پەپوولە سەوزو سورەکاندا دەیناردن بۆ من، باسی مردنی دوو کیژۆلە دەکات، کە لە قینی خۆشەویستی و لە قینی باوان و لە قینی ژیان خۆیان خنکاند.

پەپولەکانیش خۆیان دەخنکێنن و خۆیان دەسوتێنن بەو هەواڵانەی کە دەیهێنن بۆ من، منیش مەرگی پەپوولەکان ئازارم دەدات و تەنها و بێکەس لەم نامۆییەی ئەنفالی خۆکردا؛ دادەنیشم و غەم دەخۆم، بۆ عیشق لێوی خۆم دەکرۆشم وەک فریشتە و تێناگەم، نازانم چۆن عیشق دەتوانێ دەست بنێتە بینی خۆی!؟ چی عیشقێکە مرۆڤ وێران و دەروون هەراسان و ژیان تەرە دەکات لە گیان؟! من لەو باوەڕە تێناگەم و تێناگەم چۆن مرۆڤ دەتوانێ مافی ژیان لەخۆی بستێنێتەوە و ببێت بە قوربانی، لەبری ئەوەی داگیرسێت و پڕ ببێت لە ڕووناکی و ژیان و ئازادی و عیشق بکات بە خۆراک و پەیام و بەرنامەی گیان و ژیان!

تێناگەم چۆن دێوەکان دەتوانن ئافرەتی کورد زەجر بکەن! ئەی کوان ئەوانەی کە دەچوونە نەبەرد دژی بەعس و ئەمنە سوورەکەیان هەڵتەکان و حامێیان کرد بە پارکی ئازادی؟ کوان ئەو مرۆڤانەی کە دۆزی کورد دەگەیەنن بە جیهان؟! ڕایانکرد؟ دەرباز بوون؟ تێیان تەقاندووە و وەک سەگی دۆڕاوی دوای شەڕ کلکەکانیان ناوەتە ناوگەڵ و هەڵدەلەرزن و بەم سەرکردەو بەو پارت دەوەڕن و ئەوروپایان پڕ کرددوە لە گلەیی و ماڵپەڕەکانیان پڕ کردووە لە بوختان و جنێوو درۆ!؟

ئەوانیش بە جۆرێکی تر تەماشای کەرامەتی پەپوولە و بەرازو سەگ دەکەن و دەچن بە میوانیی سەگی خانمەکانی ئەوروپاو بەوە دەیسەلمێنن کە دیموکراتی و سەگپەرستن، چونکە دەست بەسەری سەگا دێنن و دان دەنێن بە مافی نەبووی خۆیاندا و هەرچییەکیان پێ بڵێن وا دەکەن.. دایکانیشمان بەجێهێشتووە بۆ دەردو نەخۆشی و خەفەت و ئازار و ئەوان لێخۆشبوونیان زامار بووە.

بۆیە نامەکانی فریشتە زووربەیان گلەیین و سەرزەنشتی کوردانی هەندەران و ناوەوەی وڵات دەکەن و دەیانەوێت ئەو لاوەی کە پەیمانی دا، وادەی خۆی

بەرێتە سەر و نەکات دوژمنایەتی کچان و دایک و ئافرەت بکا و هەوڵ بدەن پەیامەکانی ئەوان جوان بکەن و خزمەتی باوەڕ و وتارو ئاکاری جوان بکەن.

فریشتە زۆر خەمی بوو منیش پشتی تێبکەم، منیش وەک منداڵم لێهاتبوو بەدەست ئەو عیشقەوە، لە خۆشیی وتارو پەیامەکانی ئەو ڕۆژی سەدجار سوپاسگوزاری خۆر و ئاگر و میهروەر بووم و هەر چاوەڕێی نامەی ئەو بووم. چونکە کە پەپوولەکان دەهاتن، کە نامەی ئەویان دەهێنا، پڕ دەبووم لە ئومێدی نوێ، پڕ دەبوومەوە لە هیواو ئیتر دەکەوتمە مەشقکردن و خۆ ئامادە کردن بۆ گەڕانەوە، بۆ گەیاندنی پەیامێک، بۆ گەیشتن بە ڕۆژێکی نوێ و پەیامێکی تر، چونکە فریشتە منی خۆش دەویست، هەموو ڕۆژێک زیاترو زیاتر بە نامەکانی دڵنیاتری دەکردم و هەر وتە و فەرموودەیەکی دەبوون بە مۆمێکی ترو بەهەشتی دەروونی منیان ڕووناک ڕووناک دەکردەوە. گەرچی زووربەی هەواڵەکان تێکشکێنەرو تۆقێنەر بوون دەربارەی ژنان.. بەڵام دەبوون بە وانەی سەرشۆڕی و ناچار دەبووم بۆ سەدان جاری دی بەسەر خۆما بچمەوە و تف بکەم لەو هەڵانەی کە بە قەسد کردوومن دەرهەق بەوان!

بۆیە حەز دەکەم بەلاوان بڵێم، کە عیشق مرۆڤ بەرەو فەنابوون و خودکوژی و خود لەناوبردن نابات، ئەوە عیشق نییە ئێوە دەیژێنن، ئەوە ژیان نییە ئێوە دەیژێنن، ئەوە ئامانجی بوونەوەر نییە ئێوە هان دەدات.. بەڵکو ئەوە ڕقی دێوی مەلاو جەهل و شەڕی دەژمنەکانی کوردن، چونکە شەر کەلتوورو ئامانج و خۆزگەی کورد نییە.

شەڕ لەباوەڕی مرۆڤ و ئافرەتانی کوردا نییە و ئەوان چیی دی نابێت ببن بە خۆرەی عیشق و شەڕ و فیتنەو فجورو نابێت مەلا و ژنی نەزان هەڵکوتنە سەریان خەتەنەیان بکەن – و نابێت سۆزو خۆزگەو ژینگەو مەیلیان سەر ببڕن.. چونکە ئەوان بەهەشتی ئێوە لەژێر پێکانی خۆیاندا ڕادەگرن. چونکە بەهەشت هەستێکە دەروونی دایک گۆشی دەکات، لەوێدا مرۆڤ دەگات بە بەهەشت کە لەخەودا بە مرۆڤێکی پاک دەگات و ڕووناکی دەکاتەوە بە پەیامی خواکان.

بە ڕاستی پەیامی خواکان بگەیەنم بە کۆتایی چاکترە لەوەی کە سەرتان بیەشێنم، تا خوێنەر هەست بە بێزاری نەکات و نەڵێن نوح سەری تابلۆکانی لێ تێک چووە. چونکە من عاشقم و پەیامی عیشقم پێیە و ئایینەکان کە تەنها بە پەیامی عیشق کۆتایی پێ دێ و ئایینێکی مرۆڤانە و دەمڕاستی عیشقەو دەمی خواری یاساکان ڕاست دەکاتەوە.

بۆیە هیچ ئایینێک بۆی نییە کەچ تەماشای باوەڕ و دۆزی من بکات.. چونکە من پەیامی عیشقم پێیە بۆ نەوەی نوێی سەرتاپای جیهان. جا ڕابە ئەی حەزرەتی نوح، سەربەست، نووسەری پەیامی خواکان، هەی سەر شێت، جیهان خوێنی لێ دەتکێ و تۆش دانیشتوویت و خەریکی چنینی باوەڕیت. ڕابە، لاوان لە چاوەڕوانیی تۆدا شەیدان و خواکان چەپڵە بۆ ئەو عیشقە لێدەدەن کە تۆ دەیدەی بە فریشتە و کە فریشتە دەیدا بە تۆ... سرۆش بانگم دەکات، هەست بە بیستنی ئەو گۆرانیانە دەکەم کە فریشتە بە دەنگی خۆی لە بیستگەما تۆماری دەکات.. دەخوێنێت ئاوازێکی خۆش و ناسراو بە گیان، دەفەرموێ:
گەر عاشقیت، قوربان.. سەری ڕێز بۆ بەرامبەرەکەت دانەوێنە و بڵێ؛
خۆشەویستم ڕۆژباش، ئەمڕۆ حەز لە چی ئەکەیت؟ چیت پێخۆشە بیکە، خۆ نازانین کەی مردن دێت و دەست دەنێتە ژێر سەرت و دەتبا بۆ کوێ. شاد بە بەو ڕۆژەی کە مەرگ دێت و دەست دەنێتە ژێر باڵت و دەتبا بۆ بەهەشت و دۆزەخی کردەوەکانت.

ئیتر کە فریشتە ئەم گۆرانییەی بۆ دەخوێندم بە ئاوازی کۆراڵی فریشتەی منداڵ و باڵدار- لەناو کەشتییەکەما. هەڵدەستامە سەرپێ و دەکەوتمە جوڵە و وەرزشم دەکرد و خۆمم ئامادەی سەفەر دەکرد. دەچووم دانم بۆ چۆلەکەکان ڕۆ دەکرد و لەبن دارسنەوبەرێکدا تێر تێر تەماشای ڕوخساری مانگ و ئەستێرەکان و تەماشای هاتنی شەوو ڕۆژ و ئەستێرەی داوود و پەیامی هەورەکانم دەکرد، چونکە گوێم لە هەستی سروشت ڕادەگرت و نیازەکانی ئەویشم لەگەڵ خۆمدا کێش دەکردە ئەم کتێبەوە و تەماشای گوڵ و چیمەن و منداڵەکانی دراوسێ و لاوانی کوردو نەرویجیم دەکرد.. تەماشای خۆمم دەکرد و بەزەییم بەخۆمدا دەهاتەوە، نەمدەزانی بۆ خوا هێندە دڵڕەقانە منی لە فریشتە دوور خستۆتەوە؟ نەمدەزانی بۆ عیشق بەبێ دەردی دووری خۆش نییە!

حەزم دەکرد ببم بە مرۆڤێکی بچکۆلانە و لە ماڵێکدا دانیشم و ئامۆژگاریی چەن لاوێک بکەم و یەک دوو منداڵ بەخێو بکەم و ئاو بکەم بە دەستی پیرێکداو خۆراک بکەم بە دەمی مرۆڤە بەجێماوەکانی ئەنفال و بارزان و هەڵەبجەو جەزیرەو مەهابادو بۆکان و قامیشلییەوە.. بەزەییم بە خۆمدا دەهاتەوە کە ناتوانم ڕۆژێ زووتر بگەمەوە کەعبەی نیشتیمانم و ئاو بکەم بە دەمی خزمەکانی ئەنفالەوە و بگریم بۆ خەمەکانیان و دۆعاکانیان بگەیەنم بە دەروونی خوای بوونەوەر.

من خۆم بە کۆیلەی بچووکی عیشق دەزانم و عیشق زەلیل و ڕەزیل و کەنەفتم ناکا و ناچارم ناکات دەست بنێمە بینی خۆم یان خوانەخواستە بە چەقۆ و گوێزان بەر ببمە گیان و لەشی خۆم... نا قوربان ئەوە پیشەی مرۆڤی عاشق نییە.. چونکە عاشق کەسێکە کە باوەش بە جیهاندا دەکاو ڕووناک دەبێتەوە وەک فریشتە.. دەبێت بە شێلەری گیانی منداڵان و ژنانی ئەنفال، تا بەو هەستە بێگەردانەی خۆی شفای گیانی نەوەی نوێ و دایکانی ئێستامان بکات. عاشق کەسێکە کە دایم خەندەی لەسەر لێوەو کەمترین گلەیی لە ژیان ناکاو دەچێت گوڵەکان ئاو دەداو سەیری پەپوولەکان دەکا و درەختێک نەمامێک دەڕوێنێ و سڵاو لە دوو مرۆڤ دەکاو دوو زانست لە ژیانەوە فێر دەبێت، ئەویش ئەوەیە کە باشە بکا و خراپە نەکات. ئاو بێنەو دەست بشۆ.

بۆیە من فریشتەم خۆش دەوێت، چونکە عیشقی ئەو بۆ من و هی من بۆئەو، پرۆژەی نووسینی تابلۆکانی نوح و ژیانی تایبەتی و خەونەکانی ئەویان دانا بۆ کتێبێکی تر، چونکە سلووکی فریشتە ئەم کتێبەی داگیر کرد، چونکە ئەو عیشقی بۆ من زۆر ترە.. لەبەر ئەوە بڕیارم دا زۆر نەدوێم، چونکە بەتەمام لە ڕێگەدا، واتە لە گەڕانەوەمدا، چەند کتێبێکی تر بۆ فریشتە بنووسم، کتیبێک بۆ جوانی فریشتە، کتێبێک، بۆ خوودی فریشتە، کتێبێکی تر بۆ دەروونی فریشتە، یەکێکی تر بۆ گیانی.. چونکە فریشتە کچی فریشتەیە و زۆر پیرۆزە لای من.

چونکە ئەو حەز دەکات بە شیری مەمانی خۆی، وانەی ئایینی باوانم لە گیانما بژێنێتەوە. ئەو حەز دەکات من مەمانی بمژم و بێتە کۆڵم و ببیەم بۆ کاکێشان و لەوێوە بەر لە گەیین بەبەهەشتی خوا، ببیەم بۆ سەر بەهەشتی پەیامبەران بە کۆڵ، واتە بۆ سەر ئەستێرەی داود، تا یەک بەیەکی پەیامبەرەکانی پێ بناسێنم

و بە شانازییەوە بە هەموویان بفەرمووم: تەماشاکەن تەماشا، کامتان شکۆو باوەڕی نەدیوە بابێ بۆ تەماشا!! تەماشای فریشتەی عیشقی باوکتان،کە لە هاوسەرو عیشقی هەمووتان جوانترە، کێ لە ئێوە فریشتەی ئاوا جوان، ئاوا ڕووناک شک دەبات، هەر منم عیشقم بردەوە لە ناوتاناو ئێمە دەرگاکانی بەهەشت بۆ ئێوەش دەخەینە سەرپشت.

**تابلۆی ونبوونی فریشتە**

ئەم کتێبە پیرۆزەی ها لە بن دەستی ئێوە، دەمێکە نوسراوە.. دەمێکە متمانەی ئەوەم بە فریشتە داوە، کە بەش بەخۆی، ناوەڕۆکی بانگەوازی من و حەزرەتی نوح و پیرو خواو خواکانی تیا جەمە ؛ بە تێرو تەسەلی گەیاندومە بە بیستگەی جیهان. کەچی کاتێک کە ناردم بۆ فریشتە، هێندە شانازیم مەزن بوو، خەریک بوو سەری شکۆم دەیدا لە ئاسمانی حەوتەمین. چونکە تاکە کەسێ لەم جیهانەدا کە هەستم پێی دەکرد بتوانێ لە پەیامەکانی من تێ بگات؛ تەنها خوودی فریشتە بوو. کە خۆشم دەویست، کە باوەڕی پێم مەتین و پۆلایی بو. گەرچی من هێشتا ئەوم نەبینیبوو!

کەچی سەیر ئەکەم ڕۆژێک، دوای ئەوەی ئەم کتێبەی لە خەوا خوێندبووەوە.. بەکۆترێکدا نامەیەکی بۆ ناردبووم لە کوردوستانەوە.. تیایدا نوسیبووی:" باوکی شیرینم، مێردی گیانیم، ئەوینی دەروونی خۆزگەم.. ئەم کتێبەتان لە کتێبەکانی ترتان ناچێت، چونکە هەر باسی فریشتەو دڵداری و خەمخۆریی ئەو دەکات.. هەست دەکەم وەک کتێبەکانی ترت نییە.. پاشان لاپەڕەکانیشی کەمن. بۆیە هەست دەکەم پەلەت تیا کردووە و تەواویش نەبووە."

منیش بە کۆترەکەم فەرموو: ئەو هەرچییەک بڵێ، من ناتوانم دژایەتیی بکەم، لای من ئەم کتێبە لە هەر سێکیان جوانتر وپاراوتریش نوسراوە.. حەزم نەکرد زۆر درێژ بێت.. بەڵام قەینا لەبەر خاتری تۆ ئەو کارەش دەکەم و جارێ پرۆژەی لەچاپدانی دوا بخە! وام بە کۆترەکە فەرموو.

کە وام فەرموو؛ هەستم کرد شەیتان لە دواوە زەفەری لە من و لە فریشتەش هێناو، یەک دەگەی زەهراویی لێداین و دووشیشی داخانی لە کاتێکدا کرد بە گیانی من و فریشتەدا وداخی کردین و کسپەی لە جگەرو گورچیلەو ناخمان هەستاند. دەزانیت بۆ خوێنەری بەڕێز؟

چونکە لە ڕاستیدا دەبوو، ئەو کارانەی کە من بەوم دەسپارد لە خەودا ڕاستەوخۆترو دەستوبردترانە ڕایانپەرموێنێت؛ چونکە کات درەنگ بوو.. چونکە میللەت دوچاری شکست بوبوو.. چونکە گەندەڵی مرۆڤی کوردی هەراسان کردبوو.. چونکە ڕێکخراوی مافی مرۆڤ لە هەر دزێک زیاتر دەربەستی گیرفان و ورگی خۆی بوو.. چونکە عیراق و ئێران و تورکیاو سوریا بە پشتیوانیی ئینگلیز هەر خەریکی فیتنەو فجور بوون و دەیانویست کورد هەر لە ژێر چەپۆکی دێودا بێت و سەرنەکەوێت. چونکە مەلاکان دانیان بە دۆزی کورد و مافی ڕەوای میللەت و مافی ئافرەتا نەدەنا و گاڵتەیان دەکرد بەو میللەتەی کە لە زاگرۆس شەڕ دەکات بۆ مافی مانەوەی خۆی. چونکە مەلاکان داردەستەی شێخەکانی عەرەب و سوڵتانی تورک و ئیمامەکانی تاران بوون.. بەوە خەڵک و کورد و ئایینیان گەندەڵ دەکرد.

بە نوشتە و جادوو چاوترساندنی خەڵکی.. بە ئایینی ترس و تۆقان، گەشەی میللەتیان سست کردبوو، کچان منداڵیان نەدەبوو، شێت دەبوون و گیرۆدەی دەستی دێوی تەنهایی و باوک و براو خزم و کەس و موسوڵمان و گاور بوون.. کچانی شارەکەم گشتیان وەڕز بوون لە دەستی مەلاو مزگەوت و حەج و دەردو نەخۆشی و حیجاب. دوکەڵی هەناسەیان جەرگ و دڵ و ویژدانی مرۆڤیان دەسووتان. ئاخر ئەوانە مەلای ئاخر زەمانن کە دادەنیشن و درۆ زۆر دەکەن و سوک تەماشای باوەڕ و ئایینی یەهودی و بوودی و مەسیحی و زەردەشتی و یەزیدی دەکەن. ئەوانە کافرن گەر لە من دەپرسن و تێم دەگەن.. ئەوانە خۆفرۆشن کە پەیام و وانە و ئایینی بێگانە بەسەر کوردا فەرز دەکەن و حەجیشمان بەسەرا فەرز دەکەن. کەچی نکوڵی لە حەجی کورد و داغستانی کورد و نەهی لە ئارارات و لانکی کورد دەکەن . بەوەش خۆیان و میللەتی خۆیان بەرەو داتەپین و نەخۆشی و دەرد دەبەن.

چونکه میللەتی کورد سەری لێشێوابوو.. هەر کەسەو لە جێی خۆیەوە ئەوی تری سووک و ڕسوا دەکرد و مرۆڤ بوبوو بە عەیب و عارو نەخۆشی هەڵمەتی بردبووە سەر دەروون و بیرو گیانی مرۆڤ.. زۆر شکست و نەکبەتی تریش.. مەلاکانیش بوبوون بە عەتار و دکتۆر و هەر خەریکی جادو کردن و بەستن و تەڵاق و جنۆکەدەرهێنان و ڕسواکردن و فتوای ناشەرعی بوون و ژنیان پڕ کردبوو لە دێوو خێوو دەعبای نەزۆک.

دەبوو ڕاستەوخۆ چیی پێدەڵێم، یەک و دووی لێنەکات و ڕای بپەرموانایەو مشورێکی زۆری بخواردایە بۆ گەیاندنی ئەم پەیامانە بە ژنی سەرکردەکانی کورد. چونکە ئێمە سەر لەشکرو سەرکردەو سەرۆکمان نییە. بە واتای خەڵک، بەواتای دوژمنان و دۆستی کورد، کورد هێشتا خۆی نەناسیوە، چۆن دەتوانێ دان بە سەرۆک و ڕابەردا بنێت!..یان بتوانێ فریشتەیەکی خەیاڵیی من ببینێت!

هەرچی هەڵدەستا هێندەی دە سەرۆک و دە ڕابەر و دەیان ڕامیاری ناس شارەزای کوردو جیهان بوو.. هەر کەسەو بە ویستی خۆی شریتی دەخستە سەرو جنێوی بە پارت و دەسەڵات و پێشمەرگەو سەرۆک و ڕابەر دەدا. ئەوەی جنێوفرۆش و بوختانکەرو دووڕوونەبوایە، لە هەموویان زیاتر قینی لە خۆی بوو و خۆی بە تەفرەخواردو دەزانی و هەستی بە عەیبە دەکرد و دەکەوتە زەمکردنی خۆی و کەرامەتی خۆی سزا دەدا!

کورد لەتاو پاراستنی ژن و سوکایەتی کردن بە ژن و لێدان و کوشتن و هەتککردنی ژن.. شتێکی تری نەکردووە بە پیشە.. بۆیە ئاوا نامەردانە بوینەتە خۆرەی دەستی جەلادەکانی بەغاو تاران و ئەستەمبول و ناتۆ و جیهان.. چونکە شەرەفمان تەنها ناو ناوە ژن و هیچ حورمەتێکیش لەوان ناگرین و کەس نازانێ ئافرەتی کورد چییە و کێ یە و چی ئامانج و ئومێدێکیان بە پیاوەکانیان هەیە!.. ژن هێندە لێدراوە، هێندە تۆقێنراوە، هێندە شکاوە.. کە پشتیان بۆ ڕاست نابێتەوە.. نازانن چی بکەن و ژنانی جیهانیش دەربەستی ژنانی ئێمە نین.

بەداخەوە.. چونکە خۆیان ئەو سنورانە نابەزێنن کە پیاو بۆیان دادەنێت. ئەمەش نەخۆشییەکە، کە من باوەڕم نەدەکرد لە دەروون و گیان و لەشی فریشتەدا بەرجەستە بوبێت! بگرە لە جنۆکەیەک دەچوو کە مەلاکان خۆیان دروستیان کردبوو و لە جەوهەری ئافرەتی کوردیان نابوو، تا زیاتر ئافرەت هەتک بکەن و خۆیان و خۆیان تەعداکەرو داگیر کەرو لێدەرو بخۆری مافی ژنەکان بن.

ئیتر لە حەشمەتا نەموێرا بەو بڵێم:" نا باوانەکەم، ببوورە هەڵەی، چونکە کتێبی سێیەم، کتێبی مژدەی ئازاد بوونی گیانی ئێوەی ژنە لە جیهاندا.

ئەم کتێبە، مژدەی هاتنی ئێوەیە بە میوانی بۆ ناو شکۆی من و پەیامی خواکان. چونکە خوا خۆی ژنە و لێتان تووڕەیە. هەستن ئەم وتانە و فەرموودەکانم بکەن بە سروود.. بیکەن بە گۆرانی.. گۆرانیەکی مەزنی سالماو ئامین و هۆرەی جافایەتی و هەورامی.. هەستن، یەک بەیەکی گیانی مرۆڤەکانی جیهان بێدار بکەنەوە و بڵێن: ڕابن،، حەزرەتی نوح هاتۆتەوە ناومان و باوەڕی بە شفا دانی فریشتەکانی خۆزگەیە.

نوح دەفەرموێ: خوا ژنە و بوونەوەر لە قوزی ئەوەوە دەرپەڕیوە و منیش لە قوڕگی بوونەوەر تف کراومەتەوە و لە دایک بوومەتەوە. ژن، ئافرەت ئەوانەن کە جێگەی باوەڕی نوحن. من لە گەرووی پیرۆزترین بونەوەرەوە تفکراومەتەوە دەرێ، تا پەیامی ئاشتی و ئەوین و عیشق و هونەرتان پێ بگەیەنم.

من خوا نیم و شەریکیشم بۆ ئەو پەیدا نەکردووە. من تفکراومەتەوە تا پەیامی ئازادیتان پێ بکەم بە دروود و دوروشم و پەیداغ. تا باسی ئایینی موغەکنتان لەسەرەوە بۆ بکەم بە چیرۆک و داستان و ئەفسانە.. من ئەفسانەی مرۆڤی مەزنم لایە. وەرن با منداڵەکانتان بێنە کۆشم و وەک شەکرۆکە باوەڕی ئازادییان بە گوێدا بخوێنم و ناویان لێ بنێم .. من خواجەیەکم، لەقورگی بونەوەرەوە تفکرامەتەوە و تەنها ڕزگارکەرێکی نۆکەری مرۆڤایەتی و شکۆی باوانتانم.

چۆن دەتوانن دەمتان خوار بکەنەوە لە ئاستی مندا؟! مەلاکان، ئەم پەیامە بۆ ئێوەشە.. نەکەن دەم لە یەهودو عیساو موساو زەردەشت و بوودا بە هەڵە هەڵهێننەوە! نەکەن، بەسە، هێندە لاوانی کورد فێری زەبرو زەنگ و بێباوەڕی مەکەن. خۆ خۆشتان حەزتان لە ژیانێکی ئازاد و بێ بوختان و فیتنەیە! ئەی وا نییە؟

خۆ ئێوە هێشتا بێزتان نایە باس لە ئازادی بکەن و نایەڵن میللەتی کورد بگات بە ئامانجی خۆی. ئاخر ئێوە نایەڵن ژنەکانمان مافی چەک هەڵگرتنیان هەبێت بەرامبەر بە دێو.. نا ئێوە هەڵەن. ئێوەن ناچاریان دەکەن کە دەست بدەنە چەک و دژی فەساد و ئەدەبسزیی ئێوەی تورک و عەرەب و ئیسلام و شێخ و ئیمام و موقتەداو سوڵتانتان.. ئاخر ئێوە مەزنترین سزای نەوەی نوحتان داوە، بەوەی کە پشتتان کردۆتە ئایینی باوک و باپیرانتان. ئاخر ئێوە تا دوێنێش بوو، نەتاندەوێرا بە کوردی بدوێن.. ئێستاش نایەڵن میللەت کەمێ ئازاد بێ و واز لە شەرم و حیجاب و ترس و دێوەکانتان بهێنێت و بەسە.. با هێندە سەریان بە بڕین و بە فەتارە نەچێت.

واز لە ژنەکانمان بێنن و مەیانکەن بە تەپڵەکی جگەرەی بەعس و تورک و فارس.. بەسە هێندە تەعدامان لێمەکەن. تێم دەگەن؟ لەگەڵ تۆمە کاکی مەلا مەزهەر و کامەران و دکتۆرەکانی شەریعە و فقە و نەحو.. ئێوە دەبێ بەسەر خۆتان و بەسەر ئایینەکەشتانا بچیتەوە.. چونکە ئێوە سەهون، کورد لە ڕەچەڵەکدا موسوڵمان نییە. تێدەگەن؟

کورد نەوەی گۆدە، لولو زمانێتی.. نوح و زەردەشت لەوانن، کوردن.. لە گۆشت و خوێنی منن. بەسە تکاتان لێدەکەم تا بەسەر خۆتان و ئایین و کەلتور و باوەڕتانا بچنەوە."

کەچی سەیرەکەم، فریشتە پاشە کشێم لێ دەکاو، لە تاو خۆزگەو خەون و ترس و سەرلێشێواوی خۆی، لەم کۆڵانی شار بۆ ئەو کۆڵانی شار ڕادەکاو هەست دەکات بازاڕ و ژیان قڵیشاوەتەوە و کوردوستان بووە بە لەشکرگای ڕقی هەموو جیهان.. هەست دەکات هەرچی هەڵدەستێ سەری ئەم دەبڕێ و تەعدا لەو دەکاو ئەوی تریش تاوانباروبەردباران و سوک دەکا ،و فیتنەو فجورو

بوختان و سەرزەنشت بووە بە نوێترین کەلتووروو دەمڕاستی کورد و مەلاکان نوخبەی فیتنەن. ئاگای لە هیچ نەماوەو دەچێت دەمە دەم لەگەڵ منالەورتکەی فەیسبووک دەکاو، شاباڵەکانی خۆی هەڵدەکەن و دیار نەدەما لە دیدەو خەیاڵی منا و کاڵ و کاڵتر دەبۆوە بوونی.

سەیرەکەم فریشتە سەری لێشێواوە و ئیتر وا خەریکە من و پەیامەکانی منی لەبیر دەچێتەوە و باوەڕی منیش بوبوو بە کۆلارەیەکی شڕ بەدەم چڕنووکی ڕەشەباوە، کە ئەو بەدەم ڕاکەی خۆیەوە، منی کێش دەکرد بە حەواوە و سەری دەکرد بە هەمان ماڵ و بە دەیان کۆش و سەنتەر و چاپخانەو.. ڕاپرسی دەیان مامۆستای دەکرد.. تا کۆللارەکەی دەستی.. کە حەوت ئاسمان لە خۆیەوە دوور بوو بگەیەنێ بە باوەڕی میللەت و نیشانیان بات.

میللەت؟! چی میللەتێک؟ فریشتە گۆتەنی، ئەو میللەتەی کە غەرق بووە لە زیللەت و ڕق و نەخۆشی و درۆ.. ئەو میللەتەی کە هێندە گەندەڵ بووە.. هێندە گەندەڵ بووە، کە چاویشیان کوێر بووە و لەتاو خۆشیی بلۆک و دەفتەر و گەڵاو پارە، منداڵەکانی خۆشیان نابینن و هەرچی هەڵدەستێ قینی لەخۆی زیاترە وەک لە خوشک و براکان و خزم و کەسی!.. ئەو میللەتەی کە زۆر بەرگری لە شەرەف دەکات و کەچی شەرەفی خۆی هەراج دەکات، ژنی خۆی هەتک دەکات، خوشکی خۆی داخ دەکات برای خۆی سووک دەکاو دەیانکەن بە کۆیلەی دێوەکانی ترس و مەلاو ئیمام.

ئیتر چی گلەییەک لەم فریشتەیەم ناکەم خەڵکینە.. هەبێت یاخوود نەبێت. کە بێباوەڕەو بەندی پەیامەکانی ناو ئەم کتێبە بە کەم دەزانێ و نازانێت کە ئەمە پەیامی خۆیەتی و ئاتاجی شەونخونیی ئەو شەوانەیە، کە هانای دەهێنایە ناو گیانم و باسی میللەتی بۆ دەکردم.. باسی ژینگە پیسبوون ونەخۆشییەکانی خۆی بۆ دەکردم؛ ئای لەو شەوانەی کە ئەو دەهاتە ناو بەهەشتی گیان و خۆزگەکانمەوە!

ئەو کاتە من کرچ و کاڵ بووم، سەقەت بوبووم بە دەست زام و نێشی ژیان و کارگەکان و کاری نابەجێ و شەکەت لە کەلتوری نەرویجاو هەناسەم توند بوبوو، پیرو کەنەفت، دەگەڕام بەدوای گیانێکا و نەمدەوێرا سەر لە دەرگای

ماڵ بەرمە دەر.. ئەم سەگپەرستانە بێگانەیان لێبوبوو بە دێوو خێوو تیرۆریست و سەروشکڵی هەرسنەکەر.. ئازادیم لەسەر یەک کورسی جێگەی دەبۆوە، هێندە بچووک و هەڵکوڕماو بوبووم کە منداڵەکانیشم نەیان دەدیم.. شەوو ڕۆژ خەونم بە سرۆشەوە دەبینی.. هەر دەهات و ڕۆژانە تیماری دەردێکی دەکردم و شفام نەبوو.. سرۆش هەمیشە پەیامهێن بووە و منیش هەمیشە کەمتەرخەم ڕاسپاردەکانیشم نیوە ناچڵ لەو وەر دەگرت.. تا ئەو کاتەی باوەڕی فریشتەی پێدام.. فەرمووی: ئەم کیژۆلە سەر شێتە هی تۆیە و هەوڵ بدە پەیامەکانی بگەیەنە بە ژیان و بوونەوەر. فریشتە هی تۆیە.. جا ئەو لە بێباوەڕیشا شکۆت نازڕێنێ.. بیکە بەوەی کە دەیەوێت.

منیش پەیامی لاوان و نەوەی نوێم بە گفتووگۆ بەخشی بەو.. بیست و یەکهەزار بڕگە پێکەوە گفتووگۆمان بوو بە خەو.. کە وادە بوو بیکات بە هەوێنی ڕۆمانێکی خۆی.. ئەوەشی نەکرد.. ئەو پرۆژەیەش بوو بە قوربانی ترس، ترس لە باوک، لە مێرد، لە براو خزم و مەلاو ناکەس!

بۆیە لەو کاتەوە ئومێدم بووە بە خونچەیەکی پیرۆز و ڕۆژانەش دەیان و سەدانی وەک ئەو دەبینم.. دەبینم ئافرەتی کورد لە شەرق و غەرب چییان لێ بەسەر دێت.. ناڵێم بەد بینم.. بەڵام چرای گەشبینی تەنها لە دڵ و دەروونی چەند فریشتەیەکدا بە کز هەڵکراوی دەبینم.. دەبینم، ئەوەی چرایەکی هەڵکرد، پیرۆزباییم لێیان کرد و چوومەتە دیدەنی و ماڵ و پەیجیان و قسەی خۆشم بۆ کردوون و چومەتە ناو هەست و بیرو ئەندێشەو خۆزگەو گیانیانەوە.

دەتوانم بڵێم، هێندەم خۆش ویستوون، کە منیان سپاردووە بە گومانەکانیان و وا دەزانن کە پەیامەکانی ئەم کتێبە، فەرزی پیاوە لەسەریان.. وا دەزانن من باس لە شکۆی خۆم دەکەم!.. وا دەزانن من پەلەمە و دەمەوێ هێندەی یەک و دوو کورد بکەم بە دەوڵەت.. وا دەزانن، من ناتوانام لە گەیاندنی پەیامەکانی خۆیان! یان وا دەزانن من شەریکم بۆ خواکانی تورک و فارس و عەرەب دروستکردووە.

وا دەزانن خوا عەرەبە و هەرچی گەلانی تر هەیە کافرو یەهودی و بتپەرستن و دەبێ خاکیان بە توورەکە ببێژن. وا دەزانن خۆیان، تەنها دێوەکانی خۆیان

هەن و باشن!.. ئەوان بە باوەڕو ئایین وکەلتورێکی نامۆ بە کورد ڕەفتار دەکەن و نایەڵن بونمان پارێزراوبێت. دەیانەوێ پاکمان نەهێڵن و لەناومان بەرن. دەیانەوێ ئافرەتەکانمان بکەن بە تەپڵەکی جگەرەو جگەرەی هەوەس و ڕق و نەخۆشی و دەردەکانی خۆیان بە چزلێهەستانی سنگی کچ و ژن و دایکانمان خامۆشیان بکەنەوە.

دەیانەوێ مناڵەکانمان بکەن بە عەبدی داهاتوو و دێوی شەڕی کافرو ئیسلام! نەیخۆن تاڵە، من ئەمەتان پێرەوا نابینم هەرگیز. هەرگیز. نایەڵم لەمە زیاتر میللەتەکەم بەرباد کەن و ڕۆڵەکانم بێنە ناو مزگەوتەکانتانەوە.نایەڵم.

دێم و چەکی ڕووناکی باوەڕم دەدەمە دەستی کیژ و کوڕانی کورد، بگرە هەر پێویستیش ناکات بێمەوە.. چونکە فریشتە و جوانە و ئایار و دانێر و شەونم و شاگوڵ و هەرێز و حەمە و بلە و نەوە و بڵند و فەقێ و ئازاد و ئاکۆو فەرەو عەبە و پشکۆ و دەروون و باوەڕم لەگەڵە.. ئەوان من دەپارێزن و دەبن بە خودی من لێتان.

من هەناسەی ئەو میللەتەم و چل و شەش ملیۆن کورد لە گیانی منا لێتان ڕاپەڕیوە و داواتان لێدەکات کە بەسەر خۆتان و ئایین و باوەڕتانا بچنەوە. چونکە ئێوە میللەتی کوردو خوێنی ئەوانتان هەڕاجکردووە. جا با دەنگم بگات بە یەکێتی و پارتی و گۆڕان و ئیسلامی و شیعەو سوننەو یەکگرتووی ئیسلامیش: { نەکەن باوەڕ بەوە بکەن کە تواناتان هەیە و دەتوانن بە دینسزی و هەڕەشەو شەڕی تیرو شیر لەیەک سواندن بتوانن بگەن بە ئامانج. نا.. گەندەڵی هیچ میللەتێکی نەگەیاندووە بە ئامانج. هێشتا هیچ میللەتێک ئازاد نییە لەسەر ڕووی زەوی. چونکە ئێوە بە شەڕ و فەتح و داگیرکاری و زۆرداریتان، شوڵتان لێهەڵکێشاوەو دەتانەوێ جیهانشێوێنی بکەن و شەڕ و ڕق و نەخۆشی و گەندەڵی لە جیهاندا زۆر بکەن؟.. بەڵێ، ئێوە ئەو کارە دەکەن. ئێوەن جیهانتان پیسکردووە و نایەڵن مرۆڤ خوای خۆی بناسێ و بپەرستێت. ئێوەن باوەڕتان بە دیموکرات و هەرقل و شیڤا و بوودا و مەسیح نییە. ئێوەن گەلی نوح ڕسوا دەکەن. گەلەکەم... دەزانم دەمتان گەرمەو دەوێرن بێنە نەبەرد، بەڵام من پشتم تێکردوون تازە. بمبوورن...}

کێ دواهەمین هەرقلی کوشت؟ کورد بوو یان عەرەب؟ تورک بوو یان مەغۆل؟ موسوڵمان بوو یان بتپەرست؟ با منی باوکتان پێتان بڵێم، دێو بوو هەرقلی کوشت..بەڵێ دێویکی عەرەبی ڕەشپێستی تووکن و دانشاش و کەتە و تەوەززەل.. چووە سەر جێگەی هەرقل و جگەر و دڵ و سکی بە جەنجەر هەڵدڕی و وتیشتی هەی لەعنەت و زیللەت، منم دادپەروەری و شەڕ!...

چەن گوناح بوو هەرقل، تاک و تەنها لە پەرستاریی زوێسی باوک و هێرا-ی دایکیدا، لە مەحرەما خەریکی نوێژ بوو.. کاتێ هەڵیان کوتایە سەری. کەسی لا نەبوو هەرقل.. چونکە کەنیزەکەکانی دەوری ئاگایان لە خۆیان نەبوو، ئەویان تەنها کردبوو!.. وایان دەزانی بوبوو بە موسوڵمان! بەڵام ئەو کاتە ئیسلام هەر بوونیشی نەبوو! چونکە هەرقل چەند جارێک بەو جۆرە کوژراوە..
تیرێزیاس= پیری غەیبناسی میتۆلۆژیای گریک- باسی هاتنی ئیسلامی بۆ گەلی یۆنان کردبوو!

وەک چۆن ئێستا منیش لە هەندەران تەنهام و کەس نایەت بەلامەوە!.. ئاوا تەنها بوو هەرقل، هیراو هێرۆ و ڤینۆس و دافنی و فریشتەو دانێر-ی لەلا نەبوو.

تاک و تەنها بوو کاتێک کە دێوەکە زەفەری بەو برد. هاهاها، پێدەکەنی دێوی نەگریس.. بەمن، بە تۆ.. بە جیهان.. بە ژیان.. بە بوون و نەبوون و تەنانەت بە شەریش پێکەنینی دەهات و وتی: جەنگیزخان و هۆلاکۆ و تەیموریش بەرێوەن بۆتان. ئەوانیش لە غەیبی شەڕا شتیان دەزانی!

هەرقل هێندە فریا کەوت بڵێت: هیچ هێزێکی بونەوەر ناتوانێت ئازادیی گەلی نوح داگیر کات. چونکە ئێوە ترسنۆکن. دەرەقەتتان دێین. وا نەزانن ئێمە فێری نشوستی دەبین، نا. ئێمە کۆڵنادەین.. ڕامبۆش دێت.. پاشان مرد هەرقل و هادیس و ئۆقیانوس و سارتۆن تووڕە بوون.. گیێۆی خواوەندی دایک خوێنی ڕژاوی هەرقلی بە قین و چاوی تۆڵەوە نۆشکرد و بە دەم گڤڤەی باوە، فەرمووی: شەرت بێت تۆڵەی ئەم غەدرەتان لێ بکەمەوە و چەکی ڕاینبۆتان بۆ بنێرم.. دەبێ حەزرەتی نوحتان بۆ بنێرمەوە و تکایەک لەوی پیر بکەم، تا

فریاتان کەوێت!.. بەڵام ئەم کارە سەدان و هەزاران سەدەی پێدەچێت. چونکە دۆعای پاک دەگاتە جێی خۆی. منیش دۆعاتان بۆ دەکەم.

من گوێم لەو دۆعایە بوو کە دایکە زەمین ناردی و گەیشت بە من. من هاتووم باسی داستانەکانی ئەووەلینتان بۆ بکەم، باسی ئەو کاتەی کە مرۆڤ ئازاد بوو لەسەردەمی ئاڵتوونیدا.. واتە سەدەی ڕووناکی. خۆ کەسمان بە ویستی ئەوی ترمان لە دایک نابینەوە و نابین بەوەی کەکەسێکی تر دەیەوێ بە ئاقاری بەدیا بەرێ.. بەڵام دەبین بەوەی کە دەمانەوێت، دەبین بە ڕوناکی و هونەر و جوانی. جارێکی تر و دوان و سیانی تر.

بۆیە گەردون منی تفکردۆتەوە.. ئەمجارەیان بەدەستی خۆم نەبوو.. بەڵام دوایین جارمە بێمەوە ناوتان. چونکە دەگەم بە ڕووناکی، دەگەم بە مەزد بە زەردەشت وباقیی پەیامبەرەکانی ترتان. دەگەم بە خدر و پیرو ئێلیاس و بوودا-ش.

بۆیە ئاوا ڕەنجەڕۆ خۆم دەبینم و ئاگاداری شەوو ڕۆژو بەرنامەکانی ژیانی خۆم و ماڵ و منداڵیش نیم و هەر خەریکی هۆنینەوەی تەسبیحی ئومێدو خۆزگەکانی نەوەی کورد و جیهانم.. هەر خەریکی خەوو خەیاڵ وئەندێشە گەورەو بچکۆلەکانی خانمێکی ترم.. لەم خانمەوە دەچمە لای ئەو خانم و مۆمێکی سپی دەدەمە دەستیان و دەفەرمووم: من هیچ پەیامێکی ترم نەماوە بیگەیەنم بە جیهان.. تەنها هێندە نەبێت، کە شکستی من شکستێکی کەونییە.

جا تا لە ژیانا مابم.. دەبێ چی ئومێدێکم هەیە بێنە دی و خەونی شاعیرانە بکەم بە دەوڵەت و میللەتەکەم دەرکێشم لە سستی و زیللەت و گەندەڵی. ئیتر خوای دەکرد فریشتەش پشتی تێدەکردم و ئەویش دەبوو بە دوژمنێکی تر.. خوای دەکرد ئەو بە دەستی خۆی سەرمی دەبڕی و زەهرخواردیشی دەکردم! خۆشیی جیهان لە پای چی؟

جا ئیتر من چەکی دەستم خەندەو بزەی سەر لێوی ئێوەیە.. ئێوە تەنها تروسکەی ئەو ڕووناکییەن کە لە دەروون و گیان و بیرو ویژدانی منا ماوە و دەسوتێ.. یان وەرن فوویەکی بێخەم و ساردم پیا بکەن.. تا بکوژێمەوەو

بگەڕێمەوە ناو گەرووی دایکی بونەوەر.. تا سکاڵاکان بگەیەنمەوە بەخوا و باسی هەبوون و نەبوون و ڕێژەی خێرو شەڕەکانی مرۆڤ بکەم بە پەیامی هەستم.. تا بگەم بە هەست و یادی بوونەوەر و شوێنەواریشم نەمێنێت لەناوتانا و بپوکێمەوە.

ئیتر فریشتەی گیانم ئاوا لێم دابڕا.. ئەو پشتی نەکردۆتە من هێشتا.. بەڵام کاتێ کە من لە ژیانا بم و ئەم کتێبە دەگات بە تۆ، مانای وایە فریشتە هەمان فریشتەیە و هیچ هێزێک عەرشی ناهێنێتە لەرزەو و ئەم پەیامانەتان پێ دەگەیەنێت. چونکە ئەم کتێبە بە هەست و سۆز و خۆزگەکانی ئەو نوسراوە. من وەک نوح، وەک نووسەر، وەک پەیامبەر هەرچییەکم فەرمووە، بە موڵکی ئەو خەندانەی دەزانم، کە لە یەک دوو فریشتەوە بە دیاری پێم گەیشتوون. جا هەبن یان نا، گرنگ نییە.

چونکە من فریشتەکانی خۆم دەپەرستم و دەستیان ماچ دەکەم و خۆشم دەوێن و کڕنوشیان بۆ دەبەم. چونکە بەخەندەی ئەوان ماوم و دەژیم.. ئەگەر بێت و ئەوانیش لەدەست بدەم، هەمان چارەنووس دوچاری نەتەوەکەم دێت کە لەسەردەمی نوحا بەسەریان هات.. بگرە خراپتریش.. خۆ من لەوەتەی هەم غەرقی گریان و لالانەوەم و لە خوا و ئاسمان و بتەکان دەپاڕێمەوە تا باوەڕی ئەوان و جیهان یەک بخەم.

ئاخر من بابایەکم وەها لەم زانستە تێ دەگەم، کە جیهان بە خەندەکان ڕزگار بکەم. بە خەندەی فریشتەکانم. دەبینم باکان و شەپۆل، زەمین و ئاگر- دان لە مرۆڤایەتی دەکرۆژن و ژینگە فێ دەیگرێت.. شەپۆلەکان دێنە خەونم، دەفەرموون: گەر تووڕە بین، ئەوا خوا ئەزانێ چیتان بەسەر دێنین.. باکان کە بە لوورەو فیزاحیان شەپۆلەکان بەرەو ئاسمان دەبەن، دەفەرموون: بترسن لە لوورە و گڤڤەی من و تووڕە بوونمان.. زەمین لەرز دەیگرێ و لە ڕقا دەکەوێتە تێکدانی کۆشک و تەلارەکانمان و بە زیندوویی دەمانخوات و قوتمان دەدات.. بۆیە ئەگەر من درۆیەکی پەتی یان ڕاستییەکی حەق بم، هاتووم و خۆم بە ناوبوژێکەر دەزانم.. کاتێ کە من دەکەومە ڕێ؛ یەکەمین ڕۆژی بەرێ لەدایک دەبێت.

مژدەی ئایینی کورد دەگات بە فریشتە، بە ئاشتی.. بە سارا.. بە شەونم.. بە هەرێز.. بە کوردوستان و ئاسیاو ئەوروپا.. دەگا بە جیهان.. پرۆژەی ڕزگاریی نەتەوەی کوردو یەکبوونی کوردوستان دەست پێدەکات. پێویستە مافی مرۆڤ پرۆژەی ڕزگاربوونی کوردو بوون بە دەوڵەتێکی ئازاد بکات بە پرۆژەیەکی جیهانی و جیهان دەنگمان بۆ بدات.

بە ناوی نوح و زەردەشت و بوداو مەسیح، تکا لە هەموو بەندەیەکی ئەم جیهانە دەکەم کە باوەڕ بە ئازادی بهێنن و ئازاد بوونی گەلان دوایین بەرنامەی خواو بوونەوەرە.. ئازادی گیانی خواو خواکانە و کورد بێبەرییە لە هەر جۆرە ئازادییەک و ئاسمانی کورد، تاقە یەک ئەستێرەی ئومێدی پێوە دیار نییە.

خوای کورد پشتی کردۆتە جیهان و گەر وا بڕوات کورد تۆزی نامێنێت لەسەر ڕووی زەوی و زەمین دەکەوێتە قووت دانی زۆربە و زۆرینەمان. بۆیە دەبێت مرۆڤایەتی دەربەست بێن و بەتەنگ داهاتووی مرۆڤایەتی و ژینگەوە بێن.. چونکە ژیان و جیهان و مرۆڤایەتی بەرەو قڕ بوونێکی ئەفسانەیی دەچن.. ئیتر پێویستمان بە چەکی کۆ کوژ و خوود قڕکەر نابێت.

بەڵام دەبێ ئەوە بزانین، کە ئارارات قیبلەی خۆرئاوایەو حەزرەتی نوح مانیفێستی دەوڵەتی کوردوستانی مەزن دەگەیەنێت بە جیهان. ئەمەش داواو تکاو فەرزی منە لەسەرتان. چونکە من خۆم بە باوکی هەموو پەیامبەرانی جیهان دەزانم و پێتانی ڕادەگەیەنم، کە شکستی من مژدەی لەناوچوونی جیهانە.. ئەمە هەستی منە، بێ زیادەڕۆیی.. چونکە گوناحێکی مەزنە کە لەوەتەی مێژو دەنوسرێتەوە و بەر لەوەیش، کورد هەر دەکوژرێ و هەر سەر دەبڕدرێ و هەر داگیر دەکرێ و هەر نابێت بە نەتەوە و هێشتا یەک مرۆڤی ئازادی کورد لە جیهاندا سەری هەڵنەداوە.

جا با هەموو دەوڵەتە عەرەبەکان کە کوێرو کەڕن و لایەنگری دوژمنایەتی کردنی کوردن، باش بزانن کە ئیسلام مەزنترین و دڕندەترین و گەندەڵ ترین ئایین و خوێنخۆری نەتەوەی کوردە و کوردیش هەرگیز نابێت بە مرۆڤ و میللەت و هێزو دەسەڵات.. تا خۆی لە کۆتی ئەو ئایینە دەرباز نەکات.

جا با هەمووومان بزانین، ئەوەی ئازادیی نەدیبێ و ئازاد نەبێت، مرۆڤ نییە. خواوەند و ئایین و کەلتوور و مافی نییە و فریشی بە پەرستارییەوە نییە. هەر لێرەیشەوە دان بەوەدا دەنێم، کە من هەرگیز نوچ بۆ هیچ خواو پەیامبەرو پەرستارێک دانادەم، تا میللەتەکەم لە زیللەت دەرباز نەبێت. لای من خوا پەیامە، مژدەی ئازادییە و هیچی تر. ئازادی زۆر لە عیشق و ئەوینی خوا مەرجترو پێویست ترە، چونکە خوا خۆی ئازادییەکە و خوای کوردیش داگیر کراوە. سەر بڕاوە، هەتک کراوە. ئەمە خوای کوردە، زۆر بەداخەوە. خوای کورد، ئافرەتێکە هەتک دەکرێت و ئایین کردوویەتی بە هەزار پارچەوە. ئەو ئافرەتەی کە کاکە ڕەنج سەنگاوی عیشقی بووە.

**تابلۆی هاتنەوە**

بمبوورن کتێبەکەم تەواو نەکردووە هێشتا.. هێشتا باسی ئەو سەفەرەم بۆ ئێوەی خوێنەر نەکردووە کە لەم ماوەیەی پێشودا کردم بۆ کوردوستان، یان بۆ سلێمانی.. بەڵێ، چونکە من بۆ 18 ڕۆژ، بەسەفەرێکی کورت گەڕامەوە و چووم بۆ گەردن ئازادیی دایکم و فریشتە و خوشک و براکانم. بۆیە بە پێویستم زانی کەمێک باسی ئەو ڕۆژو ئەو هەواڵانەتان بۆ بکەم کە بیستم و بینیم و فێری بووم.

من لە بیست و یەکەمی مانگی یانزەی ساڵی 2011 دا تەلەفۆنێکم بۆ هات و پێیان وتم گوایە دایکم باری تەندروستیی باش نییە و دەشێت بێیتەوە تا بیبینیت. منیش دوای سێڕۆژ بڕیاری گەڕانەوەم داو، دوای سیمینارێک کە هەمبوو لە وڵاتی سوید- یۆتەبۆری.. لە 30.11.11 دا سواری فڕۆکە بووم بۆ سلێمانی. ئێستا باسی ڕۆژەکانمتان بۆ دەکەم.. تا بزانن من خەریکی چی بووم.

**تابلۆی ڕۆژی یەکەم، تا هەژدەیەم**

ئەو ئێوارەیەی کە دەبوو شەوشاد لە هەردوو کوڕەکانم بکەم، کوڕە بچکۆلەکەم میرۆ= یوسفی ئازیز فەرمووی:" باشە بابە تۆ وا دەڕۆیت، بەتەمایت بێیتەوە ناومان و لەگەڵمان بژییت؟" فەمووم: بەڵێ. زۆری پێخۆش بوو، یوسف، وایزانی ساڵەکانی تەمەنی زیندانیی کۆتایی هاتووە، و پرسی:" ئەی ئەگەر نەهاتیتەوە چی؟ من چی بکەم و ببم بە چی؟".. لە وەڵامدا بەوم فەرموو: کوڕم، ببە بە پاڵەوانی کۆنفۆ بۆکس، بە جۆدۆ.. بە ساموڕای.. پاشان ئەگەر باوکیشت لە ژیانا نەمابوو، کوردوستان دەبێتە باوکت.. بچۆ بۆ کوردوستان، لەوێ بە پاڵەوانەکانی کورد بڵێ: من گونی گوندار دەر دەهێنم، کێ خۆی بە پاڵەوان دەزانێت با بێتە بەردەمم، بزانن چۆن گۆتی دەکەم. چونکە من باوکم کوردە.

کاتێ یوسف ئەمەی بیست، سامێکی سەیر گرتی.. وتی نا، ناتوانم، من دژایەتیی کورد ناکەم.. بە باشی نازانم. فەرمووم: با دەتوانیت، چونکە تۆ لە من بەهێزتر و مەتین تر و بێ کۆسپتر پەروەردە دەبیت، ئەگەر من شکستم خوارد، تۆ هەیت.. دەتوانیت ببیت بە پاڵەوان و لە لووتی ئەوانەش بدەی کە منیان تێک شکان. پاشان توانامەندی و زۆرانبازی کەلتوری ئێمەیە.

فەرمووی: ڕاستەکەیت.. ڕاستە. ئیتر شەو شادم لەوان کرد و بەیانیش بەڕێمکردن بۆ قوتابخانە و دیسانەوە دەستم کردەوە ملیان و پێم وتن: من ئێوەم هێندەی جیهان خۆش دەوێت. ئێوە گیانی منن.

دوایی هەمان ڕۆژ خۆمم گەیاندە فڕۆکەخانەی گایدەرمووەن لە ئۆسلۆ- و سواری فڕۆکەی تورک بووم. ئۆسلۆ-ئەستانبوڵ-سلێمانی. فرۆکە وانەکانی تورک، بێزیان نەدەهات بە کوردی قسە بکەن و ناوی کوردوستان بەرن، دەیانگوت: ئەم فڕۆکەیە دەچێت بۆ عێراق!.. بە زمانی تورکی وئینگلیزی، ڕەسمی سەفەریان بەڕێوە دەبرد و یەک وشەی کوردییان لە دەم نەهاتە دەرەوە. لە زمانیشیانا وشەی کوردیم دەبیست. چونکە ئەوان نەک ئایین و کەلتور، بەڵکو زمانیشیان لە کورد دزیوە.

ئەو ڕۆژە و شەوەکەی لە ئەستانبول، لە ترانزێتا بووم.. دەستم تێنەچوو شتێک لە تورک بکڕم، تەنها قاوەیەکی تاڵم کڕی و لە ترانزێتا کەمێ خولامەوە بە دەوری خۆمدا. تا سوار بوومەوە بە مەبەستی دابەزین لە سلێمانی، شاری لەدایکبوونم.

چوارو چلوپێنج دەقەی بەیانیی یەکی دوانزە لە فرۆکەخانەی سلێمانی دابەزیم و هاتمە دەرێ.. لەبەر دەرگا، نەبەزی برای گەورەم، دانا-ی برا بچوک و سۆران-ی برا ناوەنجی و ئەحە و سازیار کە منداڵی نەبەز و چاوان کە کچی سۆرانی برام بوو- هاتبوون بە پیرمەوە.. زۆر زۆرم پێخۆش بوو. بەخێرهاتنەوە گەرم بوو.

کە دابەزیم لە ماڵی نەبەز-برای گەورەم. نەنووستم تا بەیانی هات.. چوومە حزوری دایکم، دایکمم بینی.. تەرمەکەی لە ژورێکدا لەسەر قەرەوێڵەیەکی سەردەمی لاویی خۆم دانرابوو، ئەژنۆی جووت بوبوو بە ڕانییەوە.. نەدەژیا و مەشمردبوو..چاوەکانی نیمچە کوێر و سەری بوبوو بە دەشت و دارستانی وڵاتی نەرویج و سپی سپی سەری لە بەفرا دەچۆوە و ڕەنگی گەنمیی ڕوخسارو چرچ و لۆچ و دەمی بێ دان و لووت و برۆ، دەتووت دارستانی وەحشەت و پڕ ترسی مەملەکەتی قوتبە.

لەشی کەتەو زلی جارانی نەمابوو، چوار چڵ ئێسک بوو، کە لە کوپەیەکی بچکۆلەدا جێگەی دەبووە و دانیشتبوو بەدەم ڕامانەوە، دیار بوو کەم نوستبوو و چاوەڕوانی هاتنەوەی من بوو.. دانیشتبوو، مت و زیندوو مردو، چاوەڕوانی من بوو، تومەس بیستبووی کە من دێمەوانێ. دەستێ بەرگی خۆم ئاسایی شینی تێری لەبەردابوو، لە گەراجی بەر دەرگای ماڵەکەدا، لەوێ لە تەنهاییدا، تەسبیحی لە خەویا دەژمارد.. کە دەستم کردە ملی و بۆنی کردم، و زۆر بەکوڵ پێکەوانێ گریاین.. فەرمووی: تۆ کێی؟ ئەمە سەرە؟ ئەمە ڕیشە؟ کێیە ئەمە؟ سەرە تۆی؟ نا تۆ ڕیش نییت.. ڕیش؟ ئیش؟ تۆ سەری خۆمیت؟ کوڕەکەمیت؟ بەخوا درۆ دەکەن، ئەمە ڕیشە، ئەمە کوڕەکەم نییە و بۆنی ئەویشی گرتووە. سەرە گیان تۆی باوکم؟ هاتیتەوە؟ زۆر پرسیارو وشەی پچڕ پچڕی تریشی لێکردم و بەدەم گریانەوە، بۆنی دەکردم و ماچی دەکردم و بەری نەدەدام .

منیش گریانم بوو به لێشاوو تێر تێر گریام بەسەر شکۆی دایکماو تا توانیم دەست و پێ و دەم و چاوو ڕومەتیم ماچکرد و زانیی کە کوڕەکەی هاتۆتەوە. پێیخۆش بوو زۆر زۆر.. ڕەنگی بەبەردا هاتەوانێ و کەمێ زمانی پژا. چونکە داماوە لە زمانیش کەوتبوو.. چونکە بێخزمەت وبێنەواو بێکەس بوو.. بوبوو بە ئەرک بەسەر براژنەکەمەوە، کە لەتاو خەمی نەخۆش و پەککەوتەکانی ماڵ، خۆشی توشی غوددە بوبوو و قورگی پڕبوبوو لە وەناق. براژنم کە بەخێوکەری من و هەشت مناڵ و چاودێری دایکیشم بوو، کەنەفت بوبوو لە خزمەتی سێ نەخۆش و خۆی و خزمەتی سێ کچ و سێ پیاودا. بەڵام دایکم، هەر هێندەی چنگێکی مابووەوە،، زۆر گریام بەسەریاو کوڵی گریانم نەدەنیشتەوە.

ئەو ڕۆژە نەنووستم و چوین بۆ بازاڕ.. لە چایخانەی شەعب، مامە فەریاد -مم بینی.. شکۆی ئەو هێندەی شکۆی شار مەزن و مەتین و بەهێز و خاوەن کارما بوو. زۆرم پێخۆش بوو کە تەماشای شکۆی ئەومکرد؛ هەستمکرد ئەم شارەی سلێمانی هێشتا پڕە لە هەناسەی پاک و ویژدانی حەق و باوەڕی پیرۆز. هەستمکرد مامم خۆشنوودە بە ژیان و پڕ بوو لە ئومێدی بەرز و سەرکەش. هەر هەمان ڕۆژ بۆ ئێوارەکەی لەگەڵ کچەکانی سۆرانی برا ناوەندیما چووین بۆ پیاسە و بۆ بینینی فریشتە.

کاتێ کە لە ئۆرزدییەوە دابەزیم لەگەڵ برازاکانم، هەرچی کچان و کوڕانی شارو ژنانە تەماشایان دەکردم و سەریان دەسوڕما لە ڕیشی پان و پاڵتۆی بەرو ڕوخساری تەندروستم.. خەڵکی ئاوڕیان لێمان دەدایەوە و کەس منی نەبینیبوو پێشتر لەو شکۆیەدا کە دوو ئافرەت دەستیان گرتبووم و بە شانازییەوە بە شەقامی ئۆرزدیدا دەهاتینە خوار، و دەچووین بۆ بینینی فریشتە.

فریشتە ئاگاداری گەڕانەوەم بوو، بەڵام منی بۆ نەدەناسرایەوە! بەڵام من ئەگەر ئەوم لەناو لەشکری ڕوناکیدا ببینایە، بۆ یەکەمجار دەمناسییەوە. کاتێ کە لەبەر مەیدانی سەرادا یەکمان بینی.. زۆر زوو تەلەفۆنەکانمان لابرد و یەکتریمان ناسییەوە! <u>کێ باوەڕ دەکات کە فریشتە ڕاستی بێت و لە شاری سلێمانیدا فریشتە مابێت!؟</u> ئەو هەبوو، ئەو ڕاستی بوو.. ئەو منی بەڕیش و پاڵتۆ و گۆچانەکانی

دەستما ناسییەوە.. چونکە چاوان و ئەژین دەستی منیان گرتبوو و ببوون بە گۆپاڵی دەستم.

هێندەی نەبرد، پەرجوو ڕویدا.. لەناو حەشاماتێکی زۆرا، لای پاسەکانەوە بەدەستی سەرەوەدا، لەبەر سەرا، فریشتە لەبەر دەممدا قوت ببوە! سەیرم کرد، بینیم و تێگەیشتم کە ئەو تەنها فریشتەی خەیاڵی من و پیر نییە و سرۆش ڕاست ڕێگاکانی نەخشاندبوو بۆم.. خۆ ئەوە دوو شایەتیشم هەیە کە فریشتە ڕاستییەکی شکۆمەندە و هاتبوو بە پێی وادە و نامە، بمبینێت.

بە شکۆی نوحەوە چوومە بەر دەمی فریشتەو شانی ماچ کردم و فەرمووی: مامۆستا گیان بەخێر بێیتەوە. منیش ویستم دەستی ماچ بکەم ، نەیهێشت. ڕوومەت و سەریم ماچکرد.. پاشان ئەویش دەستی گرتم و بە شانازییەوە بێ ترس کەمێک تەماشای ناو چاوەکانی یەکتریمان کرد و تۆزێک دڵمان هاتەوە جێی خۆی. لەوێدا هەستم بە ئازاد بوونی هەزاران کۆتری سپی کرد، کە بەرەو ئاسمانەکان هەڵفرین و سینەی منیان چۆڵکرد.

تا درەنگانێ چوارقۆڵی پێکەوە بووین.. دوایی هەمان ئێوارێ، کاتێ ئەوم بەڕێکردەوانێ.. گەڕامەوە ناو چایخانەکەی قاتی چوارەمی بازاڕەکە، تا برازاکانم بەرمەوە بۆ ماڵی باوکیان، چونکە لەوێ داوەت بووم. تەماشامکرد ئەوان سەیر تەماشام دەکەن و وایانزانی من تێک چووم یان گاڵتەیان لەگەڵا دەکەم، کاتێ باسی بینینی فریشتە و داوەت و پیاسەی فریشتەم بۆ ئەوان دەکرد و باسی فریشتەم بۆ دەکردن و دەمگوت فریشتەمان لەگەڵدایە.. و من هەر باسی چاوو لێوو باڵەکان و دەست و پەنجەی فریشتەم بۆ چاوان و ئەژین دەکرد.. ئەوانیش گوێیان بۆ مامە پیرە شل کردبوو، وایان دەزانی من خودی سرۆشم و ئەوان باسی فریشتە تێ دەگەیشتن و فریشتەیان دەبینی، بەڵام بڕوایان بەوە نەبوو کە ئەو کیژۆڵەیە فریشتە بێت!

ئیتر ئەوە دوایین ئێوارە بوو، و لەوێ بە دواوە نەمتوانی باسی فریشتە و سرۆش بۆ کەس بکەم.. چونکە تێگەیشتم کە چاوی من وەکوو چاوەکانی خەڵکی شار شتەکان نابینێت! شار چاویان ئاسمانی نەدەدی.. ئاگایان لە پیسبوونی ژینگە و دەروون و هزری مرۆڤ بوو.. لەمن باشتر دەیانزانی کە

فریشتە بوونی نەماوە لە کوردوستان و ئاسمان چۆڵ بووە لە فریشتەو مەلەک.. پێکەنینی خۆیان دەگرت کاتێ کە من فریشتەم بەوان داناساند.. کە من فریشتەم دەبینی، بەڵام دەوروبەرم ئەویان نەدەبینی!.. خزمەکانم ئەویان نەدەبینی و کە دەچووم بە میوانیی خەڵک، هەندێک هەر بێزیشیان نەدەهات دەست بدەنە دەستی و تەوقەیەکی لەگەڵ بکەن و هەست بە بوونی بکەن! خەڵک چاوو ڕووی خۆیان دادەپۆشی و پێدەکەنین بە من و بە گاڵتەوە بە منیان دەگووت: ئەوە چیتە هەرباسی فریشتە دەکەیت و دەڵێی فریشتەم لەگەڵە و لەبەر خاتری فریشتە بوارت نییە سەرێکمان لێ بدەیت! ئەوە چییتە حەزرەتی نوح، کوا فریشتەکەت بۆ نەهێناوە لەگەڵ خۆتا!.. کەس فریشتەی لەگەڵ منا نەدەبینی و یەک بە یەکی کۆڵانەکانی شار پێکەوە گەڕاین و هەر هیچ کەسێ ئێمەی نەدیت! با! دوو کەس شایەتی غەیبین.. ئازاد بەرزنجیی هاوڕێم و دلاوەر قەرەداغی گەواهی قسەکانمن.. چونکە فریشتەم بەوانیش ناساند و ئەوان بینییان، تەنها ئەوان فریشتەیان بینی و سەرو چاوی خۆیان نەدەشاردەوە بە بینینی ئەو.. ئەوان فریشتەیان بینی.. و کەسی تر.. هاوژین و چاوان و ئەژین، لە چاوی منا فریشتەیان دەدی و گاڵتەیان پێ نەدەکردم. باوەڕیان بە هەبوونی هەبوو، بەڵام هێندە بژێو نا کە بە چاوی خۆیان دیبیان! ئەوان لە خەیاڵ و پێناسی منا فریشتەیان بینی. باوەڕیان وابوو، کە فریشتە منی خۆش ناوێ و مێردی هەیە. ئاخر فریشتە نابێت خاوەن مێردو خاوەن پیرێکی وەک من بێ و خۆی بە ژنی منیش بزانێت!

باسی فریشتە و سەر مێزەمان لەگەڵ باوکی ئەواندا بردەوە بۆ ماڵەوە، تا قسەی لەسەر بکەین! کەچی بینیم لە ماڵی باوکیشیانا زیاتر فریشتە دەبینن، بەڵام دەترسان باسی بکەن..پاشان کەس گوێی لە ئافرەتێک نەدەگرت و گەر باسی فریشتەکەی منیان بکردایە، باوان و خزم و کەس دەیانکردن بە مەخسەرە. ئافرەتی کورد بۆی نەبوو باوەڕی بە هیچ هەبێت.. دەبوو لە پێشا شوو بکات بە لۆزەندەرودەمڕوتێک.. ئەوسا ئەو دەمڕووتە بڕیار و پیلان و نەخشەی بۆ کچ و ژن و دایکی خۆی دادەنا و نەیدەهێشت ئافرەت مافی ئەوەی بە ئارەزوی بخوا و بنوێ و هەستێ و چۆنی بوێت وەها لە قاڵبی بدات. ئێستاش بیرم ناچێت، کە ئەحەقێکی بەرەڵای بێباوەڕو شەللاتی هاتە بەردەمم و نەمزانی ناوی چییە، وتی: وەڵا من ژن بە کۆیلەی خۆم دەزانم، و ئەوەی نەبێت بە

کۆیلەم خواهاوار.. ڕۆژانەش بە خواستی خۆم، چۆنم بوێت وای لێدەکەم، من بەو مەرجە ژنم هێناوە و ئەویش منی وەها دەوێت!

بینیم سۆرانی برام و مێردی خوشک و برازا و ئامۆزا و خزم و کەسم، هیچیان ڕێزیان بۆ ئافرەت نەگەیشتبووە سەر ئەژنۆی من و دەمیان لە منی نوحیش پان دەکردەوەو دەیانووت، ئێمە موسوڵمانین و ئایینی ئیسلام ئایینی هەقە. دەیانگووت: جەناب تۆ زۆر هەڵەی، نوح کێیە؟ تۆ چییت تا خۆت بە شت بزانیت و واداریی چی دەکەیت؟ ئافرەت بۆی نییە ڕای خۆی هەبێ و بە ئارەزووی خۆی هاوسەرگیری بکا و نابێت لە ماڵ بچێتە دەرێ و نابێ بچێت بۆ ماڵی هاوڕێ و خزم و نابێت بچێت بۆ گەڕان و پیاسە لەگەڵ هاوڕێکانی!.. دەیانگوت حەیامان دەچێت گەر بێت و کچەکانمان باوەڕ بە تۆ بکەن. دوایی کچەکانمان دەبن بەو حۆری و فریشتانەی کە تۆ وا دەزانی ڕاستین و هەن!

تۆ کێیت و لە خۆتەوە هاتوویت و باسی چی بۆ ئێمە دەکەیت؟ هەتیو ناترسیت سەرت ببڕن؟ خۆ ژیان هەڕەمەکی نییە و مرۆڤ دەبێ ئابڕووی هەبێت!

ئەم وزۆری تریش!...هەر هەفتەی یەکەم لە ماڵی خوشک و براکانمدا، پڕ کرام لە شەرم و ترس و چاو لێسورکردنەوە و باسی مزگەوت و مەلا و حوجرەی ئەوان. سەیرم کرد ئەوەی دێت بۆ لام، لەشکری ئەبووجەهل و بیلال وئەبووالهۆلە.. هەرچی هەڵدەستا، خێوێکی حەیتەی موسوڵمانی نەزان و جاهلی دەکرد بە گژما و چەفتەو عەگالی شێخەکانی سعودیەی دەنایە سەرم، ئیتر سەری ڕۆژەکانیان لێ تێک دام.. وایان لێکردم ئیتر فریشتە هەر بێزیشی نەدەهات بێت بەلاما و خۆی نیشانی منیش بدات! سرۆشیش شاری سلێمانیی بەجێ هێشت و ئیتر هەژدە دانە ڕۆژ من هەر باسی حەشرو نەشرو قیامەت و فریشتە وپەیامبەر و خوام بۆ ئەو میللەتەم کرد.

بەڵام ئەوان ئامۆژگاریی مەلاکانیان دەهێناو لەسەر سفرە ڕایان دەخست، لە ژووری میوان دایان دەنا و باس باسی بێ حورمەتیی ئافرەت و هاتنی مۆبایل و ئەنتەرنێتیان بوو! دەیانگووت فریشتە کوا هەیە! ئەی ئێمە بۆ نایبینین؟! تۆ دەتەوێ کچەکانمان بکەیت بە قاحبەو ڕێگەیان بۆ خۆش بکەیت چۆنیان بوێت وەها بکەن!؟ دەتەوێت کچ خۆی بڕیار بدات؟! دەتەوێ ئەو فریشتەیەی کە تۆ

باسی دەکەیت، ببێت بە هاوڕێی کچەکانمان و کەلتورمان پێ لە خشتە بەرێت؟ تۆ چییت و کێیت؟ ئەتەوێ ئافرەت لە خشتە بەریت و فێریان بکەیت واز لە مێردەکانیان بێنن و چۆنیان بوێت وا بکەن؟! نەیخۆیت تاڵە.

خۆ ئەگەر فریشتەیەک شک دەبەیت و خۆشی دەوێی، بۆچی نایهێنیت و بۆ خۆت دانیشیت سەری خۆت کز بگریت!.. کوا فریشتەکەت کە باست دەکرد بۆمان؟ ئێمە فریشتە بین نیین.

ڕۆژی سێیەم و چوارەم و پێنجەمیشم خۆش بوو..هەموو ئەو ماڵانەی توانیم سەردانیان بکەم؛ چووم و گشتیان هەمان خەرەکی مەلاکانیان بۆ لێدەدام و کەس باوەڕی بەوە نەبوو کە من دەیڵێم.. خۆ ئەگەر من وتبام کەرم، ئەوا لە هەموویان بە تەمەنتر لێم ڕاست دەبۆوە و پیاما هەڵدەشاخاو دەینەڕاند بەسەرما و دەیگووت: گو بخۆ کەرە.. من لە تۆ کەرترم! هەهە، خۆشیش بوو!
فریشتەیان نەبینیبوو، کەچی هەر پیاوەو لە جێی خۆیەوە پیلانی بۆ دادەنا چۆن لە خشتەی بەرێ و لە کوێ فرسەتی لێ بهێنێت و بەزۆر سواری بێت! کاتێ وێنەی ئەوم نیشانیان دەدا، زەوقیان هەڵدەستاو بەو مەرجە باوەڕیان بەو دەهێنا کە ببێتە ژێر دەستەیان و چۆنیان بوێت وای بەسەر بهێنن و چییان بوێت لەگەڵیا بیکەن! بەو شەرتە باوەڕیان پێی بوو.

کوڕەکانی برا گەورەکەم دەیانبینی و ڕێزیان لەو دەگرت! هەندێ کەس فریشتەیان دەبینی و خۆشیاندەویست، بەتایبەتی هاوژین و چاوان و ئەژین و ڕۆژین و بەستە و شەونم.. بەڵام من وام لێهات، لەو ماوەیەدا، کە ئەو کاتانەی زیاتر دەستم لەناو دەستی فریشتەدا بوو و پێکەوە بووین.. زیاتر هەستم بە نامۆیی و نادیاری و نەبوونی ئەو دەکرد! چونکە ئەو تا دەهات، زیاتر و زیاتر کاڵ دەبۆوە لە نیگاو بیرو هۆش و هەستیاریما! هەستم دەکرد ئەو لەچاوی میللەتا گەندەڵ بووە و گەندەڵی وا خەریکە دەست بۆ منیش دەباو منیش دەخاتە ناو زەلکاوەکەی شێرزاد حەسەنەوە و منیش وەک ئەو خەڵکەم لێ دێت!

هێندەم نەزانی، هێندەی یەک و دوو هەفتەیەک بەسەر چوو! نەمزانی چۆن تەواو بوو، ئەو هەفتەیە. بەڵام زۆر شتی سەیر سەیر ڕووی ئەدا.

نەخۆشی لە زۆربەی ماڵەکاندا پۆزی لێدەدا.. خۆی گیف کردبۆوە و بە ئارەزوی خۆی کێی بویستایە سواری سەری دەبوو، فیلی ئەدا بە عەرزا.. میللەت دوچاری گرفت هاتبوون. نەخۆشەکان زۆر بوون و ناتوانم باسی گشتیان بکەم.. یەکێ لەوانە باخان بوو.. کچی سێیەمی برا گەورەکەم! کە زۆر هۆگری نەخۆشی بوبوو و دەستبەرداری نەدەبوو، نەیدەتوانی بەبێ نەخۆشی بژی.. منیش خەریک بوو باوەڕی پێ بهێنم!

باخان کە گەدەی گرژبووە و ڕەقهەڵهاتووە و شەکرەی هەیە و گورچیلەی داڕزیوە و کوێریشە و شەش ساڵە لە گەشە کەوتووە! ئەو ئافرەتە بەسەزمانە کەوڵ کرابوو لە خەستەخانەکان و دکتۆری نامەردو نەزان ئەویان دوچاری هەزار گرفت و دەرد کردبوو. باخان کیژۆڵەیەکی وردی جوان بوو، دکتۆرو دەرمانی هەڵە ئەویان پیرو کەنەفت و کوێرو سەقەت کردبوو.. نامەیان نوسیبوو بۆ حکومەتی هەرێم تا ڕەوانەی دەرەوەی بکەن،، چونکە گیانی لە مشتیا بوو.. کەچی کەس وەڵامی نامەکانی ئەوو باوکیان نەدەدایەوە و باوکیشی بێباوەڕ هەر دەهات و دەچوو و نەیدەوێرا باخان بنێرێت بۆ عیلاج بۆ لای من،چونکە ڤیزەشیان بەو نەدەدا!

باخان نە ڕۆژی ڕۆژ بوو نەشەوی شەو بوو، هەردوو دەستی توند لە گۆشەی یەکێ لە قەنەفەکان گیر دەکرد و سوێی دەبۆوە بۆ کەسێک تا قسەیەکی لەگەڵ بکەن. کەس ئەوی نەدەبینی و ئەویش زۆر سست بوو لە خۆنیشاندان و قسەی خۆش و واز هێنان لە نەخۆشی.

بەوم فەرموو: باخان گیان، سەری تۆ جێگەی هەموو ئایینەکانی تیا دەبێتەوە، شفا تەنها لە دەستی خۆتا ماوە، ئیتر هەر خۆت دەبێ مشوری خۆت بخۆیت و کەس دادت نادات. چونکە مێشکی مرۆڤ لەوپەڕی بێدەسەڵاتییدا، ئەگەر چارەت نەداتە دەست، ئەواگیانت ڕەوانەی بەهەشت و جەهەننەمی خۆت دەکات. ئیتر کاتی ئەوە هاتووە مێشکت بخەیتە گەڕ و خۆت شفاکاری خۆت بیت.

باخان-یش لە زمانی ساوای من تێنەدەگەیی، پێم پێدەکەنی و دەیفەرموو: ئاخر تۆ حەز دەکەیت کوێریش بیت و گورچیلە و شەکرەت هەبێ و گەدەشت

خواردن وەرنەگرێ و زۆری تریش!؟... منیش لەوەڵاما بەوم دەفەرموو: ئاخر کچی شیرینم کەس حەزی لە دەردو نەخۆشی نییە و مرۆڤ دەتوانێ شفای خۆی بدات. بەڵام ئێوە خۆتان داوەتە دەست دەرمان و دکتۆر و نەخۆشی و زیللەت، تازە کار لەکار ترازاوە و مێشکیش شتەکان بە وردبینییەوە وەرناگرن. بەڵام مرۆڤ گەر لە شفا بگەڕێت، توشی دەبێت بە توشیەوە. هەندێجار شفای مرۆڤ لە مەرگیدایە و دەتوانێ دوای مەرگیش جارێکی تر بگەڕێتەوە ناو ژیان و جەستەیەکی پاکژ و جوان هەڵبژێرێت و لەگەڵیا بژی.

باخان تێگەیشتنی سست بوو.. من هەرچییەکم دەوت، ئەو بەرپەرچی دەدامەوە و حەزی دەکرد زیللەت بەشی بێت، وەک ئەوەی خوا تەنها نەخۆشی و دەردی کردبێ بەبەشی ئەو. ئەو زۆر زەلیل بوو لەدەستی نەخۆشی و دەردا. بگرە باری تەندروستیی دایکم کە تەمەنی حەفتاو چوارساڵ بوو، زۆر چاکتربوو لە تەندروستیی باخان کە تەمەنی بیست و دووساڵان بوو. باخان بەرەو نەمان هەنگاوی سستی هەڵدەهێنا. تەنها ئومێدێ کە لە دەستی منا مابوو، بەوم گەیاند، فەرمووم: تەنها مێشکت ساغ ماوە، کە دەتوانێ کۆی دەردەکانت جەم و کەم کات و نەجات بکاتە میوانت. باخان و ژیانی ئەو داستانێک بوو ناشایانی باوەڕ، کە من ناتوانم لێرەدا کورتی بکەمەوە بۆتان.

ئەو ڕۆژانەی لەگەڵ براو خوشکەکانما بووم، گشتی بەباسی خواو پەیامبەرو کفری منەوە سەرقاڵ بوون.. خوشکە بچکۆلەکەم کە پەیمانگای شەریعەی خوێندبوو، باوەڕی بە قسەکانی من نەدەهات و واداریی ئەوەی دەکرد کە من شیرکم بۆ خوا پەیدا کردووە و بە منی دەگووت خوا یەکە و نابێ بە دوو. دەیگوت 300 منداڵی کورد فێری قورئانی پیرۆز و زمانی عەرەبی دەکەم و نایەڵم دەنگت بگات بە منداڵەکانی خۆشم!

مێردو منداڵ و خزم و کەس و شوبراو خزمەکان و براکانیشم هەمان باڵۆرەی ئەویان بۆ من دەسەندەوە.. وایان دەزانی من وتوومە خوا زۆرە!.. ئیتر هەرچەن بۆم شەرح دەکردن، ئەوان تێنەدەگەیین کە ڕاستە خوا یەکە، بەڵام ئەو خۆی سەرپشکە چۆن دابەش دەبێت و چی دەکاو ناکات. خوا ئازادە و دەتوانێ ببێت بەوەی کە دەیەوێت. پاشان ڕێزیان لەوە نەدەگرت کەسێکی تر

ڕایەکی جیاوازی هەبێت، ئامادەییان تیابوو لە لیستی خوشک و برایەتی بتسڕنەوە، لەسەر ئەوەی بڵێیت: خوا ی من شەڕی دروست نەکردووە!

کەچی ئەوان بە منیان دەووت، نەخێر، جەناب تۆ هەڵەی.. تۆ تەنهایی و وەڕزی و کەلتووری گەلان خڵەفانووتی.. ئێمە لەو باوەڕەداین کە خوا یەکە و هیچ زیاش ناکات و کەم ناکات، خوا سابتە و نەگۆڕ و تەواو.. وەک ئەوەی خوا لە داوێنی ئەوانەوە بەربووبێتەوە!.. ئیتر کەس گوێی بە من نەدەداو دەچووم بۆ لای هەر هاوڕێیەکیش بەوە دەیترساندم کە باسی فریشتە و پەیامبەرو پرۆژەی نوح نەکەم.

لەهەموویان خۆشتر، کچە ناوەنجییەکەی نەبەزی برا گەورەم بوو، هاوژین. هاوژین چاوی لێ بز دەکردمەوە و بە ڕوخساری تۆقیوەوە، دەمی لێخوار دەکردمەوە و دەیگوت: بەخوا مامە گیان باسی نوح و بوح بکەیت بۆ ئەم میللەتە سەرت دەبڕن و بەرد بارانت دەکەن و مەیتەکەت بە کۆڵانەکانی سلێمانیدا بە سەیارە ڕادەکێشن! مێردەکەشی بە پێکەنین بۆی دەسەندەوە و خۆش خۆش دەیگوت: بەخوا خاڵە سەربەست کەس گوێ لەتۆ ناگرێ تا مەلا کرێکارە حەیاتەکە وەستابێ کەس فریشتە وپیرو نوحی ناوێ.. ئەوە تۆ باسی چی بۆ کێ دەکەیت؟! ئاخر ئەم میللەتە ئەو میللەتە نییە کە تۆ دەتناسی و بینیوتە، ئەم میللەتە لەسەر قەزاو قەدەر دەلەوەڕێ و دەژی.. زەمی یەکتری و ئابڕو بردنی کەسێتی و بەدناوکردنی ژن و سزادان کەلتوری ئێمەیە و تۆ ناتوانی ڕیشمان بە تاشین بەیت.

تۆ باسی چیمان بۆ دەکەیت، ئەم میللەتە یەکپارچە دەردو ڕق و میحنەت و ڕەزالەتە و شەرەفی خەڵک لە بازاڕادا هەڕاج دەکەن.

ڕەوای کوڕی سۆزانی خوشکم، باسی دەسەڵاتی کوڕی مەسوولەکانی بۆ دەکردم، دەیگووت: خاڵە گیان، من هەست بە ئامان ناکەم لە سلێمانیدا، چونکە کوڕی مەسولێک دێت و سوکایەتی بە هاووڵاتی وهاوڕێی خۆی دەکات و دەتوانێت کێی بوێت بیکوژێ و کێش خۆی زۆر بە پیاو دەزانێت بەر شەق دەدات و خواش ناتوانێت گونیان بگرێت.

ئەمە کەی وڵاتە کە مرۆڤ بە ترس و لەرز و ڕسوایی ڕۆژەکانی بەرێتە سەر!.. خۆ ڕاستە ئێمە لە هیچمان کەم نییە، خۆ دەتوانین باوەڕ بکەین کە دەشێت کوردوستان ئازاد بێت. بەڵام من ئازادیم بۆ چییە کە سەرۆک و کوڕی سەرۆک باوەڕیان پێی نەبێت و خۆیان یاسا پێشێل بکەن و خۆیان یاسا بێنن و بەرن! خۆ ئەمانە لە بەعس چاتر نین هێشتا! بگرە بەعس و کەلتوری ئەوان بە سەقەتی بەسەر خەڵکا دەسەپێنن.

لەگشت ئەوانەش سەیر تر، قوتابیانی زانکۆی سلێمانی و ژنان و کچانی ئەوێ و پەیمانگای زانستی بوو. کچانی کورد گەشەی ئەندامییان وەستابوو، هەمان شێوە گەنجانی کوردیش.. گشتیان غەم و تەپوتۆزی میحنەت لە ڕوویان نیشتبوو، و زۆربەیان بۆنی زەهراوی ئایین و بەدخوویی ئاکاری و سەرلێشێوانی دەروونییان لێدەهات.

کوڕەکان زۆر بێگیان و سست و ناچالاک بوون و کچان لە زۆر ڕووەوە بە تەماحتر بوون بۆ فێر بوونی زانستی بێگانە و کەمتر دەربەستی ئایین و باوەڕی باپیرانی خۆیان بوون و دەربەستی زەردەشت و نوح نەبوون.. وایان دەزانی زانستی پزیشکی و دەروون و زیندەوەرناسی دەگەڕێتەوە بۆ فرۆید و باسکال و داروین! وایان دەزانی فیزیا فڕی بە ئایینەوە نییە و ئەنیشتاین هیچی سەرباری میستیک نەکردووە!.. زۆربەی قوتابییەکان وانەکانیان بە زمانی ئینگلیزی بوو و ئینگلیزیش حاڵی نەدەبوون!.. گشتیان گۆت و کەساس و بێکەسییان پێوە دیار بوو.. نەبوونی پەیوەندی و دژایەتیی نێوان ڕەگەزی نێرو مێ، وا بزانم زیاتر لە 100 ساڵ گەڕابووە دواوە. درۆ ناکەم گەر بڵێم جەهل و مەلا بوبوون بە دەرەتان و وەناق، درۆ ناکەم گەر بڵێم هەستم دەکرد لەناو لەشکرێکی عەرەبام و برسیم بوو بۆ بینینی کوردێک. ئەو پەیوەندییانەی کە هەبوون، تەنها لەسەر بنەمایەکی پێداویستی بوو، نەک ئاکاری و باوەڕی. چونکە ئایین ئەوانی داشکاندبوو، بە داخەوە. ئایین گۆتی کردبوون، پیسی کردبوون و بۆنی قەبر لە ماڵەکان دەهات، بۆنی نوشتە و ادووم دەکرد و کەس باوەڕی بە خۆشەویستی نەمابوو، گشتیان وایان دەزانی جادوو ژیانیان بەڕێوە دەبات. لەناو قوتابیانی زانکۆکاندا باسی جادوو نەخۆشی و بوختان لە باسی

زانست و عیرفان زیاتر بوو. بەڵام هەبوو لە ناویاندا کە فریشتەی لەگەڵ منا دەدی.. بەڵام بێ پەڕوباڵ و پۆشاک وگومانم لە تەماشاکانیاندا دەدیت!

کۆمەڵێ هەژار و ڕەش و ڕووت کەوتبوونە بازاڕەوە، نەمدەزانی دۆم و قەرەجی کوێن، بەڵام زۆر بێکەس و بێنەوا و گوناح بوون! من زۆرم بەزەیی بەوانا دەهاتەوە و حەزم دەکرد بیانکەم بە کچ و منالّی خۆم.. کۆمەڵێکی زۆر لە ئافرەتان سوالّیان دەکرد.. بگرە سوالّکردن چوبووە خوێنی مرۆڤی کوردەوە. ئەوەی لە سوالّکەر زیاتر سوالّی دەکرد، ئەوانە بوون کە تەنها خاوەنی خانوویەک و سەیارەک بوون و تەماحیان کردبووە زیاتر.. بۆیە کە دەمیان دەکردەوە، گشتیان دەبوون بە دوژمنی دەسەڵات و پارتەکان و دەیانویست بودجەی نەوت و سامانی وڵات بدەن بەوان، چونکە ئەوان زۆر لە دەسەڵات زانا ترو تواناتر بەشی خۆیان و میللەتیان دەدا.

هەرچی هەڵدەستا گلەیی دەکرد لە سەرۆک و دەسەڵات و پەرلەمان و ئەوانیان کردبوو بە خۆرە و دزو چەتە و دەیانویست حکومەت بە خاکەناز و فەردە و شۆفڵ دۆلار و بودجەی دەوڵەت بهێنن و بیکەن بە دەمی میللەتدا و میللەتیش هەر دەڵێ بێنە..هەر دەکڕوزێتەوە و هەر دەڵێن نیمانە.. هەر دەڵێن برسیمانە و کەس هیچمان بۆ ناکات.

میللەت بە گشتی فێری سوالّ بوبوون، فێربوون هەر دژ و هەر دوژمنی هەر دەسەڵاتێک بن.. جا خوای دەکرد خوا دەهاتە سلێمانی و دەبوو بە حاکم، دەچوون حەیای ئەویشیان دەبرد و کڵاوی جامبازیان دەکردە سەری ئەویش. کەس پیاو نەبوو، کەس ئەوی تری بە شت نەدەزانی.. هەر کەسە لە جێی خۆیەوە مەلابوو، مامۆستا بوو، دکتۆر بوو، فەیلەسوف و حاکم و ڕابەر بوو!

بەر دەرگای هەر ماڵێکت بگرتبایە بەشی هەفتەیەک خواردنی ڕژێنراوت دەبینی و چێشتخانەکان بە زۆر خواردنی داوانەکراوو نانی بەلاش و خزمەتی ناجۆریان دەکردین و هەرچی بەرماوەی خۆراک هەبوو کە بەشی شارێکی دەکرد، لە چێشتخانەکانەوە فڕێ دەدران و خەڵکی شەش هێندەی جاران دەیانخوارد و تێر نەدەبوون.

هەرچییەکم دەدی نەخۆش بوو، هەرچییەکم دەدی گلەیی دەکرد، هەرچییەکم دواند گلەیی هەبوو لە سەرو لە گوێ و لە قورگ و سک و گورچیلە و دڵ و مێشکی.. هەرچی هەڵدەستا دەچوو بۆ لای شێخ و مەلا و دکتۆر و جادوکەرو هەرچی هەڵدەستا بە خراپ باسی بەرامبەرەکەی دەکرد و ئافرەتیان کردبوو بە دێویلکە و دزێوترین و ناجۆرترین مەخلووقی نامۆ.

هەرچی کەمێک پارەی دەست دەکەوت، دەیویست بیدات بە عەمەلیات و بە دکتۆری ئێران و سوریاو تورکیاو لوبنان و هیند.. پارەی کوردوستانیان هەراج دەکرد بە جیهاندا و خۆشیان بە زانا و گرنگ دەزانی. زۆربەی هەرەزۆری دانیشتوانی شار سەرگەرمی نەخۆشی و دەردو دەرمانی بێ شفا بوون.. تەلەفیزۆن و ڕێکلام و بڵاوکراوەکان بە هەواڵی خواردنی کۆن و ماکیاجی ڕوخسارو شامپۆ و خواردن و گۆشتی ئیکسپایەر مێشکی مرۆڤی کوردیان ئیفلیج کردبوو! باس باسی بێئابڕوویی ئێران و تورک و عەرەب بوو کە چۆن کاڵاکان ژەهراوی دەکەن و ماددەی شێرپەنجەیان دەکردە ناو هەر کاڵاو دەرمان و سپیاوێکەوە کە دەنێردرانە بازاڕی کوردوستانەوە و خەڵکی سەرجەم سەرگەرمی نەخۆشی و ترسان بوون لە سەرتان و دەرد.

تەنانەت ئەو دەرمان و سپیاوو گەچەی، ئەو نەوت و گازەی لە ئێرانەوە دەهات و ئەوەش کە لە تورکیاوە دەگەیشت، گشتی مرۆڤی کوردیان دوچاری هەراسانی و دودڵی و ترس کردبوو، دەترسان لە هەموو تووش بوونێکی کتوپڕیی سەرەتان، لە نەخۆشی و دەردو ڕشانەوە دەترسان، ترس لە نەخۆشی نوێترین نەخۆشیی کوشندە بوو کە لە دەروونی میللەتدا وەک درەخت، وەک ئاڵای ئازادی دەشەکایەوە!.. لە کەمخۆری و لە زۆرخۆری و لە هەموو شتێک دەترسان و وایان دەزانی زەهراو دەکەن بە قورگیانا و مێدیا خەڵەلی لە گشت شتێکدا دەدۆزییەوە، تەنانەت لە دەرزی لێدان دژی ئەنفلووەنزا و هەڵامەت دەترسان و دەیانگووت توشی ئایدزت دەکات. میللەت شێت بوبوو!.. میللەت جاران لە ژێر دەستی بەعسا زەلیلل بوو، بەڵام لەو دوو هەفتەیەدا کە من لەوێ بووم، بینیم میللەت داگیرکراوەتەوە بە دەستی تورک و فارس و عەرەب و تا بینەقاقای میللەت پڕ کراوە لە جەهل و زیللەت و دێوی ترس و سەرەتان و وەناق.

بۆیە گەشەی لاوان زۆربەی لە 160 سم تێ نەدەپەڕین و کۆی میللەت لەبەر دەمی خەستەخانەو ژوری دکتۆرەکانا وەکوو مێش لەسەر سینی زەهری ڕژاوی دکتۆرو دەرمانی هەڵە بوون .. بگرە دکتۆرەکان وەها ، وەک مێش ئەوانیان بە جووت و کۆ دەکردە ژورێ و بەدرۆ فەحسیان دەکردن و بە درۆش دەرمانیان دەدانێ! هەر بە درۆش مەمک و ڕەحم و گورچیلەو جگەری خەڵکیان دەردەهێنا. تەنانەت دەرمانخانەکانیش دوژمنی گەل بوون و بە ئارەزووی خۆیان دەرمان و شروب و حەبی ئێکسپایەریان دەفرۆشت بە نەخۆش.

جادووی مەلاو سیحری دکتۆر و دەوای خواکرد ئیفلیج و سستی کردبوون.. بە کورتی میللەت بوبوو بە پەن بەدەست نەخۆشی و گلەیی و زەم و بوختان و درۆ وە. پێرانەگەیشتم سەرێ لە هەولێر و بادینانیش بدەم، تا بزانم ئەوان لە دەستی چی دەناڵێنن!

لەبەر ئەوە ڕۆژی یەکەم و دواییني من وەکو یەک بوو تا ڕاددەیەکی زۆر.. دوپات زۆر زوو هەراسانی کردم. من لەوێ بووم کە سەنتەری مەساج و شێلان و هتد... سوتێنران و ئەو خۆفرۆشانەی کە بازاڕی کوردوستانیان پڕ کردبوو لە لەشفرۆشی تایوانی و کۆری وفلیپینی و چینی، کەچی دەردی میللەت بەوەش چارە نەدەکرا کە بازاڕەکان ببن بە بازاڕی لەشفرۆشی.
ئەوانیش کەلتورێکی هێندە زیندوو بە مانا نەبوون لەناوماندا و کەلتوری کورد هەر نەبوو و هیچی وام نەبینی کە شایانی باس بێت.

تەنها ڕەش و ڕووتەکەی خەڵک وەکوخۆیان لە دوپات و هەرەس و شکستی خۆیاندا دەهاتن و دەچوون و دەچوون بە میوانیی یەکتری و گلەییەکانیان دەگەیان بەیەک.

ئەوەی شایانی سەرنج بوو، خاوەن تەکسییەکان بوون، کە لەگەڵ مندا زۆر زوو ئاشنا دەبوون و حەزیان دەکرد قسەم بۆ بکەن و باسی ئەو ناعەدالییەتە و باسی فەوزای ترافیک و هاتووچۆم بۆ بکەن! بەڵام زوربەیان بێ ئەوەی بزانم بۆ یان شریتی حەدیس یان قورئانی کەریمیان لێدەداو عەرەبیشیان نەدەزانی!.. لە گیانی زۆربەیاندا تەبایی و پاکی و دۆستی مابوو.. هەموویان گلەییان لە

نارێکوپێکی هاتوچۆ هەبوو و کەسیش ئامادەیی تیا نەبوو لە خۆیەوە دەست پێبکات. بەڵام حەزیان دەکرد کەسێکی وەک من بدوێنن و ڕام بزانن دەربارەی شارو پێشەوەچوون و داهاتووی وڵات. گشتیان بە ڕێکەوت چاکە و پیاوەتی و گیانی خزمەتیان لە جێی خۆی مابوو. بێویژدانم کەم دی لەناویاندا.

ئیتر ئەوەی کە دەمبینی، سەری دەسوڕماندم، سەرم دەسوڕما کەکەس جوانیی شارو ئاوەدانکردنەوە و هەوڵی دروستکردن نابینێت و مقاولەکان بە دزو چەتە ناو دەبران و گرنگیان بە جوانیی شار نەدەدا! ئاوەدانکردنەوە و جوانیی شار بابەتی هیچ کەسێ نەبوو، چونکە مۆبایل و داتا دەستیان نابووە بینی ئابڕوو و ئەخلاق ناوسکی داکەوتبوو.. هەر کچێ بە شەقامێکدا دەڕۆی، دەبوو بە قاحبەی خەڵکی و خاوەن سەیارەی تازە دەچوون و داوایان لێ دەکرد تا بیبەن و سواری بن، یان لەویان دەپرسی بە چەن دێی لەگەڵمان!

ڕۆژ نەبوو دەیان کەس نەمرێ و دەست وقاچ ورد نەبێ لە پێکدادانی نایاسایی نێوان ترافیک و شەڕی خێزان و هاوڕێ و خزم و کەسدا.. ئاسایش هەقی هیچی نەبوو.. بەرگرییان لە بێگوناح نەدەکرد و دەیانویست بە عەشایری چارەی هەر دەردو گرفت و پێشهاتێک بکەن. ئاسایش هەبوو، نەشبوو لە هەمان کاتا.. چونکە نەهاتنە فریام کاتێک کە کۆسپێکی بچکۆلانەم هاتە ڕێ.. ئەوان یاریدەیان نەدام. دیار بوو یاریدەی کەسیش نادەن لە کاتێکدا کە هەڵدەکوتنە سەریان و لە خۆڕا سەرو زمانی خەڵک دەبڕن. بەتایبەتی ئافرەت، نەیدەوێرا فززە بکات، نەیدەوێرا هیچ بڵێ و لەگەڵ دوو کەسدا ببێت بە هاوڕێ!

ئافرەت لەتاو ئەوەی لە جەورو ستەمی خێزان و باوک و براکانی دەرباز بێت، دەچوو هەر بە گەنجی شووی دەکرد بە خزمێکی خۆی و هەر شەوی یەکەم دەستی خۆی داخ دەکردو ئیتر دەبوو بە قوربانی تاوانەکانی باوک و میللەت و گەل و دایک. بە تایبەتی کاتێک کە منداڵی یەکەم و زۆربەی کات سەقەت لە دایک دەبوو! ئیتر ئافرەت بوونی نەمابوو، کوژابۆوە لە سلێمانی و منیش فریشتەم لا کاڵ بۆوە و لە هەژدەیەم ڕۆژا شوێنەواری نەما لە گیانما و پیر کەنەفت بوو، شانم داکەوت و لە زمان کەوتم.. توشی پەتایەکی ناخۆش هاتم.

سرۆش نەخۆش کەوت لە ناخما و دووچاری ئەو پەتایە هاتم کە سلێمانیی تەنیبوو! منیش تووش بووم!

ئافرەتم نەبینی ڕازی بێت لەبەشی خۆی، یان باس لە ئازادی بکات، بگرە کەس هێشتا هیچ تاکێکی کورد مانای ئازادیی هەست پێ نەکردبوو و نەیان دەزانی ئازادی چییە و چۆنە!.. وایان دەزانی ئازادی بریتییە لە دانی مافی ناجۆرو نارەوا بە ئافرەت و پیاوو فلیمی ڕووت! وایان دەزانی ئازادی یانی بەرەڵایی و درۆ. وایان دەزانی ئازادی نەخۆشییەکە گەر بێت و بات بەسەر ماڵ و خێزان و دەوڵەت و شارا، نغرۆی دەکات. وایان دەزانی ئازادی نەخۆشییەکە، کە دێت داگیریان دەکات!

وایان دەزانی شار دەبێ بە حوکمی مەلاکان بەڕێوە بچێت! وایان دەزانی نابێت شار مەلهاو سینەماو سەنتەرو تی ڤی و ئاوەدانکردنەوە و شارەوانی تیا بێت! وایان دەزانی بنیات نان بەرەڵاییە.. ڕێگەیان بە دێو دەدا کچەکانیان داگیر بکەن، بەو مەرجەی نەچن بۆ مەلهاو سەنتەری مەساج.. کەس نەیدەگووت سلێمانی بووە بە شارێکی مەزن و پێداویستییە خوازراوو نەخوازراوەکانیش لە زۆربووندان! دەیانویست هەر بە دەستووری سەردەمی شێخ مەحمود کەس بەکەس نەبێ و هەر تەراویح و زکر سەرۆکی شارو جەهلی گشتی بێت!

من زۆر دڵم بەو خەڵکە دەسوتا.. زۆریش دڵم بە ئافرەت و بە کچانی لاوی میللەتا دەسوتا، کە ئازادیی خۆیان نابووە ناو چنگی مەلاو شێخ و پیاوی نەخۆشەوە و گشتیان کۆیلەیەکی زۆر بچکۆلانەو بێ کەسێتیی پیاو بوون و پیاو چۆنی ویستبا وای لێ دەکردن و سوکایەتیان بەوانەوە دەکرد. ئەوانیش دڵیان بەو جادووانە بەو مەلایانە خۆش بوو کە جادوویان بۆ دەکردن و جنۆکەیان لەلەشیان دەردێنان و ناویان دەگۆڕین بەناوی کچەکانی پێغەمبەری مەزن و، ناچاریان دەکردن کە ناوی خۆیان بگۆڕن بە عایشە و حەزرەتی فاطمە و کەلثوم! ئافرەتی کورد شێت بوبوو بەدەست زەبری پیاوو جەهلی ناکەلتوورەوە.

ناوی کوڕانیان دەکرد بە عەلی و محەمەد و ابوبکرو ابن عاص. شار زۆر غەمگین و نارازی بوو، هەستم دەکرد گەر وا بڕوات، شار هێندە نابات دادەتەپێت بەسەر تاوان و سزاو درۆ و دەردو نەخۆشیدا. هەستم دەکرد شار

داگیرکراوە و ئەبووجەهل باوکی گەلە و نەخۆشی دایکێتی. ئافرەتی کوردیان بە زۆر تووشی ئیفلیجی و دەرد دەکرد و دەیانبرد بۆ لای مەلا تا جن لەلەشی دەرکەن و بەزۆری زۆرداریش دەیانداان بە کوشت، گەر بیانویستایە، هەر لەبەر چاوی ئاسایشدا کێیان ویستبا کەوڵیان دەکرد و دەکوشت.

لە هیچ ماڵە خزمێکدا نەمتوانی بەتەواوی دوو دەقە لەگەڵ ئافرەتێکدا بدوێم، چونکە پیاوان مەجال و حەپولکیان نەدەدا. بەلایانەوە نەنگی و سوکایەتی بوو گەر گوێ لە ئافرەتێ بگریت و پیاو هەموو هونەرەکانی زاڵبوونی دەزانی، دەیانزانی گەر ئیسلامە حەیاتەکە و جەهل نەبێت، هیچ ئافرەتێک لغاو ناکرێت و ئیتر پیاو ناچار دەبێت خۆی چێشت بۆ خۆی لێبنێت و منداڵ بەخێوبکاو ببێت بە نیوە ژن.

زۆرم بینی، زۆرم هاورێ و ناسیاوی جاران بینی و چووم بۆلای ئەو خزمانەشم کە دور و نزیک فریایان کەوتم. کوڕەکانی خاڵیشمم بینی، سەردارو فەرهاد و نەوە شەل- و بیری یەکێ لە کوڕەکانی خاڵمم دەکرد کە نەمبینی.. کە بێستوون ی ناوە و مرۆڤێکی هێندە پیاوو خاوەن قسەو هەڵوێستە، نەبێتەوە.. بەداخەوە، کە هیوای پورم بینی، زۆر غەمم لەو خوارد.. غەمم لە مام و ئامۆژن و هەژاری و ڕەش و ڕووتیی زۆربەی خزمەکانم خوارد، عیرفان و دلێری ئامۆزام زۆر داکەوتبوو شانیان لە ژێر کاری زۆر و مووچەی کەما!

گەرچی وادەم بە فەرهادی خاڵۆزام دا کە کۆببینەوە و پێکەوە دانیشین، بەڵام بۆمان نەلوا و بوو بە خەم لە دڵما.

هەستم دەکرد ئەگەر بێت و سلێمانی ئاوا بڕوات، پێویستمان بە هیچ دوژمنێک نابێت داگیرمان بکات، چونکە داگیر کرابووین.

بەر لە گەڕانەوەم کۆمەڵی هەوڵم دا تا لە جێگەیەک جێگەم بێتەوە و باسی پرۆژەکەشم بۆ کەناڵی نالیا کرد و ئەوانیش هێشتا جوابیان نەداوەمەتەوە. سەرم کرد بە کۆشی گەلی کوردوستان و هێرۆخان و سامان گەرمیانی و محەمەد مێرگەسوری و بەر لەوەش سەرانی پارتی و یەکێتی و یەکگرتوودا.. کەسیان منیان نەبینی و هەستیان بە من و بە پرۆژەکەم نەکرد. تەنانەت گۆڕانیش لای لێ نەکردمەوە. ئەوانیش باوەڕیان بە سرۆش و نوح و فریشتەکانی نەبوو!

کەمال ڕەئوف، کە سەرپەرستاری ڕۆژنامەی هاولاتی بوو، گاڵتەی بە پرۆژەکەم دەهات و باسی سەگپەرستیی خۆی بۆ من دەکرد و دەیوت: گەر تۆ بڵێی نوحم، دەتکوژن و جیهانیش سەراوژێر دەبێت، بۆیە کەس ناوێرێت خۆی لە قەرەی باسێکی وەها بدات، تۆ چییت و کێیت و دەتوانی چی بگۆڕیت بە هاتنەوەت. نەوەڵا هەر نەیەیتەوە چاترە لەوەی وادارییی پەیامبەریمان بۆ بکەیت و بچیتە بن کلێشەی ژنان و کچان و بەو هۆیەوە شکۆیەک بۆ خۆت پەیدا بکەیت!

خزمەکانیشم، ئافرەتانی تریش گشتیان وایان دەووت، کەس باوەڕی بە دۆزی من نەبوو.. کەس دەربەستی ئازادی و ئایینی کوردو کەلتوری کوردی نەبوو. کەس منی نەبیست.

بۆیە منیش ئێواران، گەرخزم و میوان بیانهێشتایە، دەچووم بۆ لای دایکم، تێر تێر قسەی خۆشم بۆ ئەو دەکرد.. ئەوم نیشانی فریشتە و دانێریش دا.. دایکیشم فریشتەی نەدی، بەڵام منی دەهاتەوە یاد و منی لەبیر دەچۆوە.. زۆر شەکەتم هێنا تا دانی نا بەوەدا کە گەردنم ئازاد دەکات.. چونکە فەرمووی: پیاو نابێ بڕوات و گەل و هۆزی خۆی جێ بهێڵێت و دڵی دایکی خۆی داخ بکات. ئەو لێنەبردوو بوو دەربارەی هەڵوێستی من. ناهەقی نەبوو.. دوای دوانزەیەمین ڕۆژ، گەردنی ئازا کردم دایکم!

نەک تەنها ئەو، بەڵکو گەردن ئازادیم لە هەموو ئەوانەش کرد کە دەمبینین، چونکە هەستم دەکرد دوایین جارە دەمبینن و دەیانبینم. چونکە کۆسپەکان هێندە چڕ بوبوونەوە، کە هەستم دەکرد، ئەمجارەیان تا من دەگەڕێمەوە، دەشێت زۆربەی میللەت نغرۆ بوو بێت! یان من ببم بە قوربانی حەماقەتی هەڵوێست و گەلپەرستیم. چونکە کەس لە پرۆژەی گەڕانەوەی من حاڵی نەدەبوو، کەس پشتگیریی لەوە نەدەکرد کە من لە پێناوی گەیاندنی دەنگی ئەوان بە جیهان، خوازیارم بەپێ هەموو وڵاتانی ئەوروپا تەی بکەم.

چونکە هەستم کرد، خۆشەویستیش دامێنی ئالوودە بووە، هەستم دەکرد درۆ بەسەر هەموو خێزێکدا زاڵە و درۆ وگەندەڵی شار دەڕوخێنێت بەسەر مرۆڤەکانا! هەستم دەکرد، ڕق و دووبەرەکی و تۆڵە و کڵاو نانە سەر و

بوختان و نەخۆشی و درۆ، ملهوڕترین پاڵەوانی گەندەڵین و کەسیش باسیان ناکات.

با، زۆر گەنج باسیان لێوە دەکرد، بژی گەنجان.. کە هەر یەکەیان هێندەی باڵای شارێک زانستی بێگانەو خۆماڵیی پێ بوو. پایەدار بن نەوەی نوێ.. هەستم دەکرد ئومێد لای ئەوان چاوی زیت و ژیر و وریاو چاپووکە. بەڵام هاوکاری و یەکگرتن و باوەڕهێنان سست بوو.

بۆیە ئەگەر زیاتر بڵێم، دەشێت غەدر سەرباری ئەم کتێبە بکەم، بۆیە ڕۆژێ پێش گەڕانەوەم کتێبێک دوان سیانم کڕی.. یەکێ لەوان کتێبەکەی شێرکۆ بێکەس بوو، کە بینیم زۆرم بەلاوە سەیر بوو! چونکە من هێشتا نیشتیمانێکم نەبوو! سەیرم لێدهات کە ئەو لەو تەمەنەدا گەڕاوەتەوە دواوەو کچێک بووە بە نیشتیمانی!

باوەڕم نەدەکرد، چونکە من دیمەن و چاوان و ئەژین و دانێر و شەونمیشم دەناسی و حەزیشم لە ئەڤین ناوێک کردبوو، کە ئەویش حەزی لە ئەوروپا کردبوو ! کەچی کەس خۆشی نەدەویستم. گەرچی کچانی شار زۆر تامەزرۆ بوون ببنە هاوڕێ و هاوگیان،، هیچیان نەیانتوانی منیان خۆش بوێت، بۆیە پێم سەیر بوو کە هەبێت شێرکۆ بێکەسی خۆش بوێت وەک هاودەم و هاو گیان.. لەبەر ئەوە بڕیارم دا کتێبەکەی بکڕم و لەناو فڕۆکەدا بیخوێنمەوانێ.

بەڵێ، ئەو فریشتەیەی کە من هێندە پیرۆز تەماشای شکۆیم دەکرد و خەون و خەیاڵی منی کردبوو بە مەملەکەتی خۆی.. ئەو فریشتەیەی کە سرۆش بەمنی ناسان لە شاری سلێمانی بینیم و باڵی نەبوو، نەیدەتوانی بفڕێت.. خۆی لەلا جوان نەبوو، ئەویش خۆی نەدەبینی و هەردەم دیار نەبوو.. هەردەم ترساوو تۆقیوو شکاو دەستەپاچە لە دەستی پەروەردەی باوک و مێردو خزم و کەس و میللەتا، غەرقی خەیاڵاتێکی ئەفسانەیی بوو! لەبەر ئەوەی دەیویست بە عیشقی من چارەی دەروونی گەل بکات!

دەیویست بە باوەڕی منەوە بژی و چرایەکی ڕووناک بێت لەهەر ماڵێک و لەبەردەمی هەر کەسێکدا! تەنها من هەر من هەستم بەو دەکرد، ئەو پێدەچوو لە هەست و هزری منا بوونی هەبێ، چونکە بۆ هەر جێگەیەکم دەبرد لەگەڵ

خۆم؛ کەس خۆی بەو نەدەناسان و تەوقەیان لەگەڵ نەدەکرد! خەڵکی بە چاوی گومان و شک، بە خراپەکاریان دەزانی و وایان دەزانی تەنها خولقێنراوێکە بۆ هەوەس و لێدان و خاڵیکردنەوەی حەزی پیاو و ماڵ شتن و نان کردن و خزمەتی خەڵک.

تەنانەت فریشتە خۆشی خۆی لێ وون دەبوو کاتێ پێکەوە دەچووین بۆ گەڕان.. ئەو دەشێت ڕاستی نەبوبێت و هزری من داکەوتوو بێت! دەشێت من گومڕا بووبم کە هەستم بە ئامادەیی ئەو دەکرد! خۆ داوەتی چایەکیشی نەکردم لە ترسی مێرد و باوک و خزم و کەسی..ئەو لە هزرو هۆشی منا ئایینێکی نوێ بوو.. باوەڕێکی نوێ بوو.. کەلتورێکی نوێ بوو.. ئەو ئومێدی من و سرۆش بوو، تەنها بە هاوکاریی ئەو دەمتوانی هەموو میللەت بخرۆشێنم، دەمتوانی ببم بە گۆڕانێکی دی، ببم بە نمایندەی نەوەی نوێ.

بەڵام ترس ئەویان قووت دا، بێباوەڕی ئەویان لە دیدەی خەڵکیدا شاردەوانێ..ئەویش کەوتە دژایەتی و بێباوەڕی دەرهەق بە من.. ئەویش فەرمووی: مەحاڵە بتوانی ئەم میللەتە بەرەو گۆڕان بەری.

تەنها لەبەر هۆکاری خۆسەپێنی و بێ باوەڕیی بە من، هەرچییەک کە من بەوم فەرموو بوو نەیگەیاندبووە جێ، لەتاو مەشغەڵەتی ژیانی ڕۆژانەو هەواو هەوەسی خەڵکی.. منی هەر لەبیر نەمابوو،، باوەڕی منیشی هەڕاج کردبوو.. وای دەزانی منم ئەو کەسەی کە یاسای گەندەڵی دەکەم بە پرۆژەی داهاتووی گەل! ئەویش تا بینەقاقای هاتبوو لە بەهەڵەدا چوون و سەرلێشێوانی گەلا-نغرۆ بوبوو، نەیدەزانی بە باڵی کێ دەفڕێ و بە زمانی کێ دەدوێ و منی تێکەڵ دەکرد لەگەڵ بوداو مەسیح و کۆنفۆشیۆس و جولەکە و موسوڵمان و منی نەدەناسییەوانێ!

کاتێکیش کە لەگەڵمدا پیاسەی دەکرد و دەهاتە کۆڵم، دەبوایە نازیم دابا، تا لێم زیز نەبێت.. کەچی باسی ئەو کوڕانەی بۆ نەدەکردم کە خەونی پێوە دەدین و باسی مێردەکەی نیوەناچل بۆ من دەکرد. فریشتە نەبوونی لە هەبوونی ڕاستی تر بوو! فریشتە گۆڕابوو لەبەرچاوم، نە ئینگلیز بوو ئینگلیز بێت! نە نەرویجی بوو نەرویجی بێت! نە کوردی ئێران، نە عێراق نە تورکیاو سوریا، لە کوردی

هیچ وڵاتێک نەدەچوو.. سەری لێشێوا بوو، نەیدەزانیٚ عیشق کەوتۆتە کوێی باوەڕ و ناو چی ئاییینێک و چی گیانێک دەتوانیٚ هەست بە سۆزی دایک و ئافرەت بکات! فریشتە سەری لێشێوا بوو لە ترس و لەعنەتی پیاوسالاری و باوکسالاری و مێردسالاری و ترس سالاری و دێوسالاری!.. ئەویش گەشەی باڵای وەستابوو، دەنا سەری شکۆی دەیدا لە ئەستێرەکان و من زوو زوو بەوم دەگووت: بەرزیت گوڵم، من ئاسمان وەک چاوەکانی تۆ سەوز دەبینم. بەڵام نەکەی.. نەکەی بێنرخ جەستەو باوەڕت بخەیتە بەردەمی ناکەس و مرۆڤی حەز پەرست و دێوی قین و بوختان و نەخۆشی و دەرد.

فریشتە کاتێ لەگەڵ منا دەبوو، زۆر دەگەشایەوە، هەندێکجار هەستی بە ئاسایش دەکرد.. چاو نەترس بوو، خۆی بە خاوەن باوەڕ دەزانی و بوبوو بە گۆپاڵی دەستم و جار ناجاریش ماچێکی پێ دەبەخشیم. بەڵام بیرو هۆشی لە جیهانێکی تر بوو.. خەیاڵی دەڕۆی، وەک بولبوولێکی شوان ونکەرە، دەفڕی و ئەم شوان و شوانی دەبرد بۆ دوور و خەڵکی دەنارده ناو دەشت و لوتکە و باخی ئەڵغامەوە و دەیویست بەتەنها کوردوستان لە گەندەڵی دەرباز بکات! بەڵام بەس من ئەوم دەدی، کەس ئەوی نەدەبینی لەتەک مندا!

سەیرم لێ دەهات، لە شیعرێکا باسی ئەوەی بۆ من کرد کە بە منداڵی بووکە شوشەیەکی بەدەستەوە بووە و لێی کەوتۆتە ناو چاڵە مینەوە. منیش کە شیعرەکەم خوێندەوە، زۆرم بەزەیی بەودا هاتەوە، قۆڵم لێ هەڵکرد و چوومە ناو باخ و کێڵگە و چاڵە مینەوە و بووکە شوشەکەم ڕزگارکردو دامەوە دەستی.. کەچی دەستی نەگرتم لە چاڵەکە بێمە دەرێ و هێشتا چنە کرێمە تا بە هەوڵی خۆم دەرباز بم و بێمە دەرێ! چونکە من عیشقی خۆی و عیشقی بوکە شوشەکەیشی بووم لەو هەوڵەدا!.. ئێستا لەم هەندەرانەوە خوا خوامە شیعرێکی تر بنووسیٚ بۆم و تا بە لوتفی خۆی، بووکە شوشەکەیم بداتیٚ، تا هێندە تەنها و ماخۆلاناوی لەم چاڵەدا گیرۆدە و تەزیو نەبم!.. کەچی ئەو هەر سەرەتاتکێم لێ دەکا و هەر مەسجم بۆ دەنێریٚ و هەر دەڵێ:" ئازیزەکەم، ڕاوەستە.. خۆم دەربازت دەکەم، خۆم دێم، خۆم دەتکەمە کۆڵ.. من ڕۆژانە وەرزشێکی سەخت دەکەم تا بتوانم بێمە هانات و بتکەمە کۆڵم. من باوەڕم پێتە باوکی کورد.. من عیشقی باوەڕەکەی تۆم."

منیش هەر چاوەڕێم و هەر بە ئومێدی ئەو ڕۆژەم، کە دەستی کورد بچێتە ناو دەستی یەک و جیاوازی و دوبەرەکی و شەڕی ڕەنگ و دزی و گەندەڵی نەمێنێ و فریشتە بێتە هانام و دەستم بگرێ و ببێت بە جێژڵ و دارعەسای دەستم.. ئەوسا من لە گوناهەکانی گەل خۆش دەبم و دەکەومە ڕێ.. ئەوسا سەرۆکەکانمان دەبینن چۆن دڵخۆش و شاداب تەماشامان دەکەن و دڵی خۆیان خۆش دەکەن و دەڵێن: ئا ئەمانە کوردن.

بەڵام حەیف.. زۆر حەیف، زۆر هەڵەم لە پیاو بینی.. پیاوی کورد ئافرەت ناچار و ترسۆ و ڕەزیل و سەفیل و سووک دەکەن. هەر بەزۆری زۆرداری ناچاریان دەکەن، ئاو بێنن، نان بکەن، شوبکەن، نۆکەری بکەن، خیانەت بکەن ، درۆ بکەن و بترسن و ڕق هەڵگرن لە هەر شتێک و خۆیان بسوتێنن و بکوژن - شێتیان کردبوون.

پیاو دیکتاتۆرێکی زبر و ژن زۆر لێکراوێکی بەدبەخت بوو، کە نەیدەزانی چی دەکا و چی دەڵێ و باوەڕی بە چی بێت! ئافرەت بوبوو بە ڕقێکی سەخت دژی پیاو و ناهەقیی ئەوان و داگیرکارییان.

ئیتر کە کتێبەکەی شێرکۆ بێکەسم بینی و ناونیشانی کتێبەکەم خوێندەوانێ، دڵم کەمێ خۆشایی و ڕووناکیی تێکەوت. نەمزانی خۆزگەکانی لەگەڵ خۆزگەی لاوێکی بێهودەی کوردا جووت بووە و خۆشەویستێکی خەیاڵی شک دەباو کردوویەتی بە نیشتیمانی خەیاڵ!

کە ئێستا دوا دێڕیم تەواو کردووە و حەز ناکەم بە گلەییەکانی ئەو ڕوو بکەمە نیشتمان و دەسەڵات و مرۆڤی کورد، تا بەشکو بە بۆنەی منەوە، هەندێک دان بە شیعرەکانیا بنێن و ئەو جەوهەرە بخوێننەوە کە تەلیسمی گیانی هەموومان دەبڕێت، کە پێویستە گشتمان لەبەرمان بێت و کار بکەین لە خۆمانا تا ببین بە مرۆڤی ئازاد.. لەبەر ئەوە بە مەرجم زانی بە شێرکۆ بێکەس کۆتایی بە پەیامی مژدە بهێنم و لە دواییدا کەمێ سەرنجی ورد دەرببڕم.

" دیمەنێکی شانۆیی:-ل 191 تاکو لاپەڕەی 288 بخوێنەرەوە و دوایی وەرەوە سەر بەندەکانی ئەم کتێبە.

خوێنەری ئازیز، هاوڕێیانی بەڕێز.. ئێستا من دانیشتووم و لەم نامۆیی هەندەرانەدا، کێچ کەوتۆتە کەوڵم و نازانم کچانی شار- فریشتە و ڕۆزانا و ئەسمەر و فریشتە و هاوژین، چۆن ڕۆژدەکەنەوە لە تاو دەردو ترس و نەسرەوتنی وەناق و قین و ڕق.. لە دەستی ڕژێمی بەعسی پیاوی جەڵلادو هەتک کەرو داوێن پیس!؟ نازانم کچانی شارەکەم ماخۆلانی کێ و چی گرتوونی ئاوا،، کە بەیانیان سەریان بەسەر کورسییەکانیاندا لار دەبێتەوە لە مەکتەب و دەوام. چۆن؟ ئاخر چۆن چاویان دەچێتە خەو؟! کاتێک کە باوک و براو مام و خاڵ و تەنانەت کوڕی دراوسێکانیشیان ئامادەن سومعەیان بدەنە بەر شاڵاوی ڕق و هەر لە خۆڕاو لەسەر هیچ گوناهێکی نەکراو، نیوەشەو هەڵکوتنە سەریان و بیانبەن بێکەسکوژیان کەن لە پەنایەکدا!؟ لەسەر ئەوەی مەلایەکی دەم بۆگەن فاتیحا و ڕەزای خوایەکی قەشمەری بەڕەوا نەبینیوە، لەسەر ئەوەی دوو کەس یەکترییان خۆش ویستووە، و ویستی خوای باوکی لەسەر نەبووە- هەتکیان دەکەن و مەرگ دەکەن بە خەڵاتیان! لەسەر ئەوەی ئابڕوی بونەوەر چووە و حەیای میللەت!

چۆن بتوانم هەناسە بدەم لە ئەنفال و باسی ترسی ئافرەتانی جیهان و کورد نەکەم!؟.. ئاخر ئێستا نازانم فریشتە ی ڕۆزانای من بە زۆر دراوە بەکێ و کێ هەڵدەکوتێتە سەر ناموسی ئێستا!.. نازانم هەناسەم تەنگە و بیری کچانی شاری سلێمانی دەکەم، کە گشتیان کاتێک کە منیان دەبینی شەقامەکانیان پڕ دەکرد لە گوڵی خەندەکانیان بۆ من! ئەوانەی کە فریشتەیان دەبینی و ئێمەیان خۆش دەویست.. خۆ من هێشتا کچە لادێی و ئێرانی و بارزانی و موسڵاویم نەبینیوە!..کچانی سلێمانی، ئەوان هەموو تەماشاو وتەو فەرموودەکانی منیان دەپەرست و بانگیان دەکردم: مامۆستا. منیش وەک نەمام، وەک پیر، وەک باوک و هاوڕێ و هاوگیان و هاوزمان- گوێم لە نەغمەی جریوەیان دەگرت، چۆن بتوانم ناویان نەهێنمە ژێر باس؟.. ئاخر ئەوان کسپەیان لە جگەری منەوە هەڵدەستان، کاتێک کە هەناسەکانیان دێوی ڕقییان لێ دەردەهات، ڕقی پیاوو سەروەریی پیاوو دیکتاتۆرییەتی ئایینی عەرەب و تورک و فارسی موخەننەت.

خۆ ئەگەر ئەو شەڕە بەو شێوەیە بەردەوام بێت لە نێوان پیاوو ژنا لە کوردوستان: کورد قڕی تێدەکەوێت.. شێرپەنجە وتاعون و گەڕی و گەندەڵی نەک هەر ژن، بەڵکو خاک و ئاوو وڵاتیشمان دەگرێتەوە و وەک سەردەمی نەمرودمان لێ بەسەر دێتەوە.. ئاخر ئێوە ئافرەتی کوردتان زۆر تۆقاندووە. بگرە کوڕتان خەساندووە و لە پیاوەتیتان خستوون.

شەرت بێ بێمەوانێ ناوتان. ببم بە پارتی و یەکێتی و گۆڕان و یەکگرتوو ویەهودی و مەسیحیش، شەرتە ببمە زەردەشتیش. ئەی کچان و کوڕانی شارەکەم.. فریشتەکانی خەیاڵی ڕووناکی و هەستی مەزدا.. من دێمەوانێ ناوتان و هەموو جیهانیش دەکەم بە لەشکری خەندەی ئازادی، دەیانکەم بە ئاڵاو پەلکەزێڕینەی سەر سەرم.. ئێوەن تاجی سەری حەزرەتی نوح.. من باوکی هەر هەمووتانم و ئێوەش ڕۆڵەی منن.. من خۆشم دەوێن...

دڵم لە مشتمدایە ئێستا لە هەندەرانم نەک لە کوردوستان...و ئاگری ئاگردانەکەی ناو ماڵ و کۆشکی سێقات- دەشاتێنێ بەسەرما و هار بووە لێم و بانگم دەکاو ئامۆژگاریم دادەداو وا دەزانێ گوێی لێ ناگرم!.. بەڵام من لە زمانی حاڵی، حاڵی دەبم و باش تێدەگەم دەڵێ چی کاتێک کە پزیسک دەهاوێ و تریق و تاق و قرچەی دێت.. باش تێدەگەم پەیامی ئاگر.. باسی دایکمم بۆ دەکا، و ئەوە قرچەی دڵی دایک و نزاو پاڕانەوەی دایکمە وا پەیامم ئاڕاستە دەکات. دەڵێ، نەکەی کوڕم دڵی دایک زۆر گەورەیە و مەیشکێنە، داخی مەکە.

سەیرە! کەس گوێ لەکەس ناگرێ لە کوردوستان،هەر کەسەو خۆی پێشداوەرە دەرهەق بە هەر پەیامێک و هەر ڕایەک. گوێگرین لەوێ هێشتا نەبووە بە کەلتوور!

کەچی من هەموو گیانم بوبوو بە گوێ و بە هەست و نەست هەواڵی جەرگبڕ و ناوی سەرکردەو سەرۆکم دەبیست کە چۆن غەدر لە کچان دەکەن و چییان بەسەر دێنن کاتێک کە هەتکیان دەکەن!.. ئاخر سەرۆک نابێت ڕێگە بدات عەرەب بێت بۆ مەلها لە شاری سلێمانی و کەرکووک و هەولێر و موسڵ و بادینان.. عەرەب بۆی نییە لە خاکی کوردا بمێنێت، تورک و فارسیش با گوێیان لێم بێت: ئێوە بۆتان نییە زیاتر سوکایەتی بە ئایین و ئافرەتی کورد بکەن.. بۆتان نییە ئازادیمان داگیر کەن و بە ویستی خۆتان بمانکوژن و تەعدامان لێبکەن. بەسە ئیتر.. چونکە ئافرەت نیشانەی ئازادییە لە ئایینی منا و دەبێ ڕێز لە شکۆیان بگرن. کاتی ئەوەش هاتووە ئافرەت سەرپشک ژیانی خۆی بەڕێوە بەرێت.. کاتی ئەوە هاتووە کە ئافرەت مافی خۆی بە دەستی خۆی داڕێژێت.

********

دانیشتووم بیر لە هەموو ئافرەتێک دەکەمەوە.. لە یەک دانەی تریش کە تا بڵێی جوانە.. ناوی نابەم، تا کەس نەزانێ کێیەو من چەندەم خۆش دەوێ.. چونکە

ساڵێکیان، کە لاو بووم، عیشقی بووم.. ساڵ هەشتاکان بوو.. ڕۆژێکیان، بابایەک بانگی کردم بۆ کافیتێریایەکی بەرامبەر فلکەی سجن.. پێی وتم: من ناوم بەهێزە.. تۆ دەبێ دەست لە خۆشەویستەکەت هەڵگریت بۆ من.. دەنا ئێمە پیاوی زۆرمان هەیە و گەر ناچارمان بکەیت؛ دەتکوژین!..

من زۆرم پێناخۆش بوو، لە وەڵاما بەوم فەرموو: قوربان..ئەگەر تۆ خۆشەویستی ئەو بیت، بێگومان خۆشەویستی گیان و هاوڕێی منیشیت! بەڵام ئەو باسی تۆی بۆ من نەکردووە! نازانم، بەڵام ئەوا لە زمانی تووە، دەزانم کە منی ناوێت.. من لە هیچ هێزێک سڵ ناکەمەوە، کاتێک کە لە عیشقم دەدوێم.. ئەگەر ئەو ئافرەتەی کە منی خۆش ناوێ و تۆ پەسەند دەکات بە مێردو خۆشەویستی خۆی؛ من هیچ ڕێگرییەکم لەو نییە و لە تۆش ناترسم. بەڵام کاتێ کە ئەو تۆی لە من زیاتر خۆش دەوێ؛ من کەسێک نیم کە شایستەی ئەو بم. لە ڕوی ڕێزم بۆ عیشق و خۆشەویستیی نێوانمان، من ڕێز لە تۆ دەگرم.. من لەمپەر نیم و ئێوەش ئازادن. کەواتە پیرۆزی بەرێزتان بێت. من کارێکم پێتانەوە نییەو گەر داوەتیشم بکەن، دەشێت بێم بۆ زەماوەندەکەتان.

من ناتوانم بەزۆر کچێک داگیر بکەم و ناچاری بکەم تا بە زۆر منی خۆش بوێ.. چونکە ئەوە پیشە و کاری دێوە، گەر نازانیت! سوپاس بۆ ئەو کاتانەش کە ئەو منی تیا خۆش ویستبوو.. لەمەودوا نوێژ بۆ ئەو کاتانە دەکەم کە ئەوم تیا خۆش ویستبوو، یان ئەو منی تیا خۆش ویستبوو. ئەم چیرۆکە ڕاستە...

لەو ڕۆژەوە، بێئۆقرە هەر ڕۆژەو دەیان و سەدان کچ و فریشتەم خۆش دەوێ و ڕۆژی حەز لە سەدان فریشتەی تریش دەکەم؛ لەتاو دەردی دووریی ئەو.. هێندە عاشقی ئەو کچە بووم، نەبێتەوە.. ئیتر لەتاوا، لەو سەعاتەوە، کە زانیم ئەو منی ناوێت.. هەرچییەک دەبینم و هەرچییەک دەنووسم و هەرچییەک دەڵێم؛ هێشتا نەگەیشتووم بە باسی جوانیی ئەوو لەم بەستەڵەکەدا مافی ئەوەم نییە وێنەی جوان و جوانی وجوانەکانیان بکێشم!.. دانیشتووم و سمێڵ و ڕیشی خۆم بە تۆپەڵ دەنێمە ژێر دان و قرت قرت تاڵە مووی سپیی ڕیشم دەکرۆژم و گوێ لە ئامۆژگارییەکی ئاگری پیر دەگرم؛ واتە قرچەی جەرگی دایک.

چونکە ئەوەی ڕاستی بێت، ئەمجارەیان توانیم دڵی دایکم، گیانی ئەو لە خۆم بە ویژدانێکی پاکەوە، بە ئامانەت بەرمەوە بۆ لای خوا.. دایکم گەردنی ئازاد کردم.

دایکم هێندە پاکژ و ڕووناک بوبووەوە، لە عیشقیا لەنگەری گرتبوو ، لە عیشقا لەنگەری گرتبوو، دەتگوت کۆترە شینکەیە و تەزبیحێکی مۆری سەد دەنکیی لە گەردنی خۆی نابوو.. پرچی خۆی بۆخۆی سەرپۆشێکی زۆر سپی و ڕووناک بوو.. تەنها ئەوانە پێی دەگەن کە پاکژن لە عیشقا. دایکم حەزی لە پیاوێکی پیری نانەوردەکڕی پیر کردبوو، کە هەندێجار، بەناوی خێرەوە، دەگەڕاو لە کۆڵانەکانی شاردا بە کەرێکەوە، نانە وردەی دەکڕی.. خەڵکی نەیان دەدی، دەیانگووت گوایە، کە لێرەوە دەڕوا، تەنها دایکم بەو گوێ سووکەڵانەی دەنگی ئەوی دەبیست و زەڕڕەی خۆشی کەرەکەیشی دەبیست.

دایکم حەزی لەو پیاوە کردبوو، چونکە بێوەژن و بێچەتری سەر بوو دوای شووی دووەم و مردنی حاجیی باوەپیارەم. دەیگووت، دە توخوا ئەگەر ئەمجارە هاتەوە، پێی بڵێن با بمهێنێت و سواری ئەو کەرەم بکات و تۆزێ ناوبازاڕ و خەڵک و خوام نیشان بدات.. زۆرم حەز لە گەڕانێکە. پێی بڵێن با گەڕانێک بەناو شارا بکەم، بەر لەوەی بمرم!.. بەڵێ، دایکم عیشقی خدرە پیری نانەوردەکڕ بوبوو.. زۆر خۆش باسی ئەوی بۆ من دەکرد.. کە دەبێ بمبوورن، باسەکانی سەد دەنک بوون بە ئەژماردی تەسبیحەکەی. هەر هێندەی چنگێکی مابووەوە و دەتگووت کۆترەشینکەیە.. خەریک بوو لە قاقاکانیدا گیانی دەردەچوو لە خۆشیدا ، کاتێک باسی بەهەشت و جەهەننەم و خواو ئاسمان و فریشتە وکچ و ژن و پەری و حۆری ئافرەت و خواوەندی دایکی بۆم دەکرد. پێی وتم: نابێ جارێ باسیان بکەیت بۆ میللەتەکەت، چونکە تۆ هێشتا لە دڵ و نیازەکانی خەڵک نەگەیشتووی.. ئەو باسانە بکە بە دیاری و بیکەرە ملی منداڵانی نەوەی نوێ.

دایکم هێندە جوان بوو، نەبێتەوە.. ئێوارەیەکیان بە دزییەوە سەرم بردە ژوورەوە، چوم لەپاڵیا ڕاکشام و سەریم خستە سەر باسکی خۆم و کەوتینە قسە کردن. باسی خەمی خوامان دەکرد.. دایکم فەرمووی، خوا دۆزەخی بۆ جەهەننەمی کەستان دانەناوە.. خوا چی لە من بکات!؟ خۆ من هیچم بە بەرەوە نەماوە و خوا چۆن دەستی دەچێتە من و کەی دەپەرژێتە سەر من!

جەهەننەم ئەم ژیانە و قەبری خۆتە. قوڕ بەسەر ئەوەی پشتی کردە ئایینی باپیران و پەیامبەرانی خۆی. قوڕ بەسەر ئەوەی بێ دڵی دایکی خۆی کرد و دایکی ڕسواکرد لەناوتانا.. ئەو میللەتەی نەچێتەوە سەر ئایینی ڕاستەقینەی خۆی، دادەتەپێت، گوی تێ دەبێت و دەفەوتێت و ئاو بێنە و دەست بشۆ.

دایکم.. لە عیشقی خۆیدا، هەر خەریکی خەو بوو، قاچەکانی خۆی توند گیراندبوو لە سنگی، سەر جێگاکەی لێ گۆڕابوو بە هێلانە.. هەروەکوو کۆترەشینکە هەڵدەنیشت و ڕیقنەشی دەکرد و کۆترە باریکەی براژنم (پەروین) هێلانەکەی بۆ پاک دەکردەوە.

دایکم دەیویست ئەمجارەیان خۆی بچێتە داوای خدری پیر، دەیگووت: گەر ئەمجارەیان لێرەوە بڕوا، هەڵدەفڕمە سەر شان و کورتانی کەرەکەی. ئیتر بەجێتان دەهێڵم و دەبم بە کۆتر..خدریش دەکەم بە چەتری سەرم.. چونکە من عاشقم لەم تەمەنەمداو عاشق خۆی بڕیار دەدات گیانی خۆی دەگەیەنێت بە کوێ و بە چی گیانلەبەرو فریشتەیەک.

دایک هێندە پیرۆزە، نەبێتەوە.. دایکەکانتان کە پیر دەبن، دەبێ حەوت ماڵی لای چەپ و حەوتی لای ڕاست، بێن و خزمەتی بکەن.. جا خوای دەکرد پیاوی قەرەج و ژنی قەرەج ودۆمیش دەبوو.. دەبێ پیرەکانتان پاک و پۆشتەو بەڕێز خزمەت بکرێن.

باسی عیشقی دایکمم بۆ تەواو ناکرێت.. ئەو ئێوارەیە کە ئاوا پێکەوە سەرمان نابوو بە سەری یەکەوە.. سازانی خوشکم و شێخ صدیق ی مێردی هاتن بە میوانیمان.. هاتنە ژورەکەی دایکم و منیان بینی تازە لە باوەشی ئەو هاتبوومە دەرێ.. دانیشتبووم نوێژم بۆ شکۆی دایکم دەکرد،، تێر تێر وێنەیم لە یادی خۆما گرت و کەمێ بیرم لە کردەوە جوانەکانی کردەوە.. هەرچۆنێک بیرم لێ دەکردەوە، لە شکۆی تێنەدەگەیشتم، هێندە بێخەوش دەهاتە بەر چاو.. ئێستاش نەیزانی سێ و دوو دەکاتە چەند و دینارێک چەن ڕوبع و پەنجاییە!.. ناوی مناڵەکانی بیر نەبوو.. بەڵام کە دەنگیانی دەبیست، دەیناسینەوە. دەیزانی کێ کێیە.

لەو کاتەدا کە ئەوان هاتنە ژورێ، من نوێژم دەکرد بۆ شکۆی دایکی پیرم.. هەستام بەخێرهاتنی ئەوانم کرد، چونکە هاتنی میوانیش بەشێکە لە نوێژ، پیاو دەبێ نوێژ ببڕێت کاتێ کە میوان دێت، ئەمە لە هزرو باوەڕی منا.

هەر کە یا شێخ ویستی دەم بکاتەوە، وبە فەزیلەت ئامۆژگاریم بکاو بڵێت: بۆ نوێژ ناکەیت؟

من بەوم فەرموو: تۆ دایکم دەبینی ؟ ئایا تۆ شکۆی هێندە پیرۆزت دیوە؟ بڕوانە هەیکەلی خوا چیی دروست دەکات! چۆن خۆیمان نیشان دەدات لە لاوازی و بەهێزیدا! ئاخر خۆ تۆ شاهیدی خوایت، ئەم ئافرەتە هێندە بچکۆلە

بوو بەر لە پێنج ساڵ؟ ئاخر چی خوایەک دڵی دێنێ مرۆڤێکی ئاوا کەنەفتی ناو جێگا لەسەر ئەوە سزا بدات کە نوێژی نەکردووە؟! ئاخر خوا وەک ئێوە قاسی نییە یا شێخ، باوەڕ ناکەم دایکم بچێتە جەهەننەم لەسەر ئەوەی سەری خۆی ڕووتکردووە و حەزیشی لە چەن پیاوێک کردووە و دووشوی کردووە! خۆ مرۆڤ، ئافرەت شکۆی هێندەی شکۆی خوایە.. لای من ئا ئەمە تەلیسمی خوایە.. چونکە خوا نایەتەوە ناومان و دانابەزێت و سزای کەس نادات لە قیامەت و قیامەت ئا ئەم ژیانەیە و کردارەکانت. قیامەت و جەههەنەم قەبرە؛ نەک سزا. قەبر سزای مرۆڤ ئەدات نەک خوا.

تا دڵی دایک لەسەر ئەم زەوییە بە زۆر بسوتێت.. تا دایک دڵی داخ بکرێت، تا دایک بترسێنن بە هەڕەشەو ئاگری قوورەت.. خوا لێمان خۆش نابێ.. ئاخر چی خوایەک سزای دایکم بە ڕەوا دەزانێت؟! ئائەمە من و نۆ منداڵی تری گۆشکردووە و زایاندووە.. ئیتر خوا سزای چی بدات گەر پاداشتی هەموو باشەکانی نەداتەوە؟! خۆ دایکی من کەسی نەکوشتووە و بێگوناهی وەک ئەم بوونی نییە لەسەر زەوی.. هیچ خوایەک لە کردەوە و گوناحی ئەو پیاوانە خۆش نابێت کە زمان و دەست و سەری نەوەی کورد دەبڕن و هیچ پەیامبەرێک ئەو میللەتە ناگرێتە خۆی کە خوێنی کورد و میللەتی منیان ڕشت.. خوا ڕقی هەستاوە لێتان، یا شێخ، خواەند عەرەب نییە، فارس و تورک نییە و شمشێری جیهادی نەداوەتە دەستی کەس.

ئا ئەمە حەج و نوێژ و زەکات و ڕۆژوو سەرفترەی منە گەر نازانیت! بۆیە ئەمە ئامۆژگارییە و فێر بە، خوا خەلیفی هەیە لە ناوماندا و دایک.. ڕاسپێردراوی ئایینەکانی هەموو جیهانە،، دایک دەبێ سەرکەوێ و ئەم دایکەی من، ئەو نیشتمانەیە کە شێرکۆ بێکەس نایبینێت و چاوی پیایا هەڵنایەت. نیشتمان پیاو نییە. جاسووس نییە.. شەقاوە و دزو چەتەو پیاوکوژ نییە وەک کاک شێرکۆ بێکەس باسی دەکات. نیشتمان قرچەی جەرگی دایکی ئەنفالە، هەستی ئافرەتانی تەنهای ئەنفالە نیشتمانی ئێستای من .ئەبێ خوا چۆن بێت یا شێخ؟ تۆ بڵێی خوا شێخ نەبێت؟ پیر نەبێت! شاعیر نەبێت؟ ئەی ئەبێ خوا چی بێت؟ ئەی ئێوە نالێن خوا هەموو شتێکە قوربان!؟ ئەی بۆ پێتان ناخۆشە گەر بڵێم: خوا زاناو عەلیم و حەکیم و ڕەفیع و نەفیعیشە؟ بۆ بە کافرو موشریکم دەزانن!؟

یا شێخ بە زویرییەوە دەستی بە ڕیشی خۆیا هێناو فەرمووی، یاڕەببی تۆببە بمانپارێزە لە شەڕی شەیتان. ئەوە خوا نییە، دایکتە و خوا شاعیر و ڕەسام و

سەماکەر و مۆسیقا و لۆتی نییە؛ خوا نە جوانە و نە تەڕەماشیش.. من کوا شتی وام وتووە، بابە گەر وا بێت ئەوا خوا لە ئێوە شێت ترە. منیش تەماشای شێخ و چاوەکانیم کردو بەوم فەرموو: خوا شێتیشە گەر بێت و تۆ فێری ئەوە بکات، کە واداری ئەوە بکەیت، گوایە حەزت لە هونەر و گۆرانی و سەماو تەماشای شتی جوان نییە.

فەرمووم؛ ئائەم دایکەی من دەستکردی خوایە؟ بە ڕاستی خوا نابێت لەمە سەیرتر دروست بکات؟ ئەی نابینی؟ دایک دەستکردی خوایە؟ خوا ئاوا لاواز و بچکۆلە و سەیر خۆی دەنوێنێ!..جا بەمن مەڵێن گومڕا گەر پێتان بڵێم: ئەو کاتەی ئێوە وەژوور کەوتن، من نوێژم بۆ خواوەندی دایک دەکرد. لەبەر خاتری دیدەنی و میوانیی ئێوە نوێژی خۆم بڕی. مەڵێن سەربەست کە خۆی لێبووە بە نوح نوێژکەرنییە. من ئاوا نوێژی خۆم دەکەم.. من دایکی خۆم، دایکی کەلتوور.. دایکی جوانی و هونەر، دایکی عیشق پیرۆز دەکەم و لە نوێژەکانمدا تەنها دادەنیشم، تەماشای شکۆی ئەوان دەکەم.

ئەی نابینی دایکم بووە بە کۆترە شینکە؟ ئەی ئەمە پەرجوو نییە؟ ئافرەت سومعە و هەیبەتی خوایە.. چونکە بوونەوەریش لە ڕەحمی ئەو زاوە؟! ئەی خوا زیللەت و پیری و مەرگ و نەخۆشیشی دروست نەکردووە بە مەفهومی ئێوە؟ بڕوانن!.. خوای ئێوە تەنها سزای مرۆڤی سەپاندووە بەسەرتاندا.. ئێوە بوون بە عەبدی ترسنۆک و سڵ لە هەموو شتێک دەکەنەوە و ناوێرن باسی ئایینەکانی تر بکەن.. مەلاکانتان گاڵتە بە گەنجان و ئافرەتی کورد دەکەن.. ئێوە شەڕ لە بری چاکەو خێر زۆر دەکەن. ئێوە بە ئایین میللەتی کورد بەرەو داتەپین دەبەن. بمبوورن.. ئێوە مرۆڤ دەکەن بە دوژمن، نەک بە دۆست.

خوشکەکەم وتی، زیا مەڕۆ، وا نییە، خوا یەکە و ژنیش نییە و ڕەگەزی نییە و ناخواو نانوێ و هیچی لێ بەدی نایەت؟

فەرمووم: ئەی کێ شەیتانەکان و مەلائیکەتەکانی دروست کرد بەر لە ئادەم و حەوا؟.. دەزانم، لەم یەلید وە لەم یوولەد، هەڵەیە.. خوا دروستکەر و زاینەری فریشتە و شەیتانە لە ئایینی منا شەڕ و شەیتان لە دەستکردی خوا نین و خواوەندی من شەیتانی نەخستۆتەوە و نە زایاندووە و دانەهێناوە.. بەڵام ئایینی ئێوە دەڵێ، خوا شەیتانی دروستکردووە و ئیبلیس یەکەم فریشتەو خۆشەویستی خوا بوو.. خواش فریشتەی یەکەمی خۆی بە لەعنەت کرد.. کەچی ئێوە ڕێگە نادەن ژنەکانتان لە پیاوی یەکەمیان پاشگەز ببنەوە! دەشڵێن خوا هەڵە ناکات!

بۆیە دەبێ ڕێز لە یەزیدییەکانیش بگرن، بەوەی بەزەییان بە خۆشەویستی خواشدا دێتەوە... بەڵام خواوەندی من، یەک زەڕڕە دزێویی لێ ناوەشێتەوە و تەنها سروشتی جوان و مرۆڤی جوان و ئاکاری جوانی داهێناوە و زایاندووە و دادەهێنێت.

خوشکەکەم نەیزانی بڵێ چی.. بە ئامۆژگارییەکی تۆقێنەری توندڕەوانەی ئیسلامی بە منی ووت: ئاخر گەر تۆ شیرک بۆ خوا پەیدا بکەیت، دەتکوژن.. لەسەر پەیامبەریش هەر زمانت دەبڕن و سەریشت هەڵدەکەنن.

فەرمووم: بەڕاستی میللەتی کورد هەر هەموویان پەیامبەرن و نەوەی نوحن، نەوەی زەردەشت و ئیبراهیمن.. کەس بۆی نییە لەوە زیاتر سەریان ببڕێ و زمان و دەستیان بقرتێنن.. بەسە.. بەسە ئیتر کەس بۆی نییە چاوترسێنم بکات.. کەس بۆی نییە کورد کوژی بکات چیی تر.

وتی: ئاخر باوکی من خوا جووت و ژن و کۆ نییە.. تۆ باسی چی ئایینێک دەکەیت؟

فەرمووم: خوشکە بەڕێزەکەم، کەس بۆی نییە سنور بۆ دەسەڵاتی خوا دابنێت، خوا خۆی دەتوانێ زۆری و کەمی و لاوازی و دەسەڵاتی خۆی نیشان بدات.. ئێمە ناتوانین خوا سنوردار بکەین! من نیم، ئێوەن ئەو کارە دەکەن، ئێوەن نایەڵن خوا لە شوێنی خۆی فزرە بکات، ئێوەن دەڵێی خۆتان خواتان دروست کردووە و چۆنتان بوێت ئاوا ترس دەکەن بە کەلتوور و باوەڕ و ئایین و بەسەرمانا دەیسەپێنن.. من نیم ئێوەن خواتان کردووە بە جەهەنەم و بەهەشتێکی پۆخڵ و گەندەڵ.

ئایینی من سەری کەس ناپەڕێنێت و خوای هیچ ئایینێک دژایەتی ناکات.. من قورئان دەنێمە سەر سەرم، بەڵام ئایینی من نییە و ئایینی گەلی عەرەبە. کورد عەرەب نییە و خواش غەزەبی ئەوەی لێتان گرتووە کە ئەو ئایینە دەپەرستن نەک خوا.. ئێوە عەرەب پەرستی و تورک و فارس پەرستێتی فێری میللەتی نوح و زەردەشت دەکەن. واز بێنن.

شێخ قسەکانی پێ بڕیین.. ووتی بەخوا تۆش سەری خۆت دادەنێیت؟ فەرمووم: من سەرم لە ڕێی ئایینی پیرۆزا پێشکەش بە شمشێری ڕقتان بێت. گەر دەوێرن. من لە خۆم خۆش بووم. ئەو شەوە پیرۆزترین شەو بوو کە لەگەڵ دایکمدا دانیشتم و تەزبیحە مۆرەکەی کردە ملم و گەردنیشی ئازا کردم..

فەرمووی: کوڕم ئاخر تۆ ڕۆیشتی، بەجێت هێشتمەوە.. ئاخر بیرم دەکردی، بەخێر بێیتەوە، گەردنت ئازا بێت کوڕم، من هیچم نییە.

بمبوورن لە هەندێ چیرۆکا ناوقەد بڕ دەبم بە باسی دایکم.. خۆ ئەگەر بێت و وا نەکەم، ئێوە نایخوێننەوە.. بەس باسی خۆشەویستەکەمتانم بۆ تەواو دەکەم.. دەزانم شتم لەبیر ناچێتەوە..حەز دەکەن ناوەکەیشیتان پێ بڵێم؟ ناوی تریفە بوو.. تریفەی مانگە شەو، شا جوانی پەیمانگای هونەرەجوانەکان و شاری کۆیە. ئەو زۆر ڕووناک و پاکژ و شەرمن و جوان بوو.. لای من ئەو هێندە جوان بوو، نەبێتەوە.. زۆرم خۆش دەویست، زۆر زۆر.. تا ئێستاش،، هەر خواخوامە نەیبینمەوە.. چونکە شکۆی هێندە بەرز بوو، شانی دەیدا لە ئاسمانی حەوتەم.. من ئەوم دەپەرست، درۆ نەبێت، ئێستاش خۆشم دەوێت.. بەس حەزناکەم جارێکی تر بیبینمەوە.. چونکە دەشێت، بەوە داتەپم، هەرەس بێنم لە خۆشیدا، دەترسم کە کڕنووشم بۆ برد، ئیترنەتوانم ڕاست ببمەوەو لەشم لە شەرما هەڵوەرێت و وردوخاش بێت پەیکەری گیانم. توخوا کامتان هێندەی من خۆشەویستی خۆتان ئاوا خۆش ناوێت؟

ئێستاش هەست دەکەم بیری دایکم و بیری چاوی کچانی شار دەکەم، بیری خودی ئەو.. ئەو کچەی کە باسم کرد و نەموێرا ناوی بێنم، واتە تریفەی خۆشەویست!

وتم نەکا مێردەکەی دەستی بڕوا لە خاریج و لەم هەندەرانە هەڵکوتێتە سەرم و خۆم و ماڵ و منالێشم سەر ببڕێ! ترسام!.. بەڵام دەوێرم بڵێم هەست دەکەم من شارەکەی ئەو کچەم وەکوو باخچە لە گیانمدا گۆش کردووە.. وای بۆ دەچم، لێرەش بە دواوە هەر لە عیشقی ئەودا تەماشای ئەو ئافرەتانە بکەم کە پلە بەرز و خوێندکار و خاوەن بەرنامەن. کە باوەڕیان بە زانستە و ژینگە پارێز و ڕاستگۆن کاتێ کە دەبن بە دایک.

لەمەودوا ترسنۆک ناژیم..لەو پیاوانەش سڵ ناکەمەوە کە نایەڵن ببم بە هاوڕێ و هاوباوەڕ و هاوئایینی ژن و کچ و خزمەکانیان. کە نایەڵن ئافرەت پاشگەز بێتەوانێ لە هەڵەکانی خۆی و بەزۆر بەلاڕێیاندا دەبەن.

ئێوە نازانن.. کاتێک کە ئافرەت دەبێت بە دایک، ئەوان مەرتەبەی پیرۆزیان دەگات بە کەماڵ.. بە جوانی، چونکە جگەرگۆشەکانی خۆیان دەبینن.

ئیتر باسی هەر تەرزێک، هەر تەماشایەک، هەر هەستێکی خۆمتان بۆ بکەم، عیشقی ئەو خاتوونە و ئێوەی لێ دەتکێت، وا نەزانن کە من ئێوەم بیر چۆتەوە،

نا.. بە پێچەوانەوە.. من لە عیشقی ئێوەدا بووم بە پیری موغان.. بە دەروێش، بە فەقیر.. بە ئیلیاس، بە نوح.. بە زەردەشتی مەزن .. کچەکانم، من هێشتا نەخڵەفاوم.. بەڵام توخوا مەهێڵن خوشکە بچکۆلەکەم سووک تەماشای شکۆم بکات! ئاخر من شایانی ئەوەم خوشکی گیانیی خۆم ئامۆژگاری بکەم.

بەڕێزان، ئەمە مژدەی ئازادی و پەیامی پیرۆزی و هەستی جوانیی منی وێنەکێش و نووسەری ئەم کتێبە پیرۆزانەیە.. هیوادارم بێنە سەر ڕێم.. یان ڕێگە بدەن تا فریشتەکانی شار بێن بە دواما و دەستێ بدەنە باڵم.. چونکە دەشێت گەر نەتوانم ڕا بم و بێمەوە ناوتان.. هاوسەرەکەم، حەزرەتی سارا بمکات بە گاڵتەچیی خۆی و بڵێت: زانیم تۆ هی ئەوە نییت سەفەر بکەیت و بە پێ بگەڕێیتەوە بۆ کوردوستان، تۆ درۆزنیت!

ڕۆژێکیان باسی خەوێکی بچکۆلەم بۆ حەزرەتی سارا باس کرد.. کە شەوەکەی بینیبووم بە مەرگەوە.. بەڵێ، بۆ ئەوم گێڕایەوە ئەم خەونەی لێرەدا باسی دەکەم بۆتان: لە خەوما نوستبووم.. کابرایەکی ڕەشپۆش و ڕیشن هاتە سەر بەستەرم و ، بێداری کردمەوە ولەگەڵ منی نوستوودا کەوتە دوان. من لەبەری هەڵنەسام، چونکە کت و مت لە خۆم دەچوو، وامدەزانی لە خەوام و خەوم بە خۆمەوە دیوە.. بەڵام مەرگ قیناعی خۆمی پۆشیبوو!.. ووتی من ناوم مەرگە، و هاتووم باسی قەبرو جەهەننەمت بۆ بکەم. منیش هێشتا لەسەر جێگەی نوستن بووم، وام دەزانی گوێ لە خۆم دەگرم و تەماشای کەرامەتی خۆم دەکەم! نە دەترسام و هەستم دەکرد لە بوعدی سێیەم وچوارەما لەنگەرم گرتبوو لە خەوەکەما.

مەرگ ووتی: ئامادەیت؟ حەز دەکەی باسی جەهەننەم و قەبرو قیامەتت بۆ بکەم؟ فەرمووم: دەزانم، بەڵام پێم خۆشە لە تۆشی ببیستم.

مەرگ قەمەیەکی مەزنی دەرهێناو دەستی کرد بە پارچە پارچە کردنی لەشم لەسەر جێگە و بەستەرم، کە نەمزانی مێزی قەمەی قەسانخانەیەک بوو! بەدیار چاوی خۆمەوە کەوتە وێزەی لەشم و بە قەمەکەی دەستی، هەر لە نووکی پێمەوە، تا تەوقی سەرمی کوت کووت و پارچە پارچە کرد وەک قەسابێکی هەزەلی و قسە خۆش فڕێی دەدامە ناو قەبرێکەوە کە چاڵێکی تاریک بوو و سەگێکی سێسەریش لەولاوە ئەو ئێسکانەی دەکرۆشت، کە مەرگ بۆی فڕێ دەدا.. مەرگ خۆش خۆش گۆرانیی بۆ گیانم دەگووت و دەیووت، بڕوانە لە قەبرا چۆن کرم و جرج و جانەوەر پارچە پارچە لە گۆشتت دەخۆن.. دەبینی چی ڕەزالەتێکت بەسەردا دێ لە قەبرا!؟ مرۆڤ دەبێت بەوەی کە دەیخوا و

دەیڵێت و دەیکات. وا نەزانی خوا هیچ ئیش و کاری نییە و بەتەنگ کردەوەکانی تۆوە دێ و جەهەننەمی بۆ داخستوویت! خۆش باوەڕ نەبیت.

منیش بە مەرگم فەرموو: دەمخۆش.. جا لەوێدا مرۆڤ ببێت بە هەرچییەک، دەبێتەوە بەوەی کە کردی.. جا هێشتا گیانێک لەوێدا ماوە و دەتوانێ ببێتەوە بەوەی کە کردی.

فەرمووم: مەبەستت لە گیانی منە؟ مەرگ بە حەپەساوییەوە ڕاچەنی و لە خۆوە دەستی برد بۆ دانی خۆی و هەر چوار پەنجەکانی خۆی کرۆشت، و فەرمووی: بۆ تۆ هێشتا ماوی؟ نەمردووی؟ فەرمووم نا، چونکە من لە خەوام و لە خەویشدا مرۆڤ هەمیشە دەژی و دەتوانێ بگات و ببێت بە مەرگی خۆشی، جا گەر کوت کوتیشی بکەن، گیانی هەر لە ئازادیدا دەژی و ئازاد و نەمر دەمێنێتەوە. گەر نازانی!

کاتێک ئەم چیرۆکەم بۆ حەزرەتی سارا گێڕایەوە، ترسا.. هات بە گژما.. وتی باشە تۆ چۆنچۆنی خەوی وا ناشرین و پەست دەبینیت! زۆریش لێی پاڕامەوە تا بیکات بە ئەترۆحە.. چونکە ئەو هیچ دەربارەی ئایین و تیۆلۆژی نازانێت و دەیەوێت ببێت بە مامۆستا! منیش هەرچییەک بەو بڵێم، هەڵەیە و ئەو نایبیستێت، خواش جووتێ گوێی گەورەی بەخشیوە بەو، کەچی منی پێ نابیستێت!

بۆیە داوا لە ئێوەی لاوانی کورد دەکەم، بانگەوازێکم بە زمانی شارەکەم ئاراستە بکەن، گشتتان پێکەوە بانگم کەن و پێم بڵێن چۆن چۆنی بێمەوە ناوتان؟!!.. بەپێ بگەڕێمەوە یان بە فرۆکە؟ بڕیار بەن خۆتان..چۆن بگەڕێمەوە ناوتان؟

ڕۆژی سەدجار.. بیست و حەوت ساڵە کۆڵم لە پشت ناوە و ڕۆژی سەدان و هەزاران سەفەر دەکەم لە بەهەشت و جەهەهنەمی جیهان و کوردا و شەو نییە، ڕۆژ نییە خەو بە ئازادییەوە نەبینم.

من پەیامی ئازادیم بۆ جیهان هێنا و بانگی ئازادیی خۆمم دا. کەچی هێشتا ئازاد نیم لە ناوتانا و هەست بە ئازادیی فریشتە و گەلەکەم ناکەم!

من گیانی یاساکان دان پیادا دەنێم و بنیاتنەرم، باوەڕم بە دەسەڵاتی فێمێنیزمی کوردە و سارا عومەری کچ و شاعیرم لە فەیسبووک، پێی خۆشە من لەگەڵیا دەدوێم. ئەو دەزانێت کە من لە داب و عورف و نەرێتی یاساکانی جوانی

هونەر تێدەگەم و سەرم لە ڕاستی دەردەچێت.. نەک داگیرکەرو ڕوخێنەر. من وەسیەتیشم لای فریشتە داناوە، کە مێشک و دڵی من پێشکەشی ئەو شاعیرە جوانەیە گەر کوژرام، یان مردم، یان لە کاتێکدا ئەو ویستی! من ئامادەم گیانیشم فیدای ئێوەی ئازیز کردووە و چاوەکانم بدەن بە باخان، گورچیلەم بدەن بە دانێر.. گەدەشم هەر بۆ دادە باخان گیان.. ئیتر چی لە زراوو پەنکریاس و سییە ڕزیوەکانم دەکەن، کەیفی خۆتانە و من گلەییم نییە لەکەس.

من باوکی کوردم گەر شێتیش بم، فەرموون، ئەمە من و تەرمی منیش پێشکەشی لەعنەتی ئێوە بێت. من دەربەست نایەم.. ڕۆژێ زووتر مردن، خۆشتر لەو ژیانەی ئێوە سەپاندووتانە بەسەر میللەتی منا. من بڕیارم لە دەستی ئێوەدایە، خوازیارم لە ڕۆژی بیستویەکی مانگی نەورۆز، ساڵی دووهەزارو دوانزە.. لە شاری سلێمانی یان هەولێر دابەزم.. ئەگەر بادینان یان سۆران بە تەیارەی خۆیان بێن و هەڵمگرن! ئەوا شکۆی نەتەوایەتیمان گۆش دەبێت.

دەنا دەشێت بە پشتیوانیی خواو خۆم یان خەڵکی شارەکەم، بگەمەوە سلێمانی.. پاش ساڵانێکی تر، واتە ئەگەر ڕێگاکان بناسمەوە و پارێزراو بم لە هەڵمەتی سەرماکانی قوتب و گورگ و پیاوکوژ و جەللاد!...

گەر سلوک و باوەڕ و کردەوە و عورف و دابی منتان لا پەسەند نەبوو.. ئەوا دەبێ پشت بکەنە دۆزم و ڕێگەم بدەن تا لە نیشتیمانی خۆما دەمرم.. ئەگەریش کەس بێزی نەهات سوود لە جەرگ و دڵ و مێشک و زراوو سییەکانم ببینێت!.. ئەوا دوایی دەتوانن تەرمەکەم بنێنە ناو گۆزەڵەیەکی سەر داخراو.. لەسەر کوپەڵەکەش بنووسن: ئەمە بەرماوەی تەرمی درۆزنە، کە واداربوو نوح و زەردەشت و ئیبراهیم و عیسایە.. دەیدەین بە دەم ئاوەوە با بڕوات لەگەڵ تۆفانەکەی خۆیداو ئیتر نەیبینینەوە!

وازم لێ بهێنن.. بەڵام بیرتان نەچێت، دەبێ لاشەی من بۆ ماوەی بیست و یەک ڕۆژ لەسەر لوتکەی ئارارات دابنرێت، تا قەل و واشەو هەڵۆ دێن بە میوانیم و شتێ لە گیانی من دەخۆن. ئەوسا بمنێنە ناو کوپەڵە و گۆزەڵە. دەنا دەبێ کوپەڵەیەکی زۆر گەورەم بۆ دروست بکەن و دەشێت کەس مەسرەفی گۆزەڵەیەک نەخاتە ئەستۆی خۆی!

بۆیە تکا لە هاوڕێکانی سەردەمی پەیمانگای هونەرە جوانەکان دەکەم؛ تا ئەرک بکێشن و کوپەڵەیەک بۆ ئێسک و تروسکی منیش دروست بکەن..

دەزانم خۆ گشتتان لەو گۆزەیەوە هەڵقوڵاون، کە خەیامی باوکی پەیامبەریشتانی لێوە داڕژا!

خۆ من هێشتا لەدایک نەبووم و هێشتا نازانم ئازادی تامی چی ئەداو تەمەنی باوانم دەگەڕێتەوە سەر 999 هەزار پێش زایین و 1500 سالیشە ئێمە سەر دەبڕن و داگیرمان دەکەن و دەمانترسێنن. بەسە، وازمان لێ بهێنن.

فەرموون خەڵکەکەم، خۆنیشاندانێ ساز بکەن و لەبەر دەرکی سەراوە بانگم بکەن.. بانگم بکەن و پێم بڵێن، چۆن بگەڕێمەوە؟ بە پێ؟ یان بە فڕۆکەکەی مام جەلال! یان هینی بەرزانی؟ بە پێ یان بە قیتار؟! یان بە کەر و بار؟!.. توخوا دەنگم بۆ بدەن، چونکە بیرتان دەکەم.. با بزانین سەرۆکەکانمان من و ئێوەش دەکەن بە گاڵتەجاڕی جیهان و سوکایەتی بە منیشەوە دەکەن؟

دەی توخوا هەستن و دەنگم بۆ کۆ بکەنەوە.. من چاوەڕوانی هەڵوێست و باوەڕی گەلم، من خوێنی 40.. ملیۆن کورد، گیانی شەش ملیۆن بە ناهەق لەناوبراوانی جیهان و گیانی ئەنفال و زێوە و ناکازاکی و هۆلاکۆست و ڕووەنداو گیانی ملیۆنەها ملیۆن مەسیح و ماریام.

ئێستا من لە هەندەرانم.. دانیشتووم تاک و تەنها.. چاوەڕوانی دەنگی ئێوە و بانگی ئێوەم.. چونکە بانگی من گەیشتە گوێی ئێوە.. ئەمە پاشکۆی پەیامی خواکانە بەشی دووەم.. پەیامی مژدە و گەڕانەوە بوو. پەیامی فریشتەی لە من ون!

ئەو فریشتەیەی کە ئەم کتێبەی دا بە خەیاڵم و ئیتر دیار نەما! منیش نازانم بەچی زمانێ باسی ڕاستی و خەیاڵ و هەبوون و نەبوونی بکەم بۆتان! فریشتەی هاوسەرو خۆشەویستم لە ماڵێکدا نادیار دەژیا، لە سلێمانی هەبوو نەبوو.. کەس لە خوا لەگەورەتر نەبوو، ئەو کچ بوو، ژن بوو.. دیل بوو، هەبوو نەبوو بە پێوەری من و دابی سەدەم، ئەو بۆی نەبوو هەبێت.. چونکە ئەو زادەی خەیاڵی من و پەروەردی دەستی کەلتورێکی نامۆ بوو بە من. من خۆشم دەوێت، دەیبینم و دەیپەرستم هێشتاو هەر بیری لەو دەکەمەوە، نازانم ئەو لە کوێیە و چی دەکاو خەریکی چییە.. بەڵام دەزانم لە گیانی منا ئەو خەون بە بەهەشتەوە دەبینێ، بەهەشتێ کە لەباوەڕی مندا دەشێت بوونی هەبێت، دەشێت بوونی نەبێت!

****

جا با باسی ئەمشەوانەی دوایی خۆمتان بۆ بکەم، تا بزانن خەریکی چیم!...

دەزانن چیم کرد لە یەکێ لەم شەوانەی دواییدا؟ چووم سێ دانە مۆمم پێکرد، یەکێکیان بۆ چاوەکانی سارا عومەر، دووەمیان بۆ گیانی پاکی فریشتە و شەونم و دانێر وپەری و کچانی کورد. سێیەمیان بۆ گیانی دایکم.. خۆمم لێ بوبوو بە نمایندەی باوەڕی نوێی لاوان و خوێنکارانی کورد و گیانم دابەش بوو بە گیانی فریشتەکەم.. بیری فریشتەم دەکرد. زۆر بیرم دەکرد.

بەدیار سێ مۆمەوە دانیشتم و خۆمم لێ بوبوو بە شت،، وام دەزانی پەیڕەو لە داب و دەسەڵاتی هونەرو جوانی و عیشق وەردەگرم.. بەڵێ، من زانست لە چاوی فریشتەوە فێر دەبووم و دەمەوێ بگەڕێمەوە ناوفریشتە نادیارەکانی شارەکەم. بیرم هەر دەچێتەوە لای ئەوان و هەر ئەوان بە بیرمدا دێن.

بەر لە داگیرساندنی مۆمەکان دانیشتبووم، بە حەزرەتی سارا= ماریای هاوسەرمم فەرموو: ماریای پیرۆز، ئەوا تاکو ئێستا کەس ڕازەرو پشتگیریی نەکردم بۆ پرۆژەی گەڕانەوەم بە ڕێپێوان بۆ کوردوستان.. هیچ هەواڵێکم نەبیست و پارتە کوردخوازەکان گوێبیستی من نیین و دیارە ناسیاوو خەڵکی کوردوستانی خواروش ناخوێننەوە و دەربەستی پرۆژەو پەیامی من نین. بەتەنها تۆ نییت کە بێباوەڕیت.

سەرۆکەکانمان پەیام و کتێب و ڕۆژنامەکان ناخوێننەوە.. لاوانی کورد گشتیان خەریکی خۆیانن و گشتیان شاعیرو عاشقن.. بۆیە ناوێرم بە تەنها بیدەم لە شێتی و بە جیهانا بە پێی پەتی وبێ بەرگی شایستە بکەومەڕێ.. بۆیە دەشێت لە ڕۆژی بەرێدا، بکەومە ناو فڕۆکەیەک و بگەڕێمەوە ناو شارەکەم. تا ئەم پەیامە دوپاتەیان پێ بگەیەنم. لەوم پرسی چی بکەم؟ من ئاوا ناتوانم ئاوا بژیم.. ژیان متمانەم لێ دەستێنێتەوە و ئەم وڵاتە وڵاتی من نییە و هەست ناکەم ژیان لەناو ئەم چوار دیوارەدا دەگوزەرێت! هەست ناکەم وڵاتی نەرویج مافێکی داوە بە من. هەست بە سومعەی خۆم ناکەم، کاتێ کە وڵاتەکەم دەبینم دەردو میحنەت دەچێژن و داگیرکراون.. ناتوانم بژیم،، چی بکەم؟

حەزرەتی سارا فەرمووی: بێگومان پرۆژەکەت زۆر پیرۆزە.. پیاو سەری دەسوڕمێت لەوەی کە تەنها کەسێک ئەو زەحمەتە باتە بەر خۆی لە پێناوی ئازادیدا و ئەو هەموو ڕێگایانە ببڕێت بە پێ تا دەنگ بۆ ئازادیی میللەتێک کۆ بکاتەوە!.. من نازانم بڵێم چی! تۆ خۆت سەرپشکیت. من ناتوانم دەستبەرداری ژیانی ئێرە بم و بە دوو منداڵەوە دوای تۆ بکەوم. دەبێ بمبووریت.. من لە

شوێنکەوتووانی تۆ نیم. ئێرە وڵات و مەئواو پشتی تۆیەو تۆ دوو منداڵت بەخشیوە بەم وڵاتە.

بە حەزرەتی سارام فەرموو: بەڵێ.. پەیامی من هەر دەبێ بگات.. بەڵام هێشتا کەس وەڵامی نەداومەتەوە.. هەست بە شکست دەکەم.. کەس پرۆژەکەم بە ڕەوا نازانێت و وا دەزانن کە من شێتم. ئاخر سەردەمی زوو، چەن کەسێک باوەڕیان پێم هەبوو.. کوڕەکانم، خێزانەکەم و هاوسەرو هاوڕێکانم. بەڵام ئێستا فریشتەش باوەڕی بە من نییە!

ئێستا بۆ کەس ئاگای لەکەس نییە؟ خۆ من لەوەتەی هەم چل هەزار ملیۆن مرۆڤی بێتاوانی گەلی نوحم لە کۆڵەو دەگەڕێم وڵات بە وڵات و کەس باوەڕی بە دۆزی من نییە!.. باشە من چی بکەم و ڕووی خۆم بەرەو چی قیبلەیەک ئاڕاستە بکەم!؟ خۆ من سەر بەم سروشتە نیم و لەگەڵ یاساکانی ئەم سروشتەدا نیم کە لاسایی دڕندە و سەگ و گورگ دەکەنەوەو وا دەزانن مەیموون باوکی مرۆڤە!.. من چی بکەم؟ ڕووی خۆم بکەمە قیبلەی چی باوەڕ و ئاڵاو پارت و ئایین و چی دەسەڵات و سیستەمێک!؟

ئاخر وا خەریکە دەهری دەبم لەناو مرۆڤایەتیدا و وا خەریکە ڕۆژی بەرێ دێت و ئاسمان بەر لەزەمین دادەتەپێت بەسەرمانا!! بۆ کوێ بچم؟ ئاخر من کەنەفتم بەم بارەوە، بەم هەموو سەرە براوان و زمان بڕاوو دەست و پێ قرتاوانەوە.. کە من  بە درێژایی مێژوو بارمکردوون!؟ ڕوو بکەمە قیبلەگای کێ؟ تۆ سەر بە چی ئایینێکی؟.. بەڵام قەینا، من لە تۆ خۆش دەبم.. بەو مەرجەی دوایی نەڵێیت پرسی پێنەکردم!! ئەی بە سواری تەیارەش نایەیت لەگەڵما؟

حەزرەتی سارا فەرمووی: نەخێر، خۆ تۆ شوێنێک شک نابەیت لەوێ.. ئیتر ئێمە چی لێدەکەیت!؟ بەوم فەرموو: با.. شوێن هەیە.. بەر بارانەکانی خوا.. ناو باخچە و چەم و سکی دایک و ڕەحمی شارو خێری ماوە.. هێشتا لەناو گەلی کوردا ماوە.. دەشێت جێگەیەکمان دەست بکەوێت تا خواناسێک دێت بە دەنگمانەوە و چادرە شڕێکمان پێ ڕەوا دەبینێت.. خۆ کەسانی خێرمەند زۆرن و دەشێت برسیشمان نەبێت و ئێوەش دەتوانن بە ئازادی بە شارەکەما بێن و بچن و بڵێن ئێمە ژن و منداڵی حەزرەتی نوحین، کەمێ نان و ئاومان بە خێر بدەنێ. چونکە شارەکەی من شێتەکانیان خۆش دەوێ.

سارا تێنەدەگەیی، وای دەزانی من هێشتا لە خورافیات دەدوێم.. بەڵام من بە ڕاستم بوو..بەوم فەرموو: جێگەیەک هەر دەبێت بۆ ئێمە، خۆ کوردوستان وڵاتی خۆمە، ئەگەر من جێگەم نەبێتەوەو تۆ و منداڵەکانیشم لەبەر باراندا لە برسا بمرن.. ئەوە دوای نەمانی من بەسەرتان دێت.. من نایەڵم. چونکە باوەڕم بە خێر ماوە هێشتا. دەزانم میللەتەکەم جوانیی تیادا ماوە.

ئەو تێنەگەیی.. تا ئەو کاتەی بەوم فەرموو: کەواتە حەزیش ناکەیت لێم جیا بیتەوە؟ ئاخر کە من لێرە نیم و دادەبڕێم، تۆ ئازادیت.. دەتوانی مێردێکی ترت هەبێت.. منیش چاوم لە هیچ نییە و مەرگی خۆم دەبینم ئێستا! چونکە سرۆش پشتی تێکردوم لەو کاتەوەی گەڕاومەتەوە و متمانەی فریشتەم لەدەست دا!

دانیشتووم تاک و تەنها.. تەواو بووم لە ئاخاوتن لەگەڵ ئەوی پیرۆزی هاوسەرما.. بەوم فەرموو: حەز دەکەیت لێم جیا بیتەوە؟ گەر دەتەوێ من ئامادەم دەست لە هەرچی هەیە بشۆم و وازتان لێ بهێنم. چونکە من هەست بە کێش و حورمەت و کەسێتی ناکەم لەناو گەلی نەرویجا، و دەبێ هەڵوێستم زیاتر سور بکەم. بەڵام ئەگەر لێرەوە لەگەڵ پرۆژەکەی مندا نییت، ئەوا من ئامادەم واز لە هەموو شتێکم بهێنم و بڕۆمەوە بۆ نیشتمانی خۆم؛ و تۆش ئازادیت کەی دێیت و چی دەکەیت و چی بڕیارێک دەدەیت، ماڵ ماڵی خۆتە کاتێ من بەڕێ دەکەوم.

خوا هەڵناگرێ، حەزرەتی سارا زۆر تێنەگەیشت، فەرمووی بڕۆ، تۆ ئازادیت.. بەڵام پێویست ناکات لێم جیا ببیتەوە تۆ ئازادیت. سوپاسی ئەوم کرد.. ماچیشم کرد بەر لە نوستن. ئەو چوو بنوێت...

چوو نوست، منیش تەماشای چاوەکانی فریشتەی ئازیزم دەکرد.. کە زۆر تیا پاڕامەوە تا کەژی کچ بکات بە دەممەوە. بە درێژایی ئەو ساتانەی کە دەمبینی و دەهات بۆ لام. من تەنها تکام قومێ شیر بوو تا بمداتێ. بەڵام قومێکی تیا نەبوو.. مەمکی ئەو کوون نەبوو.. شیری نەبوو.. وای فەرموو فریشتەکەم، کاتێ کە تکای ژەکم لەو داوا کرد. فریشتە شیر و ژەک لە مەمکەکانیدا وشکیان کردبوو. ئەو نە کچ بوو، نە ژن.. شێر و ژەک لە مەمکەکانیدا نەبوو.

دانیشتووم بیر لە دایکم و منداڵیی خۆم و براکانم و خوشکەکانم دەکەمەوە.. بیر لە بەردو دارو زەمین و ماڵ و ژوورو قوژبنی کەلاوەکان دەکەمەوە، کە بە منداڵی جێ نەبوو خۆمی تیا بشارمەوە.. هەرچی هەڵدەستا لێی دەدام و گاڵتەی پێدەکردم و خوارو خێچ تەماشای شکۆی منیان دەکرد.. کە دادەنیشتم، کە

دەچوومە ناو ڕەحمی جیێوی دایکی سروشتەوە، غەرق دەبووم لە یادی ئافرەت و جوانیدا.. مامێکی ڕەحمەتیم هەبوو، ناوی ڕەفیق بوو، هەموو جارێک پێی دەگووتم: ئەرێ کەشتییەکەت لە کوێ غەرق ئەبێت؟ منیش بە خەندەیەک بەوم دەفەرموو: لە عیشقا.. بەرەو داچوون و نغرۆ بوون دەچێت!.. هاها پێکەوە پێدەکەنیین...

ئەو مامەم زۆر خۆش دەویست.. ئەویش عاشق بوو، حەزی لە دایکم کردبوو، بە ڕەحمەت بێت. هەردەم گلەییەکانی خۆی لای من دەکرد.. باسی عیشقی خۆی لای من دەدرکاند.. زۆر شەیدای جوانیی دایکم بوو.. دەیویست واز لە ژن و پێنج منداڵ بهێنێت بۆ دایکم. دایکیشم دەیگووت چۆن شتی وا دەبێت!؟ من ڕێگەت دەدەم شیری مەمانم بمژیت، بەڵام بۆت نییە واز لە ماڵ و منداڵت بهێنیت. ئاخر گەر وا بکەیت، بۆ خۆت و بۆ من و شەش کەسی تر، خراپ دەبیت. من لەوان تێدەگەیشتم.. دەمزانی نەبوونی خۆشەویستی و ئامانی پیاو، وا لە پیاو دەکات واز لە خاک و میللەتیش بهێنێت لە پێناوی عیشقا.. ئاخر پیاو گەر عیشقی ئافرەتێک شک نەبا، وێران دەبێت، هار دەبێت.. تووشی شەڕ دەبێت.. یان وەک منی لێ دێت.. دەبێت بە خەمخۆری عیشق و هونەر و جوانی و پەیامی خواکان.. بەڵام مامم ڕازی بوو بەوەی کە پرشنگی خۆشەویستیی دایکمی بەر دەکەوت. پیاوێکی زۆر باش بوو خوای لەگەڵ.خوا بیپارێزێت.

******

چاوی فریشتەی ئیلهام پڕم دەکات لە یادی منداڵی و هەرزەکاری و هەرەسی لاوی.. بەڵام غەم لەوە ناخۆم.. چونکە غەمی گەورەترم لەبەر دەمایە ئێستاکە.. خەمی لاوانی کورد دەخۆم بە هەردوو ڕەگەزەکەیانەوە.

دەمەوێ بە زووترین کات بفڕم و ڕۆژێک زووتر بگەمەوە لایان.. چونکە شتێک ترساندوومی، ئەوەی ڕاستی بێت لە نۆزدەی مانگی یانزەوە، واتە لەو ڕۆژەوە کە گەڕاومەتەوە نەرویج، یەک دانە ڕۆژ ساغ نەبووم و تەندروستیم نالەبارە.. چونکە هەژدە ڕۆژ لەوێ بووم و ژیام! ئەی ئەوەی کە هەردەم لەوێ دەژی؟! ئەوان چۆن دەتوانن بەرگەی ئەو هەموو نەخۆشییانە بگرن کە بەڕێوەن و دێن و تورک و فارس بەدیی دەهێنن!؟ تا کوردی پێ قڕ بکەن. دەبا جیهان بزانێت من بۆچی نیازمەندم بگەڕێمەوە!.. چونکە گەر وا بڕوات کورد انقراض دەکات.

بۆیە دەبێت لە سەرەتای ڕۆژی بەرێدا بگەڕێمەوە ناوتان.. ئەگەر ئێوە بێهەڵوێست بن.. ئەوا من نیشتمانی خۆمم دیاری کرد، مەرگ دەبێتە نیشتیمان و مەئوام.. جا تکاکارم گەر نەمام، ئێسکەکانم بنێنە ناو کوپەڵەیەک، لێی بنووسن: ئەمە نوحە.. بیدەن بە ڕووبار یان دەریا.. بڵێن: دەریا دەیسپێرین بە تۆ. ئەمە ئێسک و تروسکی ئازادیی میللەتی کوردە. . ئەمە هەم کەشتی و هەم تەرم و هەم قەبرو هەم ماڵ و هەم نیشتمانی نوحە..پێشکەشە بە شەپۆل.

بیر دەکەمەوە لە هەستی فریشتەدا.. هەست بە پەیام دەکەم.. پەیامی خواکانم پێ دەگات. ئیتر دەبێ بێمەوە سەر ڕێ و سەرەتایەکی تر.... چونکە مرۆڤ بۆی هەیە داوای ئازادی بکاو لە پێناویدا ببێت بە پەیام و پەیامبەر. ئازادی مافی هەموو گەلێک و جیهانیشە. پەیامی کورد دەبێ بگات بە گوێی جیهان و ژیان و بوونەوەر.. ئامـێـن

کات شەوە.. شەوێکی تر.. شەوێکی تریش نازانم دەرەوە چەن تاریکە!... بە دیار سێ مۆمەوە، دانیشتووم بەیادی چاوەکانی فریشتەوە ئاسمان و زەمین تەی دەکەم، دانیشتووم و بیر لەگەلی یۆنان دەکەمەوە.. بیر لە لیدیا ماسکیمۆس و هێهرا و هەرقل دەکەمەوە. بەزەییم بە یۆنان و ئاتەن و زۆربا دا دێتەوە.. بیری یەروشەلیم دەکەم.. بیری لوقمان و ئیدریس و هابیل و قابیل دەکەم.. لە چاوەکانی فریشتەدا تەماشای ڕابردوویەکی دوور دوور.. ئێستای قوڵ.. داهاتوویەکی ڕۆشن دەکەم بۆ ئەو سێ گەلە پیرۆزە.. کە دەبینم دەبن بەیەک هێزو بەرژەوەندیی هاوبەش و گەل و هۆز و دەسەڵات و وڵات.. لە هەر سێ گەل میللەتێکی ئاشتیخواز وەبەر دێنن.. لەخۆزگەی مندا، دەبن بە دەسەڵاتێکی مەزن.

بەدەم خەیاڵەوە، لە کەشتییەکەمدا، واتە لە خودی گیانمدا دڵنیا دانیشتووم و بیر دەکەمەوە.. بیر لەوە دەکەمەوە کە ژیان هێندە ناهێنێت مرۆڤ ترس بکات بە قارەی گیانی خۆی.. نەخوازەڵا بیکات بە گەردوونی خۆی! چونکە ترس مرۆڤایەتی لەناو دەبات.

دادەنیشم و شەوەکان، ڕۆژەکان، هەناسەکانی خۆم دەژمێرم لەم تەنهاییەدا.. چاوەڕوانی پەرجوویەکم ڕوو بدات..هەندێجار چاوەڕوانی نامەی سەرۆک دەکەم.. چاوەڕوانی تەلەفۆنی ئەوان دەکەم.. بەڵێ، چاوەڕێی دەنگی ئێوەی سەرۆک و ڕابەر و فریشتەکانی ڕووناکی دەکەم.. تا دڵنیا بم کە هاوباوەڕ و هاوڕێ و هاوزمان و هاوخەم و هاوبیرم هەیە و؛ بەوە خۆم تەفرە دەدەم و خۆم لەکات و شوێن دەدزمەوە.

هەست دەکەم ئەوانیش وەک منن.. ئەوانیش بانگ بۆ پەیامی خواکان و مژدە و گەڕانەوە دەدەن و بانگم دەکەن. هەندێجار بە زیندە خەو دەیانبینم دێن بۆ لام و پێم دەڵێن چۆن بگەڕێمەوە! بەپێ؟ یان بە سواری کەر؟ بە فڕۆکە یان شەمەندەفەر؟ بە سواری ئەسپی جوامێر؟ یان بە لاڵپشتی جاش؟ بەباڵی خەیاڵ، یان بە باڵی سۆپەرمان و باتمان!؟ یان واز بهێنم و تەسلیمی دەستی دێوەکانی قوتب بم؟! کە مامەڵە و کرداریان وای لێکردووم ناوێرم دەست بۆ فڵچەکانیشم بەرم، ناوێرم سەرم کێش بکەمە ئەودیوی دەرگای ماڵ و شەوو ڕۆژم بووە بە خەون، خەو بە ئازادییەوە دەبینم و ڕۆژ نییە تورک و فارس و عەرەب نەیەنە خەونم و هەتکم نەکەن.

چی بکەم میللەتەکەم؟ دە وەڵامێکم بدەنەوە.. ئاخر بەرگەی ئەم قوتب و ئەم گومانانەی ئەم میللەتەش ناگرم. ئەمانە دۆستی کورد نیین.. دەستیان ناوەتە بینم وهەردوو چاویان بەستووم و نایەڵن وێنەی جوان و جوانی و جوانترین بکێشم.. نایەڵن بژیم بە ویست و ئازادیی خۆم. بیست و یەکساڵە هەست بە داگیرکراوی دەکەم لەناو ئازادی و ئاشتییانا، خەریکم سوێم دەبێتەوە بۆ ئازادی.. خەریکم شێت دەبم بۆ ئازادی.. بۆ وڵاتێک کە هەست بە ئاشتی و ئازادی بکەم تیایدا تا هەست بکەم کە دەبمەوە بە مرۆڤ. من چیم داوە لە پەیامبەری؟! خۆ پێغەمبەرەکانیش گشتیان شێت بوون! بەڵام هیچیان هێندەی من شێت و بێخودا نەبوون، ئەوان خوا پشتی تێ نەکردبوون!

خۆ فەخری ئاسمانەکان دانابارێن بەسەرما گەر ببم بە حەزرەتی مەسیحیش.. چونکە خوا پشتی تێکردوین.. خوا دڵی لێمان ڕەنجاوە و دێوەکان بێگوناهانیان زۆر کوشت.. ئێستا کاتی ئەوە هاتووە، لە خۆتان خۆش بن.. لە منیش.. دەنا من بابایەکی سادە و هونەرمەندێکی جوان ناس و ڕۆشنبیرێکی بچکۆلانەی ئەم ژیانە و ئەم جیهانەم.. بەڵام من لە میللەتی نوح م.. ئەویش نەبم، هەر ئەوم...ئــامـیـیـن

**ئاگاداری:**

ئەگەر بێت و کەس ڕاستییەکانی ئەم کتێبە نەخوێنێتەوە.. ئەوا دەشێت سەفەرەکەم بخەمە هەمان کات، بەڵام دەشێت نەزانم ڕوو دەکەمە کوێ و لە کوێوە دەست پێدەکەم!. دڵنیام کە تەرمەکەشم ناگات. دڵنیام کە هەرگیز ناگەم.. چونکە جیهان گیرۆدەی شەڕێکی زۆر نالەبار بووە. من چیم تا بتوانم نەخشەکانی بوون و ژیان تێک بدەمەوە؟ چۆن بتوانم بە خەندەکانم جیهان لە تووشبوون ڕزگار کەم!؟

دەبێ ئەوە بزانن کە من زۆر تووڕەم لە ئەورووپا و پاپا و پەرلەمانی ئەورووپاو ئینگلیز و ئەڵمان، بگرە لە ئەمەریکاش تووڕەم.. لە نەرویجیش تووڕەم، زۆر زۆر.. چونکە ئەوان مافی کوردو یۆنان و گەلی جولەکەیان خوارد. ئەوان شایانی متمانەی من نین و من نامەوێ بە ناویانا تێپەڕم، چونکە ئەوان کۆیلەی دێوەکانی ئیسلامن و شێخ پەرستن. من لە دێوەکانی غەرب زیاتر دەترسم، دێوەکانی ئێرە هێندە بێهەستن کە دەچن توانای خۆیان دەدەن بە دێوەکانی شەرق و شەڕ شەڕانگێزتر دەکەن و ژینگە پڕ دەکەن لە نەخۆشی و دەرد و خۆشیان بە سەیدی جیهان دەزانن و وا دەزانن دیموکراسی و ژینگە خواز و ئاشتی خواز و دادپەروەرن! وا دەزانن ئەگەر ئەوان و شەڕو لەشکرەکانیان نەبێت، ئازادی بەدی نایەت و لە دایک نابێت.

من متمانەم بەمانەش نەماوە و نییە..من پشتم بەو کۆڵەکانە نابەستم کە لەسەر گزی و فزی دانراون، دەڕووخێن.. ئەوان بەر غەزەبی خواش دەکەون نەک هەر هی بوونەوەر و زەمین. ئەوان کوردیان ڕسواو زەلیل و ڕەزیلکردووە و میللەتی من بەرەو نەمان دەبەن. ئەی نابینن چی بە گەلی یۆنان و باپیرانی خۆیان دەکەن؟!!

خۆ ئەگەر پشتی یۆنان زیاتر داکەوێت، ئەوا ئیتر ڕەحمەت بەسەر ژیانا نابارێت و هەزار کەشتیی نوحیش غەرق دەبێت لەناویاندا. ئەوا بۆیە دەشێت ناچار بم، ڕوو بکەمە گەلی یۆنان و ئەم کتێبە بسپێرم بەوان بەر لە جوولەکەی هاوڕێی کورد!.. ئەوسا دەشێت ژیان یار بێت بۆ من تا بێمەوانێ ناوتان.

دەشێت بەپێ بکەومە ڕێ! دەشێت بمرم! ئەگەر خوا هەبێت و دەلیلی داماوان بێت، ئەوا خۆی دێت، دادەبەزێت و دێتە هانام.. دێت دەمبات بۆ جیهانی خۆزگەو ئومێد.. خوا دەزانێت کێ کەی دەمرێت!.. بەڵام توخوا لە کەم و کوڕییەکانم ببوورن، ئیتر من نازانم ڕوگەو شوێنگەو ئاڕاستەم بەرەو کوێ دەبێت گەر برستم تیادا مابێت!..

گەر خوا بێتە هانام، داوای هیچی لێناکەم بەخوا.. تەنها حەز دەکەم بمباتەوە بۆ لای خۆی، تا لەوێ نۆکەریی خۆی بکەم.. لە پاداشتی ئەوەدا کە ژیانی من و میللەتەکەمی ئاوا لە جەهەنەم و ترس و هەتکدا ژیان، دەبێ لە بەهەشتا ببمە نۆکەری فریشتەکانی.. تا بەشکو ئازادی بەو میللەتەم بە ڕەوا بزانێت. تۆ بڵێی خوا هەستی هەبێت!؟ تۆ بڵێی خوا ئازاد بێت؟ ئەی کێ ئەو سەرپەرشتی دەکاو حوکمی دەداو ئازادیی پێڕەوا دەبینێت!؟

ها! تۆ بڵێی ئەسڵەن خوایەک هەبێت لەو سەرەوە!؟ تۆ بڵێی هەبێت؟ گەرچی لە ناخی دڵمەوە حەز دەکەم بڵێم : نەخێر.. بەڵام بەڵێ ئومێدێکی خۆشی تیا پایەدارە، نازانم بۆ!

بەڵام خەڵکینە، خوا موسوڵمان نییە.. نوێژ ناکات و ناچێت بۆ حەج و قیبلەشی نییە.. خوا کورد نییە، عەرەب و جەلاد و تورک و جەهەنەم و فارس و ئینگلیز و جوو نییە.. تێم دەگەن ڕۆڵەکانم؟ خوا گەندەڵ نییە، زۆڵ نییە، خۆفرۆش و شەڕخواز و دێویش نییە..کافریش نییە.. لە ڕایی ئەو خوایە، تکاتان لێ دەکەم، نەکەن تەرمی من بەرنە ناو مزگەوتەوە و نەکەن بهێڵن مەلا تەڵقینم دابدات و کەس لە مزگەوتا بۆ تەرمی من دانەنیشێت، ئەمە تکایە لێتانی دەکەم. تەرمم پێشکەش کەن بە گەلی یۆنان.. با ئەوان بەڕێم بکەن. ئەگەر نا بمدەن بە سەگی برسی، یان بمدەن بە جەللادە خوێنخۆرەکانی تورک، چونکە ئەوان هەمیشە برسین بە خوێنی مناڵ و ئافرەت و لاوانی کورد.

بەڵام بەر لە مەرگ پەیامم پێیە بۆ گیریکۆ، بۆ زیۆس و هێراو هەرقل و ڤینۆس و خوای هونەر ئەپۆلۆی مەزن. چونکە ئەوان لە ناخی مندا زیندوون.

منیش بەلای کەمەوە فرانسیسکۆیەکی کوردم، کە نیکۆس کاتزانزاکیی مەزن باسی کردووم، من قەدیسی هەر دوو دونیام. من بووم ئەو کەسەی کە خواکانی نامزەد دەکرد لە دێرزەمانا، کاتێ کە منداڵانی شار پەیکەری خوایەکیان دروست دەکرد، کاتێ کە کچان و ژنان و لاوانی شار پەیکەرێکیان دروست دەکرد بۆ پەرستن، من ناوم دەنا و چیرۆکی ڕاستەقینەی خواکانیشیانم باس دەکرد بۆیان. بەڵێ من بووم نوح.

بەم کتێبە دەیسەلمێنم، کە لە بوونەوەردا گیاندار و بژێوی گەلێ مەزن هەن و لە باکاندا دەژین و ئەوان ئێمە دەبینن و ئێمە نایانبینین و هیۆلایین.. ناڵێم لێیان بترسن.. بەڵام تکاتان لێ دەکەم لە سەر هەر ئایینێکن، لە کاتی نوێژەکانتانا درودو دۆعایان بۆ بکەن.. لێیان بپاڕێنەوە تا دەست نەدەنە تەورو نەکەونە وێزەی شارستانیەت و باوەڕتان.. چونکە ئەوان شکۆی دایکی زەوین و دەتوانن هەڵمـەتتان بێنە سەرو لەو پەڕی دەسەڵاتا بتانبەن بە ناخی ئەرزاو هەپروون بە هەپروونکات شکۆو شارستانێتیتان. ئەوان گەر خواش نەبن، دەسەڵاتی دایکی سروشتن.

جا لە پەندەکانی ئەم پەیامی مژدەیە وانە فێر بن.. بەسە ئیتر یەکتری بەرەو نەمان و دابڕان و کوشتارێکی تر مەبەن. هەوڵیش بدەن فێر بن.. باوەڕتان

گۆش کەن.. مەپەرستن چاترە لەوەی ئەو خوایە بپەرستن کە مەلاکان پڕیان کردون لە تۆڵەو ڕق و سزاو هەتک و جەهەننەم و حەشرو نەشری مەحشەر.

ئەگەر نەمردم و ژیان بهێڵێ بگەمەوە دیاری باوانی خۆم، ئەوا زۆر چیرۆکی خۆشی بەر ئاگردانم پێیە بۆ خۆتان منداڵەکانتانی بگێڕمەوە. ئاخر من دەیان ساڵە بە ڕێوەم و کەس نامبینێت، کەس نامبیستێ.. ئەمە چوارەمین کتێبە کە دێتە بەر دەمتان و ئێوە گشتتان شایەتن کە من هەر لەسەر ڕێم و هەر دەڕۆم و ناگەمە جێ!.. هەر چیرۆکی خۆشتان بۆ باس دەکەم.. خۆ هێشتا فریا نەکەوتووم، باسی ئەفسانەی کیسەڵتان بۆ بکەم، کە چوو بۆ شاری خەون و بەهەشت. کە پیرۆزترین ئەنیمەیشنی هۆلیوود دەبێت بۆ داهاتووتان. دەشێت بێمەوە ناوتان؟!

ئەم کتێبە هەرگیز تەواو نابێت..ئەم کتێبە یەک نامە بوو، یەک لاپەڕە بوو، بوو بە دوو.. دوو بووبەسێ.. زاوو زێی کرد و تێکەڵی هەست و نەستی فریشتە بوو.. لەپەیامەوە بوو بە چیرۆک، لە چیرۆکەوە بوو بە ڕۆمان، بە داستان.. ئەمە نیشانەی دەمڕاستیی مرۆڤە، کاتێک کە پەیامێکی پێیە بۆ جیهان و مرۆڤایەتی. هەست دەکەم دەنگم بە کەس ناگات و میللەتەکەم سەری خۆیان دادەپۆشن کاتێک کە گوێ لە فەرموودەکانم ناگرن و باوەڕیان بە حەزرەتی نوح نییە!

من هێشتا باسی حەزرەتی نوح و ژیانی ئەوم نەکردووە بە چیرۆک بۆ منداڵەکانتان.

هێشتا باسی عیشق و هونەری و جوانی و باوەڕم بۆ کەستان نەکردووە. چونکە نەک تەنها جولەکەو ئیسلام، بەڵکو شەرق و غەرب و ئەمەریکاش هێشتا دەربارەی نوح فێر نەبوون.. منیش وا خەریکە شکست دەهێنم لە ناوتاندا! خەریکە دادەتەپم. تەنها چڵێک، کە لەسەر ترۆپکی کەرامەتی دایکی سروشتا دەستم پێوەی گرت، یاریدەی نەدام! نە کچ،، نە فریشتە.. نە ئافرەت، نە پیاو، نە پارت.. نە ڕێکخراو.. نە براو خوشک و ژن و منداڵ و دایک.. هەر هیچ کەسم نییە. وەک نوح!

ئیتر بێسوودە لە ناوتانا و وا خەریکە ناچارم دەکەن کە بتاندەمەوە دەست خوا.. تا خواوەندی مەزن ئاهورا خۆی بڕیار بدات چی بەسەر من و تۆ دەهێنێت لە ناوماندا... خوای منیش گوناهکار نییە وەک دەزانن.. ئەو هەقی ئێمەی نەماوە! بێهودە بووە لە تاوا و نازانێ چۆن ڕومان تێ بکاتەوە!

ئیتر نەکەن دەمم لێخوار بکەنەوە و بڵێن: درۆزن، تۆ دوژمنی ئایین و خوایت! ئەمە تاوانە دەخرێتە ئەستۆی کەرامەتی من.. وەک کردتان بەرامبەر بە نوح! خۆ ئێوە هیچتان لە بیر نایەت، سوپای ئیسلام چیی لێکردن و پێکردن! کەچی خۆتان و ژن و ماڵ و منالّتان بوون بە کۆیلەی ئایینی عەرەب، لە کاتێکدا کە خۆیان هیچ باوەڕیان بە هیچ ئایینێک نییە و هێشتا شیرو ڕق و هەتک و حیجاب و شەڕپەرستن ئەوان.

ئیتر نازانم باسی چیتان بۆ بکەم... خۆ ئیسلام هەر بونیشی نەبوو، کاتێ کە نوح بە کەشتییەکەی دابەزی. ئیتر مەپرسن چۆن و مەڵێن چی زانایەک وا دەڵێت. لچ و لێو و زمان و سەرو دەستی ملیۆنەها مەسیح و ماریای بێتاوانتان بڕیوم و بەسە دەست لەو شەڕەتان هەڵگرن.

دکتۆری بە ئەمەک، ئەی دوژمنی گەل و کەلتورو ئافرەتی کورد: عبدالواحد.. کاتی ئەوە هاتووە لەگەڵ مەلا کرێکاروئیمام و موقتەداکانتانا، کەمێ بەسەر خۆتانا بچنەوانێ و، زەحمەت نەبێ واز لە کورد و کوردوستان بهێنن.. چونکە کورد دارزاوە بە دەستی ئێوەی مەلاو موقتەدا و سوڵتان و فیرعەونەکانتان.. ئێمە ئێوەمان بەو ڕیشەوبەو باوەڕەوە ناوێت.. ئیتر مەڵێن سەربەست خەسرەو کە واداریی حەزرەت و پەیامبەری دەکات و دەڵێ نوحم- گوناه و خەتا دەکات.

پێتان دەڵێم، بەڵێ.. من گیانی ئەوم وەک هەر کوردێکی خودناس. دەبێ بمبوورن و گوێم لێبگرن.. چونکە کورد وا خەریکە دادەڕزێ و دادەتەپێ و وێران دەبێت بەسەر درۆ و غەدر و کوشتارو هەتک و سزاو تۆڵە و بوختان و شێت بوون و خودکوژی و تەعدادا. جا تا زووە ئامۆژگاریم لە گوێ بگرن و بڕۆن وەک چۆن جاشی ئایین و باوەڕو کەلتوری عەرەبن، بڕۆن لەوێ؛ لە مەککەی موکەڕڕەمتان فتواو مەوعیزەکانتان دا بدەن، ئاو بکەن بە پێی شێخەکانتانا و ببنەوە بە عەبدی خواکانی ئەوان.

چونکە ئەو کوردەی کە لە هەر چوار پارچەکەی کوردوستانیش گوێ لە ئێوە دەگرێ، لە ئێوە ئاییسزترو بێباوەڕ تر و مولحیدترە، کە دەچێت بە زۆر سواری ژنی خۆی دەبێ و بە زۆر کچی دەدا بەشوو و بەجاش مارەی دەکاتەوە و بە ئارەزوی خۆی تێی هەڵدەداو بەردبارانی دەکاو دەیکوژێت. بڕۆن دینی خۆتان بۆ خۆتان، بێ باوەڕی زۆر پیرۆزترە لە ئایینی ئێوە. ئێوە ئابڕوی ئایین و باوەڕ و میللەتی کوردتان بردووە و میللەت گەر وا بڕوات، دادەڕزێت بە سەرەتان و ترس و وەناق و شەڕی نێوان خێزان و شەیتانی خواکرد و دۆستی یەکەمی خواتان.

ئێوە نازانن چی دەکەن! جا ئەگەر دیکتاتۆرن، ئەگەر ناتۆن.. ئەگەر ئەمەریکاو ئینگلیزن.. ئەگەر ئیسلام و شیعەو سوننە و تورک و مەجوسن.. هەر هەموو جیهان غەدر لە میللەتی من دەکا و ئیتر من ڕووتان لێ وەر دەگێڕم.. من بڕیارم دا، کە بە خۆشیی خۆم، خۆم نەسەپێنم بەسەر میللەتێکدا کە منی ناوێت!.. ئەم دێڕانەش گەواهی شکستی منن و دوایی من ئامانەتی خۆم دەگەڕێنمەوە لای مەزدەک.. تا بیگەیەنێت بە خوودی خوا.

ئیتر من ئومێدەوارم کەس نارازی نەبێت لە کەمتەرخەمیی خۆی و هەوڵ بدەن لە یەکتری خۆش بن. ئیتر پاساو بۆ هەڵە و گوناح و غەدری من مەهێننەوە لەناوتانا، چونکە نابێت لە بیرتان بچێت، من بەکرێ گیراوی ڕاستیم.

من پەیامی جاڵجاڵۆکە و لەقلەق و مێرولە و تەبیعەت و باڵندەکانیشم پێگەیاندوون لە کتێبی یەکەمدا.. هەست بە ئازاری گیاندارانی جیهان دەکەم، و میللەتەکەم وا خەریکە لە گوناها غەرق دەبێت.. کورد خەریکە دادەتەپێت بەسەر دەرد و وەناق و شێرپەنجە و ڕەزالەتی ئایین و مەلاو ئیمام و سوڵتانە دەم بۆگەنەکان.

ئیتر من تەنها بە دەنگی میللەتێکی ڕاپەڕیوو گوێ بیستی هەواڵتان دەبم.. من لێتان جیا بوومەتەوە و گۆشەگیرم.. ئا ئێستا.. لە قوتبا، لە زیندان دەرباز بووم، بەڵام گەڕاومەتەوە ناوی لە ترسی پەنجەی شایەتمان و هەڕەشەی مەلای بەدخوو و دەم پیس و جنێودەر.. هەست ناکەم گەل و وڵات و ئاڵاو عیشق و ئازادیم هەیە. هەست ناکەم ماڵم هەیە و منداڵ و میللەت و هاوڕێ و خزم! کوان خوای گەورە؟ کوان هاوڕێ و خزم و کەس وهاوزمانم!؟ ئەرێ هەیە کەسێک لەناوتانا، کە گوێ بگرێت و خۆی بە خوا نەزانێت؟ کوا چیی لێهات فریشتەکەم؟!

ئاخر ئێوە هیچتان نازانن خوا چییە و چۆنە و هەر یەکەتان بە جۆرێک باسی خوا بۆ من دەکا و وا دەزانن ئێوە خۆتان خواتان خوڵقاندووە!.. ئێوە شەڕێکی بێهوودە لەگەڵ فەرمووده و درووود و سرودەکانی منا دەکەن. ئێوە بەوە خۆتان دەکەن بە دێو. دێویش پڕە لە نەخۆشیی تۆڵە، ڕق ، شێرپەنجە ، هاری ، دڕی ، شێت بوون ، گەندەڵیی دەرونی و مێشکیش؛ گەر نازانن.. بوون بە دێو، بوونە بە دوژمنی خوود و خواو خواکان و پەیامبەران و ئاسمانەکان و بوونەوەر.

بەسە ئیترهێندە هەناومان دامەخورپێنن بە سەر بڕین و زمان بڕین و هەتک و بێ حورمەتیکردن بە ئافرەت و پیاوی کورد. بەسە. دەست هەڵگرن.

ئیتر تا ئەو کاتەی میللەتەکەم ڕادەپەڕن، من هەقی هیچ ئایینێک و هیچ باوەڕێک و هیچ شتێکم نییە.. ڕوو دەکەمەوە نوێژەکانی خۆم و دەچمەوە سەر ترۆپکی خۆم و گەشتی خۆم دەکەم. ون بوون و ئاوارەیی و مەرگ دەکەم بە ماڵی نوێ و نوردوی سەفەر. چونکە مرۆڤ کاتێک دەبێت بەوەی کە دەیەوێت، کە میللەتێک هەبێت چەپڵەی بۆ لبدات و باوەڕیان پێی بێت.

وا نییە؟ ئیتر منیش چاوەڕوانی ئەو چەپڵانەم کە لە ئاسمان و کەناڵەکانی تەلەفیزیۆنی کوردو جیهانەوە پەخشی دەکەن. من هیچ نیم، کاتێک کە جیهان و میللەت و هاوڕێ و گەل و نیشتمان و هاوسێ و خێزانم نەبێت! یان خوانەخواستە سەرۆکێکمان نەبێت وەک گەلانی تر! نەخوازەڵا فریشتەیەکی بێ باڵ و بێزمان و بێهەڵوێست!

بەڵام گوێم لەو چەپڵانەیە کە ئاسمان لێی دەدات بۆ من.. وەک پێشتر فەرمووم: هەست دەکەم ئاسمان بووە بە دوو کەرتەوە.. بووە بە دوو دەست! زۆر سەیرە، دوو دەستی ڕووناک دەبینم چەپڵەم بۆ دەکوتێت. گوێم لێیە و پیر دەبینم وەک تیشک بەر ناخم دەکەوێ و دەفەرموێت: ئافەرین.. پەیامەکانت گەیشتن بە دەروونی بوونەوەر و دواییش دەگەن بە خوا. بڕۆ خوات لەگەڵ، مەرگ هاوڕێ و ڕێنیشاندەر و ماڵ و مەئوات بێت. ترس خۆرەی گیانت، کڕێوە هاوڕێ و باڵندەکان ڕێنیشاندەرت. ئەوان دەزانن کەی دەگەیت بە نەجات. ئیتر من کەس نیم، لەکەس نەبووم و دەبم بە مەرگی خۆم.. مەرگ نیشتمانی مرۆڤی بێ خاک و ئاڵاو ئایین و ئابڕووە.

من گەیشتووم بە شکۆ و ترۆپک و کەرامەتی خۆم.. من لە کەشتییەکەی خۆمدام ودەڕۆم، بەرەو هەر جێگەیەک کە مەرگ بانگم دەکات.

دەبێ ئێوەی میللەتەکەم بزانن کە گرنگترین هەست و دڵنیایی بۆ مرۆڤ ئەوەیە، کە هەست بکات خاک و میللەت و وڵاتێکی ئازادی هەبێت! من نیمە... حەزم دەکرد هەمبێت. لەو باوەڕەشدا نیم گەڕانەوەم ئێوە لە لیتەی ئایین و ژێردەستەبوونی تورک و عەرەب و فارس دەرباز کات.. باوەڕ ناکەم ئێوە سەرۆک و سەردارو باوەڕ و ئایینتان هەبێت.. بەچی دەچێت؟! خۆ هەزاران هەزار نوح-تان سەرقرت کردو زمانی ملیۆنەهاتان قرتان.

دەنا کاتێک کە ئەم کتێبە تەواو دەکەیت، دانیشە و بە خۆت بڵێ: چەن گوناحە مرۆڤ ئاوای لێ بەسەر بێت سەرباری بێکەسی و بێ وڵاتی شێتیش بێت! چەن گوناحە مرۆڤ خاک و میللەت و سەرۆک و بوونی نەبێت!فریشتە و

هاوڕێ وکەسێتییەکی دیاریکراوی نەبێت! چەن ناخۆشە مرۆڤ ئاوا خۆی ترساو ببینێت! واش بزانێت جیهان بە خەندەی فریشتەیەک ڕزگاری دەبێت! چەن سەیرە فریشتە لە باوەڕی منا بمرێت و بوونی نەمێنێت و پەڕو باڵی بە دەستی دێوی ڕق هەڵوەرێت! چەن ناخۆشە مرۆڤ بمرێت و ئازادی بە چاوانی خۆی نەدیبێت!

ئەمە منم، بە هەموو دەردو نەخۆشی و نامۆیی و وڕێنەکانمەوە.. فریشتەشم بە چاوی خۆم نەدیت! نە لێرە نە لە کوردوستان و سرۆش بە دیارمەوە، بەسەر سەرمەوە ئێشکی گرتووە وهێشتا تەماشام دەکات.. چاوی پڕ بووە لە تۆفانی گریە بۆ بێباوەڕیی من و تۆ و فریشتەش! چونکە منیش خەریکم بەلادا دێم و دەکەوم، خەریکم تەسلیمی لاوازی دەبم و ورەم بەرەو لاوازی دەچێت.. منیش نازانم کەی لافاوی چاوەکانی من و فریشتەو سرۆش هەڵدەکات!

بەڵام لێرە بە دواوە دەربەستی باوەڕی کەس نایەم.. سواری کەشتیی خەیاڵی خۆم دەبم و دەبم بە یەکەم پاڵەوانی ئازادیی خەیاڵی خۆم. گەر غەرقیش بم، تەنها لە ئازادیی خۆما غەرق دەبم.. من کەسێکم کە کەس، هەر هیچ کەس باوەڕی بە دۆزم نەهێنا.. بەمە لە ئێوە جیاوازم. بەمەش براوە دەبم گەر گەییم بە مەرگی خۆم.

ئێستا لە شکستا ئومێدی باوەڕم گۆش دەکەم.. دەمەوێ بگەم بە خەلاس و خۆزگە و پیرۆزیی باوەڕی خۆم. دەمەوێ بگەم بە خۆم و فریشتە و سرۆش.. ببم بە باوکێکی شکۆمەند بۆ منداڵەکانم. جا با جیهان کوێر بێت دەرهەق بە من.. من خۆم دەبینم و دەناسم و دەزانم کە لەوەتەی هەم بە دوای ئازادیدا وێڵم و نابێت دەستی نەخەم.. هەر پێی دەگەم. من سورم لەوەی کە میللەتەکەم سەر دەخەم. ئەگەر ئەوان منیان بوێ و داوام بکەن: من ئازادیم. منم گۆدۆی ئەوان. منم باوکی میللەتەکەم، منم نوح و زەردەشت و برایمی کوڕی ئازەر.. منم گیانی میللەتەکەم.

منم زیندوکەرەوەی گیانی چل ملیۆن کورد و منم دەبم بە یەکەم مرۆڤی ئازاد لە جیهاندا، چونکە لەوەتەی هەم و هۆشیارم بەرامبەر بە جیهان، هەستم کردووە، جیهان ئازاد نییە تا ئەو کاتەی میللەتێکی بێ ناونیشان بوونی هەبێت.

زۆر بە ڕاستیمە، لەوەتەی چاوی هزرو هۆشم کراوەتەوە، لە خەون و خەیاڵی هەر ڕۆژێکدا، دەبینم سەرو زمان و دەستم دەبڕن و سزا بووە بە پەروەردەی گیانم و شەو نییە لە سێدارە نەدرێم و ڕاونەنرێم و ئاوارە نەبم و نەکوژرێم! لەوەتەی هەم هەر سزا و ترس و میحنەت بەشمە.. چل ملیۆن کورد لە مندا

هەناسە دەدات و لە بێداریشدا ئەوان دێنە سەرم و داوای وڵات و ئاڵاو ئازادی و ژیانم لێ دەکەن! نازانم من چیم! چی بکەم؟ تۆ چی دەکەیت گەر ببیت بە من؟ تۆ بڵێی مەرگ ئازادی نەبێت؟

ئیتر بەویستی خۆم بێت یان سروش، یاخود گەردوون، مژدەی گەڕانەوە بدەم یان نەدەم، سرۆش و فریشتەو خوا هەبن یان نەبن.. من ئەمەم.. چاوەڕوانی فرمانی گەل و بانگی نەوەکەمم بانگم بکەن، تا بێمەوە ناوتان.. ئەوسا منیش لغاوی ترس بەر دەدەم.. سواری پشتی ئەو کەرە دەبم کە سەرۆک بۆمی دەنێرێت وڕیگاکان دەکەم بە هاوڕێ و باکان دەکەم بە نیشتیمان ومەرگ دەکەم بە ڕێنیشاندەر.. تۆ بڵێی بگەم بە چیای جود؟! تۆ بڵێی بێمەوە ناوتان؟! ئێوە دەزانن، ئێوە بڕیار لەسەر هاتنەوەم دەدەن.. ئێوە سەرپشک دەکەم تا دەنگم بۆ بدەن، ئێوە دەتوانن سەرۆک ناچار بکەن بێت بە دواما ئەگەر هەن و سەرۆک و زمان و ئایین و وڵات و دەسەڵاتتیان هەیە. من لە ئێوەم. بۆ ئێوەم. من ئازادیم، گەر داوام بکەن دێم. بە هەرشێوەیەک بێت؛ بەسواری کەر، فڕۆکە، کەشتی، شەمەندەفەر، قەمەرە، بەپێ، بە سنگە خشکێ.. چۆنتان بوێ، ئاوا دێم و دەکەومە ڕێ و دێمەوە ناوتان. بیرتان دەکەم. دەشێت هەرگیز نەگەمەوە لاتان، دەشێت ڕوو بکەمە هەوارێکی تر! دەشێت بەر لەوەی ئەم کتێبە بە ئێوە بگات، من لە ژیانا نەمابم.دەشێت هەر شتێک ڕووبات.. بەڵام من کەسێکم خۆم بە ڕزگارکەر دەزانم.. پەیام و مژدەی ئەم کتێبەشم گەیاند بە ئێوەی کوردو مشورخۆری میللەت، جا با بزانین چارەنووس بەرەو چی و بەرەو کوێمان دەبات.. بەڵام من کۆڵ نادەم.. گەر سەرۆک و میللەت و خاوەن باوەڕمان هەبێت، زووتر لەسەرەتای ڕۆژی بەرێ دەگەمەوە لاتان. ئەگەریش خاوەن و وڵات و ئاڵاو کەلتورو سەرۆکمان نەبێت، ئەوا من بڕیارم دا ببم بەو کەسەی کە تا ڕادەی مردن، هانا دەبەمە بەر جیهان، تا دەنگی میللەتێک بگەیەنم.. تا بەلای کەمەوە عیشقێ بوروژێنم. ئیتر من فیدای ئازادی و گیانی پاکی ئەو کەسانەم کە بوونە قوربانی عیشق و ئازادی و هونەر. کە توانییان بە ئاشتی پەیامەکانی خۆیان و خواکانی خۆیان بگەیەنن بە جیهان. سڵاو لە گیانی ئەو کەسانەی کە هێشتیان خۆشم بوێن. سڵاو لە گیانی پاکی دایکم.